GOLDEN BOOK

# تاقانە مرواری



چاپی دووەم

توانا ئەمین

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_




Scanned with CamScanner



# تاقانە سەروەری

توانا ئەمین



Scanned with CamScanner

- ناوی کتێب: مرواریی تاقانە
- بابەت: تێکست و یادداشت
- نووسینی: توانا ئەمین
- سکێچەکان: هونەرمەند (چێنەر عوسمان)
- تیراژ: (٥٠٠٠) دانە
- نرخ: (٦٠٠٠) دینار
- چاپ: دووەم (٢٠١٩)
- ڕێنووس و هەڵەچن: ئاری عوسمان خەیات

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (١١٦٨)ی ساڵی ٢٠١٩ پێ دراوە.

GOLDEN
BOOK

کتێبخانەی گۆڵدن بووک

فەرعی یەکەم: سلێمانی . سابونکەران . مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک

تەلاری هوشیار قەفتان . نهۆمی زەمینی . بازاڕی کتێب

فەرعی دووەم: سلێمانی بەردەرکی سەرا کتێبفرۆشی وەرزێر

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٥٩٨٧٦٢

http://www.facebook.com/Goldenbook


Scanned with CamScanner



ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

هەرمێ

تاقانەی ژیانی من!

Scanned with CamScanner

فریو مەخۆ بەم جاڵجاڵۆکەی نەفسی بەدخووە
تۆ بازی دەستی شاهی، وەک مێش لە تاڵەوە مەئاڵێ!

لە شیعرە فارسییەکانی (مەحوی) یەوە..

Scanned with CamScanner

خوێنەری خۆشەویست..

لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەوڵ بدە تا کۆتایی لەگەڵم بیت، ئەگەرنا ناتوانم لەگەڵت بم... من جێت بهێڵم تۆ دەکەوی! بەڵام من کێم؟ من هەر تۆم... دەنگی ناوەوەی تۆم کە بە چیغی ئاین، مۆراڵ، دابونەریت، بەگشتی جەبری کۆمەڵگا دەورت کێشاوە... لەم کتێبەدا ئەو شتانە دەخوێنیتەوە کە قسەی خۆتن، قسەی ناوی ناوەوەی خۆتن، بەڵام بە هەر هۆیەك بێت ناتوانیت بیانڵێیت... لێرەدا من وەك نووسەرێکی ئەدەبی گێڕانەوە لە نوێنەرایەتی تۆوە وتومن... وەرە و ئەمە ڕێگایەکە گەڕانەوەی نییە، یان لەگەڵم مەیە، یان کە هاتی ئاوڕ مەدەرەوە..

**نووسەری ئەم کتێبە خوێنی هیچ خوێنەرێکی ترسنۆك نادات!**



Scanned with CamScanner

# مرواریی تاقانە چییە؟

سەدەفی دەریا، کە بە کوردی پێی دەوترێت (خورمە) و جیاوازە لە (گوێچکەماسی)، زیندەوەرێکە لە قووڵایی دەریاکاندا دەژی. کاتێک زیخێک یان تەنێکی دەرەکی بەڕێکەوت دەکەوێتە ناو یەکێک لەم گیاندارەوە، ئەو وەک کاردانەوەیەکی بایۆلۆژیی ڕژێنێک دژی تەنە بیانییەکە دەردەدات. بەشێوەیەک ڕژێنەکە تەنەکە دەتەنێت و وردەوردەیش تەنە بێگانەکە بە ڕژێنەکەی دەوری گەورە دەبێت، تا وای لێ دێت دیار نامێنیت و لەکۆتاییدا دەبێ بە مرواری... لە جێگایەکدا خوێندمەوە؛ کە ئەگەر سێ تەن لەم زیندەوەرە ڕاوبکرێت، تەنها ٣-٤ دانەیان ڕێدەکەوێ مرواریيان تێدابێت!

هەر سەدەفێکیش مرواری تێدابوو، ژمارەیەکی زۆری تێدایە، بەڵام هەندێ جاری زۆر کەم هەڵدەکەوێ سەدەفێک تەنها یەک مرواری تێدابێت. ئەگەر وابوو، ئەو مروارییە هەم درەوشاوەترە، هەم گەورەترە، هەم زۆر بەنرخترە، بەوە دەڵێن مرواریی تاقانە... لە شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی و کوردیدا بە (گەوهەری یەکتا) و (دوڕی یەتیم) و (مرواریی یەکدانە) ناوی هاتووە و شاعیرەکان یارەکانی خۆیان چواندووە بەو مروارییە دەگمەن و تاقانایە. دەڵێن هەرکەسێک سەدەفێکی وا بدۆزێتەوە، کە مرواریيەکی تاقانەی تێدابێت، گەوهەری بەختی خۆی دۆزیوتەوە و هەموو خەون و ئارەزووەکانی دێتە دی...

**خوێنەری خۆشەویست.. ئێستا ئەم کتێبە مرواریی تاقانەی ژیانتە و تۆ و بەڕێکەوت دۆزیوتەتەوە!**




Scanned with CamScanner

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێک دێت:


١- تاریکونوتەک........................... ١١
٢- بوومەلێڵ........................... ٢٣٣
٣- سپێدە........................... ٣٠٥


Scanned with CamScanner



# تاریکەونوتەک

Scanned with CamScanner

# ماڵی پوره عەتێ

ئێوارەیەکی شینی هاوین، لەگەڵ دایکمدا بەنێو پووشوپەڵاشدا، بە ڕێگایەکی خۆڵدا چووین بۆ ماڵی پوره عەتێ... ماڵێک لە چۆڵەوانییەکدا، کە مێشەکان قورس و کاهێل تێیدا دەفڕین، گیزەگیزیان دەکرد و پێچەوانەی ماریفەتی گەرمی خاوەنماڵەکە دەهاتنە ناو چاوتەوە و ڕاویان دەنایت... هەموو شتێک لەو ماڵەدا پیس بوو، دڵی مرۆڤەکانیان نەبێت، کە هێندە سادە و هێندە ڕوون و هێندە بێگەرد بوو؛ دەتگوت سروشت دەیەوێ بارلەنگیی خۆی پێ ڕاست بکاتەوە. من **دواتر کە گەورە بووم؛ ماڵانی زۆرم دی، خەڵکانی زۆرم ناسی، وڵاتانی زۆر گەڕام، خانووم بینی وەک شووشە ڕوون، بەڵام دڵی خاوەنەکەی لێڵ و تەڵخ بوو!**

تا ئەو ڕۆژەی دەمرم؛ لە سەری مندا ئەو ماڵە نموونەی باڵای ڕەنجن، باوکیان نەخۆش و کەنەفتی نێو جێگا بوو، دەتگوت پێستیان بە کەتیرەیەک نووساندووە بە ئێسکەکانییەوە.

کە من بینیم، لە بیجامەیەکی بازەی کورتدا دەلەزری و کەم... زۆر کەم قسەی دەکرد. کچەکانی ئەم ماڵە؛ یان لێرە نە ڕۆیشتبوون، یان کە ڕۆشتبوون؛ مێردەکانیان لە شەڕی ناوخۆدا کوژرابوون و ئەمان بە کۆشێ منداڵەوە هاتبوونەوە ئەم ماڵە.

شتێک هەیە تائێستا باسم نەکردووە، بەڵام ئێستا دەیکەم، ئاخر کە لە کوردستان بووم نەدەکرا ئەمە بڵێیت، چونکە ئەگەر بمگوتبایە، ڕەنگە ببوومایە بەجێی بەزەیی-لایەنی کەم جێی بەزەیی هاوڕێکانم- ئەوجا

مرۆڤ هیچ کاتێ کەرامەتی ناپۆشێت، ئەوکاتە نەبێ کە دەبێ بەجێی بەزەیی خەڵک! بەڵام کە ئێستا لە سوید دەژیم، دەبێ ئەمە بگێڕمەوە؛ لە گرانییەکەی ساڵی نەوەدەکاندا، ماڵی ئێمە زۆر هەژار بووین، چونکە باوکم کابرایەکی حەماڵ بوو-ئێستاش هەر ئەوە دەکات.

ئێمە ڕەوەیەک منداڵ بووین، بۆیە هەم دایکم بۆئەوەی بتوانێت منداڵەکانی بژێنیت و لە خوێندن دوانەکەون و خۆی واتەنی: "ڕەفیق پێکەم نەبن" کاری دەکرد، نانی ماڵانی دەکرد، لەو شوێنەی پێی دەڵێن مەزادخانەی سەرەوە یان دارەسووتاوەکە جلی کۆنەی دەفرۆشت و هەم منیش لەگەڵ ئەم پورە عەتێیە و منداڵەکانی بژێویی ژیانی ڕۆژانەمان لەنێو زبڵ و خۆڵ و پاشماوەی خەڵکدا دەردەهێنا، لە جێگایەک نزیک نەخۆشخانەی شۆڕشی ئێستا، کە ئەوسا خۆڵی سلێمانی لەوێ دەڕێژرا، ئێمە فافۆن، حەوجۆش، ئاسن، قتوی بیبسی، عەلاگەی نایلۆن... هەموو شتێک، هەموو شتێک...

بیرم دێت جارێکیان ئێسقانیشمان کۆکردەوە-**کە هەتا ئێستایش بۆنە کەسکونەکەی وا لەسەرمدا و ناهێڵێت بە ئاسانی شەوان بنووم**- چونکە ئەم شتانە دەفرۆشرا بە ئێران و پارەیان دەکرد... پارەیەک، کە ئێوارە هەر بەشی بسکیتێکی دەماوەندی دەکرد، خوشکە بچکۆلەکەت سبەینێ لەبری ژەمێک نان بیخوات و بچێت بۆ مەکتەب..!

بەهەرحاڵ، ماڵی پورە عەتێ لە کۆمەڵگای زۆرەملێی (باریکە)، دوو هۆدە و هەیوانێک، حەوشەیەک بوو دیواری نەبوو، بەشێوەیەک هەموو دونیا دەبوو بە حەوشە بۆ ئەم ماڵە ڕووتەڵە و خاکییە، دیوارەکانی تری ماڵەکە، خوا نەکات تۆزێ نەتر، دۆغاوێ گەچ، نیو قوتوو بۆیاخی



Scanned with CamScanner

پێوەبێت... ئەوەی دەتبینی هەر بلۆک بوو. دواتر ئەم ماڵە بە خۆیان و ڕەنجیان، بە خۆیان و ئازاریان گواستیانەوە بۆ ناو کێڵگەیەکی بەخێوکردنی پەلەوەر و نەگبەتی و سیابەختیش وەک دۆستێکی گیانی بەگیانی و بەوەفا جێی نەهێشتن و لەگەڵیاندا گواستییەوە بۆ ماڵی نوێ و تا ساتی ئەم نووسینە؛ ئەوان هەر لەو دەواجینەدا دەژین..!

ئەمڕۆ، کە یەک دوو مێشی بزێوی ئەم سەرەتای هاوینە لەم گوندەی ئێمە، لە باکوری زەوی، لە وڵاتێکی ئەسکاندینافی؛ دەرکەوتبوون و گیزەگیزیان دەهاتێ، منیان بردەوە بۆ بیرەوەریی ۲۲ ساڵ پێش ئێستا، کە پێشتر **هەرگیز نەمزانیوە یادەوەریی مرۆڤ؛ دەتوانێت شتێکی بێنرخی وەک گیزەی مێش، ئەو هەموو ساڵە لەسەری کەسێکدا هەڵبگرێت..!**

***

## دڵتەنگبوون


من کە دڵم تەنگ دەبێت؛

بەتەنیا لەگوێ چەمێکدا دادەنیشم و ئاو دەژەنم!



Scanned with CamScanner

چاوەکانت..
چۆن بتوانین هەندێك هەست بگرین و نەڕۆن؟ كات بوەستێنین!
من و تۆیش دەزانین كات دەڕوات... هیچ چارەیەكمان نییە جگە
لەوەی یەكەم مرۆڤ بەرلە ملیۆنان ساڵ لەمەوپێش بۆ دۆخێكی
وەها كردویەتی؛ ئەویش ئەوەیە چاوەكانمان دابخەین... **تۆ
تائێستا لە خۆتت پرسیوە، مرۆڤ كە لە ئەڤیندا دەگاتە
ئۆرگازم بۆ چاوەكانی دادەخات؟!**





Scanned with CamScanner

# بەڵێ من بووم

ئەو ڕۆژانەی کە بیستم ڕۆژنامەی هاوڵاتی ڕاگیراوە، لە دڵەوە شتێک لەمندا هارەی کرد، ئەو شتە لە خەمی بێدەنگبوونی دەنگی ئازاد نەبوو لە کوردستان، لە خەمی وەستانی هاوڵاتی نەبوو، لە چاوی من و زۆرینەی خوێنەواری ئەو شارەشدا هاوڵاتی دەمێک بوو وەستاوە، ئەوجا بڕیاری دەرهێنانی ئەم وەفاتنامەیە دەبوو زووتر درابا، ئاخر هەندێ جار شتێک بۆئەوەی بژی دەبێت بووەستێت.

ئەوە لە مندا شکا، یادەوەرییەک بوو؛ کە لەم شەوانەدا گڤە و لوورەی بایەکی سارد، بایەک وەک گوێزان لەنێو ئەم بەفر و شەختەبەندەی ئێرەدا هەڵی گرتم و بردمییەوە بۆ شەوێکی پایزی ١١ ساڵ لەمەوپێش؛ لە فەرعە تەسکەکەی پشت جادەی مەولەوی، لەنزیک جگەرخانەکەی ئەحەی گوڵە، لەنێوان ڕیزێک دووکان؛ لەبەردەم دەرگایەکی دوو تاکی بچووکدا دانیام، ئەوە دەرگای ڕۆژنامە و چاپخانەی هاوڵاتی بوو...

**ئەو ساڵە بۆ من ساڵێکی سەخت بوو، لەبێکاریی و بێپارەیی و بۆشاییەکی گەورەدا لەنێو خۆمدا دەخووڵامەوە و وەک هەمیشەیش نەمدەویست کەس پێم بزانێت.** ئەو ڕۆژانە کوڕێکی نەحیف و ڕەقەڵەی ڕەشپۆشم بە ڕیشێکی تەنکی قەڵەمییەوە ناسی، کە لەو زەلکاوەی نێوەندی ڕوناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا یەکێکە لەو کەسانەی لە ناسینی پەشیمان نیم. ئەو کوڕە ناوی (کاژاو) بوو، بە ڕەگەزنامەیەکی کەنەدییەوە هاتبووەوەو کاری بۆ ئازادیی مرۆڤی کورد دەکرد. کاژاو خۆی خاوەنی مێژوویەکی پاکە، یەکێک دەبێت لەو ٤٠ کەسەی ڕەوت،



Scanned with CamScanner

کە بەعس دەیانگرێت و لە ئەمنی سلێمانی زیندان دەبن و هەموویان حوکمی ئیعدام دەدرێن. بەعس بڕیار دەدات جێبەجێکردنی لەسێدارەدانی ئەم ٤٠ کەسە بکەوێتە ڕۆژی نەورۆزەوە، وەک چاوترسێنکردنی خەڵکی شارەکە لەو جەژنەدا، خوای من و تۆ -هەر ئەو خودایەی کاژاو خۆی باوەڕی پێی نییە- دوو هەفتە بەرلە نەورۆز ڕاپەڕینی جەماوریی لە ٧-٣-١٩٩١ هەڵدەگیرسێت و زیندانەکە دەشکێ و ئەم مرۆڤانە ڕزگاریان دەبێت.

ئەو ساڵەی کاژاوم ناسی، پێی وتم کارێک بۆ من شک دەبات و کارەکەش هەر لەم شەوەوە دەست پێ دەکات. من بێ یەک و دوو قبووڵم کرد. ئیشەکە بریتی بوو لە کارکردنی شەوانە لە چاپخانەکەی هاووڵاتیدا. پووختەی ئیشەکە ئاوهابوو: چاپخانەکە تازە خەریک بوو ناوبانگی پەیدا دەکرد، ڕۆژنامەکانی وەک ڕێگای کوردستان، ڕزگاری، چاودێر و ڕۆژی گەل و... زۆری دەزگای تریش لەوێ ڕۆژنامەکانی خۆیان چاپ دەکرد. ئیشەکەی من ئەوە بوو؛ دەبێت بتوانم ڕۆژنامەکان دوای دەرهاتنیان لە مەکینەی چاپەکە بنوشتێنمەوە و لاپەڕەکانیان بەپێی ژمارەکانیان بخەمە نێویەک، بەشێوەیەک ئامادەبێت سبەینێ لە بازاڕ بفرۆشرێ، بەڵام خۆ ئیشەکە ئەوەندەیش خۆش نەبوو وەک دەردەکەوێ؛ **هەر ڕۆژنامەیەک ١٦ بۆ ٢٠ لاپەڕە بوو، هەموویت ڕێک بکردایە دەیکردە یەک نوسخە، ئەوجا ئەگەر بتوانیبایە شەوێ تا بەیانی (٢٠٠٠ دووهەزار نووسخە) چاک بکەیت، بەیانی ١٠ هەزاریان دەدایتێ!** لەو چاپخانەیەدا (چنور)م ناسی، کچێک کە ڕوانینی منی لەسەر کاراکتەری مێینە تا ئاستێکی بەرچاو گۆڕی. مرۆڤ لە دونیادا کەم

ڕێکەوتی کچی وەها دەکات، کە هەموو باشییەکی بۆ خەڵک دەوێ و هیچی بۆ خۆی ناوێت. **چنور تەنها ڕۆژنامەنووسی کچە لە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی کۆتایی ١٧ شوباتدا لەوکاتەی پیاوی پیاوانە لە ژوورەوە نەدەهاتە دەرەوە، ئەو لەسەر جادە بەتاقی تەنیا، ڕوومالی خۆپیشاندانەکانی دەکرد و دوایش هەر لەو سەرجادەیە بە گوللە بریندارییان کرد.** هەر لەوێ کاک (کەمالی ئیدارە)م ناسی، یەکێک لەو پیاوانەی ڕۆحی خۆی بەپاکژیی لەم دونیا ناشرینەدا هێشتۆتەوە. زۆر دواتر (ئاڵا)م ناسی، لە خێزانێکی تێکۆشەر و ڕاستگۆ...

کارەکەی من ئاوها بوو؛ تەواوی شەو لە خۆرئاوبوونەوە تا کازیوەی بەیانی؛ بۆ خۆی پێستگورین بوو، حەقکارەکەشی بەشی نانی سێ ژەمی ڕۆژەکەی نەدەکردی، ئەوجا بیهێنە بەرچاوت؛ خێزاندار و کرێچیش بیت..! جارێکیان نووسینێکم لە ڕۆژنامەیەک بڵاوبووبووەوە -وابزنم ڕەخنەی چاودێر بوو- بۆ نەگبەتی؛ چووبوون وێنەیەکی منیان لەگەڵ نووسینەکەدا دانابوو، ئەو شەوەی ڕۆژنامەکە دەردەچوو ئێمە لە چاپخانە لەنێو هاڕەهاڕی ئەو مەکینە زلانەدا وەرەقەمان ڕیز دەکرد. ئینجا قەراغی وەرەقە وەکوو گوێزان تیژە، کەسێ دەستی بە وەرەقە نەبڕابێت، لەم دێڕە تێ ناگات، زۆرجار هەموو دەستوپلمان دەبوو بەخوێن، دەبوو هۆشمان بەوەوەبایە ڕۆژنامەکە بە خوێنی دەستمان سوور نەبێ.

ئێ... ئەو شەوە بابەتەکەم بە وێنەی گەورەوە لە ڕۆژنامەکەدا چاپ ببوو، کە بینیم هەزار نەفرەتم نارد بۆئەوەی کە دیزاینیشی کردووە! ئاخر من نەمدەویست کرێکارەکانی تر، کە کۆمەڵێ گەنجی پەراوێزو



Scanned with CamScanner

هەژاری دەرەوەی شار بوون؛ بزانن من نووسەرم. ئەوە شتێک بوو هەر لەسەرەتاوە لێم شاردبوونەوە، لەنێوان ئەو کوڕە ڕووتەڵە و هەژارانەدا ئەو شەوە پرسیارێک لەسەر من دروست بوو، کە من کێم؟ ئەگەر کابرایەکم لە ڕۆژنامەدا دەنووسم و وێنەم دادەنرێ بۆ هاتووم جەریدە ڕیز دەکەم؟ لە چاوی ئەواندا نووسەر پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، ناحەقیشیان نەبوو، ئەو نووسەرانەی ئەوان لە تەلەفزیۆنەوە بینیبوویانن، هەر وابوون... بۆیە من نکوڵیم کرد، کە ئەوە من بم، وامدانا کە ئەوە تەنها لێکچوون و ڕێکەوتێک بێت، پێم گوتن: "لەم دونیایەدا هەزار کەس هەیە لەیەک دەچێت." باسەکە هەر زوو لەنێو هیلاکیی کاری تاقەتپڕووکێندا لە ژاوەژاو و تەقەتەقی هێجگار بەرزی مەکینەی چاپەکەدا ون بوو، هەفتەیەک دوای ئەوە یەکێک لەو کرێکارە ڕۆحشیرینانە هاتە لامەوە و بە دەنگێکی کپ، دەنگێک کە تکایەکی گەورە و تاسەیەکی باوەڕنەکردەی تێدایە بۆ وەڵام لێی پرسیم: تۆ خودا ئەوە تۆ بوویت ئەو شەوە لەو جەریدەیەدا؟ من ئەو کاتەیش نکوڵیم کرد...

ئێستا دوای ١٤ ساڵ، دەبێ بڵێم: بەڵێ ئازیز، بەڵێ... من بووم، بۆ تۆ من بەچی دەزانی؟!

***



Scanned with CamScanner

لێره هەوا زووقمه...

خەڵك چوونەتەوه ناو خۆیان... دونیا كرِوكپ... لەودیو پەنجەرەوه بەفر دەبارێ و لەم دیومیەوه تەنیایی من؛ بەسەر شارێكی ساردا پرووشه دەكا... بیردەكەمەوه **خۆشەویستیی ئافرەت؛ یان بونیام دەگەیەنێ بە عەشقی پاكی زاتی خودا، یان عەشقی پاكی زاتی خوا لە دڵی دەردەهێنێت...**

حوبی ژن؛ رێگای نەجات و تەریقەی ئاخیری تری نییه!





Scanned with CamScanner

# له بارەی بێڕەحمییەوە
## (نامەیەک بۆ کەسێک)

جارێکی تریش سوپاس بۆ ڕەخنە و وەڵامەکانت، من هیچ کاتێک تۆم بە خراپ نەزانیوە و لە دووریشەوە خۆشم ویستووی، بەڵام من لەو ئینسانانەم، کە لە هەست دەربڕینی ڕاستەوخۆدا بۆ خەڵک ڕەزیلم و حەز دەکەم بە بێدەنگی یەکێکم خۆشم بوێت. هەمیشە لەگەڵ وزەی گەنج بووم و ئەوەندەی پێشم کرابێت لە شەڕی لابەلا و ناشرینیی ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا لەسەریان هەڵمداوەتێ، بێ ئەوەی هیچیان لەنزیکەوە بناسم، بێ ئەوە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ ئیشێکم پێیان هەبێت، یان نانیان بە قەرز بدەمێ، یان پێڕ و جەماعەت و کوتلە دروست بکەم. **من ئەوەندە تەنیام، کە باوەڕ ناکەی، جاری وا هەیە لەگەڵ خۆشم قسەم نییە!** بەڵام بێگومان لەسەر کارەکانی خۆم هەڵدەدەمێ و لەم بابەتەشدا جیرم، چونکە من خوێنی خۆم دەدڵۆپێنم، ناکرێ تۆ ١٠ ساڵ بەتەنیا لەگەڵ سەگێکدا لەم وڵاتە ساردەدا بژی و وەک هەر گەنجێکی کوردی سوید؛ لەبری دیسکۆ و ڕابواردن و سەرخۆشی، دابنیشی بەیانی تائێوارە چاوت لە کتێبی کوردیدا بۆ ئەم کتێبخانە بێنازەی کورد، کوێر بکەیت و لەولاوە کەسێک بێت، لە بوختانێکی گەورەدا لەبەرچاوی ئەو عالەمە بۆت بنووسێت تۆ دزی و ئەمەو لە فلانە کەس دزیوەو.... بێ ئەوەی جەسارەتی ئەوەی هەبێ قسەکەی بسەلمێنێت، ئێ تۆ چی دەکەی؟! ئەوە مەسخەرەکردنە بە هەموو ئیحساس و شعوور و مێژوو و ماندووبوونی تۆ.



Scanned with CamScanner

لەبەرانبەردا ئەم سنگانەدا، وەڵام هەر دەبێ قوزەڵقورت بێ، ئەی قابیلە چی بێ... تۆش بیت چی دەڵێیت! خەڵکی ئێمە بێ ئەندازە بێڕەحمە، شەڕ جنێوێتی، ئیرادەشکاو و لاواز و زەینکۆیلە و بێفەڕە، هیچی بەدەستەوە نەبێ لە ئەخلاقەوە داخڵت دەبێ، خەڵک هەیە جوێنی بەدایکم داوە، ئێ دایکم ژنێکی حەفتاساڵەیە لەم هۆدەیەوە ناتوانێ هەستێت بچێتە ئەو هۆدەیە، بۆ جوێن بە دایکم دەدەی کاکە! خەڵکی ئێمە تا بەیانی کاری جوان بکەی جێی ستایشی گەورە نیت، بەڵام یەک شتی تۆیان بەدڵ نەبێت، تەپڵت بۆ دەکوتن! خەڵک بەخەڵک و دەست بەدەست و سایت بەسایت دەڕوا. بیهێنە بەرچاوت ئەگەر من ڕۆژێ تەنها چەند دێڕێ لەسەر تۆ بنووسم وەک گەنجێکی جوان و پڕ وزە و ورد و ئەکتیڤ، زۆر جێی قبووڵێکی گەورە نابێ، بەپێچەوانەوە هەر ئەم منە لەسەر هەر ئەم تۆیە، خوانەخواست بە نێگەتیڤ و خودا بەو ڕۆژەی نەکات بە نییەتی شکاندن و لێدان بینووسم، سێ چوار هەزار کەس پێی پەسەند دەبێت، بۆ... لە خۆتت پرسیوە بۆ وایە؟

بەشێکی لەبەرئەوەی کلتورەکە لەسەر شکاندن خۆی بنیاد ناوە، بۆیە هەروەک دەبینی لە مێژووشدا کەسایەتیی سیاسی، سەرکردە، تەنانەت هونەرمەند و نووسەری زۆر مەزن و جهیانیی تێدا هەڵنەکەوتووە، بەشەکەی تری بابەتە یونڤێرساڵییەکەیە، کە بەڕای چکۆلانەی من؛ **مرۆڤ دڕندە و پەتنەکراوە، هێزە شەڕانییەکەی لە هێزە چاکەکارییەکەی زیاترە،** تەنها دەتوانین لە ڕێگای هۆشیاریی ڕاستەقینەوە، لەڕێگای گەڕانەوە بۆ مەعنەوییەت، زیندووکردنەوەی ویژدانەوە تۆزێک بەری پێ بگرین.

لەسەرێکی ترەوە هەمیشە ئەم بەندەی خودایە، ئەوانە بە لاواز و کەم توانا و بێخەیاڵ دەزانم، کە دەڵێن فلانە شت وەرناگێڕدرێ. من کاتێ قورئانم بە نەرویژیی بینی، زانیم هەر **ڕووداوێک لە زمانیکدا ڕوویدا دەتوانرێ بخرێتە سەر زمانێکی تر**، ئەوجا ئەو کتێبە قژقژ و پڕ کۆدە ئاسامانییە وەربگێڕدرێت، سوهراب بۆ وەرناگێڕدرێ؟! ئیدی دونیای ئێمە تەژییە لە مرۆڤانێک، کە خۆیان توانایان نییە و هەموو هەوڵێک دەدەن توانای تۆیش کۆت بکەن.

من نە بەمانەوە وەستاوم و نە بەمانەیش دەوەستم.

***

## ژیان لە گوزەری ئاسنگەراندا

پەیامبەری ئیسلام گوتبوی: "هاوڕێی باش وەک عەترفرۆشە و هاوڕێی خراپ وەک ئاسنگەر، یەکەمیان لێشی نەکڕی بۆنێکی خۆش هەر دێت بەسەرتدا، دووەمیان هەر بەلایدا بڕۆیت پرژەیەکی ئاگرت بەردەکەوێ."

من بۆ خۆم وا دەزانم **هاوڕێیەتی لەگەڵ ئینساندا چاک و خراپی نییە، ئەوەی هەیە هەر ئاسنگەرە!**


جا ئێستا نا، بەس ڕۆژێک دەزانی چی دەڵێم!



Scanned with CamScanner

ئێستا لە دەرەوە باران دەبارێ...

مــن لە ژوورەوە کــوپێ چــام هێنــاوە و لەبەر پەنـــجەرەکەدا دانیشـتووم و لە دیمەنـی دەرێ دەڕوانـم، کە ئەم وێنەیەت بۆ بـاس دەکەم دڵــۆپە بارانەکــانی ســەر شووشــەکەم وەك چنگــێ زەنگیـانەی ڕژاو، وەك چەپکــێ خەونـی پەژمـوردە بینـی. لەپڕ بە خەیاڵمدا هـات؛ **ئەگەر ئێمەی مرۆڤ —وەك ئەوەی بانگەشەی دەکەیـن- هەمــوو جــووڵە و ڕەفتارەکــانی خۆمــان، خۆمــان کۆنترۆڵی دەکەین، ئەی ئەوە کێیە خەونەکانمان کۆنترۆڵ دەکات..!**





Scanned with CamScanner

# سێکسیزمی ئەدەبی نوێی کوردی

(داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم

لە بەکارهێنانی هەندێ وشە لەم وتارەدا)

ئەوە تەماشا دەکەم دادە بە حساب ڕۆمانی کوردی نووسیوە، کاراکتەرەکەی کچۆڵەیەکە، لە تەمەنی چوارساڵاندا و لە هەشتاکاندا؛ لەو دەشتی کۆیەیە خەریکی کۆندۆم هەڵگرتنەوەیە! لەپڕ گەنجێکی لێ پەیدا دەبێ کێر دەخاتە دەمییەوە، دێتەوە ماڵەوە براکەی دەست دەخاتە دەرپێکەیەوە، دەی تۆزێکی تر دەڕوات لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا مامۆستای قورعانخوێندنەکەی، مەمکی دەگرێ و چاوی دەبەستێتەوە سواری دەبێ، وەڵا لەوێ دێتە دەرەوە سەیر دەکات حەمەی برای، کە دە ساڵانە وا بە دەست دوو پێشمەرگەوە و سواری دەبن! باشە کاکە؟!

دەی ئەوە پێرار ڕۆمانێکی تری کوردیم خوێندەوە، لەپڕ دوانزە سوارەی مەریوان دەبن بە گەی! کاکە لەو شاخ و داخەدا دەکەونە یەکتر، تۆزێ دەڕوێت و چەند لاپەڕەیەک دواتر، ئەو سوارانەی بە دوای شێخ مەحمودەوەن ،وەڵا ئەوانیش دەبن بە هەتیوباز!

پار ڕۆمانیکی تری کوردیم خوێندەوە، باسی ژنی کورد دەکات لە سوید، گوایە هەر ئەوەندەی گەیشتنە ئێرە دەست لە مێردەکانیان بەردەدەن و دەکەونە شوێن سێکس، لەناو خۆیاندا گرووپ دروست دەکەن بۆ پەلاماردانی پیاو، ئیشی شەووڕۆژیان ئەوەیە بگەڕێن بەدوای پیاودا، کاکە لەم ڕۆمانەدا ژنانی بەڕێزی کورد دەبن بە کێرخۆرێک هەر مەپرسە!



Scanned with CamScanner

دانەیەکی تـرم خوێنـدەوە، کچە داماوەکە هەبوو پار لە پارکی دایک کوشتیان، کاکە نووسـەرەکە دەکەوێتە موغازەلەی ئەم کچە کوژراوە -ئەوەی شەیتانیش وازی لێ هێناوە- ئەم بە مردووییش وازی لێ ناهێنێ و دەیهێنێتەوە و دەست دەهێنێ بە مەمکیدا و دەیورووژێنێ و ڕووتی دەکاتەوە و سێکسی لەگەڵ دەکات! یەکێ نییە بڵێ: هێواش.. گەلۆ، ئەمە کوێی ئەدەبە!

**بەکورتی سێکسی شاز، زۆرپەڕیی و داوێنتەڕیی لە ڕشتەیەکی وەک ئەدەبی گێڕانەوەدا، کە نووسـەرەکەی لە خزمەتـی کۆی بۆتیقـای ڕۆمانەکە بۆی تەوزیف نەکرا، هیچ پاساوێکی تر هەڵناگرێ جگە لەوەی؛ بنووسەکەی نەخۆشی دەروونییە و لەبری ئەوەی ئەم ئیفرازاتە قۆڕ و بێمەعنا و بێئاست و نەخۆشانەی خۆی بەناوی ئەدەبەوە دەرخواردی خوێنەری داماوی کورد بدات؛ باشترە بچێت وەرەقەیەکی دکتۆر ببڕێت.**

ماوەیەک لەمەوپێش هاوڕێیەکم چەند لاپەڕەیەکی کتێبی نووسەرێکی تری بۆ ناردم کە دەڵێ: باوکم وا تەعدای لێ کردم، براکەم وا دەستدرێژیی کردە سەرم و... ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەیش نووسیویانە: ژنێکی کورد دۆزەخی ئیسلاممان بۆ دەگێڕێتەوە! دڵم بە کورد دەسووتا، بیرم دەکردەوە ئەگەر خوێنەرێکی بیانی، ئەم قۆڕییاتانە ببینێت هەست دەکات ئێمەی کورد کۆمەڵگایەکین هەموومان سوار خوشک و دایکی خۆمان بووین و کچەکانمان لەگەڵ باوک و برای خۆیاندا سەرجێی دەکەن و ماڵەکانی ئێمە -دوور لەڕووی ئێوە- حەرەمسەرا و سۆزانیخانەیە!



Scanned with CamScanner

خوشک و برایانی خۆشەویست، لە دڵەوە گریانم بۆ ئەم وێنە ناشرینە دێت، منیش و تۆیش و ئەو نووسەرە قۆشمە و ساختە و سەخیفانەیش دەزانین، کە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی جڤاتی ئێمە نییە، منیش و تۆیش دەزانین کۆمەڵگاکەی ئێمە وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر بێ لەککە و پەڵە نییە و نابێ و نەبووە، بەڵام تۆ بێیت ملیۆنان مرۆڤی ئەم نەتەوە داماو و ماندووە، ئاوها نیشانی دەرەوە بدەیت، لە کتێبێکی سەدوپەنجا لاپەڕەییدا بەبێ هۆ هەموو کاراکتەرە حیز و هەتیوباز و لیسبیان و هۆمۆیەت هەبێ، ئەمسەر بۆ ئەو سەری کتێبەکەت کێری ناو سەری خۆت تەنیبێتی -بێ ئەوەی لە فۆرمێکی هونەرییدا توانیبێتت ئەم کێرڕێژییە بێمەعنایە بکەیت بە ئەدەب- و **تەنها لەپێناوی ئەوەدا لە ئەوروپا دەریکەوی و خەڵاتت بدەنێ؛ بێیت هەموومان ئاوها ناشرین بکەیت، ئێ بێگومان لە کلتورەکەی خۆتدا هەر دەبێ جێگای خۆت و کتێبە قوڕەکانیشت تەنەکەی خۆڵ بێت وەکوو بووە.**

لە بەریتانیا گۆڤارێکی ئەدەبیی بەناوبانگ هەیە بە ناوی ( Literary Review)ـە، ئەم گۆڤارە هەموو ساڵێک خەڵاتی (سێکسی خراپ- Bad Sex) وەکوو جۆرێک لە ڕەخنە دەدات بە ڕۆماننووسەکانی ئەو ساڵە، کە دیمەنی سێکسی خراپ و ناپێویستیان ئاخنیوەتە کتێبەکانیانەوە.

دیارە خەڵاتەکە بۆ نووسەرەکان جۆرێکە لە سوکایەتیپێکردن، بەڵام بەدیوێکی تریدا جۆرێکە لە گێڕانەوەی ڕێز بۆ (ئەدەبییاتی جدیی)، گێڕانەوەی ڕێز بۆ (خوێنەرێک)، کە پارە دەدات بە کتێبەکەی تۆ و لە کاتی خۆی دەگرێت بۆ خوێندنەوەی، بیرم کردەوە لەوانەیە ئەم تایپە نووسەرەی نێو ئەم وتارە شایانی ڕاستەقینەی ئەم خەڵاتە بن.



Scanned with CamScanner

ژنان لە تەنیایی دەترسن..

لەوە ناترسن تەنیابن، لەوە دەترسن تەنیا بمێننەوە...

ئەفسووس **خودایش هەمیشە مرۆڤ بەوە تاقی دەکاتەوە،**

**کە لێی دەترسێ!**





Scanned with CamScanner

# پشەکە خواردی...!
# کەچی تۆ هێشتا متمانەت پێیانە

مێژووی دوور نا، کە مێژووی نزیکی شۆڕشگێرانی دوێنێ و سوڵتانانی ئەمڕۆ دەخوێنیتەوە هێڵنجت دێ. مام جەلال- لە بەرگی دووەمی دیداری تەمەن، ل٢٤٤ دەڵێت: "ساڵی ١٩٩٤ نێچیرەڤان بارزانی چوو دەستی گرت بەسەر گومرگی برایم خەلیلدا، مەسعود بارزانی لە کۆبونەوەیەکدا منی جیاکردەوە و وەعدی شەرەفی دامێ، ئێوە لە سلێمانی بارەگای پارتی بکەنەوە، من بە دەستی خۆم پارەی برایم خەلیل دەنێرم، کە من هاتمەوە بارەگای پارتیم کردەوە، داوام لە مەسعود کرد بەشی دووەمی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکات، ئەویش ناردی بەدوای کۆسرەت ڕەسوڵدا -ئەوکاتە سەرۆکی حکومەت بوو- کە کۆسرەت گەیشتبووە دهۆک، مەسعود بارزانی پێی وتبوو، وەڵا نێچیر هەموو پارەکەی بردووە و ڕۆییوە و تازە ناشکەڕێتەوە... **پارەکە چەند ملیۆنێ دیناری ئەوکاتە و چەند ملیۆنێ دۆلار بوو.**"

ئێستا دەتەوێ بزانی ئەو ساڵەی مام جەلال باسی دەکات، من لە کوێ بووم و چیم دەکرد؟ ئەو ساڵە خەڵک دەمرد لە برسا، گرانییەکی ترسناک بوو، خەڵکە هەژارەکە لە پەڵەگەنمی سووری بەر هەتاوی تەمموزی شارەزوور؛ بەدوای دەڕاسەدا گوڵەگەنمی دەچنییەوەو کۆی دەکردەوە و دەیهاڕی و دەیخوارد -من لەگەڵ دایک و باوکم و خوشکە منداڵەکانم، لەهەمان ساڵدا لە گەرمای ئەو دەشتی شارەزوورەدا، بەگوڵەچنی نانی شێومان دەردەهێنا و بەوە دەژیاین-، **خەڵک تۆوی**

**کسکی دەهاڕی، کەچی تێکەڵی ئارد دەکرد، فێڵی لە خۆی و لە منداڵەکانی خۆی دەکرد**، ئەوەی ئەو گرانییەی نەبینیبێ ناتوانێ باوەڕ بەم قسانە بکات... ئەوانیش ملیۆنە دۆلاریان لە قوتی ئەو خەڵکە دەبرد، پێت وانەبێ ئەگەر پارەکەیان بدایە بە یەکێتی ئەویش بەسەر خەڵکی فەقیر و هەژاردا دابەشی دەکرد!

بەڵام تۆی خوێنەر هێشتایش متمانەت پێیانە...

ئەوە تۆ بوویت ئەمجارەیش دەنگت دانێ؟!

***

## ئایا کاسب حەبیبی خودایە؟

ژیان بە کارێکی شایستە و بەشی بژێویی و خواستی ئینسانیی ئاساییمان، بۆ هەمووان شتێکی دڵخوازە، من نە لە تەمەڵەکانم و نە ستایشی تەوەزەلی دەکەم، بەڵام کاسب لەو چاپە نوێیەدا، کە هەموو ژیانی کورت بۆتەوە بۆ پارەپەیداکردن و سەعاتە هیواشەکانی خۆی لە ڕاکەڕاکی پارە و خواستی زۆر و زۆر و زۆرتردا سەرف دەکات... ئیتر ئەم کاسبە نە حەبیبی خوایە و نە حەبیبی خەڵک. فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی (سلۆدەردایک) دەڵێ: "مرۆڤی نوێ، واتە شتێکی مۆن، کە تەنها پارە پاشەکەوت دەکات."

**هیوادارم تۆ کە خوێنەری ئەم کتێبەیت ئەو شتە مۆنە نەبیت!**



Scanned with CamScanner

# قاوەخواردنەوەیەک لەگەڵ شەیتان!

چیرۆکێکی جوبران خەلیل جوبران هەیە، باس لە گفتوگۆی نێوان عارفێکی خوداناس و شەیتان دەکات، شەیتان لەو چیرۆکەدا بە پیاوە خوداناسەکە دەڵێ: "بۆ ئێوە پرسیار لە خۆتان ناکەن؛ ئەگەر من هانتان دەدەم و فێری خراپەتان دەکەم، ئەی کێ منی فێر کردووە؟!"

من وەڵامی ئەم پرسیارەی شەیتانم لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی دینی) بیریاری سووریی (صادق جلال العظم)دا دەست کەوت، ئەو لەوێدا نووسیویێتی: "بۆ بەندەکان وا باشە هەروا بزانن؛ شتێک هەیە بەناوی شەیتان و تاوانکارییان پێ دەکات، چونکە ئەگەر ڕاستییەکە بزانن، کە خودا خۆی سەرچاوەی هەموو خراپەکانە، ئەوە مێشکیان بەرگەی ئەم ڕاستییەی نەدەگرت." صادق بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "بۆیە پایەی شەیتان لە عەقیدەی دینیدا، لە پایەی خودا کەمتر نییە."

ئێستا کە من لە کافێیەک دانیشتووم و خەریکی دوا پێداچوونەوەی وەرگێڕانی کتێبێکی تازەم، کەوتمەوە بەسەر ئەم پەرەگرافە سەرنجڕاکێشەدا، کە دیالۆگی کارەکتەرێکە بەناوی (ماسکارێ) و دەڵێت: "من جارێکیان لە (تلمود)دا خوێندمەوە؛ کە خودا بەرلە مرۆڤ و زەوی و ئاسمانەکان، بەرلە دروستکردنی فریشتەکان، تەنانەت بەرلە پێنج فریشتە خۆشەویستەکەی خۆی، ئیبلیسی دروست کردووە. بە دروستکردنی مرۆڤ چاکە پەیدا بوو، **بۆیە سەیر نییە، کە ئێستا ئەو هەموو مرۆڤە تاوانکارە دەبینیت، چونکە مرۆڤ بە سروشت حەزدەکات بچێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی.**"



Scanned with CamScanner

# نزیکێکی دوور!

له شـاعیره گه‌نـجه ئێرانییه‌کانـدا کوڕێـک هه‌یه نـاوی (کیـوان شـاهبداغی)یه، ئه‌م کـوڕه وه‌ک ئامێرێـک وه‌هـایه، که پڕپـڕه له کەرەستەکانی وەک زمـان و ڕیتم و بـابەت و پلـۆت و ستایلی شاعیری گەورە سـوهراب سـپێهری، به جۆرێـک هه‌ر شـیعرێک لەم ئـامێره دێـته دەرەوە، دەتـوانی بە حیسـابی کـاری سـوهراب بیخـوێنیتەوە. هەربـۆیە شتی ئەم کوڕە بە مۆری سوهرابەوە لەم پەیج بـۆ ئەو مـاڵپەڕ و هەنـدێ جـار تـا ڕۆژنـامە و گۆڤارەکـانیش دەڕوات... **کـوڕەکە شـیعری جـوانی هەیە، بەڵام کاری باشی نییە، کە ئەمە دەڵێم؛ دڵنیـام ئێـوە دەزانـن جیاوازیی نێوان (جوان) و (باش) چییە.**

ئەمن زۆر سوهرابناس نیم، بەڵام چەند کتێبێکی ئەو شـاعیرە ئێـرانییەم وەرگێڕاوە و ئەم ڕۆژانەی (٢٨-١-٢٠١٥) خەریکی تەواوکردنی وەرگێڕانـی کۆبەرهەمی ئەم پیـاوەم بـۆ زمـانی کـوردی، کە بـریتییە لە ٨ کتێـب و هەر بە ناوی (هەشت کتێب)ـەوەیە، بەکـورتی و بەئاسـانی جیهـانەکەی دەناسـمەوە، کەچـی هەفـتەی پێشـوو، خەریـک بـوو بـکەومە داوی ئەم (کیوان شـاهبداغی)یە و هەر بەڕاسـتی شیعرێکیم لـێ ببێـت بە شـیعری سوهراب! خراپیی ئەم کوڕە گەنجە ئێرانییە لەوەدایە، کە ناتوانێت خـۆی بێت، کەچی زۆرباش دەتوانێ سوهراب بێت! ئەمەم بـۆیە وت تـا یادتـان بێنمەوە؛ لەوەی لە دونیای شیعری کوردیی ئەم ساڵانەی دواییـدا، چەنـد کەسێ هەن پەڕوباڵیان بە سوهراب و بە شیعری سـوهراب و بە جیهـانی



Scanned with CamScanner

سوهرابیشەوە نەهێشتووە و لەسەری بوون بە ناو، **هەڵبەتە ناوبوون لە شارێکی قەبزدا، لە هەرێمێکی بچووکی گومناودا، لەم جیهانە گەورەیەدا، کە لەسەر نەخشەش دیار نییە، تۆزێکیش جێگەی پێکەنینە.**

ئێستا لەوانەیش بگەڕێ؛ لێرەولەوێ کۆمەڵێ گەنجی جوانی کوردستان دەبینم؛ لە سەرسامیی هێجگار گەورەیان بەم (ناو!)انە، دێن و دەیانەوێ وەک کاکی کۆپیدەولە بنووسنەوە... لەبەرخۆمەوە پێکەنیم، گوتم: خۆ ئەفلاتون بمایە؛ قژی بەسەری خۆیەوە نەدەهێشت، ئەو شاعیرەکانی بە تۆمەتی دوورکەوتنەوە لە جیهانی ڕاستی؛ لە دەوڵەتەکەی دەرکردە دەرەوە، ئێستا لە کوردستان خەڵک هەیە؛ کۆپیی کۆپیی کۆپییەک دەکەن و دەشیانەوێ دەوڵەت ڕابگەیەنن!
ئەرێ برای شیرین، خوشکی عەزیزم، تۆزێ خۆت بە...
زۆر نا، یەک تۆز!

***


## ئیشراقی خۆمانە

لە ژیانی هەموومانـدا، ڕیکەوتێک، کاتێک، ڕۆژێک هەیە سەرلەبەری ژیانمان قلپ دەکاتەوە. هەندێ کەس لەو ڕۆژەدا گێژ دەبێ، هەندێ کەس دەگەڕێنەوە، هەندێ کەس ڕۆژەکە تێدەپەڕێنن.
من لەو ڕۆژەدا مەستانە وەستاوم و نەهاتوومەتە ئەمدیو.



Scanned with CamScanner

دەمەوێ لەسەر گۆڕەکەم ناوت وەك بکوژم بنووسرێ،
ئەمە وەسێتەکەمە و هیچ قسەیەکی ترم نییە!





Scanned with CamScanner

# سوپاس بۆ فینلاند

دەبێ بڵێم؛ من پێشتریش خۆم ئەم بڕوایەم هەبووە، بەڵام ئەمشەو دوای خوێندنەوەی (میکا ڤالتاری)، بەتەواوەتی ئەوەم لام چەسپا، کە ڕاستەوانە لەگەڵ لۆژیکی ئەزەلییەتدا، هەرشتێ ڕۆژێک (هاتبێت)، ڕۆژێکیش (دەڕوات)، بەڵام ئەوەی ڕۆژێک هاتووە و هەرگیز ناڕوات: (گەمژەیی)یە!

گەمژەیی ڕۆژێک هاتووە و هێلکەی لە هەموو شوێنێ جێ هێشتووە، گەرای لە هەموو سێکتەرەکاندا داناوە: لە حیکمەتەوە بۆ فەلسەفە، لە ئاینەوە بۆ سکۆلاریزم، لە وەهمەوە بۆ عەقڵگەرایی، لە خورافەوە بۆ زانست -بۆ ئەوانەی لایان وایە زانست خاڵییە لە گەمژەیی، دوایی قسەی دیکەم دەبێت-.

لەوانەیە بەشێکی سیحری ئەو جاوید و ئەبەدییەتەی گەمژەیی ئەوە بێت، کە ئینسان بۆ (مانەوە) پێویستی پێیەتی. مانەوە، ئەو غەریزە هێجگار بەهێز و حەیوانییەی لە هەمووماندا هەیە. مانەوە، ئەو ڕەمەکەی چارەی پرسیاری ناوێ... **هەر لە چواردەوری خۆت بڕوانە، دەبینی، ئەوانەی پرسیاریان نییە، باشتر دەژین، خۆشتر دەژین.** تەماشا بکە، شاعیرێکی ناسکی وەک (سوهراب)یش -کە خۆی لەژێر کاریگەریی فێنکی بودییەتدایە- دەڵێ:

"ئیشی ئێمە نییە؛

لە (نهێنی)ی گوڵی سوور بگەین...

ڕەنگە

ئیشی ئێمە ئەوە بێ؛
لە (ئەفسوون)ی گوڵی سووردا
خۆنوقم بکەین.."

سوهراب دەیزانی کەڵکەڵەی تێگەیشتن لە نهێنیی شتەکان، سەریەشەکی گەورەیە، کە خودا تاکوتەرا لێرەولەوێ بە یەک- دوو عەبدی داماوی خۆی وەک (دیارییەکی قورس) عەتای دەفەرموێ. بۆیە سوپاس بۆ فینلاند، کە میکا ڤالتاری لێ لەدایک بووە. **میکا ڤالتاری، ئەو نووسەرەی من لێیەوە فێربووم، کەمژەیی میوانێک نییە، نیازی بێ بڕوات!**

***

# ئایا مرۆڤی زیادە هەیە؟

باریتەعالا لەم دونیایەدا مرۆڤی زیادە هەیە... تەحاا..! خراپ تێ مەگەن، فاشیست نیم، بۆنموونە (هاوڕێ!)ی زیادە ئەوەیە بەغرورێکەوە هەمیشە لێرەیەو لێرەش نییە! لە بۆسەدایە تۆ دەرگای ناوی ناوەی خۆت بکەیتەوە و ئەو وەک دزی شەوێکی تاریک، بە ماسکی سەرییەوە بووەستێت و سەیرت بکات. **هاوڕێی زیادە ئەوەیە، ئەو هەموو شتێک لەسەر تۆ بزانیت و تۆ هیچ لەسەر ئەو!**



Scanned with CamScanner

# عەکسی قەمەر لە حەوزی لیخندا

تا کۆتایی ئەم مانگە (دیسێمبەری ٢٠١٥) سێ کتێبی تر بڵاودەبێتەوە، بەم شێوەیە لە ١٢ مانگی ڕابردوودا؛ من هەشت کتێبم لە (نووسین، وەرگێڕان، دێیاتی فیکریی) چاپ و بڵاوکردەوە. لەو هەرێمەدا، کە ٣٨٠ ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە، زیاتر لە هەزار وێبسایتی میدیایی حیزبیی، ناحیزبی، ئازاد و نائازاد، سێبەر و ئەهلی هەیە؛ جگە لە (ئاوێنە) و (نسێ) هیچ یەکێک لەم لەشکرە -دەڵێم هیچییان!- بەدێڕێکیش ئاماژەی بەم هەوڵە خاکی و کلتورییانەی بەندە نەدا، **کەچی ئەگەر کیم کارداشیان، ملیمێک لە سمتی زیادی کردبێت؛ ئەم لەشکرە میدیاکارە کردوویانە بە مانشێت، بە هەواڵی وێنەی و هەواڵی بەپەلە.**

ئەم بەیانییە بینیم، ئاژانسێکی بەنێوبانگی هەواڵی فارسی، بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی منی کردووە بە هەواڵ و گرنگیی پێ داوە، لە کاتێکدا من خزمەتم بە زمانی فارسی نەکردووە و کتێبم بۆ فارسی وەرنەگێڕاوە، -ئەگەر کردبێتم- من خزمەتم بە زمانی کوردی کردووە و کتیبم بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە. ئیدی گۆران واتەنی: "بەڵام تەختی ڕوفاهـ و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار/ بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا!".

لە نێوەندێکی وەک ڕۆشنبیریی کوردیدا، لە پێرگەرایی و گرووپ گرووپێن، لەسەریەکتر نووسین بە ئاوی نان بەقەرزدان و هەڵنانی ناوەند و دەزگاو-ئێستا هاشوهۆشی کتێبفرۆشیشی هاتۆتەسەر- ئەگەر لەمانە دووربیت، چارەنووست لەوە چاکتر نابێ، کە من هەمە... بەڵام



Scanned with CamScanner

باوەڕێکی بەهێزم هەیە، (بەوەی مرۆڤ، کە توانای تێپەڕاندن و داهێنانی تێدابوو، هەموو دونیا ناتوانێ گومناوی بکات، ڕەنگە بۆ ماوەیەک بەرد بخەنە سەری، بەڵام دوایی وەک گوڵەکێویلەیەکی تەنها، لەژێر قورسایی بەردەکەوە سەری کەشی هەر دەردێنێ) جارێکیان دکتۆر فازیل جاف گوتی: من بە کوردی و بە ڕووسی و بە سویدیی و بە ئینگلیزی و بە عەرەبی کاری شانۆییم کردووە، هەمووان دەستخۆشیان لێ کردووم و ڕێزیان لێ ناوم، تەنها بە کوردی جوێنیان پێداوم..!

***

## کەلارییەکان

شتێک کە لە کەلارییەکاندا زۆر خۆشم دەوێت ئەوەیە، ناوەڕاستیان نییە، یان دۆستتن یان دوژمنتن. خۆ بەوە نییە لە باکوری ئەوروپا دەژیم، منیش لە دۆستایەتیی خەڵکدا کەلارییم!

**جوانە تاکۆتایی یەک دیوت هەبێ!**



Scanned with CamScanner

# کێی جەنابت؟

شـەوێکی ڕەشـەبا وەکـوو ئەوەی لەگەڵ بـادا هاتبێـت، لە نهـۆمی سێی ئاپارتمانێکی دێرین، هەڵ دەکـاتە ژوورەکەت، نەکا سـەری لە باڵشـمەی پەنــجەرەکە بــدات؛ سـەر دادەنەوێنــێ و بە گـوژمێ خـۆی هەڵ دەداتە ژووری. میوانێکی ناوەختە، بەڵام ڕۆحسـووک و خوێنشـیرینە. نـــا، ئەو لە ماڵەکەدا میوان نییە، **خۆ هێشتا خەتۆکە وردیلەکانی سەری پەنجەی وا بەسەر تانوپۆی کەلوپەلی ژوورەکەوە**... ئەو وەک نەونەمامی تازەی بـن بنـاری، لەسـەر کورسـیلە چکۆلەکەی بەرانـبەرت، مینـا شـاژنێک بە شکۆیەکی قورسـەوە، بە دوو چاوی ئەسـتێرەوە دادەنیشـێت و تـۆ وەک ئەوەی کۆتە دێرینەی قەسابێک بیت و پژوپۆی نوێت لـێ سـەوز بـووبێ، باوەڕ بەخۆت ناکەیت. مۆبـایلەکەت دەگـری بەدەسـتەوە، کورتەنـامەیەک دەنووسـی، سـڵاوێک و دوو دێـڕ، بە گومـانی لە دێـڕی کۆتاییـان بگـات، **ژنان شتێکیان نەوێ، تـۆزێ بەزەحـمەت تێـی دەگەن، یـان هەر تێـی ناگەن، چونکە نایانەوێ تێی بگەن.**

خێـرا کورتەنـامەکە دەنێـری بـۆ ئەو و دێیـتەوە، لەوەی بـڕێ خـافڵبووی لێـی، خـۆت بە خەجـاڵەت دەزانـی، شـەرم ڕوومەتەکانـت سـوور سـوور دەکـاتەوە، سـوورێکی ئـاڵ، ئـاڵێکی دڵـبەرانە... تەماشـای برژانگەکـانی دەکەی، دەڵێــی لە میسـری کـۆنەوە ئارایشـتکارێکی هەزارسـاڵە بـۆی نەخشـاندووە. چـاوە تەڕەکـانی دەتبـات و دەتبـات، سـەوز دەچێـتەوە، دەڵێــی پەڵەجـۆی دوای بـارانی بەهــارانە، پـڕە لە ژیـان، بریسـکەی پیرۆزەیـی لـێ دەوەرێ. بـــا لە دەرەوە سـرەوتی نییە و تـۆ لەنـاوەوە



Scanned with CamScanner

دەکوڵێیت، دەستەکانی دەگری، وردیلە دەمارەکانی لەژێر پەنجەتدا لێ دەدەن... لەناکاو هەڵدەستێ و وەک تەم هەڵ دەکاتە سەر سینگت، حەز دەکەی هەڵنەستێ و نەڕوا، حەز دەکەی کات بووەستێ و ناوەستێ، خواخواتە ئەمشەو تەواو نەبێ و تەواو دەبێ.

بەیانی لە جێگەکەتدا قورسی، بێهێز و داهێزراو، ڕۆحت کلۆرە، ئەڵێی تاتەشۆری مزگەوتی، لە خۆت دەترسی... خەیاڵی ئەو جێی هێشتووی، کەچی هێشتا قورسایی جەستەی لەسەر چرچی جێگاخەوەکە دیارە، ئەوەتا بریسکەکانی بە ماڵەکەدا ڕژاون. تۆ بە زەنگی لەناکاوی کورتەنامەیەک بێداربوویتەوە، کە تێیدا نووسیویێتی: "سوپاس بەڕێز، بەڵام کێی جەنابت؟"

من هیچ ناکەم، مۆبایلەکە لەسەر مێزەکە جێ دەهێڵم، دەرگای ژوورەکە لەدوای خۆمەوە دادەخەم و دەمەوێ **بچم تۆزێ بمرم!**

***

## یەکتایی

یەک لە ئەندازەدا خاڵە، لە جەبردا سفرە، لە فیزیادا ئەتۆمە، لە هەر شتێکدا ناوێکی هەیە، بەڵام لە هەموویاندا هەر یەکە..

**تـــــــــــۆ یەکی منیت!**



Scanned with CamScanner

# لە بەرگی مۆپاساندا

کورێک هەبوو ناوی سامان بوو، من لە ژیانمدا یەک جار بینیم. کورێکی زۆر خوێندەوار بوو، لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا، کە یەکەم چیرۆکم بڵاوببووەوە، بیرمە لە چایخانەی شەعب دانیشتبووین. وتی: "تۆ لەم چیرۆکەدا زۆر لە مۆپاسان دەچیت." من یەکەم جار بوو ناوی مۆپاسانم بەرگوێ بکەوێ چونکە ئەوکاتە تەنها ١٨ ساڵ بووم. ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت، ١٦ ساڵ دوای ئەو قسانە، من لە قۆناغێکی تری تەمەنمدا لە ساڵی (٢٠١٥)دا لە باکوری زەوی وا دانشتووم مۆپاسان دەکەم بە کوردی.

گێ دو مۆپاسان، نووسەرێکی فەرەنسیی سەدەی نۆزدەیە، بەشێوەیەکی گشتی، نووسینەکان چیرۆکی ئۆتۆبیۆگرافین. لە چیرۆکەکانی ئەودا، سەردەمانی سەختی منداڵیی خۆی، پەیوەندیی دژواری بە ژنانەوە، هەڵهاتن لە خەڵک و چوونە ناو خۆی، بەشداریکردن لە جەنگ و گواستنەوەی دۆخی سامناکی مرۆڤ کوشتن، دەبینرێت. مۆپاسان لە ماوەی تەنها ٤٣ ساڵی تەمەنیدا نزیکەی سێ سەد چیرۆک و پێنج ڕۆمان و کۆمەڵێ شیعر و شانۆگەریشی نووسیوە. **تەنیایی تێمای سەرەکیی چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەن.**

تەواوی ئەمشەو، کە خەریکی پێداچوونەوە و پاکنووسکردنی وەرگێڕانی چیرۆکی (تەنیایی-Solitude)ی نووسەری فەرەنسی مۆپاسان بووم- کە دواچیرۆکی ئەم کتێبی تریفەی مانگەیە-، **هەستم دەکرد یەکێک لە باشترین ئەو دەقانەیە، کەسێک بیەوێت لێیەوە من بناسێت... وەک**



Scanned with CamScanner

ئەوەی خۆم ١٦٣ ساڵ لەمەوپێش شەوێکی فێنکی بەهار، لەگەڵ هاورێیەکدا بە شەقامەکانی پاریسدا پیاسەم کردبێت و هاتبێتمەوەماڵەوەو ئەم چیرۆکەم نووسیبێت...

ئەها لە جێگایەکیدا دەڵێت: "من ماوەیەکی هێجگار زۆرە ئازاری تەنیایی دەچێژم، دڵنیام هیچ شتێک ناتوانێ کۆتایی بەم ئازارە بهێنێت، گوێت لێیە؟ دەڵێم: هیچ شتێک... هەرکارێک بکەین و هەرچەندێک هەوڵ بدەین، گوفتارمان چەند دڵنشین و کردارمان چەند نیان بێت، هیچ شتێ لەم دەردە قوتارمان ناکات. من کە دەروونم بۆ هاوەڵێک دەکەمەوە زیاتر هەست بەتەنیایی دەکەم، ئەو کاتە دەزانم ئەو دیوارەی لەنێوانماندایە هاورێکەم خۆیەتی!

هەوڵی بێهوودەم دا دەرگای دەروونم واڵا بکەم و ئاسۆی رۆحم بەسەر جیهاندا بکەمەوە، بەڵام بێسوودە، ناتوانم سەیری قووڵایی خۆم بکەم، قووڵاییەک، کە کەس پەی پێ نابات و ئەوەتا کەسیش نایگاتێ، چونکە کەس لە من ناچێت، هەر کەس لە کەس ناگات... ئەوەتا تۆیش لەم ئازارە ناگەیت، رەنگە ئێستا رقت لێم بێتەوە، یان بە شێتم تێ بگەیت، یان گاڵتەت پێم بێت، رەنگە بڵێی ئەوە بۆ وای بەسەر هاتووە؟ بەڵام ئەگەر رۆژێک لەرۆژان لەم قسانەم گەیشتی و درکت بەم ئازارە ترسناکەم کرد؛ وەرە و تەنها پێم بڵێ: (تێتدەگەم) ئەو وشەیە بەختەوەرم دەکات، ئەگەرچی ئەو بەختەوەرییەش تەنها چرکەیەکە."

بیرم کردەوە ئەو کورەی ناوی سامان بوو، ١٦ ساڵ لەمەوپێش چەند جوان لە من تێ گەیشتبوو، لەکاتێکدا تەنها یەک چیرۆکم بڵاوبببووەوە!



Scanned with CamScanner

# ناتوانن سێکس لەگەڵ خۆشەویستەکانیان بکەن

ئەمشەو تەماشای فیلمی (کورتەفیلمێک لەبارەی خۆشەویستی- A Short Film About Love)ی دەرهێنەری بەناوبانگی پۆڵندیی (کیشلۆڤسکی)م دەکرد، هەستم کرد پێشتر شتێکم لەبارەی ئەو گرێیەوە خوێندۆتەوە، کە کاراکتەرەکە دووچاری دەبێت. گەڕام کتێبێکی فەیلەسوف و دەروونناسی فرانسی (ژاک لاکان)ـە، لەبارەی (گرێی فریشتە و قەحبە- Madonna – Whore Complex) وا ئەم بەشە سەرنجڕاکێشەی دەکەم بە کوردی بۆتان:

فرۆید پەی بەوە برد، کە ژمارەیەک لە پیاوان لە ڕەفتاری سێکسی خۆیاندا تووشی ئایرۆنی دەبن، کاتێک کە خۆشەویستەکەی خۆیان خۆش دەوێت، مەیلی سێکسکردنیان لەگەڵیان نییە. بە مانایەکی تر، **پیاوان سێکس لەگەڵ ژنانێکدا دەکەن، کە زۆر خۆشیان ناوێن**، ڕەفتاری سێکسیی ئەم جۆرە پیاوانە لەنێوان عەشقی زەمینی و عەشقی ئاسمانیدا لە جۆلانەکردندایە. ئەو پیاوانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، وێنایان لەسەر ژنێکی دوور مەیلە بۆ سێکسکردن لەگەڵیدا، **بەڵام ئەگەر ئەو سێکسە لەگەڵ ژنێکدا بکەن، ئیتر ناتوانن ئەویان خۆش بوێت.**


بە بڕوای ئەم پیاوانە، ژن یان دەتوانێت وەک (دایک) پاک و پیرۆز بێت، یان (قەحبە) بێت، چونکە (ناخودئاگا- لاشعور)ی ئەم جۆرە پیاوانە، پەیوەندیی ژنێکی نزیک لێیەوە وەک دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر حەرەمی خۆی (زینا لەگەڵ مەحرەم) سەیر دەکات!



Scanned with CamScanner

## پەناهەندەیەك لە گەردووندا!

هەفتەی ڕابردوو بە شەش وڵاتدا گوزەرم کرد، هیچیان هی ئەوە نەبوون بتوانم بارگەوبنەمی لێ بخەم. ئێستا کە لە وڵاتی حەوتەمەوە ئەم دێڕانە دەنووسم بیر لەوە دەکەمەوە: من لەم دونیایەدا جێم نابێتەوە! لەبەر ئەوەنا کە خوانەخواستە من زۆر گەورەم، یان دونیا زۆر بچووکە، بەڵکوو لەبەرئەوەی کە من و دونیا سەر بە دوو کۆمەڵەی زۆر جیاوازین.



Scanned with CamScanner

# لەبارەی عەشقەوە

## ڕووداوێکی ڕاستەقینە

ئەوەی چیرۆکی ئادەم و حەوای بیستبێت، دەزانێ یەکەمین دڵۆپە خوێن لەم زەوییەدا لەسەر عەشق ڕژاوە! لێرەوە دەبێ ئەو پارادایمە ساویلکە و دیماگۆژییە وەلاوەنێین، کە هەمیشە وا دەزانێ، عەشق گوڵمان بۆ دەگرێ و دونیا پڕ دەکات لە هەوری پەمەیی. مێژوو، ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی عەشق و کوشتن دەگێڕێتەوە، **ئەم هێزە وەحشییەی ناوی خۆشەویستییە، ئیمپراتۆرییەتی ڕووخاندووە، خەڵکی لە دینی خۆی هەڵگێڕاوەتەوە، خیانەتی لە مەبدەئە ئەخلاقییەکانی خۆی پێ کردووە.**

خۆشەویستی هێزێک نییە کتێب بتوانێ ڕەتی بکاتەوە یان بیوەستێنێت، شتێک نییە دەورەی بۆ بخوێنی، کۆرسێک وەربگری و فێری ببیت، هەر کەسێک بە هێزی باکگراوندە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکەی خۆی، ئەم ماشێنە زەبەلاحە بێ ئیستۆپە دەئاژوێ. خۆشەویستی سێڵاوێکی تارە، کە هەرشتێک بێتە پێشی ڕایدەماڵێ... ١٧ ساڵ لەمەوپێش بەرنامەیەکی ڕادیۆییم ئامادە دەکرد ناوی (قەدەری گوڵە پەژموردەکان) بوو.. بەرنامەکە بە شوێن سەرگوزشتەی ئەو کەسانەوە بوو، کە ئاسایی نەژیاون. جارێکیان لە بەندینخانەی سلێمانی، لەگەڵ ژنێک و پیاوێکی زۆر گەنج گفتوگۆم کرد، کە بە لەسێدارەدان حوکم درابوون.

ئەوان تاوانبار بوون بە کوشتنی مێردی ژنەکە و شاردنەوەی لە باخی ماڵەکەیاندا بۆئەوەی خۆیان بەیەکتر بگەن! کە لە کۆتا پرسیاردا لێم



Scanned with CamScanner

پرسین: خۆتـان هەسـت دەکەن لەم ڕووداوە ناخۆشـەدا کـێ تاوانبـارە؟
ئێستاش بیرم دێ؛ کوڕەکە سوورکارێک بـوو، وەسـتای گەچکاریی بـوو، هەناسەیەکی قووڵ قووڵی هەڵکێشا و وتی:
"**کاک توانا... خۆشەویستی تاوانبارە**"!

---

تێبینی: فـایلی دەنگیـی ئەم بەرنـامەیە هەم لە ئەرشـیفی خـۆم، هەم لە ئەرشیفی ڕادیۆی هەرێمی جاران و نەوڕۆزی ئێستا پارێزراوە و هەیە.

***

## شەهادەت

مەرگی شەریفانە هەر ئەوەیە،
**لەنێو جێگای ژنێکدا** بتکوژن، لەسەر چەرچەفێکی سپی!



Scanned with CamScanner

# دیدار لەگەڵ ژنێک،
# کە مێردەکەی خۆی کوشتووە

هەشت ساڵ لەمەوپێش لە زیندان گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانییم لەگەڵ ئافرەتێک کرد، کە بە هاوکاریی کەسێکی تر هاوسەرەکەی خۆی بە تەور کوشتبوو، دواتر جەستەکەیان بە پارچەپارچەکراویی سوتاندبوو، لەلای عەربەت فرێیان دابوو. بەیانییەکەی کە ڕۆیشتم دایکم هەندێ شتی پێدام، تا کە ئافرەتەکەم بینی وەک دیارییەکی چکۆلە بیدەمێ. **من یەکەم جارم نەبوو لەگەڵ مرۆڤێکدا، کە خەڵکی کوشتووە گفتوگۆ بکەم، بەڵام دیداری ئەم ئافرەتە شتێکی تر بوو، چونکە خۆی و کوژراوەکەشم لەنزیکەوە دەناسی**، ئەمان دراوسێی ئێمە بوون و تەنها دوو ماڵمان نێوان بوو! بۆیە ئەگەرچی پێشتر لە دیدارەکە ئاگادار کرابووەوە، بەڵام کە چوومە ئەو ژوورەی بۆیان ئامادە کردبووین، هەر لە دەرگاکەوە منی بینی قریشکاندی و بوورایەوە.

قسەکردن لەو دیدارەدا بۆ هەردووکمان زۆر قورس بوو، من قورگم گیرابوو، جۆرێک سەرسامیی و حەجمینی ناکۆکیی نێوان ئەوەی بیستووتە و ئەوەی دەیبینی، ئەوەی ناتەوێ و ناتوانی باوەڕبکەی مرۆڤێک ڕق و ئازارەکەی گەیشتبێتە ئەم ئەندازەیە وا لە هاوسەرەکەی خۆی بکات! هەرچی ئەویشە لەناو هەوری چڕی یادەوەرییەکانی جارانی خۆی و کۆڵانی ئێمەدا ون ببوو، تازە ئیتر من توانا گیانی دراوسێ و ئەو باجی فلان نەمابووینەوە، من ڕۆژنامەنووس بووم و ئەو ژنێکی بکوژی حوکمدراو بە سێدارە بوو.



Scanned with CamScanner

که لێم پرسی بۆ وات لێ کرد، تۆ سێ چوار منداڵت لەو پیاوە هەبوو، بۆ کوشتت؟ کە کوشتت بۆ پارچەپارچەت کرد؟ کە پارچەپارچەت کرد بۆ سوتاندت؟ لەوەڵامدا دێڕێکی سادە و قووڵی پێکەوە گوت:

"**خۆی ون کردبوو، منیشی سەرگەردان کرد.**"

چەندین ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، من لە سوید کتێبی (پەیامبەر)ی جوبران خەلیلم کرد بە کوردی، کە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش لە ئەمریکا نووسیویێتی، لە یەکێک لە شارستەکانی ئەو کتێبەدا دەڵێ:

"**ئینسان، کە ڕۆحی سەرگەردان بوو،**

**هەم ئازاری خۆی دەدات، هەم هی خەڵکی تریش!**"

***

## مەڵێ تەنها مرۆڤ

لە هەر جێیەک ڕێزی سروشت، ڕێزی ئاژەڵ، ڕێزی دەستکردەکانی خودای تێدا نەگیرا، چاوەڕێ مەبە ڕێزی خودا و مرۆڤیشی تێدا بگیرێت! با ئاژەڵەکان بە هاوڕێی خۆمان بزانین، کە سەگێک دەبینی بەردی تێ مەگرە، خێرایی ئۆتومبێلەکەت کەم بکەرە و لەسەر جادە مەیکە بەژێرەوە، کە پشیلەیەک دێتە حەوشەکەتان دەری مەکە. لەوەتەی پشیلە پشیلەیە، لە خواردنی جووجکێ یا فڕاندنی بەچکەکۆترێک زیاتر زیانی نەداوە، **من و تۆ کۆترەکە و جووجکەکە بەگەورەییش دەخۆین و پشیلەکەیش دەکوژین!**



Scanned with CamScanner

# چۆن فریا دەکەوی؟

بەیـانییەکی خۆشــە، لە خەو هەڵدەسـتم تەماشـا دەکەم ئەوە بەفـر دەبـارێ، ئەمسـاڵ (٢٠١٥) لە سـتۆکهۆڵم بەفـری کەم بـاری، خەڵـک چاوەڕێی زیاتر بوون. من لەبەرانبەر پەنجەرەکەدا دانیشـتووم، تەماشـای ئەو کلـوە بەفـرانە دەکەم، کە بەدەم نەرمەبـاوە بەهێواشـی دەکەون و عەردەکە سـپی دەکەن. دەمەوێ وەڵامـی ئەو پرسـیارە بـدەمەوە، کە هەمیشـە هەنـدێ لە خـوێنەرە فزوڵییەکـان دەپرسـن: "ئەوە چـۆن فریـا دەکەوی ئەم هەموو کتێبە چاپ بکەی؟"

ئەم پرسـیارە دوو جـۆر لە خەڵـک دەیـکەن: جۆریکیـان بـوغزن و هەنـاوڕەش و بەدنهیـاد و بێبەرهەم و یەک دومەڵـی گەورەن و بەکـورتی مرۆڤی زیادەن، بەشەکەی تریان خوێنەری سەرەتایی و خەڵکی خـاوێن و سـادە و دڵپـاکن، بێگومـان وەڵامـی ئەمـانەی دوواییـان دەدەمەوە و وەڵامەکەیـش لە پرسیارەکە ئاسانترە، لەبەرئەوەی دەزانـم چـی دەکەم، هەمووماں دەزانین کـاتی شـەو و ڕۆژێـک، ٢٤ سـەعاتە، بەڵام هەمووماـن نازانین چۆن ٢٤ سەعاتەکە بژین.

خوێنەری بەڕێز، **من کەمترین کات دەنووم و زۆرترینی بێدارم، حەوت ساڵە سەیری تەلەفزیۆنم نەکردووە، چونکە هەر نیمە تا سەیری بکەم!** ئەوکاتەی کچێک شەوانە چوار سەعاتی ژیانی خۆی بەدیار تەماشـاکردنی حەلەقە و فەیسـبووک و سـنابچات و ئینسـتاگرامەوە بەسـەر دەبـات و کوڕێک چوار سەعاتی شەوانی خۆی لە فەیسبووک و گازینۆ و کافتریـا و یانە و نادی و خواردنەوەدا دەکوژێ، من دانیشتووم و خۆم فێری زمـانی



Scanned with CamScanner

تـر دەکەم، دەخـوێنمەوە و تەرجەمە دەکەم و جارجـارەیش دەنووسـم، سـەرئەنجامی تەنهـا ئەم ٤ سـەعاتە لە هەفتەیەکـدا ٢٨ سـەعات و لە مانگێکدا ١١٢ سەعات و لە ساڵێکدا ١٣٤٤ سەعات دەکات.

کـابرا ئەگەر لەوانە بێـت، کە خـۆی بێـبەرهەمە و ڕێـزی بەرهەمـی ماندووبوونی خەڵک نـاگرێ و بەیـانی و ئێـوارە لە فەیسبووک کەوتـووە، جوێن دەدەدات، قاچی خەڵک دەگرێ، بە خەڵـک دەوەڕێ، دەڕشـێتەوە، دیارە بێگومان بۆی سەیر دەبێ، کە ئەوانیتر چۆن فریـای کـار و کتێـب دەکەون!

دۆسـتی مـن، لیسـتی نووسـەرانـی پـڕبەرهەم لەجهیانـدا زۆر درێـژە، نووسـەری ئیسـپانی (Corin Tellado) ٥٠٠٠ –بەڵـی پێـنج هەزار– کتێبـی چـاپ کـردووە. نووسـەری بەرازیلـی (Ryoki Inoue) ١١٠٠ کتێبـی چـاپ کـردووە. نووسـەری ئینگلیـزی (Kathleen Lindsay) زیـاتر لە ٩٠٠ کتێبـی نووسـیوە. نووسـەری ئەمریکـی (Lauran Bosworth Paine) پتـر لە ١٠٠٠ کتێبـی نووسـیوە. نووسـەری بەریتـانی (Enid Mary Blyto) زیـاتر لە ٨٠٠ کتێبـی نووسـیوە. نووسـەری ئینگلـزی (BarbaraCartland) ٧٢٣ کتێبـی نووسـیوە. نووسەری ئینگلیزی بەناوی (Ursula Bloom) ٥٢٠ کتێبی نووسیوە. نووسـەری ئەمریکـی (Edward Stratemeyer) ٤٣٠ کتێبـی نووسیوە. نووسەر و وەرگێڕی کورد کـاک (حەمەکەریم عـارف) نـزیکەی ٢٠٠ کتێبی چاپ کردووە. وەرگێڕی کورد عەزیز گەردی هەروا...

ئەوجا هەمیشە دەمبەتاڵەکان دەڵێن خۆ کتێب بە زۆریی و ژمـارە نیـیە، لەکاتێکدا ساحێبی ئەم جۆرە دەمانە، نەک چەنـد کتێبێـک، بگرە چەنـد



Scanned with CamScanner

لاپەڕەیەکیان بە دارشتنێکی مامناوەندیش بۆ نانووسرێت. ئێستا لەو فەیسبووکەوان و پاتاڵانە بگەڕێن و لە وەڵامی خوێنەرە سادە و دڵپاکەکاندا بڵێم: لەکاتێکدا هاوتەمەنەکانی من لێرە شەویان لە دیسکۆ و بارەکاندا ڕۆژدەکەنەوە و من، کە لەدوای کارکردن بەشی گەورەی ژیانی خۆم بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردووە، چی تێدایە و بۆ تێگەیشتنی بۆت سەختە، کە تا ئێستا بە نووسین و وەرگێڕانەوە ٢٠ کتێبم چاپ کردبێت؟!

دۆستی من، هەموومان لەبەردەم کاتی خۆماندا وێستاوین، خەڵک ئاگری پێوە دەنێت و کاتی خۆی دەکات بە قەرەبرووت و خوڵەمێشەکەشی دەدات بەدەم باوە، **من کاتی خۆم دەپەرستم!**

***

## تەماشایەکی ئاوێنەکە بکە

ئێمە بونیامی نێو کۆمەڵگایەکین دەتوانین لە مافی هاوڵاتیبوون و هاونیشتیمانیبوونی خۆمان خۆش ببین، بەڵام ناتوانین ئەو وێنەیەی لەسەرماندایە بۆ دونیا، بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەئاسانی بیگۆڕین. ئێکسیری ئەم دێرە ئەوەیە: **واز لە دادگاییکردنی خەڵک بهێنین**، تۆزێک بچینەوە ناوخۆمان، بچۆ بەر ئاوێنە و بە خۆت بڵێ: **تۆ خودا نیـــــــت..!**



Scanned with CamScanner

فەلسەفەی جوانکاریی لای ژنان...

ئەوەی پیاو لە تۆی دەوێت شتێکی جوان نییە، بۆیە **تۆ هەموو ژیانت بە خۆڕازاندنەوە، بە خۆجوانکردنەوە دەفەوتێنی تا قەرەبووی پێشکەشکردنێکی شایان بدەیتەوە**، وەک پێشکەشکردنی قرژاڵێکی پرتەقاڵیی لەسەر مێزێکی سپی بۆ میوانێکی ڕەش!





Scanned with CamScanner

# کارکردن لە دارستاندا

ماوەی مانگێک لەگەڵ تیمێکی سێ کەسیدا، لە دارستانێکی گومناوی ئەم باکوری زەوییە، خەریکی داربڕینەوە بووم. ئیشەکە زۆر سەخت نەبوو، بەڵام هێندەش دڵگیر و خۆش نەبوو —جا ئیش هەیە خۆش بێت؟- خۆ ئینسان هەر بجووڵێتەوە زیانێک لە سروشت، لە داروددەوەن، لە ئاژەڵ و مێروو دەدات. **هەرچۆنێک بێت، ئەم کارە لەوە باشتربوو لە کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی پەلەوەردا؛ دەنووکی جووجکی بەستەزمان کاوییە بکەم! یان لە قەسابخانەیەکی خوێناوییدا؛ مانگای داماو بگوورم!**

ئێستەکانێ دەزانم و عەقڵم بەوە دەشکێ، عەیبە شیعری سروشتگەرایەکی وەک (سوهراب سپێهری) وەربگێڕیت و داریش ببڕیتەوە، بەڵام ئەڵقەڕێزی ئەو مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخەم ماچ کردبێت، ڕۆحی ئەو سوهرابە پاکە و ئێوە و منیش دەزانین، بونیام بێ ئیش ناژی. بەندەیەکی چکۆلەی میسلی من ڕایەی ناکەوێ و حەددی ئەوەی نییە، تەعالا بە شاهید بگرێت، بەڵام خودای گەورە خۆی دەزانێ و ڕۆحی مشایەخان ئاگایارن، **مشارم لەسەر گەردنی بەرزی هەر دارێک دانابێ، داوای لێبوردنم لێ کردووە.**

بۆ زانیاریتان ڕووبەری سەوزایی سوید ٤٨ ملیۆن هێکتارە، زیاتر لە ٢٨ ملیۆن هێکتاری دارستانە، کە دەکاتە کۆی لە ٦٩%ی ڕووبەری وڵاتەکە. بەرهەمهێنان و فرۆشی داروددرەخت لە ڕیزی هەرە پێشەوەی پیشەسازیی و ئابووریی ئەم وڵاتەیە، ئێرە جێگایەک نییە وەک کوردستان مەترسیی بیابانبوونی لەسەر بێت.

سەدان ساڵە دار لەم وڵاتە دەبڕدرێتەوە، بەڵام هێشتا نەیانهێشتووە ڕێژەی سەوزیی لە وڵاتەکەدا بێتە خوارێ. پارتی ژینگەی سویدیی، لە گەورەترین چوار پارتی دەسەڵاتداری وڵاتەکەیە. درەختی ئەم وڵاتە سەرجەمیان سەرژمێرکراون و پسپۆڕ و وەزارەت و ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی، وردەکاریی بڕینەوە یان زیادکردنی دارستانێکیان لەبەردەستدایە و بە هاوکاریی ئەندازیاری کۆمۆنەکان و پسپۆڕی ژینگەیی، بڕیار لە بڕینەوە یان نەبڕینەوەی جێگایەک دەدەن.

ئەوانەم بۆیە وت، تا بڵێم: خەمی داری بڕاوەی سوید نەخۆیت، سوید خەمی داری سەرجادەکەی ئێوەش دەخوات.

***

## جیهانگیریی

جیهانگیریی هەر ئەمەیە: کابرا لە ڕۆژهەڵات، **لە وڵاتەکەی خۆی شەریعەی تەواو کردووە**، لێرە شەوان لە وێستگەی قیتار، ڕیکلامی کۆندۆم بەسەر سەرنشینەکاندا دابەش دەکات!

Scanned with CamScanner

# من خەریکی جیهانم

یەک سـەلام و عەلەیکـوم، دوو خـوا کـاولی بکـات، سـێ هەرچـی ئـازای بەیەنمە دەزرپیکێنــــێ..... تەح براڕۆ کافرستانییە. جارێکی تـر وتـم: لە ماڵبارکردن ناخۆشتر هەر ماڵبـارکردنە. جـا لێـرە دەبـێ، کە ڕۆشـتی ماڵەکەیش بکەی بە گوڵ، یەکـێ نەزانـێ، کە مـن وەرمگـرت دەسـتەگوڵ بووبێ! وەڵا ئەوگوو سەرمەوقولاتی شـەیتانە! ئـاخر کـوێی ڕەوای حەقە، من لە سوبحی ساڵحانەوە جرت... فرت، جرت... فـرت، خەریکـی تەبـاخ پاککردنەوە و عەزرسرپینەوە بم؟

ئاخر یەک شتت لێ دەپرسم، بەس ڕاست جـواب بەرەوە ڕاسـت، بەیـانی هەتا ئێوارە من خۆم و سەگێکی بێزوانین، تووشـەرەفت ئـاخر ئەم مـاڵە حەربـی واترلـۆی تیـابووە، شــەڕە ســەرینمان تێــداکردووە، سـێباز و ئاشەبەتەنورمان تیاکردووە... ها؟ ئاخر من بۆ ئەبێ چڵکـی کرێچییەکـی ساڵانی پێش زاینیش پاک بکەمەوە؟

**باوەحیز، من بیر لە گەردوون دەکەمەوە، ئەمە کەی ئیشـی مـنە، ئەو گەردوونەی تۆ تێیدا میقرۆبێکی چکۆلەی حیزی، ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش نەبووی و ١٠٠ لەمەودوا نابی، من خەریکم شەرحی ئەوە ئەکەم، ئێمە کێین؟ لە کوێ بووین؟ چۆن هاتووین بۆ ئەم ژیانە؟ بۆ هاتووین؟ دوایی کە دەڕۆین، بۆ کوێ دەڕۆین؟ ئەی کە ئەڕۆین بۆ هاتووین؟ کە هاتووین بۆ لێرەین؟**

ئێ باشە خێرە لەم هاتن و چوونەدا جەنابت ئەم هەمـوو عەزێتە دەکەی بەنــاو سـکماندا! ئەی چـۆن، ئێسـتا ئەڵــێ مــاڵی خـۆمە و بــاوکی



Scanned with CamScanner

ئەلمەرحومم بۆی جێ هیشتووم... ئەهـ بۆ خاتری ئەم شەوی جومعەی موبارەکە و ئەم مانگی ڕەمەزانە پیرۆزەی کە واین تیا، قەبری ئەو کاک شێخ مارکسە پڕ بکەی لە نوور، کە دەیگوو: **نابێ موڵکایەتیی تایبەت هەبێ و زەوی هی هەموومانە.**
ئێستە کاکە، خێرە ئەم هەموو زەجرە ئەکەی بە ڕۆحماندا، ئاخر من خەریکی جیهانم!

***

## ئەوەی لە کرێچێتیدا خۆشە!

ئەمڕۆماڵم بار کرد -جا تۆ کەی ماڵت باری نەکردووە؟- بیرم کردەوە کرێچی شتێکی هەیە، کە خاوەنماڵ نییەتی. ئەویش ئەوەیە، کە لە شوێنێکدا ڕەگ داناکوتی! **کرێچی گەشتیارێکە بە فەزاوە**، تووشی مەلەل و پاتەبوونەوە نابێ. جیهان زوو زوو بۆ کرێنشینێک، کە ماڵی بە کۆڵیەوەیەتی نوێیە...



Scanned with CamScanner

# مردووەکان کێن؟

ئـێمە کاتێـک لەبەردەم مردوویەکـداین، ئایـا بەڕاسـتی لەبەردەم ئەو کەسەداین، کە خۆشمان دەوێت؟ ئەگەر ئەوەی خۆشمان دەوێ لەویایە، بۆ لەگەڵمان نییە، بۆ لە خاڵێکدا وێستاوە؟ ئەگەر لەویا نییە و ئەوە تەنهـا تەرمەکەیەتـی ئـێمە چـی دەکەیـن لەبەردەم تەرمێکـدا؟! ئەگەر ئەوەی ئێمە دەماننناسی تەنها جەستە بوو خۆ ئەوە جەستەکەیە، ئەگەر ئەوەی ئێمە دەماناسی هەر جەستە نەبوو؟ ئەی چی تر بوو؟ ڕۆح بـوو؟ ڕۆح خۆی چییە؟ ئێستا لە کوێیە؟

ئەگەر ڕۆحی لە هەمـوو شوێنێکە، دەی ئـێمە چـی دەکەیـن بەسـەر ئەم تەرمەوە، کە وا زەردهەڵـگەڕاوە، سـارد کەوتـووە و خەریـکە وردەوردە بۆن دەکات؟! ئێمە بۆ خۆمان بۆ یەکلایی ناکرێتەوە، کـوا دۆسـتەکەمان، مردووەکان دەچن بۆ کوێ؟

بۆ تـۆ ئەوەنـدە سـەیریت، هەر شـتێ زۆر پـاتەبووەوە پێـی ڕادێیـت، بۆ ئەژنۆی پرسیارت دەشـکێ، بـۆ سـەرت کـز دەکەی؟ بـۆ لە ماشـێنی ئەم ڕێگـای بەرەو مەرگە بەهزرینـێ دانـابەزی. بـۆ مردنـت هێنـدە لا ئاسـایی بۆتەوە؟ ئاسـایی؟! درۆ دەکەی؟ ئێسـتا دایکـت، باوکـت، خوشـکت، بـرا خۆشەویسـتەکەت، هاوسـەرەکەت، منـداڵێکت بمـرێ لەسـەر ئەو عەردە دەکەوی، **بیرت دەکەوێتەوە خۆشت لە ماشینەکەدایت، جا ماشینەکەی ئەوان خێراتر ڕۆییوە.**

نــا درۆ دەکەیت، چەند لاپەڕەیەکی تـر هەڵ دەدەیتەوە و ئەم باسـەت بیردەچێتەوە، بەیانی بیـرت دەچێتەوە، هەفتەیەکی تـر، هەر زۆر خـۆت

Scanned with CamScanner

بگری مانگێکی تر ئەم بابەتەت لەبیر نەماوە، تۆ یەک درۆزنی سووک و چرووکیت، تۆ هەموو ڕۆژێ ناژیت، تەنها فێڵ لە خۆت دەکەی، تەنها مردن لەبیر خۆت دەبەیتەوە.

***

# سەرسووچی کۆڵانەکە

من کوڕی ئەم سەردەمە نیم. من لە ناوەڕاستی چاخێکی ترەوە هاتووم. ئەها بیری هەشتاکان دەکەم، بیری دانیشتن لەسەر قەنەفەی کۆن. بیری ئەحمەد هەردی. بیری خەولێکەوتن بەدەم گۆرانییەکی ئوم کەلسومەوە لە پیرە ڕادیۆوە. بیری ئەو نیوەڕۆ گەرمانەی خەڵک لەبەردەم پانکەیەکی گێژ خەوێکی خۆش دەیبردنەوە. بیری ئەو ڕۆژانەی کاڵەکی بۆنخۆش لە باخچە چکۆلانەکەی ماڵەوەدا سارد دەبوو و کۆڵانیش لە گەرمادا دەکشا و درێژ و درێژتر دەبوو.

خودایا... من هەر ڕادەکەم و ناگەمەوە کۆتایی ئەم کۆڵانە!

Scanned with CamScanner

## ددانئیشه

ئەوە دووربێ لە ڕووتان ٣ ساڵە ددانێکم دەیەشێ، بەوەدا ددان لێرە دەچێتە خانەی جوانکارییەوە، چارەسەرەکەی زۆر گرانە. منیش بێ ئیقامەم، ئیدی کوێر ببووم و بۆیان هەڵ نەدەکێشام، حوکمیان کردبوو پڕی بکەمەوە. دکتۆرێ نا، تۆ بڵێ دە دکتۆرم کرد، سەگبابانە دەتگوت هەموویان بە منداڵیی کیکۆزی ڕەقەم ١یان خواردووە، ئەها خەت شینەکە، گشتیان یەک قسەیان دەکرد: "چارەسەی ئەم ددانە بە سێ جەلسە دەکرێ و ١٢٠٠٠ کرۆن (١٤ وەرقە و نیوی تێدەچێت)! ئێ منیش جوابم نییە، وەرەقەم نییە، نە هی دۆلار و نە هی دائیرەی پەناهەندە و نە هی تریش.

ڕۆژێ بە دانەیەک لەو دکتۆرە لووسکەلانە -ئەها ئەوەنە یەکپۆش و مورەتەبە، باوەحیزە دەڵێی دایکی گۆڕیویەتی- گوتم: تۆ بۆ ١٤ وەرەقەم نادەیتێ، من تا ئەمرم محلەبی دەخۆم و پێویستم بە هەڵکێشانی ئەم ددانە نابێ!

سەرتان نەیەشێنم، لەم دوادوایەیەدا هاوڕێییەکم، کە زانی پەرێشانم، مورزەمیدێکی لاکۆڵانی خانەقینی بۆ دۆزیمەوە، لە کوێ؟ لە شوقەیەکی ڕەشدا، لەکوێ؟ لە چۆڵی قوڵفە... وەڵا ئازا چووم، کابرا چونکێکوم (ئیشی ڕەش) بوو، یەک دڵۆپ بەنجی خستە سەر ددانەکە، ڕۆڵە هەر مەپرسە ئەو دونیام بە سریدیی بینی. ئەمڕا دەرنەفیز و پلایسی تێگیران و دەریهاورد، یارەبی خێری بنووسێ لەگەڵ مردووی ئێوە. وەلەو لەدواییا **بەهۆی ژەنگ و پیسیی کەرەستەکانییەوە، هەفتەیەک جێ ددانەکە هەوی**



Scanned with CamScanner

کرد و فەلەبەر ئەوەی پارچەیەکیشی تێدا جێ مێشتبوو؛ تووشی نەزیف بووم، حەفتەیەکی تر خوێنم لێ ڕۆیی، بەڵام ئاخیرەن دوای ٣٦ مانگ ئازار، ئیسراحەتم کرد.

ویستم بڵێم: لە دەرەوەی قسەی نێو کتێب؛ ژیانی من وەک نووسەرێکی کورد ئەم دیوەشی هەبووە و هەیە، ئەگینا ٦٥٠ ساڵە هیچ نووسەرێکی سویدی و ئەسکاندینافی و ئەورووپی تووشی دۆخێکی وەها نەبووە، لەبەر بێ پارەیی ٣ ساڵ تەحەمولی ئازاری ددانئێشە بکات و شەوان خاولی گەرم بخاتە سەر ڕوومەتی... جا تازەکی شتەکە ڕۆیی بۆیە باسم کرد.

***

## دادپەروەریی درۆیە!

ئەمشەو لە کتێبی (لاکان بە گێڕانەوەی ژیژێک)، شتێکی سەرنجڕاکێشم خوێندەوە، ئەوە دەیکەمە کوردی بۆتان: ئێمە لەبەرانبەر ئەوانەدا، کە خاوەنی شتێکن و چێژی لێ دەبەن و ئێمە ئەو شتەمان نییە، حەسوودیی دەبەین. **هەوڵدان بۆ دادپەروەریی لەکۆتاییدا هەوڵدانە بۆ سنووردارکردنی چێژی زۆری ئەوانیتر**، بەجۆرێک هەموومان لە بابەتی دەسکەوتنی چێژدا، هەلی وەک یەکمان هەبێت!



Scanned with CamScanner

دونیا،

**لە مندا ئێشێت...!**



Scanned with CamScanner

# پارە چییە؟

پێویست ناکات توێژەری فەلسەفە، کۆمەڵناس و پسپۆڕی ئابووریی بیت، تا ئەم ڕاستییە بزانی، کە هەرکەسێ پێی گوتی: "پارە هەموو شتێکە" درۆ دەکات، هەرکەسێکیش پێی گوتی: "پارە هیچ نییە" هەر درۆ دەکات. پارە ڕێک شتێکە لەنێوان ئەم دوو ڕستەیەدا. هەروەک چۆن زۆربەی پیاوان دەتوانن لەگەڵ ژنێکدا بن: کەر بێت، گێژ بێت، گەمژە بێت، بەس جوان بێت... ژنانیش دەتوانن لەگەڵ پیاوێکدا بن، ناشرین بێت، قەل بێت، مانگابێت، بەس پارەی پێ بێت، چونکە **ژنان عاقڵن، دەزانن پارە دەتوانێ جوانی و قۆزێتی، پیاوەتی و شتی دیکەیشی پێ بکڕدرێت،** کەچی ڕۆژگارێکە تێی کەوتووین، کەشخەیی و بەژن و ڕووخساری برات پیت، یان مێشکی سوکراتت پێوەبێت، یەک دینار ناکات.

ئینجا تۆ لەو هەوارەوە نەیەیت و بڵێی وانییە، ئەوەی ئینکاریی ئەم حەقیقەتەی کرد، لەنێو فیلم و کتێبەوە گوێزت بۆ دەژمێرێ گوڵم، بەڵام من لە دڵی ژیانەوە قسەت بۆ دەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەی خۆشەویستی ئەکەوێتە کوێوە؟!

ئێستا نا، بەڵام لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا پێت دەڵێم دەکەوێتە کوێوە!



Scanned with CamScanner

# نەخۆشیی و دڵناسکی

ئەوە بۆ ئینسان، کە نەخۆش دەبێت دڵی زۆر ناسک دەبێتەوە؟ ئەوە بۆ شەوی نەخۆش لە ١٢ سەعاتەوە دەبێ بە ١٢ سەدە، ئەوە بۆ ڕۆژی لێ نابێتەوە؟ ئینجا بیهێنە پێش چاوی خۆت، لە غەریبی بیت و تەنیایش!

ئەها کەسێک نییە زوو زوو پێت بڵێ: "بەقوربان باشتربوویت؟!" ئەها دەستوپێی خۆی ون کات، ئەمەندە بە دەورتا بێ و بچێ... ئەها زوو زوو فێنکت بکاتەوە... شۆربای گەرمت بداتێ... بە دەستە میهرەبانەکانی داتپۆشێت... لەکاتێکدا هەزار جار خۆی دەکات بەساقەت، دەرمانەکانت لە کاتی خۆیدا بداتێ... ئیدی لە دووریی ئەم قسەشیرین و ئەم ماریفەتە دۆستانانە، دەردەکەت خەراپ کارییە، وەک کاریی بوو... **نا، تۆ دەبێ بچی شتێک بدۆزیتەوە، کە گوزارشت لەو شتە دەکات، کە تۆ نیتە و پێی ئەوەجی.**

نازانم بۆ دوای ئەو هەموو ساڵە ئەمشەو ئەوەندە بیری دایکمم کرد؟ بۆ دڵم پڕبوو؟ **لەپڕ هەستم کرد پیاو هەتا دەمرێ هەر منداڵە!**

کەچی ئاگاییم بەشی ئەوەی تێدا مابوو، جوانی فەرامۆش نەکەم، تەنانەت جوانیی نەخۆشیش! لەکاتێکدا لە تایەکی بەرزدا دەسووتام، لەبەرخۆمەوە ئەم شیعرە بەرزەی سوهرابم گوتەوە:

قسەی ناخۆش بە تریفە نەڵێین
ئەگەر تامان لێ هات؛



Scanned with CamScanner

(بینیومە جاروبار لە تـادا،
مانگ دێتە خوارێ،
دەست دەگات بە کەشکەلانی فەلەک
بینیومە زەنگۆڵەمیرە زوڵاڵتر خوێندویەتی
کە جاروبار قاچم بریندار بووە
بەرزونزمیی زەوی فێرکردووم
جاروبار لە پێخەفی نەخۆشیمدا،
قەبارەی گوڵ چەند بەرانبەر بووە و
گەورەتر بووە قەبارەی نارنج،
ڕووناکیی چراش..)

***

## زمانی فارسی

**فارسی زمانێکی مێینەیە...**

**ئەوەی فارسی نەزانێ،**

**چێژی بەشێکی گەورەی لە جوانی و نیانیی ژیان لەدەست چووە!**



Scanned with CamScanner

# نهێنی نووسەرەکان

نووسەری ئێمە لووتی تۆزێک بەرزە، هەندێکیان خۆیان لێ بووە بە خودا. ئەم ئاوەی ئەمان فەرتەناشی تێدا دەکەن، پێشتر سیاسییەکان ڕشتوویانە. من لەگەڵ خوێنەرەکانمدا هاورێم، بەوردیی سەرنج بە سەرنجیان دەخوێنمەوە. ئەم دوو ساڵەی ڕابردوو (٢٠١٥_٢٠١٦) وەک شتێک ساڵی بەختی ئازادبوونی کتێبەکانی من بوو لە کۆمپیوتەرەکەمەوە بۆ بەرچاوی خەڵک. ڕاستییەک هەیە ڕەنگە نەیزانن، بۆیە جارجارە لێرەولەوێ دەبینم نووسراوە: "ئەم کوڕە هەفتەی کتێبێک چاپ دەکات" خۆزگە بمتوانیایە وابم، بەڵام نا، خۆ من سۆپەرمان نیم، منیش وەک تۆ گۆشت و خوێنم، جارێکیان نووسیم: **کتێب چاپکردن وەک منداڵبوون وایە، مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەموو ڕۆژێک منداڵێکی ببێت!**

ئەوەی ئێستا چاپ دەبێ هی ئێستا نییە، تەنها ئیقبالی وای هێناوە بەسەریەکەوە بکەونە بازاڕەوە، ئەگەرنا ئەم کتێبانە بە حیبر نەنووسراون، ئەمانە دڵۆپ دڵۆپی خوێنی منن!

بۆیەکەم جار دەبێ ئەو ڕازە ئاشکرا بکەم، **کە ساڵی ٢٠٠٨ هاتمە دەرەوە، پرۆژەی ٢٣ کتێبم لە کۆمپیوتەرەکەی ئەو کاتەمەوە نارد بۆ ئیمەیلەکەم**... ئەمانە کۆمەڵێ کتێب نەبوون، هێندە حازربن بچن بۆ چاپخانە، نا، تیایاندا هەبوو تەنها ١٠ لاپەڕەی لێ نووسرابوو، هەیانبوو تەنها یەک لاپەڕەی مابوو، بەڵام سەرئەنجام لە زەینی مندا ئەمانە ڕەشنووسی ٢٣ کتێب بوون.



Scanned with CamScanner

ئەمڕا بونیام، کە سەر هەڵدەگرێت و بەو چەشنەی ئێمەومانان سەفەر دەکات، کاتێکی زۆری دەوێت تا دێتەوە سەرخۆی -ئەوە ئەگەر لەڕاستیدا شتێک هەبێت بەناوی هاتنەوەسەرخۆ-، ئیدی وڵاتەووڵاتکردن، فێربوونی زمان، خوێندن، کاری بەردەوام.... دواتریش لە تەنیاییەکی ئاڵتوونیی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هەلم هەبوو بچمەوە سەر خەونەکانم، سەر پرۆژە و کتێبەکانم...

ئێستا بەڕێزم، ئەوەی لەبەردەستی تۆدایە و دوێنێ کەوتۆتە بازاڕەوە، بۆ خۆم زۆر کۆنە، من ئێستا لە شتی تردام، هەربۆیە لە پێشەکی کتێبی (مینای شین)دا نووسراوە: "خوێنەری خۆشەویست ئەگەر من تۆبم، ئەم کتێبە ناخوێنمەوە"، بەڵام من تۆ نیم، تۆ وەک خوێنەرێک، مینا هاوڕێیەک، بۆئەوەی بزانیت ئێستا خەریکی چیم، دەبێ بەو ڕێگەیەدا بێیت، کە من پێیدا هاتووم -ئەو کارانە بخوێنیتەوە، کە منیان تا ئێرە هێناوە-، ددانی پێدا دەنێم لە هاوڕێ و نووسەری خۆشەویست کاک بەختیار عەلی-یەوە فێربووم، هەر کاتێک کتێبێکم چاپ کرد، سێ چوار کتێبی تری ئامادە بۆ چاپم هەبێت... بەم شێوەیە دەبێ بزانیت، هەمیشە ئەو هێزەی لەم جۆرە نووسەرانەدا دەیبینیت، تەواوی هێزیان نییە و توانای ئەوان لە شوێنێکی تر شاردراوەتەوە!

***




Scanned with CamScanner

وا هەست دەکەم خودا یەك سوراحی خۆشاوی کردبێتە ژنەوە، خۆشاوی نیانی و بەرگەگرتن، هەربۆیە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە دەگرێ، تۆ تەماشابکە لە مندالبووندا دەدرێ، کەچی جگە لەوەی چێژی لێ وەردەگرێ، چەندان و چەندین جار ئامادەیە ئەم ئازارە پاتە بکاتەوە و مندال لە دوای مندال ببێت!

**ژن لە پیاو کاملترە**، بەپێی چیرۆکی ئەفراندن خودا لە پاش ئادەم حەوای دروست کردووە، واتە ئافرەت دوا پلە و ڤێرژنی دەستیاری کەمالی گەردوونە، کە خودا دەیئافرێنێ...

**هەندێ جار حەیفە ژن لەگەل پیاودا دەژی!**





Scanned with CamScanner

# ڕقم لەم کتێبانەیە

ئەمساڵ هەر ڕۆمانێکی کوردیم خوێندەوە سێبەری بەختیار عەلی-م لە وەسفسازیی، وێنەدروستکردن، پلۆت، تەنانەت تەکنیکی دابەشکردن بۆ بەش و مانشێتی فەرعی دەبینی بەسەرییەوە. ڕەنگە ئەوە یەکێک بێت لەو ترسانەی کە من ئەزموونی نووسراوی ئەدەبی گێڕانەوەی خۆم وەک نۆڤلێت بڵاوناکەمەوە. **سێبەری بەختیار عەلی بەسەر ئەدەبی کوردییەوە وەک سێبەری دارگوێز قورسە، نامەوێ زۆر سایەی بکەوێتە سەرم، چونکە وا تێ دەگەم کەس نابێ بەو و کە دوو بەختیاریش هەبوو، ئەوەی دووەمیان زیادەیە!**

من لە ئاستە گشتییەکەیدا سێ جۆر لە ڕۆمانی کوردیم خوێندۆتەوە، دوو جۆریان زۆر بێتامن، یان هێندە سادە و فلاتن، کە لە کاتی خوێندنەوەیدا ددانت ئاڵ دەبێتەوە و نە بابەت و نە تەکنیک و نە زمانەکەی ئاستی قسەکردنی ڕۆژانە تێناپەڕێنێت. **جۆری دووەمیان پێچەوانەی ئەمەیە: نووسەرەکە موعەمایەکی دروست کردووە، کە خۆشی لێی تێ ناگات، ئەمە پێی دەڵێن ئاڵۆزیی سەرلێشێوان.** ئاڵۆزییەک نییە وەک ئاڵۆزیی و لەدایکبوونەوەی ١٠٠ جارەی خۆزێ ئارکیدۆ بۆئیندیا لە ڕۆمانی سەدساڵ پەراوێزیی مارکیزدا، ئاڵۆزییەک نییە وەک کتێبەکانی چیگۆزی ئۆبیۆما خوێنەر ناچاربێت بەو نەخشەیەدا بڕوات، کە نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دایناوە.



Scanned with CamScanner

بەڵکوو تەنها ئاڵۆزییەکە لەپێناوی ئاڵۆزیدا، قژقژبوون و بەیەکدا ترشانێکە، نووسەرەکە شلیلەی خەیاڵی ئاڵۆسکاوە بەیەکدا و کە بۆشی چارە ناکرێ ئاوها فڕێی دەداتە بەردەمی خوێنەر. **خوێنەری داماو چی لە کتێبێک بکات، کە نووسەرەکەی خۆی لێی تێ ناگات!**

من ڕقم لەو نووسەرانە نییە، بەڵام ڕقم لە کتێبەکانیانە!

***

## کێ نەخۆشە؟

وەرگێڕێک لەو کوردەوارییەی خۆمان، کە لافی فەلسەفە لێ دەدات و ساغێتی وەک فەخر دەفرۆشێت، بە پڕفرۆشیی و پڕخوێنەریی کتێب و بەرهەمەکانی من چاوی سوور ببوو، ئیرەییەکەی تەقیبوو. جارێکیان نۆری بۆ هاتبوو، چووبوو نووسیبووی: (فلانی و خوێنەرەکانیشی نەخۆشن) هیچم نەوت، لەبەرخۆمەوە پێکەنیم، ئەم دوو سێ دێڕەم بۆ نووسی:

لەبارەی خۆمەوە هەرچییەک دەڵیی قەیدی نییە، بەڵام مافت نییە بێئەدەبیی بەرانبەر خوێنەرەکانم بکەیت، هەرچی منیشە وەک نووسەرێکی گەنج، ئەگەر شەرەفی پەشێویی دەروونییشم پێ برابێت بەنۆشی جان وەریدەگرم، چونکە باوەڕم وایە، **لە جیهانێکی خوێڕیدا، کە خۆی نەخۆشە، هەر کەسێک ساغ بێت، نەخۆشە!**

فەرموو ساغێتیی خۆتت پیرۆزبێت.

Scanned with CamScanner

# مردن وەک ئاسیاو

ئەوانەی خوشەویستێکیان مردووە، ئەوانەی کەسێکی نزیکیان لێ ڕۆیشتووە، ئەوانەی مردن دۆستێکی پلەیەکیان، ئەندامێکی خێزانەکەیانی ڕفاندووە، پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ مردن هەیە، تا ئەوانەی تەنها لە دوورەوە مردنی خەڵکیان دیووە. مردن بۆ کەسانی پێڕی یەکەم، برێ زیاتر کۆشی خۆی هەڵ ئەماڵێ، زۆرتر ڕووت دەبێتەوە و کەمتر نهێنیئامێزە.

ئەم کەسانە شتێک لەناویاندا دەشکێ، کە بەهیچ چاک نابێتەوە، **کە خوشکەکەم خۆی کوشت، دایکم بە یەک هەفتە سەری بوو بە بەفری سپی، باوکم چەمایەوە، منداڵەکانی ماڵەکە هەر لە خۆیانەوە گەورە بوون، من؟ من بووم بە مرۆڤێکی تر**... لەگەڵ ئەوەدا، کە وشەی ئینسان لە نسیان و بیرچوونەوەوە هاتووە، بەڵام بیرچوونەوە حەددی چییە لە مەرگی خوێناویدا بێتەپێشێ.

ئەوانەی مەرگ، کۆستی گەورە، کارەساتی زۆر جەرگبڕی بەسەر هێناون، دەکەونە شوێنێکی ترەوە، **دەکەونە نێو ڕەهەندێکی تری بوونەوە**. لای ئەمان مردن، دوور نییە، نزیکەدەستە، هەرکاتێ دەکرێ سەرێکی دیکە بداتەوە. مردن لای ئەم چەشنە لە مرۆڤ ئاشنایە، ئاشنایەکی غەریب!



Scanned with CamScanner

# مەڵێ بە ڕای من!

وا پەروەردە بووم، کە شەرم نەکەم و سەرکز و لاوێن نەبم، کاری خۆم پێشکەش دەکەم و دەڕۆم. کێ لە ئێمە باشتر و زیاتری کردووە بە مامۆستای خۆمی دەزانم، کێیش نەیکردووە هەر شایانی ڕێز و ستایشە و دەست دەگرم بە سنگمەوە بۆی، بەڵام دوور لەڕووی جەنابت، کە ئێستا خوێنەری ئەم دێڕانەیت، کەسێک لەو لایەوە بێ و هیچ لە هەگبەیدا نەبێ و هیچ بەرهەمێکی بۆ مرۆڤایەتی و کلتورەکەی و زمانەکەی نەبێ و تەنها ئۆکسجین سەرف بکات و گرێی خۆبەکەمزانین، بینی گرتبێت و قسە فڕێ بدات، لای من جێیی قبووڵ نییە.

**خەڵکی ئێمە ماف بە خۆی دەدات لە یەک دەقیقەیەدا لەسەر ئەم نووسینە و لەسەر سیاسەتی ئابووریی چین و قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەموچاوی سەرۆک لیستێک و سمتی هونەرمەندێک و گوێچکەی ترامپ و مۆسیقای ڕاپ و سووڕی گەشەی مارمێلکە و نرخی سانتیی ژنیش قسە بکات!**

جارێکیان مامۆستا (لەتیف هەڵمەت) پێی وتم: "ئەم نەوەیە هەنارێکە و دراوە بە زەویدا" بێگومان من نە سەیری ئەم هەنارە هەلاهەلایە دەکەم و نە گرنگی پێ ددەم، نە دەشی خوێنمەوە.

ئەرکی ئێمەیە خوێنەر و خەڵک ڕابهێنین لەسەر ئەوەی، لەسەر هەموو شتێ قسە نەکات. ئەوە ئازادیی نییە و کاوس و فەوزا و هەراوزەنایە...

لە کۆرسێکی فەلسەفی بووم، برادەرێکی کوردی لێ بوو زۆر کۆمێنتی دەدا، زۆر قسەی دەکرد، زوو زووش دەیگوت: (**تەبعان بە ڕەئی من**)!



Scanned with CamScanner

دکتۆرەکە وەستاندی و پێی گوت: (بەڕێز تۆ کێیت دەڵێی بە ڕەئی من؟ لە کەنەدا -دکتۆرەکە مامۆستای زانکۆ بوو لە ئۆتاوا- لە خوار ماستەری فەلسەفەوە خوێندکار بۆی نییە لە هۆڵی وانەوتنەوەدا بڵێ بە ڕەئی من، **تۆ دەتوانی بڵێی بە ڕەئی من ئەمساڵ تەماتە خراپە، بەڵام ڕەئی تۆ لە فەلسەفەدا چ جێیەک دەگرێ، کاتی ئێمەت پێ گرتووە!)** ئەوجا بۆ زانیاریتان، لە سوید بۆشت نییە بڵێی: (بە ڕەئی من تەماتەی ئەمساڵ خراپە)، دەبێ کە ئەوە دەڵێیت لانی کەم تۆ پسپۆڕی کشتوکاڵی و ڕشتەکەشت بەروبومی سەوزە و میوە بێت. ئەگەرنا قسەکەت پێش ئەوەی بگاتە گوێی خەڵک دەکەوێت خوارەوە.

**بەکورتی: خەمی من ئەوەیە کێ لە کوێدا قسە بکات، خەمی من ئەوەیە، تاڵەمووی نێوان ئازادیی و کاوس نەپسێنین.**

***

## ژیانی نووسەری ئازاد

کورد چونکە کلتوری خوێندنەوەی کتێبی نییە، چونکە لە هەموو ماڵێکدا کتێبخانە نییە، **زۆر زەحمەتە ڕۆژێک بێت، نووسەرێکی ئازادی کورد بتوانێ بە کتێبەکانی بژی.** بۆ ساتێک، ساتێکی کورت، بیردەکەمەوە ئەو ڕۆژە کەی دێت؟

گوو بەو ڕۆژە...



Scanned with CamScanner

دکتۆرەکە وەستاندی و پێی گوت: (بەڕێز تۆ کێیت دەڵێی بە ڕەئی من؟ لە کەنەدا -دکتۆرەکە مامۆستای زانکۆ بوو لە ئۆتاوا- لە خوار ماستەری فەلسەفەوە خوێندکار بۆی نییە لە هۆڵی وانەوتنەوەدا بڵێ بە ڕەئی من، **تۆ دەتوانی بڵێی بە ڕەئی من ئەمساڵ تەماتە خراپە، بەڵام ڕەئی تۆ لە فەلسەفەدا چ جێیەک دەگرێ، کاتی ئێمەت پێ گرتووە!)**
ئەوجا بۆ زانیاریتان، لە سوید بۆشت نییە بڵێی: (بە ڕەئی من تەماتەی ئەمساڵ خراپە)، دەبێ کە ئەوە دەڵێیت لانی کەم تۆ پسپۆڕی کشتوکاڵی و ڕشتەکەشت بەروبومی سەوزە و میوە بێت. ئەگەرنا قسەکەت پێش ئەوەی بگاتە گوێی خەڵک دەکەوێت خوارەوە.
**بەکورتی: خەمی من ئەوەیە کێ لە کوێدا قسە بکات، خەمی من ئەوەیە، تاڵەمووی نێوان ئازادیی و کاوس نەپسێنین.**

***

# ژیانی نووسەری ئازاد

کورد چونکە کلتوری خوێندنەوەی کتێبی نییە، چونکە لە هەموو ماڵێکدا کتێبخانە نییە، **زۆر زەحمەتە ڕۆژێک بێت، نووسەرێکی ئازادی کورد بتوانێ بە کتێبەکانی بژی.** بۆ ساتێک، ساتێکی کورت، بیردەکەمەوە ئەو ڕۆژە کەی دێت؟
گوو بەو ڕۆژە...



Scanned with CamScanner

# سەگ و گورگ و شتی تریش...
# وێنەی دونیا لە ناوەوە

لە جیهانـدا کەس وەک ئـافرەت سـاحێب قەرزێکـی خـراپ نیـیە، کە پەیوەنـدیی لەگەڵـت نەمـا، هەمـوو ئەو شـتانەی دەوێـتەوە، کە بـۆی کردوویت! قەرزی سۆزت پـێ دەدات و ئەگەر نەتتـوانی بیـدەیتەوە بـۆت دەشـکێنێتەوە بە شـتێکی تـر، بە پـارە بە هـێلکە، بە تـرێ، بە نـازانم چی... بۆ ئەو گرنگ ئەوەیە قەرزەکەت لێ بستێنێتەوە.

نووسەری فەرەنسی (ڕۆمەن گاری) دەڵـێ: "پـۆلیس تـوخنی ئەو ژنـانە ناکەوێ، کە قەدری خۆیان نازانن و بەیانی هەتـا ئێـوارێ بە بەلاش گـان دەدەن، تەنها ئەو ژنانە دەستگیر دەکـات، کە نرخێکیـان لەسـەر خۆیـان داناوە."

ئەگەرچی لە نیگای یەکەمـدا ڕستـەکەی شیعریی و جـوان دەردەکەوێـت، بەڵام نەپێکـاوە. مـن عـومرم گەیـی بەم عـومرە و لەسـەر ئەم زەویـیە مـرۆڤێکم نەبینـی بە بەلاش مـاچێکیش بـدات، چ بگـات بە ژن، کە لەم بابەتانەدا زۆر ڕژدە!

ئەوەش بەدەسـت خۆیـان نیـیە، لە خوێنیانـدایە، لە سروشـتیاندایە، سروشـتێک، کە دەتـوانین لە ڕێـگەی هۆشـیارییەوە، لە ڕێـگەی پەروەردەوە کەمەکێکی لێ بگۆڕین.

لە کتێبی (مینای شین)دا نووسیم: **خۆشەویستی لای پیـاوان دۆخیکی ئاسۆیی وەردەگرێت، دەکشێ، دەڕوات، کە وێستا دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک، بەڵام بەپـێچەوانەوە خۆشەویسـتی لای ژنـان لە دۆخێکـی**



Scanned with CamScanner

**ستوونیدایە، توانای قوربانیدان لە خۆشەویستیدا لای ژنان زیاترە، ئەوان لە ئاستێکی سەرسوورهێنددا وەفادارن.**

خۆشەویستی لای ژنان هەڵدەکشێ بۆ ئاسمان، تا ئەو جێگایەی هەست دەکات (بەرژەوەندی)یەکانی لە پەیوەندییەکەدا کەوتوونەتە مەترسییەوە، -کە دەڵێم بەرژەوەندی، مەبەستم ئەو مانا ڕووتەی بەرژەوەندیی نییە، کە پارە و خوشکەکانێتی، هەرکەس کۆنسێپتەکە ئاوها سەیر بکات، ناتوانێ تێ بگات لەوەی من چی دەڵێم- ڕەنگە مانەوە و درێژەپێدانی پەیوەندییەک لەنێوان ژن و پیاوێکدا، بۆ یەکێکیان بەرژەوەندی بێت. ئەوجا سەرئەنجام، کە لە پەیوەندییەک فریادت دەبێ و دێیتە دەرەوە، کە لە دەرەوەی دونیا سەیری دونیا خۆی دەکەی -پەرژینێکی قایم بێت لەڕووتان- دەبینی هەندێ جار جیهان دەبێ بە سۆزانیخانەیەکی گەورە، **ئێمە تەنها ناوی پەیوەندییەکان دەگۆڕین بۆئەوەی ئەو پێکەوەییە بپارێزین، کە تێیداین و قەناعەت بە خۆمان بهێنین ئەوەی دەیکەین ڕاستە و چوارچێوەیەکی ئەخلاقیی هەیە،** لێ هەر ئەوەندەی پەیوەندییەکەمان کەوتە مەترسییەوە، دەبین بە سەگ و بە گورگ و بە شتی تریش لە یەکتری!

***

من مرۆڤی نوێم..!

له باکوری زەوی له ئەسکەندەناڤیا، **ڤیتامینم به حەپ دەدەنێ و شادومانیی به قەترە!** خۆم نازانم، تۆ پێم بڵێ؛

چی لەم هەموو بەختەوەرییە بکەم؟!






Scanned with CamScanner

# فەیسبووک چییە؟

فەیسبووک میکانیزمی بەرگەگرتنە، کە سیستمێک دروستی دەکات، تا تۆ بتوانی لەناو ئەو تۆڕەدا جیهانێکی گریمانەیی ئەزموون بکەیت، کە ناهێڵێ لە دەرەوە ئەزموونی بکەیت. فەیسبووک وا دەکات خۆشحاڵییەکانت، تورەییەکانت، پێکەنین و گریانەکانت، تەنانەت شۆڕش و بەرەنگاریی و خەباتت هەمووی لەم شاشەیەدا بێت. ساڵی پار شیعرێکی ئێرانیم بینی دەڵێ: "لە فەیسبووک یەکتریان ناسی، لە فەیسبووک یەکتریان خۆشویست، لە فەیسبووک جیابوونەوە، لە فەیسبووک مردن!"

بەم جۆرە ئەم تۆڕانە فەزاسازییەک دەکەن، کە تۆ وا بزانی ژیانی ڕاستەقینە لێرەیە لەناو شاشەکەتدایە! **بەڵام ئەی لەدەرەوە؟ لە دەرەوە تۆ بورغویەکی ژەنگاویت، تەنها کار دەکەیت و ئەم ماشێنە زەبەلاحەی سەرمایەداریی بۆ پێشەوە دەئاژووی، تۆ هیچ نیت!**

فەیسبووک هەراوزەنایە، بەڕاستی بونیامی خۆی ئەوێ بەرگەی بگرێت. من کە فەیسبووکم بەکارهێناوە و دەیهێنم، هەمیشە وەک دژە فەیسبووک بەکارم هێناوە، واتە دژی ئەو کورتکردنەوە و خێراکردن و فاستفودیی و ماکدۆناڵیزەکردنەی ژیان بەکارم هێناوە. **هەمیشە بە فەیسبووک لە خودی فەیسبووک خۆیم داوە، ئەگەر یەک درز لەم سیستمە زەبەلاحەدا هەبێ، هەر ئەوەیە کە دەتوانی بەخۆی لە خۆی بدەیتەوە!** ڕووپەڕی فەیسبووک زۆر قەرەباڵغە، زۆر فەوزایە، لە



Scanned with CamScanner

چرکەیەکدا دەیان شتی جیاواز و ناجۆر، خۆی دەکات بە زەینتدا، بە چاوتدا، بە گوێتدا، بە نازانم کوێتدا..!

مەحوی دەفەرموێ: "سێبەری لێ بارە هەرکەس مەیلی تەنیایی دەکا"، حەیفە قۆزاخەی تەنیایی خۆت بۆ ئەم تێکچرژان و فاکوفیک و بگرە و بەردەیە بدڕی. ناچارییەکی مائیل لە ئەکاونتی فەیسبووکدا هەیە، کە تۆ مەجبور دەکات، کاتی ناسکی خۆت بە کاهێلی لە بێهوودەییدا سەرف بکەیت، **بەجۆرێ لەکۆتاییدا ناتوانی بزانی، پێرێ و دوێنێ و ئەمڕۆ، فەیسبووک کە ئەو هەموو سەعاتە جوانەی لە ژیانی تۆ گرت، فێری چی کردی؟! چاوی مامە، ناخۆشییەکەی ئەوەیە ئەم شتە بۆ سبەینێ و دوو سبەیشت هەر وا دەبێ.**

ناوەڵا بونیام چ مەجبورە خۆی وا هەرزان سەرف بکات!

***

# لێ ناگەڕێن

هاتن بۆ فەیسبووک وەک ئەوە وایە سینگ بەگوللەوە بنێیت، گاڵتە نییە بانگەشەی تەنیایی بکەیت و "سێبەری خۆت لێ بار بێ"، بێیت و خۆت بخەیتە بەرچاو و دەستی ئەو هەموو خەڵکە، زوو گوتم، فەیسبووک سەریەشەیەکی گەورەیە،

**خەڵک لە تۆپیشدا لێت ناگەڕێن خۆت بیت!**



Scanned with CamScanner

# چۆن قسە دەکەی؟
# لە وەڵامی (ڕەخنەگر!)ێکدا

کەمتر خۆم دەرگیری کێشەی وەڵامدانەوەی کۆمێنت دەکەم، چونکە نامەوێ توانا و کات و تێگەیشتنی خۆم بۆ ئەدەب لە فەیسبووک بەهەدەر بدەم، **فەیسبووک شوێنێکە تەنها کاڵاکەتی تێدا نمایش بکەیت، جەلسەی نەقدیی لەوێ ناگیرێت.** بۆ من ئاسان بوو بۆت بنووسم، (زۆر سوپاس بۆ سەرنجەکەت زۆر جوانە، تەواوە قسەی تۆیە)، ئەوەم نووسیبا خۆیشم لە شەڕێک لادەدا و ئاویشم دەکرد بە ئاگرەکەدا، بەڵام ئەوە من نیم، من بۆ ئەم هەڵە سیستماتیکییانە لە ڕشتەیەکی تیۆریی وەک ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئەگەر پێت بڵێم دەستخۆش، ئەوە تۆ دەمری! **من دەمەوێ تۆ بژیت، ڕەخنە هەناسە بدات، بەڵام بەم کڵۆڵییە نا!**

بەشی زۆری ئەو گەنجانەی خەریکی ڕەخنەی ئەدەبیین، بە جەنابیشتەوە بەدەستهێنان بەپشتدا ڕاهاتوون، بەتایبەت نووسەرێک لە وەڵامی مەدحی تۆدا بۆ کتێبەکەی دەبێ هەر ئەوە بکات، کە بۆی کردوویت، ئەوەی کە من نایکەم. لەڕاستیدا من تاقەتم نییە، پێکەنینم بەم دیدە کزەی خوێندنەوەی ئەدەبییش بێت، کە بەر ڕەخنەگری سویدی، ئەڵمانی، تەنانەت فارسی و عەرەبیش دەکەوێت، سەیر دەکەی سەری ئەم ڕەخنەگرانە یەک ئینسایکلۆپیدیای گەورەیە! کە تەماشای ئەوانەی لای خۆمان دەکەیت، هەناسەسارد دەبیت.

چۆن هەناسە سارد نابی، تۆ (تشویە تاریخ) و (شەپۆلی هۆش)، (ڕیالیزمی بازنەیی) و (پۆست مۆدیرنی پەرتت) نە بۆ لەیەک



Scanned with CamScanner

جیابکرێتەوە، نە بزانی چییە؟ چۆن نائومێد نابیت، تۆ بێیت و یەکەم وشە بنووسی (پێویستە وابکات)! بەڕێز، لە ماتماتیکی نوێیشدا، کە زانستی قەتعییە، خەڵک وا حوکم نادات، چ بگات بە ئەدەب، کە ئەندێشەیەکی ڕووتە! کێ وتی (پێویستە!) تۆ ڕوانینی تاری خۆت چۆن بەسەر من -وەک نووسەرێکی ئەدەبی گێڕانەوە- فەرز دەکەیت؟ ئەم جەبرەت لەکوێوە هێناوە؟! یانی چی "بەکاربردن و گەڕانەوە بۆ زمانی ئەوکات جگە لە نەتوانینی تێپەڕاندنی زمانی ئەوان، هیچ پاساوێکی تر هەڵناگرێ"؟! ئەمە سفری نەخوێندنەوە و بێئاگایی نەبێت لە ئەدەب بەگشتی و لە چیرۆکی مێژوویی بەتایبەتی، چی ترە؟ **یانی چی نامەی مەلا و ڕابەرێکی تەریقەتێکی ڕۆحیی ئیسلامی، کە زیاتر لە ۱۹۷ ساڵ لەمەوپێش نووسیویەتی، ئێستا من بیهێنم و بیکەم بەو زمانەی تۆ لە فەیسبووک و سناپچات پێی دەنووسیت؟!** بۆ کامیان، بۆ نووسەرەکەی ئاسانترە؟ ئەوەی بە زمانی ئینستاگرام بنووسێت، یان بە زمانێکی دێرینە، بەتایبەت کە تێکستەکەی خۆی ئەو زمانە بخوازێت؟ ئەوە جگە لەوەی وشە قووڵایی هەیە، ئەوەی وشەیەک لە کۆنتێکستێکی دیاریکراودا دەتوانێت بیکات، مەرج نییە (هاوواتا-synonym)ـەکەی لەهەمان زماندا لەهەمان کۆنتێکستدا پێی بکرێت.

نووسیوتە: "من ناو لەم گەڕانەوە کتومتە دەنێم (سەلەفییەتی ئەدەبی)"! دەزانی هەندێجار من لەئاست چاوقایمیی خەڵکدا دەوەستم... **بەڕێز، تۆ چیت لە ماڵی خۆتانەوە ڕەوتێکی ئەدەبیی ناوبنێیت؟ (ئەزموون - Arfarenhet)تت کوا؟ چەند زمان دەزانیت؟ ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ بە کام زمانی زیندووی دونیا دەخوێنیتەوە و ئاگات لە**



Scanned with CamScanner

**کام قوتابخانەی شیکاریی ڕەخنەییە؟ بە کام میتۆد کار دەکەیت؟ پرۆژەی گەورەی ڕەخنەییت چییە؟ ستیلی ئیشکردنت کوا؟ تۆ کێی بەم داماوییەوە ڕەوتێک ناو بنێیت،** کە هەر ئەم ڕەوتە، هەر ئەم زمانە، هەر ئەم چیرۆکە، لەلای ڕۆمانووس و وەرگێڕێکی زۆر بەئەزموونی کوردی وەک مامۆستا (عەتا نەهایی)-کە بەدڵنیاییەوە دونیابینیی و مەعریفەتان هی ئەوە نییە بەیەک بەراورد بکرێت- لەبارەی زمانی ئەم چیرۆکەوە نووسیویێتی: "ئەم زمانە بەشێوەیەک ڕەسەن و (ئارکائیک-Archaic)ـە، کە لە ئەدەبی ئێمەدا نموونەی زۆر کەمە یان نییەتی." کارکردن بە زمانی ڕەسەن، نە هەموو خوێنەرێک دەرەقەتی دێت، نە هەموو نووسەرێک توانستی گوێزانەوەی بۆ دسکاپ و قووڵایی پێی هەیە.

**کە ئەمانە دەنووسم، ئەمە مانای ئەوە نییە، ئەم چیرۆکە و کاری من نابێ ڕەخنەی لێ بگیرێت، خەڵک ڕەخنە لە خودا ئەگرێ، من چیم دەرەڕەخنە بم؟** بەڵام، خۆلاسەی کەلام ئەوەیە: لەوە ناچێت ئەم کارە بەجەنابت بکرێ.

***

## جارێ ماویانە!


ئەوانەی کە زۆر خۆشیان دەوێیت
ئەوانەن، کە هێشتا باش ناتناسن!

Scanned with CamScanner

پەناهەندە!

نازانم بۆ جیهان لە ئاستی ئێمەدا؛

**تەسکە وەك كراسی بەری قەحبەیەك!**





Scanned with CamScanner

# نوێنەری کتێب لە دونیای پارەدا

**بۆ من کارکردن لەگەڵ کتێبفرۆشەکان لە کارکردن لەگەڵ هەر کەسێک لە هەر سێکتەرێک ناخۆشتر بووە.** ئەگەرچی خەڵکانی زۆر بەڕێزیان تێدایە، لێ کاسبییەکە لە بنچینەدا تۆزێ عەنتیکەیە. تۆ لەسەر خەیاڵی کەسێک دەژی، کە هی خۆت نییە، ئیشێکە وەک مردووشۆرین، مەهارەتێ لەکارتدا نییە، شتێک دەبەخشی وەک ئاوی حەمام، ئەگەرچی لە بەیعدا تەسلیم شەرتە، بەڵام تۆ کڕینوفرۆش بە شتێکەوە دەکەیت، کە خۆی لە ئەسڵدا نییە!

کتێبفرۆش، قومارچییەکە بە ٢١ یاری دەکات، بێ ئەوەی بزانێت ئەوەی یارییەکە دەکات وەرەقەکەیە و ئەم تەنها ئامرازێکی پاسیڤە. ئەوجا ئەو هاتوهاوارە جاڕزکەرەیان، ئەو کەشوفشە ناشرینەیان لە فەیسبووک، ئەو فەخرفرۆشییەیان بەسەر خوێنەری داماوی ئێمەدا لەولاوە بووەستێ، وەک ئەوەی ئەمان پەنگوین ڕاندۆم هاوس و ئەمەزۆن و هارڤاردپرێس و گالیمار بن.

ئەزموونی کتێب چاپکردنم لە ناخۆشترینیان بووە، یەکێ لەو بەڕێزانە کتێبێکی ٤٠٠ پەڕەیی ئێمەی چاپ کردووە، ناوەڵا سەیری حیساباتی کارەکە بکەن:

بڕی تێچوونی چاپکردنی هەر نووسخەیەک: ٢٩٠٠ (دوو هەزار و نۆسەد دینار بووە)



Scanned with CamScanner

بـڕی پاداشـتی هەر نوسـخەیەک لە کتێـبەکە بـۆ ئـێمە –کە جـگە لە وەرگێڕانەکەی، تایپ و دیـزاین و بەرگیشـی لە ئەسـتۆی خۆمـان بـووە-:
تەنها ١٠٠٠ (هەزار دینار بووە)

بەڵام نرخی فرۆشتنی هەر نووسخەیەک لە کتێبەکە بە ئێـوە، نووسـراوە:
نرخی ٧٥٠٠ (حەوت هەزار و پێنجسەد دینارە)!

**واتە کتێبفرۆشـەکە لە فرۆشـتنی هەر کتێبێـکدا ٣٦٠٠ (سـێ هەزار و شەش سەد دینار) سێ ئەوەندە و نیوی منی قازانج کردووە! لەکاتێکدا خاوەنی کتێبەکە، کە منم لە فرۆشتنی هەر کتێبێکدا تەنها یەک هەزار دینارم وەرگرتووە.**

مرۆڤ دەبێ وەک سەپانێکی ماندوو لە کات و کار و ژیـانی خـۆی بگـرێ و ئـیش بـۆ ئەم ئاغـالێکەوتووانە بکـات، بـۆیە کـاک (بەختیـار عەلـی) نـاحەقی بـووە لە شـوێنێکدا نووسـیوێتی: "کەس نـازانێ کتێبفرۆشـەکان نـوێنەری کتێـبن لە دونیـای پـارەدا، یـان نـوێنەری پـارەن لە دونیـای کتێبدا"؟

**ئەوەم بۆیە نووسی، تا تۆی خوێنەر بزانیت چی دەگوزەرێت!**

***



Scanned with CamScanner

# لەنێوان نووسەر و نەخۆشدا

لە قەدیمدا هەرچییەکیان بۆ نەهاتایە تەعریف، بە موتساتس-دژەکەی ئەویشیان پێناسە دەکرد، ئێستا بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤی ساغ کێیە، دەبێ بزانین نەخۆش کامەیە؟ (هەڵبەت نەخۆشی دەروونیی).

بەخێرایی و بە دێڕێک: نەخۆش ئەو کەسەیە، کە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی نۆرماڵ جیاوازەو ئەو جیاوازییەشی لە زیانی خۆی و ئەوانیترە.

**جیاوازیی نێوان نووسەر و نەخۆش ئەوەیە: یەکەمیان دەزانێ چی دەکا و بۆ دەیکات، لەکاتێکدا دووەمیان لەژێر باری کۆمەڵێ تەوژمی ناخەکیدا، نە خۆی بۆ کۆ دەکرێتەوەو نە دەتوانێ ئایدیاکەی بەشێوەیەکی ڕەوان بەیان بکات.** زۆر زەحمەتە بزانی نەخۆشێکی دەروونیی، چی دەڵێت، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەبەردەم کتێبی نووسەرێکدا وانییە. **چەند شەرمە تۆ کۆبەرهەمی خەیاڵی مرۆڤایەتی وەک ئیفرازاتی ڕۆحی خەڵکی نەخۆش سەیر بکەیت، بە مارکیز و تۆماس مان و جۆیس و کازانتزاکی و پامۆک بڵێی نەخۆش!** ناونانی نووسەرەکان وەکوو نەخۆش و شێت و جادوولێکراو، میراتی دەسەڵاتی ئاینیی سەدەکانی ناوەڕاستە. فەرموون زەحمەت بکێشن، پێم بڵێن لەکوێدا فرۆید هەموو نووسەرەکانی دنیای بە نەخۆش زانیوە؟ لە لاکان بەرەوژوور و دەروونزانیی نوێدا، یەک مەدرەسە، یەک میتۆد، یەک توێژینەوە، یەک کتێب، تەنانەت دیالۆگی سەرپێی و تەلەفزیۆنیی یەک



Scanned with CamScanner

پرۆفیسۆر تـا یەک دکتـۆری دەروونناسـم بـۆ بنووسـن، سـەروبەر، هەمـوو نووسەرەکانی دنیای بە نەخۆش دانابێ!
لە شوێنێکدا خوێندمەوە:
**ئەگەر نووسەرەکان نەخۆشیش بن باشترین نەخۆشەکانی دونیان.**

***

# بۆ چییەتی؟

ئاسکێک بەسەر بێدەنگیدا بازبـازێن دەکـات، مـن لە گۆڕسـتانە تەنیـاکە پیاسـە دەکەم، کەروێشـکێکی خـرپن لە بۆسـەدا وەنەوز دەیبـاتەوە. گۆڕێکی چکۆلانە نیگام بـۆ سـەر خـۆی دەفڕێنـێ. بـێ ورتە، وێنەیەکی دەگرم و چاو لەسەر بـووکەڵە چکـۆلەکەی قەتـیس دەکەم، کە سـەگێکە لەسەر گڵی گـۆڕەکە دانـراوە، دڵنیـام منـداڵی ژێـر گڵـەکە ڕۆژێ لەڕۆژان خواردنەکەی خـۆی لەگەڵ ئەم بـووکەڵەیە دابەش کـردووە و لە باوەشـی خۆیـدا خەوانـدوویەتی، هەر وەکـوو ئێسـتا. **خەریکـم لە کـاری خـودا ڕادەمێنم، ئاخر خۆی کە هەموو شتێکی هەیە، منداڵەکانی ئێمەی بـۆ چییە؟** سەرهەڵدەبڕم ئاسکەکە وەک ئەوەی تێ بگات چ مەرگمە و بۆ وا دڕدۆنگم، بەبێدەنگیی بەرانبەری لێ گرتووم!



Scanned with CamScanner

# نامەیەک بۆ دانا ڕەئوف

کاک دانا، کتێبەکەتم خوێندەوە، لە هەندێ شوێن هەر بەتەواویی ئەو هەستەم بۆ دروست بوو، کە ئینسان لە منداڵخستنەوەدا یان بەتایبەت لە پەروەردەکردنیدا، زۆر لە کات و حەقی خۆی دەخوات، دەکرا جێگا هەبێت منداڵ پەروردە بکات و هی حکومەت بێ، هی هەمووممان، کەی ویستمان سەریان لێ بدەین و لایان بین و تێکەڵیان ببین، بەڵام ٣ ملیار دایک و باوکی جیاواز، شتێکی بێمانا دەرناکەوێ لای تۆش؟! **پەروەردەی خواروخێچ، بێ پرەنسیپ، لابەلا، هەزارەها نەخۆشیی دەروونی و چاڵی ڕۆحیی، کە لە ئینساندایە پەیوەست بە خێزانە، لەوانەیە خێزان خۆی هەڵەبێ!**

بیربکەرەوە، هێندەی ژن و پیاوەکان بە هۆی پەروەردەی منداڵەکانیانەوە کاتیان ڕۆیشتووە، -کە دەکرا دەزگایەکی نیشتیمانی بە کارمەندگەل و کرێکاری زۆرەوە ئەم کارە بکەن- لەبەرانبەردا دایک و باوکەکان خەریکی داهێنانی خۆیان بان، ئەگەر وابووایە ئێستا دونیا لە قۆناغێکی تردا نەدەبوو؟!

سەرنجت ڕادەکێشم بۆ ئەو جێگایەی تۆ لەگەڵ دالیا و دایکی دەچیت بۆ پارکێک، کاتێ لیسا بانگهێشتی جۆلانەت دەکات، تۆ دەستەکانی دەخەیتە گیرفانتەوە و حیوارێکی ڕۆمانسی دەڵێی. شێوازی وەستان و جووڵەی دەموچاو، مگێزی تۆ دەڵێ، تۆ دەبا ئەم ئینەرژییەی لێرە و ئەم ڕۆژانە سەرفی دەکەی لە شتێکی تردا سەرفت کردبا، ئەگەرچی لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕستانەدا هاوڕابیت و لە دڵەوە بڵێی وایە،



Scanned with CamScanner

هێشتا زەحمەتە بۆت ئەم (وایە)یە بە دەنگی بەرز بڵێی لەبری ئەوە بەوەدا مێشک فێڵزانە و پاساو بۆ قۆرپیاتەکانی خاوەنەکەی دەهێنێتەوە لەوانەیە بڵێی نا، چێژی باوکایەتی زۆر باڵایە و بلابلابلا... هەمان ئەو شتەی چوار ملیار ساڵە مرۆڤ دەیڵێ و دەیڵێتەوە!

***

## لە خزمەت نووسیندا

خەمگینیی قووڵ، هەمیشە خوشکی تەنیاییە. تەنیایی، پەنجەرەیەکی گەورە، چاوێکی گەشە بۆ ڕوانین لە دونیا. **نووسەرەکان ئەو لابۆرەن، کە تیایاندا، تەنیایی لە دۆخی نەرمی ڕۆحییەوە دەگۆڕێ بۆ دۆخی ڕەقی کتێب.** ئەم ئۆکساندنەی تەنیایی، شتێک نییە لەژێر دەسەڵاتی نووسەر خۆیدا بێت، بەڵکوو شتێکە جەبرێک فەرزی دەکات، جەبری زبریی دونیا. نووسین خۆی هەوڵی هەڵاتنە لەو بارە، بەڵام هەوڵێکی شکستە، وێنەی بە داوەبوونی مێرووییەک لە تەونی جاڵجاڵۆکەدا، ئەو چەند خۆی ڕاپسکێنێت و خەیاڵی دەربازبوون لنگەفرتێی پێ بکات، ئەوەندە زیاتر تاڵی تەونەکە لەخۆیەوە دەپێچێت. نووسینیش هەروایە؛ شتێکە وەک قووم، وەک لیتەیەکی خەست، تۆ چەند کاتی تێدا بەفیڕۆ بدەیت، ئەو هێندە زیاتر تۆ هەڵدەلووشێت!



Scanned with CamScanner

# ڕاستگۆیی لەگەڵ سێ (خ)ـەکە

لای من، خوێنەر لە ئاستێکی نزمدا نییە، تا من بۆی دابەزم یان من لە ئاستێکی بەرزدا نیم ئەو بۆ لای خۆم سەربخەم. نووسەر و خوێنەری **هاوچەرخ پێکەوە دەڕۆن، ڕەنگە کتێبی نووسەرێک بخوێنیتەوە بە دڵت نەبێ، بەڵام کتێبی دواتری ئەو بڕوایەت وردوخاش بکات، ڕەنگیشە بە پێچەوانەوە. کەواتە مەقامی نووسەر وەستاو نییە، وەک مەقامی خـوێنەر لە جـووڵەدایە، لە هەڵکشـان و داکشـاندایە.** ئەوەی کە خوێنەرێکی باش و بە ژمارە زۆر، لە کارە بچکۆلەکانی ئێمە کۆبۆتەوە لە باشیی خۆیانە. ئێوە دەزانن من نوقڵم لەگەڵ کتێبەکاندا دابەش نەکردووە، کتێبەکانم لە بایعییەوە نەناردووە بۆ ماڵان، هۆشیاریی خوێنەرەکان خۆیانە، کە دەزانن چ کتێبێک دەکڕن و کام نووسەر هەڵدەبژێرن، ئەگەرنا پرۆژەی کتێب چاپکردن نەوەستاوە و دەیان نووسەری بەڕێز، هاوکات لەگەڵ ئێمەدا کاردەکەن و کتێب دەخەنە بازاڕەوە.

وادەزانم خوێنەری ئێستا چاوی کراوەترە، وریاترە، پەیوەندیی ژیان و بەرهەم و نووسەرەکەی زۆر بەوردیی دەخوێنێتەوە، **تاقەتی نووسەری درۆزنی نییە، کە باسی هەژاریی بۆ بکات و ماشێنەکەی ژێر خۆی بایی ٤ دەفتەر دۆلار بێت!**

لەکۆتاییدا باوەڕم وایە، هیچ شتێک وەک ڕاستگۆیی لەگەڵ سێ (خ)ـەکەدا نییە، کە ئەوانیش: خودا و خۆت و خوێنەرە. ئەمە وا دەکات ئەوانی دیش خۆشیان بوێی و بەتاسەوە بتخوێننەوە، ئەگەرنا،



Scanned with CamScanner

من لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا تەنها یەک پەیجم هەیە و ئەمەیش هەمان ئەو ئیمکانەیە، کە فەیسبووک بە هەرکەسێکی تری داوە، ئەوەی من لەوێ دەینووسم هەر نووسەر و وەرگێڕێکی بەڕێزی تریش بۆ کتێبەکانی خۆی لە پەیج و ئەکاونتی خۆیدا دەینووسێت.

***

## ئەگەر شووم پێ نەکەیت، دەمرم!

ڕەنگە زۆربەتان نەزانن، کە ئەم دیالۆگە لە کارتۆنی کچەوردیلەدا، دەنگی منە!

١٠-١٥ ساڵ پێش ئێستا لە بەشی دۆبلاژی (خاکTV) لەگەڵ دەستەیەک هاوڕێدا کارتۆنەکانی جۆرجی و مینا و مارکۆ و... هتدمان بۆ منداڵان- لەڕاستیدا زۆرجار بۆ گەورەکانیش- کرد بە کوردی.

بەڵام بۆ خۆم (کچەوردیلە) لە هەموویان جیاوازترە... بیرمە لە دەقەکەدا دیالۆگەکە بەو شێوەیە نەبوو، کە ئێستا خەڵک دەیزانن، بەڵکوو ئەوە دەرئەنجامی دۆخی ڕۆحی و عاتیفیی ئەو ڕۆژانەی خۆم بوو. بۆیە کە گوتم: **"ئەگەر شووم پێ نەکەیت، دەمرم"، دانانی دیالێکتیکی مردنی خۆم بوو لەبەرانبەر خۆشەویستیی کەسێکدا، خۆش ئەوەیە ژیانی من وەک ٢٢ لەسەر ٧ـەکەی ماتماتیکە، لەبەرانبەر پرنسیپە ناوەکییەکانی خۆمدا نەگۆڕاوم و ناگۆڕێم...**

ئەم ڕۆژانە ئەم حیوارە لە ناومدا زایەڵەی دەکرد، سەرم بە خۆمدا شۆڕکردەوە و تۆم تیابینی، کە لە دڵی خۆمدا وتم:

**"ئەگەر بۆ من نەبی، دەمرم!"**



Scanned with CamScanner

که خەیاڵت لە تواناکانت زیاتر بوو، دەبی بە دووشت،
**یان دەبی بە نووسەر و هونەرمەند،**
**یان دەبیت بە پیاوکوژ.**
ڕێگای سێیەمت نییە!





Scanned with CamScanner

# بێ پارەش دەبێت!

من خۆم کوڕێکی بێ پارەم و ئەوانەی لەنزیکیشەوە دەمناسن، دەزانن من کوڕی پیاوێکی حەماڵم. هەمیشەش شانازیی بەو مرۆڤە بەرزانەوە دەکەم، کە هەژارن، بەڵام سەفەر بەرلەوەی پارە بێت، ئیرادەیە، ویستە، خەونە.

ئێمە کە هەزار قاچمان قەرز کرد و بەسەر هەزار تەلی دڕکاویدا بازمان دا و بەناو دەیان دەریای شێتدا هاتین، کەس لێرە چاوەڕێمان نەبوو!

ئێمە دوای خەیاڵی خۆمان کەوتین، ئێمە هاتین شارانی تر ببینین و ژیانی تر تاقی بکەینەوە و کردیشمان.

هەر گەنجێکی ئەو شارانەی ئێمە بگریت ئۆتۆمبێلەکەی بە بەهای دەفتەرێکە، دەفتەرێک یانی ١٠٠٠٠ دۆلار، هەندێ لە ژنومێردەکان لەجیاتی دانەیەک دووانیشیان هەیە، خەڵکی وڵاتی ئێمە باخی هەیە، ئاڵتوونی هەیە، زەوی دەکڕێت، خانوو دروست دەکات، دەیەوێت خاوەنی هەموو شتێک بێت، بەڵام خاوەنی ژیان نییە، چونکە سوکرات واتەنی: "ژیانی ڕاستەقینە، ئەوەیە کە تاقی کرابێتەوە."

**خەڵک هەیە لەو شارە بچووک و قەبزانەی ئێمەدا لە دایکبوون و ژیاون و مردوون، لە شارەکەیان نەهاتوونەتە دەرەوە.** من ڕووم لەوانە، ڕووم لە تۆیە و پێت دەڵێم: خودا و سروشت و خەڵکانی تر لەسەر ئەم هەسارەیە، ئەم هەموو شتە سەرنجڕاکێشانەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی تۆ بیبینیت.

**دە هەستە و بچۆ بیانبینە!**



Scanned with CamScanner

# ئەی ئەگەر خودا هەبوو؟!

ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە کۆتاییەکانی تەمەنی فەیلەسوفی ئینگلیزی (بێرتراند ڕاسڵ)دا و لە ٨٧ ساڵیدا گفتوگۆیەکی لەگەڵ دەکات. ژنە ڕۆژنامەنووسەکە لە دوا پرسیاردا دەڵێت: جەنابی ڕاسڵ تۆ بەدرێژایی ٨٧ ساڵەی تەمەنت تێکۆشایت بۆئەوەی بڵێی خودا نییە، وا لە کۆتاییەکانی تەمەنت دایت، ئەگەر ئێستا بمریت و زیندوو بکرێیتەوە و تەماشا بکەیت خودا هەیە، چی دەکەیت؟

ڕاسڵ دەڵێت: خانمی ڕۆژنامەنووس ئەو خودایەی تۆ دەڵێی هەیە و من دەڵێم نییە، ئەگەر سەرئەنجام وامان دانا هەبێت، دەبێ خودایەکی دادپەروەر بێت، وانییە؟

ڕۆژنامەنووسەکە: بێگومان خودا دادپەروەرە.

بێرتراند ڕاسڵ: زۆر باشە، ئەگەر خودا هەبێت و دادپەروەر بێت، ئەوا پێی دەڵێم: **خودایا یان دەبوو ئەو بەڵگانەی لەسەر بوونی خۆت داتناوە سەنگیتر و قەناعەتپێکەرتر بێت لەوانەی ئێستا، یان مێشکی منت -کە دەستکردی خۆتە- سادە و خۆشباوەڕتر لە ئێستا دروست بکردایە، کە کردووتە**، ئەوکاتە منیش بێ چەندوچوون و وەک ئەو ڕەشەخەڵکە باوەڕم پێ دەهێنایت، بەڵام من بۆ دەبێت، باجی لاوازیی بەڵگەکانی بوونی تۆ بدەم... بەم شێوەیە، **خانم ئەگەر خودا هەبێت و دادپەروەر بێت من کێشەم لەگەڵی نییە.**



Scanned with CamScanner

# کلکی سەگێک

سەعات ٤:١٦ دەقیقەی بەیانییە، ئەو کتێبەی لەبەر دەستم دایە تەواوی دەکەم. دەمەوێ بنووم، بەیانی دەبێ کاتژمێر ٨:٣٠ لەسەر ئیش بم.
ئاوڕ دەدەمەوە بۆ ئازیز -سەگە بچووکەکەم- دەبینم هەڵکورماوە و خەوتووە، بەشێکی جەستەی وا لەژێر لێفەکەی منەوە و پاشوی ڕووتە، بە خێرایی نیگام دەکەوێتە سەر کلکی و بۆ چرکەیەک، کەمتر لە چرکەیەک دەبینم، تووکی کلکی، کە سپییەکی خاوێنە دەبریقێتەوە.
لە خۆم دەپرسم تووکەکە خۆی دەبریقێتەوە، یان بەهۆی ڕووناکیی گڵۆپی ژوورەکەوە، کە کەوتۆتە سەری، یان بە هۆی چاوی منەوە، کە ڕووناکی کەوتنە سەر کلکی سەگەکە و بریقاندنەوەکەی دەبینێت؟ **ئایا ئەگەر منیش نەبم؛ هەر دەبریقێتەوە؟ ئایا ئەگەر گڵۆپەکەیش نەبێ، کلکی سەگەکە هەر دەبریقێتەوە، بەس من نایبینم؟** ئایا ئەمە وەک فیزیا دەڵێ شکانەوەی ڕووناکییە بەتەنها؟ ئەگەر وایە، **ئەی ماکی کلکەکە و وجودی چاوی من و پرۆسیسی نیگا دەکەوێتە کوێوە؟!**
ددان دەشۆم، کە بیر لەمانە دەکەمەوە و دەڵێم **حەقیقەت بەتەنها حەقیقەت نییە، بە شتی ترەوە حەقیقەتە!** ناچارم دەبێ بنووم، سبەینێ خاوەنی کارەکەم پێم دەڵێ **حەقیقەت ئەوەیە ئیشەکەت جوان بکەیت!** ئەگینا زیاترم دەنووسی، شەو شاد.

# ناو و نازناو

کابرا ناوی کامیله، تا بەیانی بڵێی کامیل کەس نازانێ، هەر کە وتت شێخ کامیلی بەرە، هەموو دونیا دەیناسێت، ئەمە تومەز لە ساڵی نەوەدوودا لە بارەگای بەرەی کوردستانیی دانیشتووە، ئیتر ئەو ناوەی بەسەرا دابڕاوە. ئێستا ٢٧ ساڵە بەرە نەماوە، حیزبەکانی ناو ئەو بەرەیە کەوتنە شەڕی ناوخۆ و دە هەزاریان لە یەکتر کوشت، ئەم هەر شێخ کامیلی بەرەیە!

ئینجا بیرم دەکردەوە، خەڵکی ئەو وڵاتەی ئێمە بێ دانەپاڵ ناتوانێ بژی. لەو ماوەیەدا خوێندمەوە، حاجی کەریم بێکراس، پیاوێکی سەخی و خێرەوەمەند بووە، کراسی بۆ بێکراسان کڕیوە، کەچی ناوەکەیان بەسەر خۆیدا دابڕیوە! حاجی برایمی عەلاف پیاوێکی دەوڵەمەند و خێرخواز بووە، ئێواران نانی داوە بە سواڵکەرەکانی بەردەم مزگەوتی گەورە ناویان ناوە بلە سواڵکەر.

**سەرنج بدە، ئەو ناوانەی خەڵک بەسەر ئەوانی تردا دایانبڕیوە، زۆرینەیان نێگەتیڤ بوون، لەبەرانبەردا ئەو نازناوانەی خەڵک بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە زیاد لە پێویست گەورە کراو و پۆزەتیڤ بوون.** ئەگەر یەک تۆز چاوت وردبێت ئەو ململانێیە لە ناوهێنانیشدا دەناسیتەوە.

لەسەرەتای نووسینمدا یەک- دوو خزممان هاتبوون بۆماڵمان، کە بۆ بە (شێخ توانا) یان (توانا بەرزنجی) نانووسم -چونکە باوکم خەڵکی ئەوێ و ساداتی ئەو ناوچەیەن- **من دەمویست خۆم بم، بێ هیچ زیادەیەک، بی عەشیرەت و پشتوپەنا، بێ نازناو، بێ ڕتووش. ئێ کە من لە**



Scanned with CamScanner

**نووسـینەکانمدا هەژدەر هەژدەر بانگەشـەی فەردانیـیەت و ئـازادییم دەکرد، چـۆن دەکـرا خـۆم بە نـاوێ، شـارێک، شـاخێکدا هەڵواسم لەکاتێکدا من لەنێو خۆمدا، خۆم بە مرۆڤی جیهانی دەزانی!**

کە هاتم بۆ سوید زانیم، لێرە تۆبیاس و ئانا و لیندا، تۆبیـاس و ئانا و لیندان، ناوەڵا مەلیکی سوید بەناوی خـۆیەوە بانـگ دەکرێ. لێـرە شتی زۆر زیـادە نیـیە، لێـرە کەس ناناسـی لە موبایلەکەیـدا ژمـارەیەکی بە (شـاهۆی حەمـامەکە) سـەیڤ کردبێـت! بێگومـان کە ئەمـانە دەڵـێم عەقڵێشـم بەوە دەشـکێ، کە لێـرە پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتی زۆر لاواز و کەمخوێنە و هیچ سویدییەک نییە ٢٠ کەس بناسێ بەنـاوی (لارش) وەک چۆن تۆ ٢٠ (عەلی)ناو لە موبایلەکەتدایە!

جـا ئەوە بە ئەحەنۆکەیـان وتبـوو، بـۆ نـاوەکەت وایە، وتبـوی کـاکە لە گـرانییەکەدا نـۆکم دەفرۆشـت، ئیتـر ئەو ناوەیـان بەسـەردا دابـڕیم، زۆر سوپاس بۆ خودا کە قۆنەرەم نەفرۆشت.

***

## ئەگەر زۆر زۆرت خۆش دەوێ، پێی مەڵێ!

لە قیتـاردام، فەیلەسـوفی ئەڵمـانی شـۆپنهاوەر دەخـوێنمەوە، دێڕێکـی جەهەننەمیی دەڵێت، بـۆت دەکەم بە کـوردی تـا تـۆش ببیینیـت، ئەگەر کەسێکمان زۆر لەلا بەنرخ بوو، دەبێ ئەم هەستەی لـێ بشـارینەوە وەک ئەوەی تاوانێـک بشـارینەوە... ئەمە ڕاسـتییەکی خـۆش نیـیە، بەڵام حەقیقەتە... **خەڵک حەزیان لە میهرەبانیی زۆر نییە!**




Scanned with CamScanner

**دیسان گوتبوت چۆنی!**

حەزدەکەی چۆن بم؟ ژیانی من ڕیتمێکی خۆی هەیە، کە پێم خۆش نییە بۆ کەس تێکی بدەم... سەرم دەکوڵێ، بیهێنە بەرچاوت هەڵماتێکی شوشە فڕێ بدەیتە سندوقی ماشێنێك و ئینجا ماشێنەکە لەسەر لووتکەی شاخێکی بەرزەوە فڕێ بدەیتە خوارەوە، لە دامێنی شاخەکەدا سندوقەکەی بشکێنە و سەیری هەڵماتەکە بکە، ئەوە دۆخی ناو سەری منە!

جارێکی تر نەڵێی چۆنیت.

باش؟!





Scanned with CamScanner

# تۆ گڵۆپ نیت

ژیان گڵۆپێکە بە مردن دەکوژێتەوە، نــا ژیـان گڵۆپێـک نییە بە مـردن بکوژێتەوە! پێچەوانەی زۆربەی خەڵک، کە پرسیاری مـردن یـان دۆخی دوای مەرگ لەلایـان جێـی سـەرنجە؛ مـن دۆخـی بەرلەدایکبـوونم پـێ گرنگتــرە، لەوە گرنگتــر سـاتی دروسـتبوونە. وا دەزانـم لەدایکبـوون چرکەسـاتی درەنگـوەختی پێکەوەنووسـانی (وزە) یــان (ڕۆح) و (جەستە)بێت پێکەوە، لەکاتێکدا مەرگ ساتی دابڕانیـانە لەیەکتـر... بۆ من چرکەی کۆبوونەوەی ڕۆح و جەستە پـێکەوە؛ لە سـاتی دابڕانـی ڕۆح و جەستە لەیەکتر مەزنتر و گرنگتریشە.

**پرسیارەکە ئاوهایە؛ من پێشتر ئەگەر هەبووم لە کـوێ بـووم؟ ئەگەر نەبووم و ساتی سەرجێی دایک و باوکم؛ دروست بووم (هەڵبـووم) و ساتی ژانگرتنی دایکم پێم خستۆتە سـەر ئەم زەوییە، کەواتە مـردن کوژاندنەوەی گڵۆپێکە. لێ ئەو دێڕە گومانبڕ نییە؛ کوا کوژانـدنەوەی گڵۆپێک کۆتایی گڵۆپێکە! ڕەنگە لە پرۆسەی مردندا گڵۆپەکە بکەوێتە ڤێرژنێکی تری ژیانی کرداریی خۆیەوە. ئەی ئەگەر لە شوێن-کـاتێکی تردا ئەم گڵۆپە هەڵبووەوە؟! هەرچۆنێک بێت پرسیاری بەرلەدایکبوون، ڕێگای پرسیاری دوای مردن ڕووناکتر دەکاتەوە.**

***

# جێهێشتن

جێتهێشتووم.. وەک چۆن خودا مرۆڤی جێهێشتووە!



Scanned with CamScanner

# دڵخۆشی

ئەمڕۆ دڵـم خۆشـە، بـێ ئەوەی بـزانم بـۆ! ئەگەرچی دڵخۆشـی لەخۆیـدا شـتێکی سـەیر نیـیە، جـا ئەوەیە لای ئێمەومانـان ئەسـتێرەی سـیوەیلە. هەر بەیـانی چـاوم کـردەوە، ئەو شـیعرە جـوانەی ئورهـان وەلـیم لەسـەر زمان بـوو، کە وریـا مەزهەری جـوانەمەرگ لە تـورکییەوە کردوویەتـی بە فارسی و بەندەیش لە فارسییەوە کردوومە بە کـوردی، ئەوە وەک خـۆی شیعرەکەتان بۆ دەنووسمەوە، یاخوا ئێوەیش دڵتان خۆش بێت:

هەموو ڕۆژێ دەریا ئەوەندە جوانە؟

هەردەم وایە ئاسمان؟

هەمیشە هێندە دڵڕفێنە...

ئەم شتانە،

ئەم پەنجەرەیە؟

نـــا..

بەو خودایە نـــا،

فریوێ.. شتێکی تیایە ئەمە..!

***



Scanned with CamScanner

# بۆ ئیلهام

بۆ خەڵک باوەڕم بە هەژاریی تەواو و زاهیدانە نییە -ئەگەرچی خۆم هەژاریی تەواو و زاهیدانە دەژیم- لێ بۆ ئەوانیتر، ئەم ژیانە نە دڵخوازانەیانە، نە لە توانایاندا هەیە بەرگەی بگرن. بەگشتی هەم لەڕووی ڕەفتارناسییەوە، هەم لە ڕووی ژیانی ڕۆحییەوە، مرۆڤ لەوە ئاڵۆزترە بۆ دوو سێ دانە جۆر دابەش بکرێت. ئەوانەی بە شکستی گەورەدا ڕۆیشتوون، ئەوانەی بێپارەیی زۆریان چەشتووە، بەردەوام پارە هەم لایان جێی پرسیارە، هەم گرنگیشە، کە دەکرێ دوایی لە قەرەبووی نائەنقسەتی ئەوەدا ببن بە خاوەنی پرۆژە، ئیکۆمیستێکی بەرزیان هەبێت و دەوڵەمەندیش ببن.

بەشێوەیەکی گشتی، جیهان وا خراپ بووە، من وا دەزانم ئەگەر ڕزگار ببێت لەسەر دەستی ئەم جۆرە کەسانە ڕزگار دەبێ، کە هەم قەلبیان ئیش دەکات، هەم عەقڵیان و ئەو توانایەش دەخەنە خزمەت بەرهەمهێنان و پرۆژەی گەورە، بەوەیش یارمەتیی خۆیان و خەڵکیش دەدەن. ئەگەر تۆ حەز دەکەی دەوڵەمەند ببیت ببە، جیهان بە قەدەر ئەوەندە دەکشێ، کە تۆ دەتەوێت.

***



Scanned with CamScanner

# به تۆ چی؟

حەقـــی خەڵکــت نەبـــێ، ئەوە دڵـــی ئەم شـــیعرەیە، ئەگەرچـــی لای فارســـەکانیش بەنـــاوی ژنە شـــاعیری کـــۆچکردووی ئێرانـــی (ســـیمین بێهبەهـــانی)یەوە بڵاوبـــۆتەوە منـــیش یەکەم جـــار هەر بەنـــاوی ئەوەوە وەرمگێـــڕا و لە ئینتەرنێـت بـڵاوم کـردەوە. بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەم شـیعرە نووسینی کوڕە شاعیرێکی گەنجە بە ناوی (ئابتین پوریا).

ئـابتین پوریـا، لەدایکبـووی ٢ی مارسـی ١٩٨٢ـەو تائێسـتا دوو کتێبـی شیعری هەیەو خاوەنی وێبلاگی (انقـلاب ادبـی)یە و ئەم شیعرەیشـم لەم سەرچاوەیە وەگرتووە و بۆم کردوون بە کوردی:

ئەگەر من کافر و بێ دین و خراپم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر من مەستی مەی و شەرابم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ کوشتەی باوکەڕۆ و ئاخی؛ بە من چی؟
ئەگەر من عاشقی سەنتور و ڕەبابم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ نوقمی نوێژی، کەس پێی گوتی بۆ؟
ئەگەر من وەختی نوێژ، نوقمی خەوبم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ لایەقی لوتف و ڕەحمی خودا بی، موبارەکت بێ!
ئەگەر من موستەحەقی سەرزەنشت و لۆمە بم؛ بە تۆ چی؟

ئەگەرچی دونیا سەرابە، بە قەولی خۆتان!
من بێئەندازە عاشقی ئەم کۆنە سەرابەم؛ بە تۆ چی؟
تۆ کە بۆنی عارەقەت لێ دێ لەوپەڕی پاکژییدا!
من لە بەرامەدا مینا گوڵاوم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ جورعەخۆری بادەی کەوسەری!
ئەگەر من بادەپەرستی شەرابی بێخەوشم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ خوازیاری حۆریی بەهەشتی، موبارەکت بێ!
ئەگەر من خوازیاری مەعشوقەی گەنجم؛ بە تۆ چی؟
ئەگەر تۆ لە ترسی قیامەت ناکەی عەیشی عەیان!
ئەگەر من بەدەر لە ڕۆژی حیساب بم؛ بە تۆ چی؟!

***

## هیچ

بونیام دەمرێ و ناتوانێ دەست بخاتە سەر برینەکەی خۆی...
ناتوانێ ئەوە بڵێت، کە لە سینگیایەتی...
هیچ
لێیگەڕێـ..!



Scanned with CamScanner

**یەك دێڕ!**

گوتی ئەگەر بمری و لەو دونیا پێت بڵێن:

یەك ڕستەمان لەبارەی ژیانەوە بۆ بڵێ، دەڵێی چی؟

وتم دەڵێم:

هیوادارم جارێکی تر سوعبەتی وا بێتام لەگەڵ من نەکەنەوە!





Scanned with CamScanner

# مەنفای من

لە ژیانی هەمووماندا زنجیرەیک مەنفا هەیە -ژیانی هەموومانی چی! وەلا خەڵک هەیە ژیاوە و مردووە نەیزانیوە مەنفا چییە!- بەهەرحاڵ مەنفای یەکەمی من، هەر ساتی لەدایکبوون و جیابوونەوەم لە منداڵدانی دایکم نییە، بەڵکوو مەنفای ڕاستەقینەم، یەکەم ڕۆژی چوونە مەکتەبم بوو، بەجۆرێ تێکەڵی دونیای پڕ ژاوەژاو بووم و (ماڵ!)م ون کرد، ئێستاشی لەگەڵدابێ نە ماڵ و نە ئارامیی نێو ماڵم نەدۆزییەوە...

ئەگەر بۆ نووسەرێکی وەک (سادق هیدایەت) بەهەشت بریتی بێت لە نوستالژیای ڕەحمی دایک، ئەوە بۆ من بەهەشت بریتی بووە لە ژیانێک بێ قوتابخانە، بێ خوێندن، بێ ژاوەژاوی ئەوانیتر... لێ ئێستا بەهەشت بریتییە لە خواردنی ژەمێکی هەژارانە و خۆمانەی دایکم، بەمەرجێ نانی تیریی لەسەر سفرەکە هەبێت.

خودایا ئایا ئەمە داوایەکی هێندە ئەستەم و گەورەیە!

***

# زانین!

تۆ بۆشایی دەزانی؟ بۆشایی!

دە من لە بـــــــۆشـــــــاییـدام!

# شیعر ئاوها دەنووسرێت

گـر خـورد اهــو گـیـاهم را پـــس از رفـتن
گر پوستش دف کنی بجز صدای یار نشنوید

ئەگەر من بمرم، گیایەک لەسەر گۆڕەکەم سەوز ببێت، ئاسکێک لەولاوە بێت و گیاکە بخوات، ڕاوچییەک لەملاوە بێت و ئاسکەکە ڕاو بکات، بیفرۆشێ بە قەسابێک، قەسابەکە ئاسکەکە بگووڕێ و پێستەکەی بفرۆشێت بە دەباغچییەک، دەباغچییەکە پێستەکە خۆش بکات و بیشواتەوە و بیکات بە دەف، دەفەکە بدەنە دەست هونەرمەندێکی گەورە، هونەرمەندەکە لە دەفەکە بدات، ئەو دەفە نالێت؛ "دوم، دوم، دوم"

ئەڵێ: **"لەیلا، لەیلا، لەیلا"**

ئەوە تەفسیرێکی سەرپێی ئەم شابەیتەی شاعیری کلاسیکی فارس، (کەلیمی کاشانی)یە، کە ٦٠٠ ساڵ بەرلەئێستا وتویەتی.

***

# فیلمەکە

فیلمەکە هەر ئەوەندەیە،
برینەکانت شتێک نین لێیان ڕابکەیت،
شتێکن دەبێ لەگەڵیان هەڵبکەیت!



Scanned with CamScanner

# به بۆنەی تـــــۆوە

کـاروان عوسـمان، بە دەنـگە غەمگیـنەکەی خـۆی لەولامـانەوە گـۆرانی دەڵێ، دەڵێی کتومت بۆ من و تـــۆی دەڵــێ، تــــۆ لەسـەر چرپـاکە دەستت لەنێـو دەستمدا دەلەرزێ و دەمبەیـتەوە بـۆ مـاڵی خۆتـان، بـۆ ئێوارەیەکی هەشتاکان لە گەڕەکـی سەرشـەقام. مـن میـوانی ئێـوەم، کە کـورێکی بـاریکەلە و ورد، تـۆزێ ڕیشـن، چـاوخەواڵوو، مەنـگ و شـەرمن خۆی دەکات بەژووردا، کورێک کە هەردووکمان پێشـتر لە تەلەفزیـۆنێکی ڕەشوسپییەوە چاومان کردووە.

**لە ژوورەکەی تۆدام و لەبەر گڕی کز و بەئاستەمی مۆمە بچکۆلەکاندا، دەبینم چاوەکانت داخستووە و بۆ شوێنێکی دووردوور ڕۆیشتووی... ئەمڕا کاروان عوسمان بەم شەوە بەفراوییە، بەدیار هەردووکمانەوە، لەم غەریبییە، وچانێ نایا و بەو قوڕگە غەمگینەی، بەو گیتارە تەنهایەیەوە گۆرانی دەڵێ.**

ئەوەتـا تــــۆ گەڕاویـتەوە بـۆ ۳۱ سـاڵ پـێش ئێسـتا؛ لەدەرەوەیـش وا پەڵەی لێڵـی ڕوونـاکی دەکەوێـتە نـاو تـاریکی، ئەگەر مەلا لێـرە هەبـا، دەبوو ئێستا بانگی بدابا. تــۆ دەستت لە دەستمدا دەلەرزێ و مـن دڵـم لە سـینەمدا، ئەوەتـا هەردووکمـان وایـن لە ڕۆژانـی سـادە و ڕەشوسـپی خۆماندا و چاومان پڕبووە لە ئاو، کە من دەڵێم:


"لێی گەڕێ ئازیز.. لێی گەڕێ.."!



Scanned with CamScanner

کێشەی هەموو مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دوو بەشە، بەشێکیان ئەو وردەوالانەیە، کە پەیوەندیی بە ژیانی هەریەکەمانەوە هەیە، بەشەکەی تری تەنها ئەم وشەیەیە:

**تۆ ناگات، تۆ..!**





Scanned with CamScanner

وتی: ئەمگوت جارێکی تر نامە بۆ من ئەنێریت!

وتم: هەمیشە پیاوە گەورەکان عاشقی ژنە هیچوپووچەکان دەبن، منیش ڕۆژێ پێم گەوتۆتە ئەو قوڕاوە، ئێستا چی تێدایە بۆ حورمەتی مێژووی خۆم، جارجارە هەواڵی هیچوپووچێک بپرسم؟

هیچی نەوت، چاوی پڕببوو لە ئاو، لێوی دەلەرزی، کە نووسی:

-ئەی دەرد!

---

* لۆسالۆمییە، خانمێکی بە ڕەگەز ڕووسی بوو، ١٣٠ ساڵ پێش ئێستا خۆشەویستی فەیلەسووفی ئەڵمانی فریدیک نیتشە بووە، کە سەرئەنجام شووی بە پیاوێکی تر کرد و پەیوەست بەم بابەتەش کاریگەریی دەروونیی قوڵی لەسەر ژیانی ئەم فەیلەسووفە تا شێتبوون و مردنی جێهێشت.

***



Scanned with CamScanner

# ئایا بوون هەڵەیە!

ئایا خودا دەستکورتە و خەیاڵبچووکە و تەنها دوو ڕەگەزی لە مرۆڤ پێ دروست کراوە؟ ئەمەیە ئەحسەن تەقویم؟ ئەمەی کە برا مرۆڤەکەی بە زیندوویی دەسووتێنێت، سەری دەبڕێت، دەستدرێژیی دەکاتەسەر، ئەمە جێگری خوایە لەسەر ئەرز؟ ئەمە بەرهەمی ملیۆنان ساڵ تێڕامان و بیرکردنەوە بوو، کە من بە ٣١ ساڵ تەمەنەوە ئەم عەیبوعارەی تێدا دەبینم؟ هەر بەشەرێک نموونەی هەڵەیەکە لەسەر عەرد، چی ڕاست دەکەیتەوە، لەبری ڕاستکردنەوەی ئەم هەموو خوارییە، بۆ ئەمە نەڕوات و شتێکی تر بێت؟ دووانی دروست کردووە، لەناوەوە زۆر دوورن لەیەک و لە دەروەش کتومت وەک یەک، شتێکی لەمیان لێ کردۆتەوە و ناوێتی بە ناوگەڵی ئەویانەوە، من کە پیاوێک دەبینم مەمکی ژنێک دەگرێ، پێکەنینم دێ هەست دەکەم، شتەکە هی خۆیەتی و دەیەوێتەوە.

هاهاها... تەماشا بکە، بەیانی هەتا ئێوارە بەدوای یەکدا بۆ پارچەکانی خۆیان ڕادەکەن... ئێ کە یەکیشیان گرت چی دەکەن؟ نەکبەتێکی تری وەکوو خۆیان دروست دەکەنەوە، بۆئەوەی فلیمەکە بەردەوام بێت، فلیمێک کە یەک بینەری هەیە و ئەویش دروستکەرەکەیەتی... باوێشک نادا؟ تاقەتی ناچێ لە تەماشاکردنی مرۆڤ؟ ئەوە سەری گێژناخوا ئەوەنە سەیری خوارەوە دەکات؟! دەستیارە جوانەکەی کە ناوی مرۆڤە، گەمژەیەکە حیسابیی... چوار ملیار ساڵە سێکس دەکا، ئەوە تاقەتی نەچوو؟ هیچ خۆشییەک هەیە شایەنی ئەوەبێت ٤ ملیار ساڵ دووبارە بکرێتەوە؟

بڕۆ بابە، ئەوەی بە ئینسان دەڵێ جوان، یان کەرە یان شاعیر...!



Scanned with CamScanner

# تەنیاییەک بەدەم خۆیەوە گۆرانی دەڵێ

پیاوان ئەو بوونەوەرە جوان و گێژەی دەستی خودان، کە تێگەیشتن لە سادەییەکەیان زەحمەتە، چونکە خۆیان لەخۆیاندا هیچ لۆژیکێکیان نییە و زۆرتر مەزاج هەڵیان دەسووڕێنێت، **تەنیایی لای پیاوان دەگۆڕێ بۆ شتی تر، دەبێ بە سەفەر، دەبێ بەماشێن کڕین، دەبێ بە دەستێ کۆنکەن، دۆمینەیەک و ماڵکردنێک لە تاوڵەدا... لای ژن وانییە، تەنیایی ژن زۆر قووڵە، وزەی ناوەکی لە ژندا حسێونەکراو و ئەندازەبەدەرە،** ئەها فروغ بەلاقرتێوە دەڵێ تەنیایی براکەم هێندە بچووکە، هەموو شەوێ لە قەرەباڵغیی مەیخانەیەکدا ونی دەکات!

**تەنیایی مێینە هێندە لیڤڵەکەی بەرزە، ئەگەر زۆر دەستی بەخۆیەوە نەبێ سەری دەخوات.** ڕەنگە جارجارە خۆی بخەڵەتێنێت و بیکات بە بازاڕکردن، بە ماکیاژکرین، بەخۆگۆڕین، بەڵام ئەو ژنانەی بەڕاستی تەنیان، گاڵتەیان بەمانەش دێت، ژنم دیوە هەر لەدوورەوە وەک چاوی پشیلە لەشەوی تارا؛ تەنیاییەکەی درەوشاوەتەوە. **من زۆر ژنناس نیم، لێ لام وایە ژن بوونەوەرێکی فەلسەفیترە لەپیاو، ئەگەرچی وانیشان بدات بەسەر خۆیدا داخراوە، شتێک لە سروشتیدا هەیە ڕام ناکرێ، هێزێکی میتافیزیکییە، کە ڕووبەڕووی دونیای دەرەوەی خۆی و لەبەرانبەر گەردووندا هێجگار کراوەیە،** هەربۆیە گواستنەوەی ئەم دۆخە ڕۆحییەیان بۆ ناو دونیای ئەدەب یان هونەر، ئەم مەزنییە ناوەکی و باڵایەیان بێ پەردە نمایش دەکات.

**تەنیایی ژن، تەنها تەنیایی دونیایە، کە کوشندە و داهێنەرە پێکەوە!**




Scanned with CamScanner

# ڕێگای سێیەم

## ژیان، وەك ڕۆیشتن بەسەر گوێزاندا..!

خەڵـك بە بیـانووی ئەرزشـدانان بـۆ كەسـایەتی خۆیـان؛ شـتە تایبەتەكـانی خۆیـان نـاڵێن... مـن دەیڵـێم و سـوور دەزانـم هەردوولامان كرم تێیداوین... من كرمەكانی خۆم دەژمێرم و ئەوان دەیشارنەوە... بۆیە من ناتوانم زۆر لەگەڵ ئەوانی تردابم و هەزار ساڵیشە هەر لەگەڵ خۆمم..

ئەرێ ئەوەی ڕێگای سێیەم نییە..؟!





Scanned with CamScanner

# ژمارەی هەڵە

هەموومـان لە ژیانماندا ژمـارەی هەڵەمـان لـێ داوە، چـی دەڵێی ئەگەر ئێستا ئەو ژمارەیەمان لە خۆشەویستیدا لێ دابێ؟ ئاساییە... تۆ یەکەم کەس نیت و دوا کەسیش نابی،(**ژمـارەی هەڵە لە خۆشەویستیدا زۆری فەرق نییە لە ژمارەی هەڵە لە تەلەفۆندا! هەردوو هەڵەکە لە یەک شتدا ڕاستن، ئەویش ئەوەیە، کە دەیانەوێ پەیوەندییە دروستەکە وەریگرن،**) بەڵام ژمارە دروستەکە کوا ئەوەندە بەئاسانی وەردەگیرێ!

نامەوێ درێژی بکەمەوە، جاری وا هەیە دەکەویتە پەیوەندییەکەوە هەر لەسـەرەتاوە دەزانـی پەیوەنـدییەکە هەڵەیە، بـۆ هەردووکتـان هەڵەیە، بەس نازانی چۆن کۆتایی پێ بهێنی، بێ ئەوەی غرووری هیچتان بریندار ببێـت، خـۆت دەخەڵەتێنـی، دەیهێنـی، دەیـبەی، پاسـاو دەهێنیـتەوە- ئەگەر کچ بیت خێـرا درۆ دەکەی نەخێـر دادت نـادات، هەسـت دەکەی قاچـت لە داوێ ئـاڵاوە، کە داوی تـۆ نیـیە... لەم جـۆرە پەیوەنـدییە قـۆڕانەدا خۆڕزگـارکردن لە هەمـوو شـتێ سـەختترە، **چـونکە تـۆ لە تەڵەدایت، تەڵەیەک کە خۆت ناوتەتەوە و هەر خۆشتی پێوەبووی.**

خوا پشت و پەنات بێ!

***



Scanned with CamScanner

# سەعاتەکەی ماڵی باوکم

ئەم ڕۆژانە زۆر هەست بە ڕابردوو دەکەم، زۆر زۆر... ئەوەندەی لەوێم لێرە نیم. ئەم ڕۆژانە لە یادی توندی ئەو سەعاتە قەدیمەدا بووم، کە لە کابرایەکی ئیختیاری عەنتیکەفرۆشم کڕی.

شەقامەکە لە گەرمای مانگی ئابدا زۆرتر کشابوو، ئەو لەژێر مقەبایەکدا پاڵی دابووەوە بە دیواری مزگەوتی گەورەوە و چاوی چەقیبووە حەشاماتەکە و داڵغەی بۆ شوێنێکی دوور ڕۆشتبوو. بە چەند هەزارێکی چرچ‌ولۆچ سەعاتەکەی پێ فرۆشتم، کە من بە چەند سەد دۆلارێکیش وێڵی بووم!

کابرا لەو پیرە هێمنە بەویقارانە بوو، کە هەر خێرا حیرمانی بونیام بە چاوی دڵ دەخوێننەوە. **من بە کڕینی ئەم سەعاتە پارچەیەکم لە ڕابردووی دووری خۆم دۆزییەوە.** بەم سەعاتەدا گەڕامەوە بۆ ئەو بەیانییانەی بە زەنگی ڕێڕێ و پچرپچڕی بەخەبەر دەهاتم و بەدەم خەیاڵەوە لە ئاپۆرەی خێزانێکی سادە، زۆر سادەدا، نان‌وچای بەیانیم دەخوارد و وام دەزانی خەون دەبینم. **بەداخەوە کە ماڵم تێک چوو هەر پارچەیەک بە ئامانەت کەوتە ماڵی ئەم دۆست و ئەو برادەر،** سوپاس بۆ ژاڵەی ژیکەڵەی خوشکم، کە نازانم ئەو سەعاتەی لە کامە ماڵ دۆزیبووەوە و وێنەکەی بۆ ناردبووم... ئێستا من دەتوانم وێنەی ئەم ئاشنا قەدیمەم لە ژوورسەر بێ و دوور نا هەر بەیانی سپێدە لەم ستۆکهۆڵمەوە بە زەنگی سەعاتی ناو وێنەکە بێداربم و نان‌وچاکەم بخۆم و وەک جاران وابزانم خەون دەبینم...



Scanned with CamScanner

# لێی بترسە، ئەوەی باسی پارە دەکات!

ئەگەر خەراپە لەسەرتایە، ئەوە خراپەیە دێتە ڕێت... ئەگەر لە موحیبەت دەگەڕێی، ئەوە خۆشەویستییە لەسەر ڕێت، **بەڵام ئەگەر لە پارە دەگەڕێی، هیچ شتێک لەسەر ڕێت نییە و هیچ شتێک چاوەڕێت ناکات، تەنانەت پارە خۆیشی!**

من لەم ژیانە چکۆلەیەی خۆمدا لەسەر پارە خەڵکم زۆر وەستاندووە. ساڵی پار لەگەڵ یەکێک لە باشترین دیزاینەرەکانی کورد، هەموو کارەکانم هەڵوەشاندەوە، لەبەرئەوەی هەستم دەکرد، پتر لەوەی ئەندێشەی کاری هونەریی مەزنتر بکات، خەیاڵی لای ئەوە بوو چەند و کەی پارەکەی دەدەمێ! ئێستا تۆ بە من مەڵێ: "ئاخر، پارە گرنگە." چاوی مامە، ئەوە ئەو وەهمەیە، بەدرێژایی ژیانی هەڵەت، سیستم، میدیا، پەروەردە، گوزەرانی ڕۆژانەی خۆت بۆی دروست کردووی... مەیە و بڵێی: "پارە پێویستە" ئەوە من و هەموو خەڵکیش دەزانین، تۆ شتێکمان پێ بڵێ نەزانین.

ئەوەی باسی پارەی بە چاک یان بە خەراپ کرد تۆ هەر لێی بترسە. **دەوڵەمەندی ڕاستەقینە زۆر باسی پارە ناکات، ئەوەی کە ستایشی پارە دەکات، بنێشتی کۆنی دەمی خەڵکانی دونیای دوون دەجوێ، ئەوەی پارەی زۆر پێ خراپە و هەمیشە پارە لە سەرزارێتی، گرێی پارەی هەیە، لەویش هەر بترسە.**



Scanned with CamScanner

خودا چۆن تاقەتی هەیە،

بەدیار چیرۆکێکەوە دابنیشێت، **کە کۆتاییەکەی دەزانێ!**





Scanned with CamScanner

# ئامانجی حاجی کەریم

لەوانەیە زۆرێک لە خەڵکی سلێمانی و بەوەشدا کە هەڵەبجەییە، خەڵکی هەڵەبجەش ئەم کوڕە بێگەردە، ئەم تەمە سپییەی خودا لە فۆرمی مرۆڤێکدا بناسن. زەحمەتە چایەکت لە شەعب خواردبێتەوە، چووبیتە سەیری نمایشێکی شانۆیی، کتێبێکت لەسەرا کڕیبێ و ئامانج نەناسی.

**تا لە کوردستان بووم ئامانج نزیکترین کەس بوو لە ڕۆحمەوە، هەرکاتێ بێ پارە بوویم ئامانج فریام کەوتووە، بێ ئەوەی بهێڵێت هاوڕێکانی ترمان بزانن،** وەکوو تر ئامانج ڕەنگە نیوەی فیلمی دونیای بینیبێت. ئەم کوڕە ئەوەندە خوێندەوار بوو، کەم جار من و هاوڕێکانی تریش فریادەکەوتین پێشی بدەینەوە.

ئامانج لۆژیکی خۆی هەیە. هەموو دونیا ناتوانێت تێگەیشتنی ئامانج- کە تێگەیشتنێکی خاوێن و مرۆڤانەیە- بگۆڕێت. بەوەدا زۆر لێم نزیک بوو، شتی خۆشمان کەم نییە پێکەوە. جارێکیان مەوعیدمان هەبوو بچین بۆ شوێنێک، دوور بووین لەیەک، وتم: "ئامانج گیان تۆ بڕۆ لە فلکەی دەستەکە بووەستە، منیش دێم." دوای نیوسەعات ئامانج تەلەفۆنی کرد، زۆر شپرزە بوو، وتم ئەوە چییە ئامانج گیان؟ وەک ئەوەی شتێکی گرنگی ون کردبێ و بەدوایدا وێڵ بێ، وتی:

"توانا، من لە فلکەی دەستەکەم، بەس دەستەکەی لێ نەماوە، لە کویا بووەستم؟!"

**هەر بەڕاستی شپرزەی ئەوە بوو،**

**من ناردبووم بۆ شوێنێک و شوێنەکە نەمابوو!**



Scanned with CamScanner

# پرسیارە سەیرەکەی سەعداوی
# تۆ وەڵام بدەرەوە

دوێنێ شەو لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی عێراقی (احمد سعداوی)دا کەوتم بەسەر پرسیارێکی ئاقڵانەدا، سەعداوی دەڵێ: ئەگەر لە ژێر سلێک گوو دروست بکەین، وەها کە گرنجگرنجی تانوپۆکەی، بڵقی هەوای بچووکی، لێواری تیژی، وەک خۆی دابنێینەوە، ئەوجا بێنین لە تاقیکردنەوەیەکدا، ئەم شتە بخەینە بەردەمی خەڵک و بپرسین ئەوە چییە، ئایا خەڵک دەڵێن:

١-ئەوە ئاڵتوونە.

٢- ئەوە گووە.

بە ڕای تۆ وەڵامی خەڵک یان خۆت، بۆ ئەو پرسیارە چی دەبێ؟

* پرسیارەکە زۆر لۆژیکییە، زەحمەتی شەرحکردنی مەکێشە و هەردوو وەڵامەکە مەکە بە یەک، تەنها بە عەقڵ و مەزەندەی خۆت، یەکێ لەو دوو وەڵامە هەڵبژێرە.

**ئێستا کامیانە؟**

***



Scanned with CamScanner

# ڕەفیقی نیوەڕێ

هەنووکە من لە دۆخێکی ڕۆحیی وەهادام، کە ئەوجەم بە کەس نییە، کەس... حەز دەکەم وشەی کەس بە دوو (س) بنووسم، تا لەو جەختە دڵنیا بیت، کە وەک چەقۆیەک لە قوڕگمدایە، بەڵام هەروا کە دوێنێشەو بەسەر برێ خرتکەوپرتکەی بەردەستمدا چوومەوە، لە کوتە کاغەزێکی دڕاودا، کەوتم بەسەر ئەم کورتیلەشیعرەی کچێکی شیرازییدا بەناوی (مینا تەیموریی)، کە چەند ساڵێک لەوەوپێش پاچڤەم کردووە. شیعرەکە شتێکە وەک ئەوەی کتومت بۆ تـــــۆ نووسرابێت، ئەها چی دەڵێ:

"وتت سایەت دەبم،

هەر بەڕاستی سێبەرم بووی،

لە ڕۆژی ڕووناکدا لەگەڵم و لەشەوی تارمدا جێت هێشتم!"

***

# نایەوێت

بۆ ژیانێکی بێسەریەشە پێویست ناکات زۆر عاقڵ بین!



Scanned with CamScanner

بەهەشت...

ئەوەی لێرەیە خۆشت ناوێ، ئەوەی خۆشت دەوێ لێرە نییە،

**ئادەمیش دەیوست شوێنەکەی بگۆڕێ،**

جا سێوەکە بیانوو بوو..!





Scanned with CamScanner

# جیناسی ئازیزانە

ئەگەر مردم، ئەگەر ئەو دونیا هەبوو، ئەگەر زیندوویان کردمەوە، ئەگەر لەبەردەم پیاوێکی هەتا دەست دەگات باڵابەرزی نوورانیی ڕیش چەرموا ڕایانگرتم، ئەگەر لێی پرسیم کوڕم کێت دەوێ بۆت زیندوو بکەمەوە؟ ئەگەر فریشتەکانی ئەملاولام سیخوڕمەیەکیان تێوەژەندم و لەژێر لێوەوە وتیان **بۆت هەیە تەنها یەک ناو بڵێیت**، ئەوا من بەسەری بەرزەوە، بێ شک و دەستبەجێ، بە کەلامێکی فەسیح، بە زمانێکی مەلیح دەڵێم:

**سەگەکەم یاحەق**

**یاحەق سەگەکەم!**

***

# بوونەوەرەکانی تری ناو مرۆڤ

ئەمشەو ڕۆمانی ڕیکاردو ڕیس ی نووسەری پورتوگالی خۆزێ ساراماگۆم دەخوێندەوە شتێکی سەیری وت، وەک خۆی ئەو دێڕەتان بۆ دەکەم بە کوردی: **لەنێو بونیامدا بێ شومار بوونەوەر دەژین**، ئەگەر ئێستا من بیربکەمەوە یان هەست بکەم، نازانم کام لەمانەیە بیر دەکاتەوە یان هەست دەکات، من تەنها شانۆی ئەم ئەندێشە و هەستانەم!



Scanned with CamScanner

# پەکەکە، بەڵام!

دوای ئەو هەموو سەرنجەم لەسەر تۆتالیتارییەتی فەلسەفەی تێکۆشان لای (پارتی کرێکارانی کوردستان) و پارتەکانی سەر بەو حیزبە. دوای ڕەخنەم لە (ئاپۆچێتی) و ئەو سرووتە تەوتەمگەراییەی کە ئەو حیزبە بۆ ڕێبەرەکەی دەیگێڕێت، **دوای ئەوەی بەشی زۆری تەمەنی گەنجییم لەناو ئەم پارتە دانا و زۆرترین هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانم شەهید بوون،** بەڵام ئێستایش لام وایە، ئەوەی دەتوانێ ئەم ئیرادە شکاوەی تاکی ئێمە چاک و دروست بکاتەوە تەنها پارتێکی هاوشێوەی پەکەکەیە، چونکە ئەندامەکانی بە پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە وەها پەروەردە دەکات، **کە سێکس و پارە بەئاسانی ناتوانن بیکڕن!**

***

# سەرت سووکە

لەوانەیە لە ماڵبارکردن ناخۆشتر هەر ماڵبارکردن بێ... باشە تۆ ماڵت کوا؟ بەیانی تا ئێوارە ئەوەی هەتە ژانتایەک کتێب و توولەسەگێکی چکۆلەیە، یەکەمیان ڕابکێشە و دووەمیان بکەرە باوەشت.

ئەبێ بڵێم من شتێکم لە خەڵک زیاترە و تا ئێستا شاردوومەتەوە، **ئەویش ئەوەیە، کە هیچم نییە، کە هیچت لەم دونیا گەورەیەدا نەبوو، بێ سەریەشە نابی، بەڵام سەرئەنجام تۆ لەو خەڵکە سەرت سووکترە.**



Scanned with CamScanner

# ناخۆشە تا کۆتایی پیاوبیت!

ئایا بۆ خودا ئاسان نەبوو؛ مرۆڤی وا دروست کردبا، نیوەی تەمەنی ژن بێت و نیوەی پیاو...؟ ئەو کاتە باشتر خۆمان و یەکتریشمان نەدەناسی! بەڵام ڕەنگە خالیقەکەی پلانێکی تری هەبێت!
ئایا ڕێگەی تر نەبوو؟ جیهان لەم دابەشکاریی فۆرمەدا زۆر تەسکە، دەکرا خودا بە ڤێرژنێکی بەرزتر لەمەی هەیە ژیانی دروست کردبا... ئایا خودا نەیدەتوانی؟ من لەو باوەڕەدام دەیتوانی کردویشێتی، ئێمە وەجبەی ناوەڕاستین و دوابەرهەم نین، ڕەنگە دوا بەرهەم لە هەسارەیەکی تر بێت.

***

# تۆ کامیانی؟

ئێستا گەڕام ١٨٥٩ کەس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە ناوی دووانیی تۆ و باوکتەوە هەیە، وێڕای ئەوانەیش خۆ ڕەنگە تۆ ئەکاونتەکەت بەناوی خۆیشتەوە نەبێ!
هەر لێی گەڕێ، تۆ حەیای مەحاڵیشت بردووە..!



Scanned with CamScanner

**شلیله و پشیله..!**

ژیانــت ڕۆژێ دەبێــت بە گڵــۆڵە شــلیلەیەکی ســووری دەســتی پشیلەیەکی ڕەش، کە پشیله بێزار دەبێ؛ شلیلەکە فڕێ دەدات و گڵۆڵەشــت هەر ئەوەنــدەی کەوتەلێــژی، ئیــدی خل دەبێــتەوە و خل دەبێتەوە و خل دەبێ..... چاوی مامە، بۆ دوور مەچۆ، شلیله لە گۆڕێ نییە، ئەوە ژیانی تۆیە، ئەو سووڕانەوە بێتامە، بێمەئوایە، بێمانایە...

تــۆ چــاوەڕوانی پشــیلەیەکی تــر دەکێشــیت، ڕۆژێکــی تــر بــۆ گەمەیەکی نوێ، تاقەتی هەبێ هەڵت بگرێتەوە..!



# دەرگای کەعبە

ئەوەیەکـــی عەنتـــیکەی کـــوردی بەڕێـــوەیە، قەرەقـــۆزە، بە غەدری شـــازادەکانی ئەمـــلا مورتـــاحە، ڕەحەتە، نـــقەی نـــایە، پاساویشـــی بـۆ دەهێنیتەوە، **چونکە خۆی سێبەرە، شتێکە نییە، ئیرادەشکاو و زەین کـۆیلەیە،** لەســەری هەڵبەیتـێ تەخوینیشــت دەکـات، کەچـی هەر ئەم گەنـجە، دزی شـازادەکانی ئەولا ببینـێ، خـۆی لـێ دەبـێ بە ڕۆسـۆ، بە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و داوای عەدالەت دەکات...

ئەڵقەڕێزی دەرگای کەعـبەم ڕاوەشـاندبێت، ئەو مـیللەتە هەر هـی ئەوەیە زستانان هەڵلەرزێ و هاوینان بە باوەشـێن بـخەوێ، هـی ئەوەیە **بەجێی بهێڵی و هەستیت بێیتە دەرەوە...**

***


# ئەوە کوا؟

ئیتر ئینسانیش سەیرە... بیری شتی وا دەکات، دوای تێپەڕینـی ١٠ساڵ بەسەر جیابوونەوەماندا، **ئەم بەیانییە بیری ئەڵقەکەمم دەکرد.** هەستم دەکرد شتێکم لێ کەوتووە!



Scanned with CamScanner

من پیاوێکی هەڵە نیم،
من لە شوێنێکی هەڵەدا نیم،
من لە کاتێکی هەڵەدام..!





Scanned with CamScanner

# خولیا

حەز دەکەم تفەنگێکی ڕاوم هەبێت، هەر ماتۆڕێ بەلامدا دوو جار فرتەی کرد، هەر ماشێنێ قریشکەی ئەنقسەتی لە مەکینەکەی هەستاند، بە دەنگی ئەکسۆزی گەورە ڤنەڤنی ناپێویست و مێشکبەری کرد، سێرەی لێ بگرمەوە و شۆفێرەکەی بە یەک فیشەک بتۆپێنم و بینێرم بۆ دۆزەخ، با لەوێ بە ئیسراحەتی خۆی جرتوفرت بکات، بەڵام لێرە نا... ئەوجا تفەنگەکەم لە قەراخ پەنجەرەکەوە هەڵبواسم و بێم لەسەر چرپاکەم بەئاسوودەیی بخەوم، بێ ئەوەی کەس بێزارم بکات.

❋❋❋

# ئاگاداری

لەگەڵ هەموو کەس مەبە بە دۆست!

هاوڕێیەتیی هەندێ کەس وەک تکاندنی دڵۆپێک مەرەکەبی ڕەش وایە بۆ نێو کاسە ئاوی خاوێنی ژیانی خۆت.

Scanned with CamScanner

# پێکەنینەکەی ماریا

مامۆستایەکی ئافرەتم هەیە، زۆر شیرین و ڕووخۆشە. هەموو بەیانییەک پێدەکەنێ، بە هەموو وجودی پێدەکەنێ. ئەم خانمە ئاتیستە، دژی شووکردن و دژی منداڵ دروستکردنە... **بەکورتی، نە خوای هەیە، نە مێرد، نە منداڵ...**

بیرم کردەوە ڕەنگە هەر **ئەم سیانەیش** دەستی (پێکەنین)ی ئێمەی گرتبێ!

***

# تەلەفۆن بۆ کێ دەکەی؟

ماشێنێک بەلامدا فرتە دەکا، تا هەتەری چاو، جادە دەکات بە تۆز. من چاوم دەهێنمەوە یەک. بەلای کابینەی تەلەفۆنێکا تێدەپەڕم. دوای چەند مەترێ لەخۆمەوە گەڕاومەتەوە و بیستۆکەکەم وا لەدەستدا. قامک بە دوگمەکانیدا دەنێم، تەلەفۆنێک دەکەم، زۆرم پێویست بەو پەیوەندییەیە. پاش قەیرێ پەیوەندیی وا بە تەلەکاندا ڕادەکا... لە من بەلەزترە، کە بستۆکەکە بە قایمی دادەنێمەوە و زرمەی لێ هەڵدەستێنم، باش بوو نەمکرد! **ئاخر کەس لەسەر ئەم هەسارەیە نییە چاوەڕێی تەلەفۆنی من بێت...** ئەوە من دەمویست لەگەڵ کێ قسە بکەم؟



Scanned with CamScanner

## ٩٢ وشه

هەندێ لە ژنان لەپێناوی دەستکەوتنی ناوبانگدا -کە هەمووجارێ ئەم بارە لە سەرنجڕاکێشانی ئەوانیترەوە دەست پێ دەکات- **دەتوانن دەست بخەنە خۆیانەوە، تا ئەو شوێنە بڕۆن، کە نابێ بڕۆن! ئەمانە بێناویی دەیانخوات، ئەو کێماسییەی لەناویاندایە، بەقەد ئێڤرست بەرزە.** ئەها کامۆ دەڵێ: "بەرگەگرتنی مەرگیان لا ئاسانترە، لەبەرگەگرتنی گومناویی." من بە چاوی سەر لەم جۆرە ژنانەم دیوە و بە چاوی دڵ فرمێسکم بۆ ڕشتوون.

بەڵام خۆ هەندێ لە پیاوان لەم هەندەک ژنە شەریفتر نین، ئەگەر ژنان بتوانن بۆ کەمەندکێشکردنی ئەوانیتر دەستیان بچێتە گیانی خۆیان، **پیاوان دەتوانن لە پەیوەند بەم بابەتەدا، دەستیان بچێتە ڕۆحی خەڵکیش.**

***

## سڕینەوە

گرنگترین ئایکۆن لە فەیسبووکدا ئەوەیان نییە، کە خەڵک لەڕێیەوە دەیانەوێ بێنە ژیانی تۆوە، **ئەوەیانە کە تۆ لەڕێگەیەوە دەتوانی خەڵک لە ژیانی خۆت بکەیتە دەرەوە.**

ئاهـ... خۆزگا ژیان وەک فەیسبووک بۆ سڕینەوە ئاسان با!



Scanned with CamScanner

بەختەوەری،

بۆ هەریەکەمان شتێکە و

بۆ هەمووومان ئەو شتەیە، کە نیمانە!





Scanned with CamScanner

# ڕاکردن

ڕاکردنی مرۆڤ لە جیهان ئاکتێکی تازە نییە، پەیامبەرەکان، عارف و خەڵوەتکێشەکان، دۆستە سەمیمییەکانی تەنیایی، هەمووان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دونیا هەڵهاتوون. (زەردەشت)ی (نیتشە) لە دونیا هەڵدێ و گۆشەنشین دەبێ، (گریگۆری) (کافکا)، کە بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێ و دەبێت بە دەعبا و بە ژوورەکەیدا ڕادەکات لە سیستمێک ڕادەکات، (محەمەد)ی پەیامبەری ئیسلام، کە دەچێتە حەڕاوە، لە دونیایەک هەڵدێ، کە دەیەوێت بیگۆڕێت، (بوودا) کە دەچێتە کەژ و ١٢ساڵ قسە ناکات، لە دونیا ڕادەکات، ئەو ملیۆن کەسەی ساڵانە خۆیان دەکوژن، لە جەنجاڵی، لە پرسیارێکی بێ مانای وەک ژیان ڕادەکەن.

ئەم هەموو ئەم حیکایەتی ڕاکردنانە، لە زەینی مندا تا ئاستی باوێشک نۆرماڵن، **ئەوەی من دەمەوێت لەقاندنی ئەم نۆرمەیە، دروستکردنی نەخشیەکی تازەیە، نەخشەیەک کە تێیدا دونیا لە من ڕابکات!**

❊❊❊

# ئاوات

وتی: کە گەورە بووی حەزدەکەی ببی بە چی؟

وتم: **کە گەورەبووم حەزدەکەم ببمەوە بە منداڵ!**



Scanned with CamScanner

# کێی جەنابت؟

دوای هەزار ساڵ، بە ژمارەیەکی نەناسراو، لە وڵاتێکی نەناسراو، کەسێکی نەناسراو، زەنگێکی نەناسراوی دا. لەودیو بیستۆکەکەوە بە چاوی ڕۆح دەمبینی، لێوی دەگەزێ، شەرم سوورسووری کردۆتەوە، چاوەکانی لە هێکرا دەترووکێنێ. لەودیو تەلەفۆنەکەوە دەمبینی، ئاونگی عارەقە لە کونیلە بچووکەکانی پێستی برۆنزیی سەر تەوێڵییەوە هێواش هێواش دێنە دەرێ و وەختە بەیادی ڕابردووەوە ببن بە دڵۆپەی نائومێدیی، کە بە دەنگێکی شەرمن وەک ئەوەی دڕکێک لە قورگیدا بێ، سڵاوێکی کرد و وتی: "**توانا، ئەمناسیتەوە..؟!**"

چی بڵێم؟ تۆش بیت چی دەڵێی؟!

وەک سالّح بێچار وتم:

"گوێم لە زەنگی تەلەفۆنە و بە هەناسەشتدا دەتناسمەوە."

***

# شتێکی تر

پیاو سەدجار بمرێ و

**عاشقی کچێکی ئەرمەنی نەبێ...**

ئازارەکەی شتێکی ترە، شتێکی ترا!



Scanned with CamScanner

# تەنیایی و شوێن

ئەگەر تەنیایی وەک دۆخێکی ڕۆحیی تایبەت، جارێک پرسیار بووبێت لە ژیان؛ بە مانا (وجود-Exist)ییەکەی، ئەوا جارێکی تر لەنێو ئەودا، تەنیایی، پرسیارە لە (شوێن-place)، بە جۆرێک، چەق لە تەنیاییدا شوێنە. من بە کۆمەکخواستن لە فەلسەفەی هایدیگەرەوە وەها تێ دەگەم: **تەنیایی پێش ئەوەی لە (کات)دا بێت، لە (شوێن)دایە.** هەر یەکەمین بەرکەوتنی تەنیایی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، بەرکەوتنێتی لەگەڵ شوێندا. ئەوە ئەگەر لەیادمان بێت بێت **شوێن، تەنها ئەو جێگایانە نین، کە تێیاندایین، بەڵکوو ئەو جێگایانەشن، کە تیاماندان!**

بەوەشدا بونیام بوونەوەری سەر بە شوێنە، لەژێر شوێن و لەناو شوێن و لەسەر شوێندایە، دۆخەکە وەهای لێ دەخوازێ، بۆ قوتاربوون، بۆ ڕزگاربوون، بۆئەوەی لە چنگە خوێناوییەکانی تەنیایی فریادی بێت، دەبێ یەکەم شت، لە شوێن بێتە دەرێ!


لە خۆت بپرسە دەتوانی لە شوێن بێیتە دەرێ؟!

***

Scanned with CamScanner

تەنیاییەکەم وردە،

هی ئەوە نییە لەماڵەوە جێیبهێڵم و خۆم بچم بۆ پیاسە!





Scanned with CamScanner

## ئەریّ ئەوە چی بوو؟!

نۆر زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە...

کە مانگی حەوت ڕۆیی، هیوادارم مانگی حەوت نەیەتەوە و هیوادارم ساڵی ئاییندە حەوتی تێدا نەبێ، ئەو خوشک و برا بەڕێزانەی ڕۆژی لەدایکبوونیان دەکەوێتە مانگی حەوتەوە، دەتوانن بێنە مانگی شەش یان هەشتەوە، هەرکەسێکیش بە دڵی نییە فەرموو ڕۆژی لەدایکبوونی خۆمی لە ١ی نۆڤێمبەردا پێشکەش دەکەم، ئەتوانێ تەشریف بێنێتە ئەوێوە. ئاشبەتاڵ و ٣١ی ئاب و نسکۆ و نوشوستی من، هەڵەبجە و ئەنفالم -**خۆ هەر کەسەمان ئەنفالی خۆی هەیە!**- لە مانگی حەوتدا بووە، ئەگەرچی ٧ وەک ژمارەیەکی ڕۆمانسی لە تەقویمی فەلەکیدا خۆی نمایش دەکات، بەڵام **ژمارەیەکی فریودەر و خوێڕییە، مەلابەزێن و هیچوپووچ و ڕەجاڵە**، ئەشکانییەکان ئەم مانگەیان لە ساڵژمێری خۆیان دەرهێناوە، ڕۆمییەکان هەر منداڵێکیان لە مانگی حەوتدا لەدایکبوبێ خستوویانەتە ئاوەوە...

بڕووخێ مانگی حەوت!

***

## باڵابوون

زۆر سەخت نییە گەیشتن بە مەقامی گەورە.

**مەقامی مەزن هەر ئەوەیە، کە تێیدا من بیر لە تــــــــۆ دەکەمەوە..!**



Scanned with CamScanner

## سەنگی ئێستای تۆ

هەر بەڕاست، دەزانی سێ هەفتە لەمەوپێش لە شارەکەی تــۆ بووم، ئێــوارەیەک گوێمــان لە (کــاروان عوســمان) دەگــرت و لە ماشــێنی هاوڕێیەکـدا بەتەواوی ئەو شــارەدا ســووڕاندمییەوە. **نایشــارمەوە بیــرم کردی**... لە کوچەو کۆڵانی ئەو شارەدا بڕێجار هەندێ خانمم لێ بووە بە تــۆ، بەڵام ســەرم ســووڕاندووە و گوتــومە وازی لــێ بهێـنە نەیبینـی باشترە.

ناخۆشە ببیت بە "**نەیبینی باشترە**" و **نوقتەیەک**، وانییە؟
بەڵام خەفەتی ناوێ، ئەوە ئەو کەفوکوڵەی خۆتە کردویتـی بە "**نەیبینـی باشترە**" و **نوقتەیەک**..!

***

## بەختەوەریی

بەختەوەریــی زۆریــش ســەخت نیــیە لە ئێمەیــان کــردووە بە تەیــارە، پاســپۆرتێک و کــارتێکی بانــک و کــامێرایەک، بــڕۆ بە جیهانــدا ســەفەر بکە...

**تێبینی: خۆم هیچیانم نییە!**



Scanned with CamScanner

# دڵپاکیی

که لەگەڵ مرۆڤی ئەم دەورروزەمانەدا دەکەویتە مامەڵە و پەیوەندییەوە، **دوو ڕێگات لە بەردەمدایە**، یان لە سەرەتاوە پێی بڵێی: بە قوربانی باوکت بم درۆم لەگەڵ مەکە، یانژی برێ ڕاشکاو و ڕادیکاڵتر پێی بڵێی: **لەگەڵمدا ڕاست و ڕەوان دەبیت**، سەرسەر و سەرچاو، ڕاستگۆ نابیت، **دەتەوێ فریوم بدەیت، فێڵم لێ بکەیت، دڵپاکییەکەم بقۆزیتەوە و دەگەم لێ بدەیت، بمکەی بە بەردەبازی ڕێت، بە پەیژە و پیامدا سەریکەوی**، ئەوە دەتشکێنم و دەتکەم بە یەک قەترە قۆنەرە!

بەداخەوە پەیوەندیگرتن لەگەڵ مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە ڕێگای سێیەمی نییە!

***

# دایکە، ئێمە منداڵە تەنیاکانی ئادەمین

لەگەڵ دایکم بەتەلەفۆن قسەمان دەکرد، لە شوێنێکدا وتی: "ڕۆڵە، جاران خەوەکانت زۆر گەورە بوو" -دایکم جیاوازیی نێوان خەو و خەون ناکات- وتم وەڵا ئێستا ئەوەندە بچووک بۆتەوە بەئاسانیی لە دەستێکی تۆدا جێگەی دەبێتەوە، وتی بۆ بووە بەچی؟

وتم: **"دایکە ئێستا هەموو خەونەکانم بووە بەوەی سەری مانگ بتوانم کرێی ژوورەکەم بدەم و قەرزار نەبم!"**


دواى ئەم قسەیە بێدەنگ بوو هیچی نەوت،

دواى ئەم قسەیە بێدەنگ بووم هیچم نەوت!



Scanned with CamScanner

به جادەیەکدا وڕ وڕ دەڕۆم،
بە شەقامێکدا گێژگێژ دەخوولێمەوە...
بیر دەکەمەوە،
**ئەوەی بۆ سەرەوەیش دێ،**
**هەر بۆ خوارەوە دەڕوات..!**





Scanned with CamScanner

# هیوادارم

عەسر بوو، وا دەزانم ئێستایە، وەڕزیم دەکردی و تۆ نەبووی، مۆبایلەکەم گرت بەدەستمەوە و نووسیم سێ سەعات و یازدە دەقیقە و بیستوچوار چرکەی ماوە؟ نووسیبووت چی؟ نووسیم هاتنەوەی تۆ... نووسیبووت: "**ئەک بەقوربـــــــــان...**"

ئەمڕۆ سێ ساڵ و یازدە مانگ و بیستوچوار ڕۆژ بەسەر نەهاتنەوەی تۆدا تێدەپەڕێ. تۆ ڕاهاتووی، **من هەر لە شوێنی خۆمم، نامەوێ زۆر بەسەر خۆمدا بیهێنم، نامەوێ بچمە ژێری، لانیکەم نامەوێ لەبەرچاوی خەڵک پێمەوە دیاربێت.** هیوادارم ژیانی تۆ زۆر بەتاڵ نەبێ، چ نەبێ ئێستا بەقوربـــــــــانی کەسێکی تر ببێت!

***

# دڵتەنگبوون

من کە دڵم تەنگ دەبێت،

بە تەنیا لە گوێ چەمێکدا دادەنیشم و ئاو دەژەنم!



Scanned with CamScanner

## خانوویەک شک نابەن بۆ کرێ؟

ئاژەڵی نەبێت، منداڵی نەبێت، جگەرە نەکێشێت، نەخواتەوە، میوانی نەیەت، ئیکۆنۆمی بەرز بێت و ئیشی بەردەوامی هەبێت... ئاخر گەلۆ، تۆ کچم پێ دەدەیت، یان ژوورم دەدەیتێ بە کرێ! بووم بە فرفرۆکە، سەری مانگ دەبێ ئەم ماڵە چۆڵ بکەم و تائێستاش خانووم دەست نەکەوتووە، هەیە بەو پارەیەی ئێمە نییە، هەیە بەو مەرجانەی سەرەوەو لە بنی دونیاش.

**یەک جار کە ماڵت لێ تێک چوو بۆ هەتاهەتایە لێت تێک چووە، ئەوە ئەگەر نەتەوێ وەک دەستبڕێک بژی، عیزەتی نەفست بپارێزی و نەبی بە خۆفرۆش و قەڵەمفرۆش،** یەک تۆز کەرامەتت تیابێت و بۆ ئیقامە نەچی دەستی خەڵک ببڕیت و مارەی بکەیت، دەبێ هەروا بژی...

دە بخۆ دەردت بێ... دەی!

***

## بریندار بوون

تــۆ من بە چی دەزانی، **بۆ وا دەزانی من بریندار نابم!**

دەزانی حەز دەکەم دەست بگرم بە دڵمەوە و قوڵپ قوڵپ بتهێنمەوە!



Scanned with CamScanner

# تاتۆ

دووقــۆڵیی لەســـەر کورســـییەکی دارینـــی درێـــژی کەنـــار دەریـــاکە دانیشـــتبووین، بەوەدا ژنـــان هەمیشـــە حەزیـــان لە فـــۆڕمی نـــوێیە، ئەو بابەتەی کردەوە، کە دەمزانی دەمێکە لە دڵیایەتی. وتـی: "بۆ تـاتۆیەک ناکەی ئا لێرەی ملت"-پەنجەی ناسکی دانا لەسەر ملم و من کارەبا گرتمی و داچڵەکیم- درێژەی دایە: "ئینجا چونکە بـاڵات درێـژ و گەردنـت بەرزە" وا و وا لێت دێ... قسەکەم پـێ بـڕی و وتـم: چۆن نیشانەیەک لەسەر جەستەم جێ دەهێڵم، کە بۆ ماوەیەکی درێژ یان هەتاهەتایە لێـی نەبێتەوە!

من هەموو شەوێ وا سەر دەنێمە سەر سەرین، کە بەیانی هەستام، هەست بکەم هەموو ئەو شتانەی تائێستا زانیومە هەڵەیە و شتێکی تر هەیە ڕاستە، ئێستا چۆن جەستەم بۆ ئایدیایەکی ڕاگوزەر عەیبدار دەکەم!

وتی "وەڵا ڕاست دەکەی."

دەمزانی درۆ دەکات و تێ نەگەیشتووە!

***



Scanned with CamScanner

**دژناودژن لەگەڵ بیکێت..!**

وتم: ماشەڵا کە جوانی...

وتی: چاوت جوانە، سوپاس...

وتم: سوپاسم ناوێ، یەك دونیا سوپاسم هەیە!

وتی: ئەی چیت دەوێ؟

قەیرێکی باش بێدەنگ بووم، قەیرەودوا گوتم:

"هیــچ"!

ئەو وشەیەم لە قووڵایی دڵمەوە گوت...



Scanned with CamScanner

## پیاو و میاو!

پیاو شتێکی خۆشە، بازیچەیە، یارییە... خوداوەند کە دروستی کرد وتی با شتێکی عەنتیکەیشمان هەبێ. نەوەڵا تۆ تەماشاکە لە مینۆی مەخلوقەکانی خودایا لە پیاو گەمژەتری تێدا نییە، **لەسەر مۆرەیەک، لەسەر قازێک، تا خوێن دەڕژێن لەگەڵ یەکدا**. پیاو نەبا ئەی سەیری چیمان کردبا، ئەی بە کێ پێبکەنینایە؟!

بەڵام ژن نــــا، ژن ساحەبی یارییەکەیە، داش و داشماڵ هی خۆین.

**ژنان ١٢ جۆر پێکەنینیان هەیە، تەنها یەک جۆری ڕاستەقینەیە، ئەوانی تر بە تۆی پیاو پێدەکەنێ، بە عەقڵە کەموکورتەکەت**... ئێستا لە دەرەوەم، بەڵام لە کاتێکی تردا ١١ جۆرەکەی ترت بۆ دەنووسمەوە.

***

## پرۆڤە!

وا بیر دەکەمەوە؛ ئێمە لە شوێنێکی ترەوە هاتبین، ئێرە پرۆڤەیەکە، تەواوی دەکەین و دەچینەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووین. ئەگەر ئێرە جێگا ئەسڵییەکە نەبێ و شوێنێ پرۆڤە بێت؛ ئەوە دەبێ جێگا ئۆرگیناڵەکە لێرە خۆشتر و باشتر بێت، هیوادارم لەو دونیایەی تر هیچ کەسێک لەوانە نەبینمەوە کە لێرە لەم پرۆڤەیەدا بینوومن... منیش حەقی ئەوەم هەیە دەموچاوی تازەتر بناسم.



Scanned with CamScanner

# ئەمشەو دڵم دەکەم بەخێر

ئەو ناونیشانە دێڕە شیعرێکی خانمە شاعیر (نیگار نادر)ـە، لای مـن زۆر جوانە. ئەها شـەوێ خـۆت فریـاد بکەی لە هەرچی کۆتوبەنـدە، دەزانـم تێگەیشتنی ئەمە قورسـە، لـێ **ئەیشـزانم لەنێـو هەمووماندا ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆمـان نەکەیـن، باڵنـدەیەک هەیە بـۆ ئەم ئـازادییە ڕەهـایە دەخوێنێ**، بەڵام مرۆڤ ترسنۆکە، بۆ ئەمە پێویسـت ناکـات کچۆڵەیەکی قژسـوور بیـت لە نیویـۆرک و وەک کـاراکتەری نێـو فیلمەکـان هێرۆینـت کێشابێ و لە نیـۆنە ڕەنگاوڕەنگەکانـدا سـەر بابـدەیت و ئاگـات لە دونیـا نەبێ، **نـــا من باسی ڕۆح دەکەم.**

ئەم چەند دێڕە پێشکەشە بە تۆ، کە ناوێری بە دەنگی بەرز بڵێی وایە!

***

# دۆزەخ لەگەڵ من

تـــۆ لە خۆتەوە هۆگری مـن نەبیـت. ئەزانـم چیرۆکەکـان هەر وا دەسـت پـێ دەکەن. لـێ **مـــن پیـاوی ئازارەکـانم**. بەرگەگرتنـی جەهەنـنەم لە بەرگەگرتنی من ئاسانترە!



Scanned with CamScanner

# دەست بە قسەوە بگرین

لەگەڵ شاعیرێکی بەڕێز بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، وتم بۆ ئێستا نانووسیت؟ دەستبەجێ وتی نووسین نەخۆشم دەخات!

تەنها کەسانێک لەم دێڕە تێ دەگەن، کە بەسەر نووسینەوە نەخۆش کەوتبێتن-خەڵک هەیە بەسەر نووسینەوە مردووە، وەک چۆن ئافرەت بەسەر منداڵەوە دەمرێ!-

چیرۆکێکی خۆمم بیرکەوتەوە، شەوێکیان لە کاتی نووسینیدا هێندەم تەرکیز کردبوو، کە هەم لووتم پژا هەم خوێن لە گوێمەوە هات. من دەمنووسی و دڵۆپی خوێن دەتکایە سەر کاغەزەکەی بەردەستم، کە چیرۆکەکە دواتر بڵاوبۆوە دەنگدانەوەیەکی هێجگار گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. بەم جۆرە **شتێک، کە بە خوێن بنووسرێ دەگاتە خوێن!**

بیرم لە ئینسانی چەنەباز دەکردەوە، برای فرەوێژ... خوشکی ناخۆشکەلام، ئەگەر پەیامێکی گەورەت نییە بۆ ئەوەندە قسە دەکەی، خۆ دکتۆر بۆی نەنووسیوی، بەڕێز!

***

# دڵشکان


دەمێکە دڵم لە ئینسان ناشکێ، هیچی پێوە نەماوە کوێی بشکێت!



Scanned with CamScanner

**کوشتن!**

هیوادارم ئیشت پێی نەبێ،
بەڵام ئەو کاتەی وا دەزانی هیچ ڕێگا نەماوە،
**ڕێگایەك هەر ماوە!**





Scanned with CamScanner

# نەفرەت لە داریوش!

داریـوش خەتەرە، لیسـتی نـاوی ئەوانەی لەسـەر دەسـتی هـونەری غەمگینی (داریوش) خۆیان کوشتووە، کورتتر نییە لە لیستی ژمارەی ئەوانەی لەژێـر کـاریگەریی ئەم کـورە ڕیشـنە و هـونەر و گـۆرانییە جوانەکانییدا تلیاکیی بوون! شکور دەمێکە گوێی لێ ناگرم، کەچی ئەم ئێوارەیە، ئەم گۆرانی (دل من)ـە بـردمییەوە بـۆ ڕۆژگـارێکی غەمگین و دانیشتم کـردم بە کـوردی. لەم گـۆرانییە جـوانەدا لەبـری ئەوەی لـۆمەی خەڵک بکەیت، لۆمەی دڵی خۆت دەکەی، **لە ڕاستیشدا ئینسان کێشەی لەگەڵ خۆی هەیە، لەگەڵ خەڵک نییەتی**، جا خەڵک بە زەحمەت باوەڕ بەم ڕاستییە جەهەنەمییە دەهێنن!

***

# نهێنی!

**هەموومان نهێنیی خۆمانمان هەیە،**
ئەوەی نهێنیی نییە لە دووحاڵ بەدەرنییە،
یان مردووە، یان هێشتا **لەدایک نەبووە!**



Scanned with CamScanner

# شەکرەبەفرە و شاعیرەکەی

زستانی ساڵی ٢٠٠٨، کە وەک پەناهەندەیەکی ڕووتەڵە لە وڵاتێکی پەڕپووتی کۆنەسۆڤیتی جارانەوە چوومە ئەڵمانیا، کەسم نەدەناسی، زمانم نەدەزانی، لە ڕووی ڕۆحییەوە لەوە ماندووتر بووم بزانم چی دەکەم و لە کوێ بارگە دەخەم و بۆ کوێ دەچم... سەعات ١٢ی شەو گەیشتمە شاری کۆڵن، کە گەیشتم بەفر دەباری، لەودیو جامی پاسەکەوە پیاوێکی دەموچاو وردیلە، شووشەیی، دڵناسک، لە بلوز و ملپێچێکی گەورەدا وێستابوو چاوەڕێی دەکردم. **ئەو پیاوە کاک (بەرزان هەستیار)ی شاعیر بوو، کە من لە ژیانمدا پێشتر نەمدیبوو. یەکەم دیدارمان لە بەفردا، بۆ من بوو بە یادەوەریی، ئێستا هەر بەفر ببارێت من ئەم هەستیارەم بیر دەکەوێتەوە،** بەتایبەتتر ئەگەر بزانن، شیعری گۆرانی (شەکرەبەفرە)ی بەهجەت یەحیایش هی ئەم پیاوەیە.

بەرزان هەستیار، زستانی سوید هەمیشە بەفرە، هەمیشە تۆیت... ئەوەتا بەفر دەبارێ و ئەوەتا من بیری چاکەکانت دەکەم.

***

# باشبوون

تۆ هەر دەڵێی: "باش دەبی."

چۆن چۆنی باش دەبم،

**کە سەری خۆمم گرتووە و توندتوند داومە بە ژیانی تۆدا؟!**



Scanned with CamScanner

# مقاش

تـۆ لە ئەڤینـدا بە مەقاشـێک، کە دەسـتی خـۆتە، پشـکۆیەکی سـوور هەڵـدەگریت، کە نـاوەوەی خـۆتە و دەیچزێنیـت بە گۆشـتێکدا، کە دڵـی خۆتە... بۆکڕووزێک هەڵدەگژێ بە ڕووخسـارتدا... دووکەڵەکەی پێستی سـیمات دادەمـاڵێ و وەک جومجـومەیەکی ڕووتـی خوێنـاویی دەچێـتە بەردەم بەرانبەرەکەت، **ئەوە ئەو کاتەیە، کە ئەو لێت دەترسێ و هەتـا دەتوانێ لێت هەڵدێ... بۆیە تۆ خۆشت دەوێ و ئەو لێت ڕا دەکاااا..!**

لە دۆخێکـی وادا ژیـان دەبـێ بە ماراسـۆنێک بەدوای سـێبەرەکەی خۆتدا...

هیوادارم تـۆ وەک خـوێنەری ئەم دێڕانە، ئەو ماراسـۆنە هەر لە کتێـب و تیڤیدا ببینیت!

***

# هەڵەتێگەیشتن

لە وەڵامـی ئازیزێکـدا، کە بە سـووکەگلەییەکەوە تۆمەتبـاری کردبـووم بەوەی مـن زۆرجـار نووسـینەکانم ڕەشبینانەیە و (بەرگریـی لە مەرگ)! دەکەم... لە ئاستێکی سادەدا، کە بتوانێ بێ سەریەشـە تـێ بگات بـۆم نووسـی: **گیـانی گیـانم... ئەوەی مـن پەسـنی دەکەم مەرگ نیـیە، بیرکردنەوە لە مەرگە!**



Scanned with CamScanner

زۆری بۆ دامەچۆ، خەڵك موڵكی تۆ نییە، هی تۆ بێت ناڕوات، بشڕوات دەگەڕێتەوە. بەکورتی، ئەوانەی زوو دێن زوو دەڕۆن، ئەوانەی درەنگ دەڕۆن زوو دێنەوە!





Scanned with CamScanner

# لەبیرچوونەوە

نازانم خودا مرۆڤ لە بیر دەکات یان نا، بەڵام دەزانم جێی دەهێڵێ... ئەی ئەوە نییە مەسیح لە دواقسەیدا لەسەر خاچەکەی ئەم ڕستە گڕتێبەردەرە دەڵێ: "باوکە، بۆ بەجێت هێشتم؟!"
ئیدی ئاوها هەندێ جار ناوی مرۆڤێک لای خودا، فەرامۆش دەبێ، ون دەبێ، فایلەکەی دەکەوێتە ژێرەوە، **ئێ خوداش بەو مەزنییەوە هەزار ئیشی هەیە، خۆ هەر تۆی نییە، بەڵام دوای ساڵەهای ساڵ، کە ڕۆژێ ناوەکەتی دەکەوێتەوە بەرچاو، قەرەبووت بۆ دەکاتەوە.** بەم قەرەبووە ڕۆحییە دەوترێ موعجیزە Miracle، ئەم چیرۆکە هەزاران جار ڕووی داوە و **من چاوەڕێم جارێکی تریش ڕووبداتەوە!**

***

# نەوەکانی پیاوکوژێک

ئەگەر ئادەم تەنها دوو کوڕی هەبووبێت، یەکێکیان (قابیل) ئەوەی تریان (هابیل)ی کوشتبێت، **واتە ئێستا ئێمە هەموومان کچ و کوڕی قاتیلێکین، یانی خوێنی پیاوکوژێ لەناو ئێمەدا دێ و دەڕوا.** ئەم نەفرەتییە چییە لە خوێنی ئادەمیزاددا خودایا؟!



Scanned with CamScanner

# دونیا چەند گەورەیە؟

چەند ڕۆژێکە بە پێوەم، یان بەخێرهاتنی میوان دەکەم یان ماڵئاوایی، ئەوان بۆ نیشاندانی خۆشحاڵییان لە هاتنەوەی من زەحمەتیان کێشاوەو لێرەن. هەمووان پرسیار دەکەن، بەنزیکەیی هەمووان یەک مەبەستیان هەیە: ئەولاتر چییە؟ ئەولاتر چۆنە؟ پوورم کەمێک بە تاسە و برێک بە خۆشحاڵی بردنەوەی گرەوێک ڕووەو من دەنگی بەسەر میوانەکاندا بەرزکردۆتەوە: بۆخۆت هەموو دنیات بینی!

من خەیاڵم ڕۆیشتووە، لەم دونیا ڕاستەقینەیەدا سەد ملیار گەلەەەسارە هەیە، ڕێگای کاکێشان یەکێک لەو گەلەەەسارەیەیە، کە زیاتر لە دووسەد ملیار ئەستێرەی لەخۆگرتووە، خۆرو کۆمەڵەکەی کە دەکاتە دونیای ئێمەش یەکێک لەو دووسەد ملیار ئەستێرەیەیە... لەبەرخۆمەوە دەڵێم: دونیا زۆر گەورەیە.. زۆر، دونیا بێمەعنا گەورەیە!

پوورم ئەڵێ: ئەڵێی چی ڕۆڵە؟

***

# بەڵکو هەبێت!

بەڵکوو ئەمە خودایە دنیایەکی تر هەبێت، ئەگەر هەمووی هەر ئەمەبێ کە دیمان، یانی هیچ..!

# نووسین و سێرک

هەر نازانم بۆ لەو نێوەندی ڕوناکبیریی کوردییەدا هەندێ بڵاوکراوە هەن، سەللـەیەکی زبڵـن؟ ئیفرازاتـی یەک دنیـا خەڵکـی نەخـۆش، یەک دنیـا بیماری لات... خۆ نەخۆشە داماوەکە حەقی شەرعیی خۆیەتی دابنیشێ و کاغەز ڕەش بکاتەوە، دابنیشـێ و بلاڵێتەوە و وڕێنە بکات، بەڵام دەزگـایەک حەقـی نییە ئەم زەرداوەمـان بە ئینشـایەکی زەعیـف، بە بەلاغەتێکی کۆڵ، وەک ئەدەب دەرخواردبات... من وەک تەنەکەی خۆڵ تەماشـــای ئەو بڵاوکـــراوانە دەکەم، ئەوەی (ســـتیگ داگرمـــان)ی خوێندبێتەوە دەزانـێ جارجارەیش لە تەنەکەی خۆڵـدا بەهەڵـکەوت شت دەبینییەوە، کە ئەوێ شوێنی ئەو نییە.

نووسـین دەبـێ پەتـی سـێرکەکە بێـت، ئەوەی نـاتوانێ بەسـەریدا بـڕوات بکەوێتە خوارەوە، ئەوەی بکەوێتە خوارەوە بمرێ!

***

# بە نەفرەتبن شاعیرەکان!

شاعیرەکان ئەو بونیامانەن فریویـان داویـن، **شـتەکان جـوانتر دەبیـنن**، ڕەنگە چاوی ئەوان لە ئەڵماس بێت، ڕەنگە لە قوڕێکی تـر بـن، بەشێک لە بەلاغەتیان لە خودا دزیوە. ڕاستتر ئەوان پیـاوی خوداوەنـدن لەسـەر ئەرز، **دەستێکیان لە یارییەکەدا هەیە!**



Scanned with CamScanner

باری تەعالا،

ئەم هەموو دەجالە گەورمیە چی بوو،
ناردتە ئەم ژیانە چکۆلەیەی منەوە!





Scanned with CamScanner

# بۆچی (هاوڕێ!) گۆنەکانم سڕییەوە؟

دەبێ خەڵک فێر ببێت، قەباغی کیسەڵ نییە بە کۆڵمەوە، من کە ڕۆژێک توانیبێتم دایکم جێ بهێڵم، دیارە زۆر ئاسانە هاومێژەکانی پێشووم بسڕمەوە، کە چاویان بە بەرهەمەکانم هەڵنایەت و تاقەتیان نییە لە چاپبوونی کتێبێکیشدا -کە تۆ خوێنی خۆتت تێدا دڵۆپاندووە، پیرۆزباییەکت لێ بکەن- کەچی دەتوانن دەیان شەو دانیشن و بیگرن بە تۆوە، بەبێ ئیحترامگرتنی مێژووی خۆیان، هەزار بوغزت پێ بڕێژن، هەزار قسەت دوابخەن. دەبێ ئەوان بزانن، من هەمیشە حورمەتی مێژووی خۆمم گرتووە و وەختی خۆشی لەبەرئەوەی کەسی لەوان باشترم شک نەبردووە، مەرحەبام کردوون، **بەڵام ئێستا دەزانم دونیا زۆر گەورەیە... زۆر، دونیا بێ مەعنا گەورەیە!**

خۆ دکتۆر بۆی نەنووسیوین، دابنیشین بەدیار ئەو هەموو کینەلەدڵ و ئێرەیی پێبەر و بوغزنەوە. **بەیانی تا ئێواری ناشرینیی خۆی دەکات بەناو سکماندا، ناشرینیی پێویستی بە نوێنەر نییە، ناشرینیی هەموو دونیای کوردی تەنیوە،** ئەوەی نییە و کەم و دانسقەیە، جوانی و دڵپاکیی و هاوڕێی نیانە، کە دەبێ بیاندۆزینەوە.

ئەوە ئەو شتەیە،

کە من لە تەنیاییەکی ئاڵتوونییدا چەند ساڵێکە دەیکەم.

***



Scanned with CamScanner

# لەنێوان سەیدسادق و ڤییەنادا

ساڵی ٢٠٠٩یە لە پاسێکی قاوەیی قوڕاویی پیسدا لە بولگاریاوە بە ڕۆمانیا و هەنگاریادا هاتووم و لە نەمسا دابەزیوم. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا گێژەڵووکەی بەفرم لەم خاکە بینی، زستانێکی سەخت، دونیا سپی، سپییەکی بوغزن، بوغزنێکی مۆن و هەوایەکی ساردی نەشتەریی، هەوایەک هەم هەناسەی سارد و هەم دڵی بونیامی لەم ڕۆژانەی سەرەتای ساڵی تازەدا تەنگ دەکرد... **جا کە پارەت پێ نەبێ لە چلەی هاویندا سەرماتە، چ بگات بە گیرفانی خاڵیی لە وڵاتێک نە کەسی لێ دەناسی، نە زمانەکەیان دەزانی، نە گەشتیارێکی یاساییت، نە کەست لەگەڵدایە، تاک و تەنیا خۆت و خەمگینییەکەت، خۆت و خوا.**

بۆ من سەیدسایق لە ڤییەنا خۆشتر بوو و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕایەم... بۆ؟ منداڵ بووم دایکم بردومییە سەر ئاوە بە خوڕەکەی سەرای سوبحان ئاغای تەنیشتی سەیدسادق، وێنە بێگەردەکانی منداڵیم لە ئەرشیڤی زەینمدا لە جێیەک هەڵگرتووە، کە بیری لێ دەکەمەوە هەموو دەمارەکانی مێشکم دەدرەوشێنەوە...

بەکورتی، من لە ساتێکی خۆش سەیدسادق و لە کاتێکی زۆر ناخۆشدا ڤییەنام دی...

ئێستا باوەڕ بەو دێڕە دەکەیت، کە لە (ژوولیا و مەولانا)دا نووسیم،

**جیهانی مرۆڤ لە ناوەوەیە و لەدەرەوە نییە!**



Scanned with CamScanner

# بۆ هەرمێ

ڕۆحی چکۆلانەی بابە، ئازاری نەبینینی تۆ درکێکە لە قوڕگمدا، دەبێ گەورەتر بیت تا تێ بگەیت چی دەگوزەرێ، مرۆڤەکان چەند دڵڕەقن، دونیا چەند خوێڕییە، هەندێ شتم لە کتێبەکاندا بۆ نووسیویت، ئەو کتێبانەی یەکەم لاپەڕەی هەموویان بە ناوی تۆ دەست پێ دەکەن.

دەبێ تێ بگەیت من ناتوانم بگەڕێمەوە، ڕۆژگارێکە تێی کەوتوین، باوک و فەرزەندیمان وادیارە هەر ئەبێ بە فۆتۆشۆپ لای یەکەوە بێت.

(هەرمێ)ی بابە، من سەبارەت بە تۆ لە خۆم خۆش نەبووم، ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، شیعرە جوانەکەی مامۆستا (گۆران) لە گوێمدا زایەڵە دەکات، کە دەفەرموێ:" حەقت بوو بەحر پڕکەی لە تف، بیدەی بە ناوچەوانی باوکیمدا.."!

بەڵام ڕۆژێک دێت تێ دەگەیت، من خەریکی چی بووم!

***

# منداڵبوون

کتێب چاپکردن وەک منداڵبوون وایە،

تەنها نووسەرەکان دەزانن چ چێژ و عەزابێکە پێکەوە..!



Scanned with CamScanner

هەمـوو دونیـا لەلایەك، تـۆ بە هەڵەكانیشـتەوە لەلایەك... خـۆت دەزانـی لە نێـو هەموومانـدا شـەیتانێك هەیە، ئەی دەڵێـی چـی ئەگەر بڵێم؛ **من شەیتانەكەی ناویشتم خۆش دەوێت..؟!**





Scanned with CamScanner

## ژیان بێ ئەندازە بێڕەحمە

ئەگەر مـن چیرۆکـی (کوشـتنی منـداڵێک-Att döda ett barn)ی نووسـەر سـویدی (سـتیگ داگرمـان)م نووسـیبایە نـاوم دەنـا: (شـەکری سوور).

**چیـرۆکەکە لەسـەر ئەو دڵـڕەقییە دەوەسـتێت، کە وەک ئەتـۆمێکی بنچینەیـی لە پێکهـاتەی ژیانـدا هەیە، ئەوەی ڕۆژێکـی خۆشـمان لـێ دەگۆڕێت بۆ دۆزەخ.**

پیاوێک و هاوسەرەکەی بڕیار دەدەن بە ئوتۆمبێلەکەیان بـڕۆن بـۆ قەراخ دەریـا و لەوێ بە بەلەمەکەیـان تـا مانـدووبوون سـەوڵ لـێ بـدەن و لە شـینایی دەریـادا بحەوێـنەوە. پـێش ئەوەی بـگەن، مـاڵێکی گونـدیی، شەکریان لێ بڕاوە، دایکێک، منـداڵەکەی دەنێرێـت بـۆ ماڵەدراوسـێ، بـۆ دوو- سـێ کڵـۆ قەنـد، ئەوەی هەمـوو چیـرۆکەکە هەڵـدەگێڕێتەوە ئەو جـادەیەیە، کە دەبێـت بە چەقـی ڕووداو و دەکەوێـتە نێـوان ئەو مـاڵەی شەکریان نییە و ئەو ماڵەی شەکریان هەیە!

***

## ئێ من چیم دەوێ؟

زەرفـێ گەنمەشـامی، تـــۆ لە تەنیشـتمەوە دانیشـتبێتی و پـێکەوە سەیری فیلم بکەین. حەزدەکەم بزانی فیلم و گەنمەشامی و تەڕەمـاش و شت بیانوون، ئەوەی بۆ من گرنگە لەم دیمەنەدا ئەوەیە:

تـــــــــــۆ لە تەنیشتمەوە بیت!



Scanned with CamScanner

## حەددم چییە!

خۆ من حەددم نییە لە ئیشی خودایا قسە بکەم، بەڵام ئەوە کوێی عەدالەتە تۆ و کوڕێکی سویدیی، تۆ و کچێکی نەرویژی،؛ هەردووکتان وەک یەک ژیانتان لەسەر حساب بێت؟! بەو تێگەیشتنە کرچوکاڵ و کەمەی من بۆ خودا هەمە، بەو باوەڕە کە بە هێزی حسێونەکراو و لەبنەنەهاتووی هەمە، **بۆ خودا زەحمەت نەبوو، ژیان بە ڤێرژنێکی کامڵتر، بە نەخشەیەکی جیاوازتر لە ئێستا دروست بکات.** ئەگەر وا دەزانی خوا نازانێ و ناتوانێ لەمە باشتر دروست بکات، ئەوە تۆ ئیمانت بە خودا لەقە و لە هێزی بێسنووری بێخەبەریت. بەکورتی، کە بیردەکەیتەوە، کە لە کەماڵی خودا ڕادەمێنیت، هەست دەکەی شتێک هەیە لە شوێنی خۆی نییە.

**خۆ من حەددم نییە لە ئیشی خودایا قسە بکەم.**

***

## ئاوڕێک بۆ پێشەوە!

پەیامێک بۆ پێنج سەدە لەمەوپێش، بۆ ئەو فەیلەسوفەی لەم شارەی مندا، لە ستۆکهۆڵم دەرمانخوارد کرا و مرد، جەنابی (ڕینییە دیکارت) بە ڕووخسەتی خۆت، ئەوە من (شارپستە-کۆجیتۆ)کەت بەم شێوەیە دەگۆڕم: **من دڵم تەنگە، کەواتە من هەم!**



Scanned with CamScanner

# سێوی خەیاڵ

لە ڕۆمانی شەیتانەکانی (دۆستۆیڤسکی)دا، ئەوکاتەی ڤارڤارا پترۆڤنا لە گفتوگـۆیەکی ڕاسیۆنالیسـتیی قووڵـدا بە تـووڕەییەوە بە سـتیپان تراڤیموڤیچ دەڵێت: "تۆ وێنەی سێوێک بکێشە و سێوێکی ڕاستەقینەش لە تەنیشـتییەوە دابنـێ، ئینجـا بـزانم بـۆ ژیـانی خـۆت کامیـان هەڵدەبژێریت؟"

من پێش تراڤیموڤیچ کەوتم و گوتم: سێوی نـاو تـابلۆکە... ئەو سێوەی کە کێشـاومە، ئەو سـێوە فەنتاسـییە، کە ئـاوی لە خەیـاڵی مـن خواردۆتەوە، چونکە سێوی ناو تابلۆکە، سێوێکی ئەبەدییە، سێوێکە کرمێ نابێ، ناگەنێ، ئەوە تەنها سێوی دونیـایە، کە لە خاوەنـدارێتی پەشیمان نیم، هەرچی سێوە ڕاستییەکانە بۆ ئێوە.
من سێوی ناو تابلۆکەی خۆمم دەوێت.

***

# دڵسۆزیی

دڵم نایە ئەم ژانەسەرەم بەتەنیـا لە مـاڵەوە جـێ بهـێڵم و هەستم بچمە دەرەوە. خۆم دەزانم ئێواران ئەم شارە گەورانە چەند تەنگ دەبنەوە. چەند... چەند!



Scanned with CamScanner

**سەریەشە!**

غەریبیم خوارد و غەریبیی خواردمی...

جیهان سەری دەیەشێت و

من پەڕۆکەیم بە ناوچەوانمەوە بەستووە..!





Scanned with CamScanner

# پێکەنین

بیـری پێکەنـین دەکەم. حەزم لە پێکەنینێکـی قـایمە، ئەهـا بەپشـتدا دەکەوی. دەنووشتێیتەوە و دەست دەگری بە سکتەوە، ئەهـا چاوت پـڕ دەبێ لە ئاو، سوور دەبیتەوە، ماوەیەک هەناسـەت بـۆ نـادرێ، دێیـتەوە باری ئاسایی لەپڕ بەخێرایی، بێ ئەوەی بەخۆت بێـت، قاقـا دەکێشـی... دیسان سوور دەبیتەوە. دیسان دەکەوی بەپشتدا...

ئەرێ لە کەیەوە وا پێ نەکەنیوی؟

***

# خوێنخۆر

ئینسان بە ئینسانی لەدایک دەبێت، بەڵام ئەگەر زۆر ئاگای لە خـۆی نەبێت بە ئینسانی نامرێت، سەگ بە سەگی دەترکێ و سەگانە دەژی و بە سەگی سەردەنێتەوە و دەتـۆپێ، کەچـی مـرۆڤ کـۆمەڵێ فـۆرمی زۆر دەگـۆڕێ لەژیانیـدا، لەوانەیە جـارێکیش لەجـاران ڕێـی بکەوێـتە کەوڵـی سـەگەوە، بەڵام چونکە وەفای وەک سەگ لێ نایەت هەرزوو دەبـێ بە گورگ و بە شتی تریش!



Scanned with CamScanner

## یاریی دەزانی؟

چەند ساڵێک لەمەوپێش نازانم لە چ شوێنێکدا خوێندمەوە، کە ژیان وەک یاری شەترەنج وایە، ئەگەر بزانن تۆ یاریی نازانی هەموان یارمەتیت دەدەن بیبەیتەوە، بەڵام ئەگەر بزانن تۆ سەرکەوتووانە ئەم یارییە دەکەیت هەموان دەست دەدەنە دەستی یەک بۆئەوەی تۆ بدۆڕێی.

ئینجا ئێستا خۆت بڕیار بدە، **پێیان دەڵێیت، کە ئەم یارییە دەزانی یان نا؟!**

***

## بۆت هەیە پرسیار بکەی

ئەزموونی بچکۆلانەی ژیانی خۆم فێری کردووم، **لەدونیادا پرسیاری گەمژانە نییە، لە دونیادا وەڵامی گەمژانە هەیە،** واتە مرۆڤ بۆی هەیە لە هەر شتێ، کە دڵی حەز دەکات بپرسێ، خۆیشم هەر بەم ڕێسایە ژیاوم، بەڵام ئەم ڕەوایەتیدانە ڕەهایە بە پرسیارکردن مانای ئەوە نییە، لە هەموو کاتێکدا بۆمان هەبێت، هەموو پرسیارێک بکەین، **کات لە پرسیارکردندا زۆر گرنگە!**

**کەی کام پرسیارە دەکەیت؟!**



Scanned with CamScanner

## پرسیاری من

خوا چۆن تاقەتی هەبوو ٧ ملیار مرۆڤ بە یەک قەباغ، بە دوو دەست و دوو قاچ و یەکسەر، دروست بکات؟

**کە تەماشای مرۆڤ دەکەیت و پاشان سەرت دەسووڕێنی و سەیری دونیای ئاژەڵان دەکەیت، ئەڵێی دەستکردی وەستایەکی ترن، جیاوازیی** فۆرمی فیل و زەڕافە و کەروێشک و تاوس بێنەرەوە بەرچاوی خۆت!

***

## تەنیاییەکی ڕووناک

مـن پیـاوێکی کەمـدووم، جـاری وا هەیە بە هەفتەیـک چەنـد ڕسـتەیەک نـاڵێم، کەسـێکم دەوێ لە (ئەلـف)ی سـەرەتاوە تـا (یـا)ی کۆتـاییم بخوێنێتەوە. **من کاتی تێگەیاندنی خەڵکم نەماوە،** من لەناو خۆمدا گیرم خواردووە، سەری دەرەوەم ناپەرژێ. **ڕووناکییەک لەناومدایە خەریکە کوێرم دەکات.**



Scanned with CamScanner

کوردبوون،
دڕکێکە لە قوڕگمدا...
کوردبوونم، برینێکە زووخاوی لێ دەتکێ..!





Scanned with CamScanner

# بالآبوون بە شکاندن

ئەگەر تـۆ بـتەوێ ئیگـۆی کەسـێک بشـکێنی، ئەوا دەتەوێ کەرامەتـی بشـکێنیت، بەڵام ئەگەر خـۆی هەمـان کاربکـات —خـۆی ئیگـۆی خـۆی بشکێنێت— پێی دەچێتە مەقامێکی ڕۆحییەوە.

ئێستا خۆت سەرپشک بکە،

**دەتەوێ بچیتە خوارەوە، یان دەتەوێ سەربکەوی؟**

***

# جەنگ

نەفرەت لەوەی لە ئاسمانەوە بۆمب دەخاتە خوارەوە، نەفـرەت لەوەی لە زەوییەوە تەقە دەکات، **نەفرەت لەوەی هەردووکیان دەبینێ و هیچ ناڵێ و هیچ ناکات!**

***

# بێ بۆ!

جەلالەتی مەقام بڵند، ئوستازم مەحوی... بێ ئەدەبی نەبێ لە حـزووری جەنابتاندا، **مەستی هاوکلۆری ئێمە، نابێ بەدمەستیی بکات**، بـۆیە بـێ بۆ، خەراپەی لێ دەگرم.



Scanned with CamScanner

# دەچمە سەر گۆڕی یوژێن پۆتێ

سەختترین کار خوا دایناببێت کرێکارییە، لەنێو ڕشتە جۆراوجۆرەکانی کرێکاریشدا (کرێکاریی بیناسازیی) لە هەموویان ناخۆشترە. من وا بیر دەکەمەوە ئەم ئیشە خۆی می دۆزەخە و بەهەڵە کەوتۆتە سەرزەوی. شتێکە وەک پێستگورین، نا وەک ڕۆحگورین!

ئەمڕۆ دوای ٨ سەعات کرێکاریی، وەک فەڕاشێکی جەهەنەم لە گەرمەی ئەم کارە تاقەتپڕووکێنەدا، لەبەرخۆمەوە وتم: دەچمە سەر گۆڕەکەی (یوژێن پۆتێ)[1] و دەڵێم: "ئوستاز بە سێ جزمەی قورعان قەسەم، بە ئینتەرناسیۆنالیش ڕزگاری نەبوو جیهان!"

---

[1] - یوژێن پۆتێ (١٨١٦ _ ١٨٨٧) شاعیرو کرێکارێکی فەرەنسی بوو، کە سروودی ئینتەرناسیۆناڵی نووسیوە و ئەم شیعرە لە ١٩١٧ تا ١٩٤٤ سروودی نیشتمانیی یەکێتیی سۆڤیەت بوو، ئێستا کرێکاران لە سەرانسەری جیهان، چەپەکان، سۆسیال دیموکراتەکان بە سروودی خۆیانی دەزانن. "بە ئینتەرناسیۆنال ڕزگاری دەبێت جیهان" شادێڕی ئەو سروودەیە.



Scanned with CamScanner

## هەویکەت!

چەندین ساڵە لە خۆرئاوا دەژیم و کەس داوای هەویی لێ نەکردووم، ئەگەرچی لەدوای کارەساتی سێپتێمبەرەوە دواکردنی کارتێکی شوناس لەلایەن پۆلیسەوە لە خەڵکی پەناهەندە بۆتە شتێکی ئاسایی و من وا سەیری دەکەم سێپتێمبەر خاڵی تۆخکردنەوەی ئایدێنتیمان بوو بەو پرسیارە جەهەنەمییەی کە: "تــــۆ کێیــت؟" پرسیارێک ماناکەی بریتییە لە: "تۆ چەند مەترسییت بۆ سەر سیستمی ئێمە؟" بەهەرحاڵ، ئەو ساڵانە لە پەڕینەوەشمەوە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا و دوای ١٠ ساڵ مانەوە لە خۆرئاوا، ئێستاشی لەسەر بێت کەس نەیوت "هەوێکەت!"

**جارێکیان پێش سەری ساڵ بۆ هەفتەیەک ڕۆیشتمەوە بۆ سلێمانی، ئەو شارەی لێی لەدایک بووم! بەڕۆژی نیوەڕۆ لای ماسیفرۆشەکانی ئەسحابەسپی دوو ئاسایش ئەملاولایان گرتم و وتیان: "هەوێکەت!"** وتم: وەڵا هەوێم پێ نییە، وتیان لە کوێ دادەنیشی؟ وتم کاکە گیان من دانانیشم هەر بە پێوەم..!

وتیان دە پێشمان بکەوە بۆ ئاسایش!

***

## بەراوردکردن

**نائومێدم، وەک نائومێدیی خودا لە ئینسان!**



Scanned with CamScanner

باشـــترین خزمەتگـــوزاریی لە مۆبایلـــدا ئەوەیە، بـــۆ ئەوەی بیشکێنی دەتوانی بێدەنگی بکەیت. نازانم بۆ ئەم ئایکۆنە بەم تایبەتمەندیی و خزمەتگوزارییەوە لە مرۆڤدا نییە!





Scanned with CamScanner

# کتێبی ترسناک

کتێبی (ماڵباتی باسکواڵ دوئارتێ)ی کامیلۆ خوسێ سێلا، لەو کتێبانەیە، کە ژیانت ژێرەوژوور هەڵدەگێڕێتەوە و ئیتر گومان لە هەموو ئەو شتانە دەکەیت، کە بەناوی یاسا و پیرۆزیی و مۆڕاڵ و ترادیشیۆن و ئیتیکی گشتیی و تایبەتییەوە لە تۆ پەرژینیان کردووە. کتێبێکە نازانی لایک یان ئەنلایکی بکەیت، نازانی بگریت یان پێ بکەنیت. لەو کتێبانەیە بە دیاریەوە دەحەجمێی، ماتریاڵەکەت هەرچییەک بێت، دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە ناتوانێ بەئاسانی بخەوێت.

ئەو کتیبە بخوێنەرەوە.

***

# سەرقاڵیی

ماوەیەکە زۆر سەرقاڵم، بەڕاستی نازانم چی دەکەم، یەک دوو پرۆژەیەکم بەدەستەوەیە، دووەمیان ناڵێم بەس یەکەمیان ئەوەیە، کەم بیریکەمەوە، تۆزێک کەمتر ڕوو بدەم بە خۆم! خۆم تێی داوم، خۆم خواردوومی!



Scanned with CamScanner

## ماسییە سوورەکە

ئەگەرچی زانست بەتەواوی پشتڕاستی ناکاتەوە، بەڵام قسەیەک لەسەر ماسی (گۆڵدفیش- Goldfish) هەیە کە گوایا یادگەی ئەم ماسییە وەکوو خۆی کورتوکولە و لە تەنها سێ چرکە تێناپەڕێت. **واتە ئەگەر ماسییەکە لە خاڵێکەوە بجووڵێت بۆ خاڵێکی تر، کە دووریی نێوان ئەو دوو خاڵە بە ڕۆیشتنی ماسییەکە تەنها سێ چرکە کات بخایەنێت، ئەوە بیری دەچێتەوە لە چ خاڵێکەوە هاتووە!** بەم جۆرە هەموو جارێک، کە لەم سەری حەوزێکی شووشەوە دەچێت بۆ ئەوسەری حەوزەکە وا دەزانێت بە ڕێگایەکی نوێدا دەڕوات، کە پێشتر هەرگیز نەیدیوە! نازانم بۆ هەمیشە خۆ سووروشین کردنەوەی هەوادارانی پارتە کوردییەکان لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا ئەم ماسییە سوورە دەخاتەوە بیری من!

***

## سوێندی گەورە

ئەم (سێکس)ـە خوێڕییە، ئەم (شەهوەت)ـە بێ شەرەفە، سەری لەم عالەمە تێک داوە. بە قەبری باوکم، **هەموو بەهای ژیان (عەشق)ـە.** حەز دەکەی تۆ هەر بڕوا مەکە، تازە من قەبری باوکمم خواردووە.

....

Scanned with CamScanner

# مۆزەی دراو

خوێنەری ئێستا وشیارە حیکایەتت بە پوولێ لێ ناکڕێ، هەربۆیە چیرۆکنووسی ئەم سەردەمە ئیشەکەی سەختە. ئەمن دەمێ بوو دەمویست لەبارەی لێدانی سکە لە چاخەکانی پێشوودا زانیاریی وەربگرم، چونکە دەمویست چیرۆکێک لەو بارەیەوە بنووسم، ئەمڕۆ هەلم قۆستەوە و ڕۆیشتم بۆ (مۆزەخانەی ئابوریی نەتەوەیی- Sveriges Ekonomiska Museum).

لەوێ ئەشرەفیی سەردەمی دەقیانووس، پارەی ئیمپراتۆرە گەورەکانی چین و ڕۆم، دراوی قەیسەر و سوڵتانی لێ بوو، هەرچی ڕۆژێ عانەیەکی پێ بووبێ، عانەکەیان لێ سەندبوو هێنابوویان بۆ ئەم مۆزەیە. هەموو سکەکان گەمژەیی مرۆڤیان لە جەنگ و شەڕوشۆڕ، لە شۆڕسواریی کون لە جەرگدا نەبوو، لە پووشوپەڵاشی لاڕێ، لە قەڵای دوژمنشکێن دەگێڕایەوە... لەبەرخۆمەوە پێکەنینم بە مێژوو دەهات، خیامانە گوتم:
**ئەم هەموو شاهـ و شکۆیە کوانێ!**

***

# کلاسیکی مەزن

ناتوانم ڕێزی ئەو گەنجانە بگرم، کە شاعیرێتیی خۆیانمان وەک دووڕی یەتیم پێ دەفرۆشن و کەچی ئەدەبی کلاسیکیان نەخوێندۆتەوە.



Scanned with CamScanner

ژنان حلی سێیەمیان نییە،
کە بە خۆشەویستی پیاوێکیان بۆ نەگیرا؛
هەستەکەیان دەگۆڕن بە ڕق!
ئینجا تۆ هەر بڵێ وانییە..





Scanned with CamScanner

# دڵمان خۆشە

شەوێ لە خزمەت حافزدا بووم لە جێگایەکدا شتێک دەڵێ، کە بونیام بە چاوی ئاسایی زۆر ڕێی تیا دەرنابا، ئەو دەفەرموێ: (من خەیاڵی مەی دەکەم و یار خەیاڵی ئاوێنە، دەی دیارە ئێمە پێکەوە نامانکرێ).

کە شەرحە دەریائاساکەی دکتۆر هرووریم لەبارەی ئەم بەیتەوە خوێندەوە، دەڵێ: حافز مەبەستی ئەوەیە؛ **من ئەمەوێ بە مەیخواردنەوە خۆم تێک بدەم و یار دەیەوێ بە چوونە بەر ئاوێنە خۆی چاک بکات، دەی دیارە، (خۆتێکدان) و (خۆچاککردن)یش پێکەوە نایانکرێ.**
پێکەنیم و لە دڵی خۆمدا گوتم، دوای تێپەڕینی زیاتر لە حەوت سەد ساڵ بەسەر ئەم شیعرانەدا، ئێمەومانانیش دڵمان خۆشە کتێب دەنووسین.

***

# خۆ من نیم!

لە ڕاستیدا، کە خەڵک لەگەڵم دەدوێن، ئەوە ئازارەکانمن وەڵامیان دەدەنەوە، ئەوانن لەگەڵیان پێدەکەنن، لەگەڵیان دەگرین.
من تەنها چاودێرم!



Scanned with CamScanner

خۆمانه...

شتێکت پێ دەڵێم، دەزانم سەرت دەسوڕمێ، دەزانم بەئاسانی بڕوا ناکەی، بەڵام هەر شتێکت دەوێ مەچۆ بۆی، مەبزوێ...

**هێزێکی تری وەك ڕاکێشان لەم گەردوونەدا کار دەکات، کە تۆ زۆر ئینەرژی خۆت خەرج دەدەیت، ئەو دەئاڵۆسکێ.**

مەجووڵێ و لە ناخی دڵتەوە هیوابخوازە با بێت، دەبینی دێت!






Scanned with CamScanner

# مناڵەکەی نەورۆز!

نەورۆزی هاوڕێم منداڵێکی کوڕی هەبوو، تەمەنی ٦ساڵ بوو، نەورۆز گێڕایەوە شەوێکیان درەنگ لەناکاو لەخەو بێداربوومەوە سەیر دەکەم کوڕەکەم بە چەقۆیەکی گەورەوە لەسەر سەرم وەستاوە! زۆر ترسام، بە هێمنی چەقۆکەم لێ وەرگرت و وتم ئەوە چی دەکەی بابە گیان؟ وتی "باوکە بەم چەقۆیە لوتم لێ بکەرەوە، ناهێڵی بخەوم، کە ئەمەوێ بخەوم دەچەقێتە سەرینەکە، خەریکە دەخنکێم."

ئەگەرچی نەورۆزی هاوڕێم بە پێکەنینەوە وەک شتێکی سەیر ئەم یادەوەرییەی منداڵەکەی دەگێڕایەوە کە ئێستا ئیتر گەورە بووە، بەڵام باسەکە پرسیارێکی سەیرتری لای من وروژان؛ ئایا فۆرمی ئینسان، کامڵترین فۆرمە؟ ئەگەر وایە بۆ ناتوانین بە ئاسودەیی بخەوین، بێ ئەوەی خەمی ئەوەمان هەبێت لوتمان بچەقێتە سەرینەکە و خەفە ببین؟

کێ وتی ئەمەی هەیە باشترین قەباغە بۆ ڕۆحی مرۆڤ؟

***



Scanned with CamScanner

# کە کەمەرت مەیلان دەبێت

لە قوڕاوەکە هەڵدەخزێی، کە وەک قـاوەیەک شـیری زۆر بـێ و چەوریی شـیرکە پێپەسـتەکەی ژێرتـی خـز کردبێـت ڕژاوە بەم بەرپێیەتـدا. تـۆ هەڵـدەخزێی، قـاچی چەپـت فـرتە دەکـات، قـاچی ڕاسـتت پێکـوتە و سـەنگین دەیەوێ بتگـرێتەوە، لەوانەیە ڕەنـج بەخەسـار بیـت، کەمەرت مەیلان دەبێ، ڕیخۆڵەکانت لەنێو سکتدا بـۆ پێشـەوە دەهـاژێن. سنگت وەک تەختی مەڕمەڕ ڕوو دەکاتە ئاسمان، پشتەسەرت دەچێ بـۆ دواوە، دەموچاوت لەگەڵ ڕووی خۆردا هێڵێکی ستوونی پێـک دەهێنن، شتێک لە سـەرتدا دەترەکـێ. بەخێرایـی بە مێشـکتدا دێـت، **ئەگەر بزانـی دوژمنەکانی سبەینێت، دۆستەکانی ئەمڕۆتن چی دەکەی؟!** ژیانت دەبێت بە شتێکی تر، هی من بووە، هیوادارم هی تۆ نەبێت!

***

# ئەوە لەگەڵ من مەکە!

هەمووشتێ بکە...

هەمووشتێ،

بەس وامەکە بچمەوە ناوخۆم!



Scanned with CamScanner

# کوا لە بەهەشتین؟

هەڵە و ڕاست لە جیهاندا بوونیان نییە، تەماشا بکە، کە ئەستێرەیەک دەکشێ، کە نەیزەکێ دەیدات بە هەسارەیەکدا، کەس نالێ ئەمە هەڵەیە... لە سروشتدا، کە شێرێ ئاسکێ دەخوات داوای لێبووردنی لێ ناکات، ڕاست و هەڵە هەردووکیان دوو چەمکن لەنێو زماندا، زمانیش بوارێکی سنوورداری پەیوەندیی ئینسانە. خۆی سیستمێکی دەلالییە، بەتەنها هیچی پێ ناکرێ، بڕوانە وشەیەک گوزارشت نییە لە خۆی، هێندەی نیشانەیە بۆ شتێکی تر لە دەرەوەی خۆی. لە (مینای شین)دا نووسیبووم: هەڵەش هەر ڕاستە، بەڵام لە فۆرمێکی تردا. ئێستا بۆئەوەی بیسەلمێنیت ڕەسەنی و لە پشتی ئادەم هاتووی دەبێ هەڵە بکەیت. هەڵە نەبایە مێژوو دەوەستا، بەهەشت یۆتۆپیای شوێنگەیەکی ئایدیالییە، کە هەڵەی تێدا نییە.

بەڵام ئێمە کوا لە بەهەشتین؟

***

# ئەگەر بەسەریەکەوە نیتە!

ماچی تۆ بە قیستیش بێت خۆشە!



Scanned with CamScanner

# یادێکی بچووک لە مردووەکانمان

ئایا مردووەکان حازرێکی غایبن، یان غایبێکی حازر؟ وەک (سگیتاس بارولسکیس)ی نووسەری لیوتاریی دەڵێت: ئایا مردووەکان "مشەخۆرێکن لەسەر ژیان و خەونی ئێمە؟" یان ئێمە بارێکین لەسەر خەیاڵی ئەوان؟ کێ لێرەیە و کێ لەوێ؟ پرسیار لە مردووەکان پێش ئەوەی پرسیار بێت لە مردن، پرسیارە لە ژیان خۆی. من هەمیشە لە یادی کەسە مردووەکانمدام.

نا ئازیزم مردن مردن نییە! **مردن بردنی دۆخێکی زمانە بۆ وەسفی زەمانێ، کە تێیدا بوون دەکەوێتە ناشوێنەوە**، مردن هێڵێکی ڕاست نییە، مردن فرەلۆچ و فرەڕەهەند و قژقژە، ئێمە ڕۆژانە بێ ئەوەی ناچاربین بمرین، مامەڵەی مردن دەکەین.

***

# سارومار

ئەمەی لەلای چەپی سینگی مندا پەپکەی بەستووە و لە خوێنی خۆیدا گرمۆڵە بووە، **دڵ نییە، ئەژدیهایە**.
ئەژدیهایەک، کە تینووی خوێنی سەرمە، ژەمی حەڵاڵی خۆی هەر دەیخوات... ئەوجا شتەکە وەستاوەتە سەر کات!



Scanned with CamScanner

# باوەڕت بە خوا هەیە؟!

ئەگەرچی من باوەڕدار نیم، کەچی ناتوانم ژیان وەک ڕێکەوتێکی کوێر سەیر بکەم، ئەو پرسیارەی لەهەر پرسیارێکی تر زیاتر لێم کراوە لە ژیانمدا هەر ئەوە بووە، کە باوەڕت بەخوا هەیە؟! پرسیارێک کە هەر وەڵامێکی بدەیتەوە کورت دەهێنێ. (کاک ژەنیار)ی هاوڕێم کۆمێنتی بەڕێزێکی لە گرووپێک بۆ ناردبووم، کابرا لەبارەی منەوە نووسیوێتی: "ئەم نووسەرە بێدینە"، پێم سەیر بوو خەڵک دەتوانن لەجیاتی تۆ بۆ ئیمانەکەیشت بڕیار بدەن!

بۆم نووسی: بەڕێز ڕەنگە بەو پێناسەیەی خەڵک بۆ کەسانی دینیی هەیەتی بێدین بم، بەڵام بێ ئیمان نیم! جا دین چییە و ئیمان چییە؟ وەختی خۆی فەیلەسوفێکی جیهانی ئیسلامی؛ عاریف و نووسەری پاکستانی (ئیقبالی لاهوری) کە فەلسەفەی خۆرئاوای بەباشی خوێندبۆوە، لەبارەی نیتچەوە دەڵێ

**"ئەم جۆرە نووسەرانە کافر سەری موئمین قەلبن"!**

جا ئێستا دڵ گرنگە یان سەر؟

با ئەوە بمێنێ بۆ کاتێکی تر..

***



Scanned with CamScanner

**ئاوێنە**

هەمیشە کە لەبەردەم وێنەی خۆمدا دەوەستم،
هەست دەکەم لەبەردەم وێنەی کەسێکی تردا وەستاوم!
ئەوە تۆیش وایت؟





Scanned with CamScanner

## شێواوییەکی شێواو!

سەرێ لە (هەرمێ) دەدەم، لە جاران گەورەتر بووە، بەڵام لە جاران بێڕەنگتر. ئێستا ئەویش نامناسێتەوە! لەگەڵ ماچێک و شوکولاتەیەکدا جێی دەهێڵم و بە دارودیواری ئەو شارەدا هەڵدەڕوانم. هاوڕێکانم قسە دەکەن، دەیانەوێ هەموو شتێکی خۆیان بگێڕنەوە. من هەروەک ڕۆبۆتێک، چوون داهۆڵێکی بۆش، سەیریان دەکەم و هیچ ناڵێم. سەرنج دەدەم ئەو ماوە کورتە ئەم شارە چەندە پیری کردوون و بە خۆیان نەزانیوە. ئەوان هەر قسە دەکەن، من هەر هەڵدەڕوانم، لە مەنەلۆگێکدام لەگەڵ خۆم، دەڵێم: **ئێستا ئیتر شێوایی ڕاستەقینە یانی ئەمە، یانی ئەوەی نە مەنفا قبووڵت بکات و نە نیشتیمانیش وەرتبگرێتەوە!**

***

## ژمارەکەت!

بە هەموو کتێبە نێردراوەکانتدا دەچمەوە، ژمارەکەت نەنووسیوە، **خوایا!**
دەمەوێ لە کورتەنامەیەکدا پێت بڵێم:
ئەم دڵتەنگییە زەیفی سەندووم...
هاتووم بڵێم فریام کەوە تۆ دوا پەیوەندیمی!



Scanned with CamScanner

# وەفاتنامە

شەهادەی وەفات، چ ناوێکی پووچ و قۆڕە، بڕوانامەی مردن! **من هەموو ژیانم دژی بڕوانامە بووم، ئێستا وەرە بۆ مردنیش پێویستت پێی بێت. تکایە، کە مردم کەس بڕوانامە بۆ من دەرنەهێنێت،** چونکە من هەر لێرە دەبم. ئەگەر ڕۆژێ مردم و تۆ ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە، ئاوڕێ بدەرەوە ئەگەر لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆبیت دەمبینیت.

***

# خەوی سەر تابووتەکە

لە سوریاوە بۆ عێراق ١٨ سەعات لەگەڵ مردوویەکدا لە ئوتۆمبێلیکدا بووم، **کوڕێک بوو لە ئەسینا خنکابوو، من سەرم خستبووە سەر تابووتەکەی و خەوم بە ئاوەوە دەبینی.** بیرت بێ لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا پێت دەڵێم: من خەوی خۆم نابینم!

***



Scanned with CamScanner

# ژنە مەنگەکان

من لە ژنە مەنگەکان دەترسم. دەبێ بزانی، **ئەو ژنانەی زۆر هاروهاجن و کوڕکوژانە خۆیان دەگۆڕن، ئەو ژنـانەی زۆر سێکسـی خۆیـان نیشان دەدەن، لە جێگادا وا نین!** بەڵام ژنە مەنگەکان، ئای خودایە من لە ژنە مەنگەکان دەترسم... ئومێدەوارم خودا تـۆ وەک خـوێنەری ئەم دێـڕە لە ژنە مەنگەکان بپارێزێ!

بیرم بخەرەوە... لە شوێنێکی تردا باسی پیاوە مەنگەکانت بۆ دەکەم.

***

# ونبوون

**ڕێکخراوێـــک هەیە لە ئەمریکـــا، کـــارەکەی ئەوەیە خەڵکـــی ونبـــوو دەدۆزێتەوە**، ئەو ڕێکخـراوە ملیۆنـان ئەنـدامیان لە سەرانسـەری جیهانـدا هەیە. فەیسـبووک، تـویتەر، گۆگـڵ پـڵەس، یوتـوب، وێبسـایتی خۆیـان هەیە، **ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم لەوێدا بەدوای تۆدا دەگەڕێم.**

کۆتا چانسمە!

***



Scanned with CamScanner

## تیرۆریستێك لێرمیە!

هەمیشە دڵێك خۆی تەوقیت كردووە بتەقێتەوە،
دەبێ لە ئامادەباشیدا بین، ئینسان هەمیشە لە سەعاتی سفردایە!





Scanned with CamScanner

# هەرچی بڵێی خەسارە!

ڕۆژگارێکە ئەوەی چاندی نایدوورێتەوە و ئەوەی ڕۆیشت ناگات و ئەوەی هاتەوە ناگەڕێتەوە و ئەوەی گەڕا نایدۆزێتەوە، ئەوەیە ڕۆژگاری من تۆ!

***

# شەرم

ئەگەرچی تەمەنێکی باشی کردبوو، بەڵام لەو ئافرەتانە بوو شەرمی دەکرد، کە تەماشات دەکرد خۆی لە چاوت دەدزییەوە. ئەگەر پرسیارێکت لێ بکردایە سوورسوور دەبۆوە. **جاری وا هەبووە بە بۆنەی بوونی ئەم مرۆڤە بەڕێزانەوە، من ژیانم خۆش ویستووە**، چونکە شتێکیان تێدایە مرۆڤی مۆدێرن ونی کردووە.

***



Scanned with CamScanner

## بۆ جان

ئەگەر من کاک (جان دۆست) بام، ئەو ڕۆمانە (مهاباد)م ناو دەنا (ژاڵئاوا)... ژاڵە کچێکی سەرکێشی عاشقکوژە لە ساڵانی چلەکاندا لە سلێمانی، کە دۆستەکەی بەجێ دەهێڵێ لە کاغەزێکدا بە مەکرێکی کچانەوە، بە فەخرفرۆشیی ئینگلیزیی زانینی ئەو کاتەوە، تەنها ئەم سێ وشەیەی بۆ دەنووسێ: (I am sorry)! وەک ئەوەی کوڕەکە شایانی لەوە زیاتر نەبێ. **خۆ مێژوو لەگەڵ کەسدا نەیکات، لەگەڵ عاشقەکاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە، حەفتاوپێنج ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، من لە سوید کچێکم ناسی، کە ڕۆیی، هەر ئەو سێ وشەیەی سەرەوەی نووسیبوو!**

بەڵام کوڕی ناو ڕۆمانەکەی جان، لەخۆمان خەراپتر، هەموو گیانی بووە بە خوێن بۆ ئەو کچە، ئەوەتا دەڵێ: "ژاڵە، تۆ ئازادیی منی، تۆ شۆڕشی منی، تۆ نیشتیمانی منی، تۆ پایتەختی ئەم دڵە کەرەی منی"!

***

## ژیان

**وردە وردە توند دەبێ لە ملم، ئەم پەتە!**



Scanned with CamScanner

# دوور لە خۆشمی تیا نەبێت

ئەوە بۆ جارجار دونیا لەبەرچاوی من ئەوەندە بچووکە، خۆت دەخەیتە بەردەم هەر شتێک، هەر بارودۆخێک لە دوو هەڵبژاردن زیاترت نییە...
**ئێستا ڕووی ئەوە سپی نەبێت، کە دەڵێ: تەنیایی خۆشە، هی ئەوەش کە دەڵێ: پێکەوەبوون خۆشە.** هەردووکیان دۆزەخن، ئەوە بۆ لە پەیوەندیگرتنندا بژاردەی سێهەم نییە!
مەڵێ تێ دەگەم...
کەسێ خۆی دیلی کەسێ، یا کەسێ دیلی بێت،
**کوا لە فڕینی ترۆپک دەگا!**

***


# کادیخۆیی

ئەمشەو لە ڕۆمانێکی سوریالیدا خوێندمەوە، ئەو گیاندارەی نەبینراوەی شەوان دێتە لای سەری مرۆڤەوە و وا دەکات، بونیام بێتاقەت بێت و خەوی بزڕێ ناوی (کادیخۆ)یە... بە خۆمم وت: **لەوانەیە من لە جیهانی کادیخۆکاندا لەدایک بوویم!**



Scanned with CamScanner

مرۆڤ بەو شتانە نازی، کە وتونی،
بەوانە دەژی، کە لە دڵیدان و نەیوتون،
شەرمنەکان ئەوانەن هێشتا قسەی دڵیان نەکردووە!





Scanned with CamScanner

# وانەی یەکەمی شەیتان

هەموو ئەو شتانەی یەکەم جار فێریان دەبن،
هەمان ئەو شتانەن یەکەم جار بیرتان دەبەمەوە!

***

# وانەی دووەمی شەیتان

مرۆڤ بوونەوەرێکە، لەسەر ئەم هەسارەیە تەنها یەک ئیشی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەڵە بکات. مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی ڕاستەکانی نییە، مێژووی هەڵەکانێتی. **لە چوارڕێیانێکدا ژماردم یانزە نیشانەی هاتووچۆ دانرابوو، واتە دوو ئەوەندە و نیوی ژمارەی ئاراستەکان، بەرچاوڕوونی، نیشانەی ڕاست ڕەفتارکردن هەبوو. مرۆڤ دابینە بۆ ئەوەی هەڵە بکات،** هەستە هەڵەیەک بکە.
چی دەکەی وا دانیشتویت، بۆ تۆ مرۆڤ نیت!

***



Scanned with CamScanner

## تەنیایی ئەڵماسێکی شین

ئەم چەند دێڕەی خۆمم خۆش دەوێت

ئەگەرچی ڕاهاتبوو هەموو شەوێ خەمی ئەوانیتر بلاوێنێ، کەچی ئێوارەیەکیان کچەگارسۆنەکەی بارەکە لە سووچیکدا لوول ببوو... وەک شەوانی تر هەمووان سەرخۆش بوون، بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، بەچپە لەگەڵ خۆیان دەدوان. کەس لەیادی ئەوەدا نەبوو؛ کە وا ئێستا کچەکە، هاوڕێ شیرینەکەی هەمووان، لە سووچێکدا بە بێدەنگی دەگری! منیش هیچم نەکرد تەنها ئەم دیمەنەم نووسییەوە...

**ئێستا ئەو خۆی بیری نەماوە کام ئێوارە بوو؟ کەی بوو؟ بۆچی گریا؟ بەڵام تۆ وەک خوێنەری ئەم کتێبە، دەزانی ئێوارەیەکیان لە باکوری زەوی، کچێک لەنێو حەشاماتێک پیاودا لە تەنیاییدا دەگریا!**

***

## هەر دێیت

ئێستا هیچم نییە، ئەگەر هەمبوو شەو لەخەونمدا پێت دەڵێم...

**خۆ دەزانم هەر دێیت!**



Scanned with CamScanner

# دوێنێت باش

ئەوەی وادەکات مرۆڤ بەردەوام بێت خەون نییە بۆ داهاتوو ، بەڵکوو کەڵەکەکردنی کۆی ئەو ئەزموونانەیە، کە ڕابردوو داوێتێ. بیر بکەرەوە تۆ هەموو زانیارییەکانت، هەموو پەیوەندیی و خەڵک ناسینەکانت، تەنانەت هەموو بڕیارەکانت، بەرمەبنای ئەزموونی دوێنێتە نەک هی ئێستا.

ئاسایی وەریبگرە ئەگەر پێت بڵێم: بونیام پتر لەوەی لە ئێستا یان داهاتوودا بێت، لە ڕابردوودایە.

***

# خوێنی سەر بەفر

من زۆرجار لە ستاتیکای توندوتیژیی ڕادەمێنم، ئاخر چی لە خوێنی سەر بەفر جوانترە؟ ڕەنگە هۆکاری خۆیم هەبێ، ڕەنگە بمەوێ (ئەو) بدۆزمەوە، ئەها قانیعی شاعیر دەڵێ:

من بە شوێن دڵما گەڕام و شوێنی بە خوێن دۆزیمەوە
چۆن لە ڕاوچی گوم ئەبێ صەیدێ، کە خوێنی بە شوێنیا جارییە!



Scanned with CamScanner

بۆنی نەخۆشخانە جگە لە بۆنی کەسکونی دیتۆل، بۆنێکی فێنك و نیمچە ساردیشە، بە هەموو قورسایی خۆیەوە مرۆڤ ڕادەکێشێت بۆ بێکێشییەکی سووك.
نازانم بۆ من لە زمینی تۆدا هەمیشە لە نەخۆشخانەم!





Scanned with CamScanner

## هاوسەرێتیی بێڕۆح

هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی حەق-دا دەڵێ: "هاوسەرێتیی دەبێتە شتێکی پڕوپووچ، **ئەگەر تەنها وەک میکانیزمێک بیری لێ بکرێتەوە بۆ ڕازیکردنی پێویستییە کەسییەکان.**" ئەم دێڕە ئەو ئەندێشەیەی دامێ، کە مرۆڤ هاوسەرێتییەکی بێڕۆح دەکات، وەک ئەوە وایە سیفۆنێک بەرێتەوە بۆ ماڵەوە!

**نەهێڵی ببیت بە سیفۆن!**

***

## لەیادت بێ، ئەوەی لەگەڵت دەنوێ مرۆڤە

ئەم ئێوارەیە ئەم گفتوگۆ کورتەی ناو ڕۆمانێکی نووسەری جەزائیری (ئاسیا جبار)م بیرکەوتەوە:

- دکتۆر دەمەوێ ئەم منداڵە لەبارببەم.
- بۆ خۆشکم، ئەمە منداڵی خۆتان نییە؟
- نەء... بەرهەمی دەستدرێژییەکی سێکسییە!
- ئەستەغفیرەڵڵا... ئەی تۆ نەتگوت من مێردم کردووە و هاوسەرم هەیە؟!
- **بۆ دکتۆر تۆ نازانی لەنێو ژیانی هاوسەرێتیشدا دەستدرێژیی سێکسی هەیە؟!**



Scanned with CamScanner

# دژە ناسا

ئەوە جەماعەت گەلەئەستێرەیەکیان دۆزیوەتەوە ٣٥٩ ملیۆن ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورە، ئاخر بۆ چیمە؟! دەزانی هەندێ جار من پێکەنینم بە دۆزینەوەی زانستیی دێت، کە تەنها و تەنها دەبێ بە ژمارەفرێدانی زۆر خەیاڵی، لەڕاستیدا دەرەوەی خەیاڵیش.

**ئینسان خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، کەوتۆتە ئاسمان-بۆشایی و بەتەمایە لەوێ دەلیلێکی لەسەر خۆی دەست بکەوێت!** سەرنجت داوە بەرەوسەرەوە ئەو هەموو ملیۆن کیلۆمەترە ڕۆشتووە، کەچی لە جێگایەک خوێندمەوە قووڵترین چاڵی زەوی لە ڕووسیا کراوە، کە ١١ کیلۆمەتر تێپەڕ ناکات. **لە عیرفاندا هاتووە مرۆڤ، کە سەری لێ شێوا، پتر لەوەی بۆ ناو خۆی بگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی خۆی دەڕوا!** هێشتا نازانێ، لەکوێوە هاتووە، بۆ هاتووە، دەچێ بۆ کوێ؟ خۆی هەڵدەواسێ بە ڕەقەمی وادا، کە هەر نووسینی سفرەکانی کێشەت بۆ دروست دەکات. نووسینی سفرەکانیییی...

ئەرێ مرۆڤ بۆ وا دەکات!

لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا جوتیارێکی نەرویژی لە کۆبوونەوەی سەندیکاکەیاندا هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ؛ ئایا باشتر نییە لە دۆزینەوە بووەستین و بەوە ژیانێکی بێخەم و ئاسودە بژین کە تائێستا دۆزیومانەتەوە؟

***



Scanned with CamScanner

## گوڵی ناو بەفر

کە لەم باکوری زەوییە بەفر دەبارێ، کە سەرمام دەبێ، کە گوڵێکی سەرکەش دەبینم زوقمی کردووە، خێرا ئەم دێڕە شیعرەی سوهرابم بیردەکەوێتەوە: (چرا مردم نمی دانند که در گل های نامکن هوا سرد است- بۆ خەڵکی نازانن، کە لە گوڵە ناشۆکاندا هەوا ساردە) بەو جیاوازییەی سوهراب لەو دێڕەدا شتێکی زۆر قووڵتر لەو وێنەیە دەڵێ، کە من لە سوید و لە بەفردا دەیبینم!

**بەس خەڵک چی دەزانن!**

***

## یادکردن

دەنگی دووری تێپەڕینی ماشێنێک بە جادەیەکی چۆڵدا چەند خۆشە، من ئاوها تیژتێپەڕانە بیری مردووەکانم دەکەم... **تۆ بیریان دەکەی؟** یان هەر خەریکی ژیانی خۆتی؟

***



Scanned with CamScanner

# نەفرەت لە تیڤی

خیانەت، دیاردەی باوی هەموو کۆمەڵگای بەشەرییە، لێ بە دەگمەن لە درامـای بیانییـدا چەق بێـت. لەخـۆڕا نییـە نـزیکەی هەمـوو دراما تورکییەکـان خیـانەت تـێمەی سـەرەکییە! حەق وایە ئینسـان لە خـۆی بپرسێ ئەمە بۆ وایە؟ یان بۆ ئەم پرسە بەم ئەنـدازە سەرسـوڕهێنەرە لە سریالی تورکیدا زەق کراوەتەوە؟!

مـن وا دەزانـم، هۆشـیاریی ئینسـان، شـتێک نییە لە شـەریکەوە تێیـدای بێت. هۆشیاریی لە ڕێگەی سێنسەکان، کە گرنگترینیان چاو و گـوێن بە درێژایی ئەزموونەکانی ژیان بۆ مرۆڤ دروست دەبێـت. هەر کـۆمێنتەکەی تۆ دەرئەنجامی هۆشیارییەکە، کە لەڕێگەی چاو و گوێتەوە بۆت دروسـت بووە. تەلەفزیۆن ئیشی ڕاوکردنی چاو و گـوێیە، دەتـوانێ هۆشـیارییەکی ساختە بـۆ بینەرەکـانی دروسـت بکـات، -بەتـایبەت کە ئینسـانی ئەمـڕۆ تەمـبەڵە و بەدوای سـەرچاوەی تـری وشـیاریدا نـاگەڕێ، پـاکوتەمیز تەلەفزیۆننشینە- تەلەفزیۆن دەتوانێ لەیەک کاتـدا وا لەم کەسانە بکـات حەزیان لە شتێک یان ڕقیان لە هەمان شت بێـت! تەلەفزیـۆنی جیهـانیی و بەتـایبەتتر کـوردی لە (ڕیکـلام و هەواڵ و درامـا)دا کـورت بـۆتەوە. درامایەک، کە هی کۆمەڵگایەکی ترە، باس لە کێشەی کۆمەڵگـایەکی تـر دەکـات کە هەمـان بونیـادی کتـومتی کۆمەڵگـای مـن و تـۆی نیـیە، بـا نزیکیش بێـت -لەڕاسـتیدا باسـی کۆمەڵگـاکەی خۆیشـی ناکات، بەڵکوو مۆدیلێکی یۆتۆپی دروست دەکات، کە بنچینەی نییە-.



Scanned with CamScanner

درامـای تـورکی جۆرێـک لە دیبلۆماسـییەتی فەرهەنگیـیە، کە دەیەوێ تێیـدا نمایشـی کۆمەڵگـایەک بکـات، کە تـێکەڵەیەکە لـە کۆمەڵگـای سـونەتیی و کۆمەڵگـای مـۆدێرن، بەڵام نمایشـێکی سـاختە و درۆزنـانە، ئەمە بۆ وایە؟

لەڕووی جـوگرافییەوە تورکیـا زۆر نـزیکە لە ئەورووپـاوە، وڵاتێکـی توریسـتییە، بەتـایبەت بەشـی ڕۆژئـاوای، کە کۆمپانیـا گەورەکـانی بەرهەمهێنـانی فـیلم لەوێـن، زۆر جیـاوازتر دەژیـن، بۆنمـونە لە بەشـی باشووری خۆرهەڵاتی ئەم وڵاتە، ئەگەر لە وانەوە بچی بۆ ئەزمیر هەست دەکەی ئەمە دوو شـار، دوو فەرهەنـگ، دوو وڵاتـی جیـاوازن. لەنێـو درامـادا {تـورکی بەتـایبەتی} پەیامی سیاسی هەیە، پەیامی بازرگـانیی گەورە هەیە، نمایشی ماڵ و موبێل و موبایل و ئوتۆمبێـل و جلوبەرگ و لۆگۆ و مارکە هەیە... کچی جـوان، کـوڕی زۆر قـۆز هەیە، بۆدسـکاپەکە شتێکی ترە لەژێر پەردەی هونەردا، بەجۆرێک هەر بەرگریکردن لە تیڤـی و لە نێویشیدا لە دراما، عەیبەیەکی ئەخلاقی گەورەیە.

ئەوجـا درامـا و بەتـایبەت درامـای تـورکی هـونەرێکی بەرزی سـینەمایی نییە، تا بەرگریی لێ بکرێـت، ئەوەی درامـا دەیکـات کاراکتەرسـازییە بـۆ بینەرەکانی، پێیـان بڵـێ ئەم شـتانەیش هەن، وا لەو بینـەر دەکـات خـۆ بەرانبەر بکات بە پاڵەوانەکانی فیلمەکە، ئەم چی لەوان کەمترە؟

لە کۆمەڵناسیدا تیۆری فێربوونی پێکەوەیی {دەستەجەمعی} هەیە، دڵـی ئەم تیۆرە بینین و تەماشاکردن و لاسـاییکردنەوەیە. درامـا بەتـایبەتی و تیڤی بەگشتی لەسەر ئەم گوتارە ئیش دەکەن.



Scanned with CamScanner

تۆ دەزانی بۆشیی چییە؟

بۆشیی سەری تۆیە و تۆ لەسەری مندایت!





Scanned with CamScanner

## له ڤیتاردام

شـەمەندەفەرەکە لە وێسـتگەی مـاڵی ئێـوە وچانێـک دەدات، چەنـد سەرنشـینێک، دوای ڕۆژێکـی درێـژی کـار، شـەکەت و مانـدوو دادەبەزن بڕۆنەوە بۆ ماڵی چۆڵ و ساردیان، کە من چاو بـۆ تـۆ دەگێـڕم و سوور دەزانـم تـــــۆ لەدونیـادا نەماویـت-**لانـیکەم لە دونیـای منـدا** بەس بـۆچی بـۆنی عەتـرەکەت هێشـتا بە دیـواری وێسـتگەکەوە و جێپـێ بچووکەکانت هێشتا لەسەر کۆنکرێتی ستاخونەکە جێ ماون؟

***

## مردن بە خەنجەری دۆستەکان

جاران دوای هەر برینێ، **بە زامی هەر خەنجەرێکی ژەهراویی دۆستەکانم خوێنم لێ دەڕۆیی، ئێستا خوێنیشم لێ نایەت**-چی بێت، بۆ دۆستەکانم خوێنیان تێدا هێشتووم!- جارێکیان لە جێگایەک خوێندمەوە، **یەکێک لە سەیرترین شتەکانی خیانەت ئەوەیە، قەت دوژمنەکانت لێت ناکەن!**

***



Scanned with CamScanner

# ئاسکەکەی من

پایزی (٢٠١٣) بوو، یەکەم جار لە ئێوارەپیاسەی گۆڕستانە بچووکەکەی تەنیشت ماڵمانەوە بینیم، ئاسکێکی تەنیا، کە بە دوو چاوی سەرشار لە چاوەڕوانی ڕوودانی شتێک، تەماشات دەکات. لەوە دەچێ ئەمە ڕۆحی ئازیزێکی دوورم بێت و لە دۆناودۆنا بووبێ بەم ئاسکە کێوییە. لەوکاتەوە ئەو ئاسکە تەنیایە هاوڕێمە و من هەمیشە لە نیگایدا شتێک دەخوێنمەوە، کە ناتوانم ئێستا پێت بڵێم چییە... ئەمڕۆ لە پیاسەی دارستان دیتمانەوە. ئازیز (سەگە چکۆلەکەم) دەیەوێ یاریی لەگەڵ بکات و ئەو هەڵدێ. **وەک ئەوەی ئەو بۆ گەمە نا، بۆ وتنی (نەوترا‌وێک) بخوازێ دۆستی ئێمە بێت،** کێ چوزانێت! **ئایا هەموو ئەو شتانەی ڕێکەوتیان دەکەین، ڕێکەوتن؟** ئایا جیهان خۆی نیشانەی شتێکی گەورەتر نییە لە ڕێکەوت؟!

***

# کامەیە ڕاستی؟

داکەوت (واقیع) لە خەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، یان خەوەکان لە داکەوتەوە سەرچاوە دەگرن؟ کامیان زاری کردۆتەوە و ئەوی تریان دەخوات؟!

**تۆ سەر بە کام جیهانەیانیت؟**



Scanned with CamScanner

## کێن ئەوانەی من خۆشم دەوێن؟

ئەمـڕۆ ١٢ سـەعات بێوچـان خەریکـی دواپێـداچوونەوەی وەرگێڕانـی ڕۆمانێک بووم –کە ئێستا ئیتر دەتوانێ بچێ بۆ چاپخانە– بەجۆرێ لە کـارەکەدا ڕۆچووبـووم لەبیـرم کـرد نـانی نیـوەڕۆ بخـۆم. ئێسـتا کە لاپتـۆپەکەم داخسـت و هـاتم پیاسـەیەک بە تەنیـا بـکەم، لەو قژقـژی و جەنجاڵییەی سەری خۆمدا، فریاکەوتم بپرسم: "**ئەمانە بۆ کێ ئەکەی؟**" بـۆ زەلکاوێـک بە نـاوی نێوەنـدی ڕونـاکبیریی کـوردی؟ بـۆ ئەو هەمـوو هەڵـپە و ملشـکاندن و داوچیـیە، بـۆ ئەو هەمـوو پاتـاڵە؟ بـۆ شـەڕی فراکسیۆن و شەڕی مانەوە و شەڕی کورسی و شەڕی قەحـ... نــا! وتم **لەنێو ئەو تەپوتۆزەدا هێشتا خەڵک هەن وەک زێڕ دەدرەوشێنەوە، من ئەو مرۆڤە کەمانەم خۆش دەوێن، ئەوانەی لەو زوڵـمەتەی ئەوێـدا بەتاسەوە ڕووناکیی دەخـوێننەوە... ئــا...** مـن بـێ ئەوەی بیانناسـم خۆشم دەوێن.

***

## جوێندان بە خۆت!

**جوێندان بە خۆت، هەڵگڕانێکی فەلسەفییە بەسەر بوونی خۆتدا!**
قەت ئەوەت بەسەرهاتووە؟



Scanned with CamScanner

## پەیوەستبوون!

خۆشم دەوێیت و پەیوەستم پێتەوە،
وەك پەیوەستیی هەمزە بەسەری ئەلفەوە!

Scanned with CamScanner

## لەناو مندا

لە ناو مندا ژوورێک هەیە، ژوورێکی تاریک، کاتێ ڕووبەڕوو ناچارم بە شتێکی نەخوازراوی کەسێک بڵێم: (ڕاستە، دەستخۆش زۆرباشە)، لەم ژوورەدا دەڵێم: (درۆ دەکەی سەگباب، مانگا، ئەمە کەی ئیشە!) لێم مەپرسە، کە بۆ قسەی ژوورەکە لەدەرەوە ناکەم، چونکە تۆش دەزانی بەرگەنەگیراوە و بەجۆرێ هێرش دەکەنە سەرم، کە ژوورەکەیشم دەڕمێنن، **من هیچم نییە جگە لەم ژوورە، کە تژی لە قسەی دڵمە، خۆ نامەوێ هەروا لەدەستی بدەم.**

ئەگەر قسەکانی نێو ژوورەکە هێند زیاد بوو، هێند زیاد بوو، لەسەریەک کەڵەکەم کردن و تا ساپیتە هەڵمچنین، ئەوە ڕۆژێک ئەو ژوورە زرمە دەکات و لە ناوەوەم دەڕمێ، گەرد و تۆز بە قوڕگمدا سەردەکەوێ و خۆڵ لە دەم و لوتمەوە فیچقە دەکاتە دەرێ. **من تەنها بەیەک هۆکار دەمرم، هۆکاری ڕووخانی ئەم ژوورە، ئەم گەنجینە شاراوەیەی دڵم.**

***

## دانەوە

دەتدەمەوە،

**ئەوە سنگت، بەس دەستم بدەرەوە.**



Scanned with CamScanner

# تۆ ماركسييت؟

من له ژیانمدا به شێوەیەکی ڕادیکاڵ مارکسی نەبووم، بەڵام بەوەدا له زەمانی هەرزەکاریمدا باشترین هاوڕێکانم چەپ بوون، ئەوە کاریگەریی بەسەر منەوە هەبووە و بڕێ چەپدۆست بووم. **ئێستایش هەر کاتێک بونیام بیر له سیستمێکی زەبەلاحی وەک سەرمایەداریی دەکاتەوە، کە ڕۆژانە لەم سەر زەوییەدا مرۆڤ دەهاڕێ و دەیانکات بە بورغویەک لە ماشێنەکەی خۆیدا،** هەر دەڵێم جگە لەوەی چەپ بیت، هیچ ڕێگایەکی ترت نییە!

***

# شۆڕش

بۆ میللەتی ئێمە،

**بەرەنگاریی بوغزنیی، بەدنیهادیی، دەروونڕەشیی، ڕقوکینە،**

لە بەرەنگاریی گەندەڵی پێویستترە!

***



Scanned with CamScanner

## ئیشی خودا نییە!

خودا ئیشی بچووک ناکات، **ئینسـان ڕاهـاتووە هەمیشـە قۆڕپیاتەکانی خۆی بخاتە ملی یەکێکی تر، کە زۆر گەورە بوو دەیخاتە ملی خـودا.** دیکـارت گوتبـوی: "خـودا ئەم جیهـانەی دروسـت کـرد و بەتـەنیا جێـی هێشت." ئەوە ئێمەین هەرشتێک دەکەین، هەر جووڵەیەک هەیە ئـێمەین، با لەژێر نیگای ئەویشدا بێت.

***

## مەرگیش لە خۆی دەترسێت!

مەرگ خەوەنـووچەیەتی، وەنەوز ئەدا، چـاوی سوورسـوور بـووە، پێڵـوی هەڵماوسـاوە، خەریـکە کـوێر دەبـێ بـۆ خەو و و و و... **نـاوێرێ چـاوێ گەرم بکا، دەترسێ خافڵگیری بکەن و بیبەن.**

- بیبەن؟
- بۆ کوێی بەرن؟!
- ....



Scanned with CamScanner

من لە توونێلێکی تاریکدا گیرم خواردووە،
**توونێلێك، کە سەری خۆمە!**





Scanned with CamScanner

## ئیزابێلا... پێم بڵێ مرۆڤ،
## ئەم دەستکردە جوانەی خودا بۆ وا دەکات؟!

مرۆڤ حەیوانێکە بەس هەڵەکان دووبارە دەکاتەوە، ٣٠٠ هەزار ساڵە سێکس دەکات و تاقەتیشی لێی نەچووە، **یەکەم خوێن لەسەر ئەم زەوییە نەفرەتییە لەسەر سێکس ڕژا**، ئێستاش پشکی شێری کوشتنەکانی دونیا لەپێناو ئەم وزە شەیتانییەدایە، کە خالیقەکەی بۆ بەردەوامبوونی ئەم یارییە ناخۆشە، لەکارگەوە ڕژانیویەتییە خوێنی پیسییەوە.

***

## ئەوانەی دەمرن...

ڕۆحەکەیان دەچێت بۆ سەر مانگ،
من لەوێ بووم... مانگ پڕە لە مردوو..!



Scanned with CamScanner

## ڕاپەڕین بە گوڵ ناکرێت!

لە ژیاندا ساتگەلێک هەن حەز دەکەیت تۆ نەبیت. من دڵم خۆشە، کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و گیلۆتین و ئەو هەموو ملپەڕینەدا نەبووم، دڵم خۆشە سەرەتای نەوەدەکان لە بۆسنە نەبووم، کوڕێکی ڕەشتاڵە نەبووم لە ڕواندا.

لەو مێژووە نوێیەی شارەکەی مندا، بەیانیی ٧-٣-١٩٩١ هەر ڕۆژی ڕاپەڕینی سلێمانی نییە، ڕۆژی خوێن و سەرپانکردەوەشە بە بلۆک. ڕۆژێکیشە لەژێر هەزار پاساودا هەناوی پەنگخواردووی خەڵک، دیوە دەجالییەکەی، بۆیەکەم جار دەردەکەوێ و ئیتر تائێستاش خۆی بۆ ناشاردرێتەوە، ڕۆژێکە کە قوربانی لە جەلادەکەی زیاتر تینووی خوێنە.

***

## بێوەفاکان کێن؟

شارەکان و سۆزانییەکان یادگەیان نییە، کە یادگەیان نەبوو، یادەوەرییان نییە، کە یادەوەرییان نەبوو واتە ناتوانن وەفایان هەبێت، لێرەوە بێوەفایی نیشانەیەکە، دەتوانین شارەکان و قەحبەکانی پێ بناسینەوە!



Scanned with CamScanner

# بۆ قەرزدار دەبووم؟

لە ناو هاوڕێکانمدا من بە قسەڕەق و کەللەڕەق و نەکڵۆک و ناساز و زبر تەبیعەت ناسرابووم، **هەموو ئەو ناتۆرە و تۆمەتانە بەخاتری ئەوە بوو، کە دەمویست خۆم بم، خۆمی خۆم! ئەوە لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا، کە خەڵک بەکەمیی خۆیانن، بێ باج تێناپەڕێ.** جاری وا هەیە باجەکەی بایی ئەوەندە قورسە، ئیشەکەتی پێ لەدەست دەدەیت و ناچاری ڕۆحی خۆت بکرۆژی و بۆ کرێ خانووەکەی ئەو سەری مانگە بچیت قەرز بکەیت.

***

# بەشی مرۆڤ، بەشی خودا!

ئینسان کە حەقێکی دەکەوێتە لای خەڵک،

**بەشێکی خوا بۆی وەردەگرێتەوە، بەشێکی دەبێ خۆی وەریگرێتەوە.**


***



Scanned with CamScanner

**له کەس نەچوون!**

من باڵندەیەکم بۆ دواوە دەفڕم.





Scanned with CamScanner

# قەرزار

بیر دەکەمەوە مرۆڤایەتی قەرزاری منداڵە خەمگینەکانی خۆیەتی، چەند قەرزاری گاندییە، ئەوەندەش قەرزاری شۆپنهاوەرە، چەند دەستەودامێنی مارتین لۆسەر و ماندێلایە ئەوەندەش مەحجوبی بەردەم کافکا و کامۆ و سیورانە. دەزانی ئەگەر شێرکۆ ژەهری غوربەتی نەچەشتایە نەیدەتوانی (دەربەندی پەپوولە) بنووسێت؟ **خودای عالەم ئەم دۆستایەتییەی نێوان ئازار و نووسین چییە؟**

چەند ڕۆژێکە خەمێکی نوێ وەک کاژی پێستی ساوایەک، وەک فرۆی ئاسکێکی تازەزاو زەرد و زبر، وەک سەرتوێژی ماستی جاران، سەر دڵمی تەنیوە.

دە سا مەددەت ئەی پیری پیرانی بوخارا..!

***

# پرسیاری سەیر!

لە ڕۆژی جیهانیی دایکان و باوکاندا،
**جووجکێکی تەنیا لە دەواجینێکدا،**
پیرۆزبایی لە کێ بکات؟!



Scanned with CamScanner

## ناخونەکی نێو ژیان

ئەوەی مـــن دەمەوێ بزمارئـــاژنی بـــکەم، کلتـــوری بەرخـــۆریی و ناسوپاسـگوزاریی و پێنەزانیـنە. ئەوەی بەسـەر شـتەکاندا بڕۆیـت وەک دزێک، وەک جەردەی شەو، وەک ڕێگری سـەر ڕێیـان، نـاخونەکی خۆت لە بەرهەم و ماندووبوونی ئەوانیتر بدەیت و بڕۆیت، **ژیانی نوێ کـاتێکی باشە بۆئەوەی تۆ ئەم ماسکەتی تێدا بکەیتە سەر، ئیشی من ئەوەیە ئەم ماسکەت پێ داکەنم.**

***

## خێسەکردن

واقمان وڕماوەتەیەک من و تەنیایی هەردووکمانین، فیشەکێکی گەرمـم لە کەلـلەی یەکێکمانـدا سـارد کـردۆتەوە. **جەسـتەیەک لەپـێش دەممانـدا گەوزاوە و خـوێن فـیچقە دەکـات، نـازانم کاممـانین!** ئەگەر مـن بـووم خواحافیـ...

***



Scanned with CamScanner

## سۆفیا

ئەم ڕۆژانە بیری سۆفیا دەکەم، کێ باوەڕ دەکات ئینسان بیری ئەو شوێنانەش بکات، کە زۆر زەحمەتی لێ خواردووە و وەک چنگێ بزمار هێشتاش لە دڵیایەتی... من وام! بیردەکەمەوە ئەوە هەر بونیام نییە دەچێتە شوێنەکانەوە، نا ئەوە شوێنەکانیشن دێنە ناو ئێمەوە.

***

## بیر لە گۆڕینی دەکەمەوە

ساڵی ٢٠١٠ لە سۆفیا نووسیم: سەری پەنجەمی گرتووە، ئازارم دەدات، بەیانیان و ئێواران، هەرکاتێک تاقی دەکەمەوە وەک خۆیەتی...
**ئەم شارە تەنگە بە پێم!**

***

## بارین

خەمت ساردە،

نازانم بۆ هاوینانیش وەک بەفرێکی تازە لەمن دەبارێ!



Scanned with CamScanner

**جیابوونەوە**

من و تۆ ٦٥٦ کیلۆمەتر بەس چاتمان هەیە...

وازی چیم لێ دەهێنی!





Scanned with CamScanner

# وایە

وشـەیەکی جـادووییە و لە هەمـوو زمانێکـدا هەیە، بیـردەکەمەوە ئەم وشەیە نەبووایە شارستانییەتی مرۆڤ کۆتایی هاتبوو. هەندێ مرۆڤ هی ئەوە نییە کاتی خۆتی تێدا سەرف بکەیت، کە تێ ناگات هی ئەوەیە، نایەوێ تێ بگات.

تۆیش بۆ سەریەشە پێ بڵێ: وایە!

***

# جادوو و حیکایەت

خەیاڵی جادوویی هەڵهاتن نییە لە واقع، بەڵکوو دروستکردنی واقعێکی ترە، کە دیوارەکانی زیاتر دەکشێن. جادەوبانەکانی بێکۆتایین. ئینسان تەنهـا و تەنهـا لە خەیـاڵی جادووییـدا دەتـوانێ ڕیـاڵی زبـر بگـۆڕێ بە نووسین، من ئاوها دەنووسم.

***

# میری تەنیایی

منم پاشای عەرشی کەلاوە، منم میری تەنیایی!



Scanned with CamScanner

# سوپاس بۆ تەنیایی

ئێستا بیرم دەکردەوە، ئەگەر (عەزیز گەردی) ژنی هەبا، نەیدەتوانی ئەو هەموو کتێبەی هەبێ، ئەگەر (شوان ئەحمەد) هاوسەری هەبا، نەیدەتوانی وەرگێڕێکی ئەوەندە چالاک و پڕبەرهەم بێت. لەخۆوە نییە، کە زۆرینەی نووسەران و هونەرمەندانی جیهان بە ژن و پیاوەوە ناتوانن لە ژیانی خێزانیدا بەردەوام بن. **داهێنان بە وزەی ئازادیی دەگەڕێ، ئازادیی نرخێکی هەیە، کە تەنیاییە.**

***

# درۆکردن

لە درۆکردندا دوو جۆر مرۆڤ هەیە: ئەوەی درۆزانێکی کارامەیە، ناتوانێ درۆی ئەوانیتر کەشف بکات، ئەوەی لە درۆکردندا کۆڵە، توانایەکی سەرسوڕهێنی لە درۆناسینەوەدا هەیە.

**بە خۆت بڵێ کامیان؟**

***



Scanned with CamScanner

## ڕۆح

ڕۆح بە ترازانی لە جەستە بریندار دەبێ، هەر جەستە نییە بە دەرچوونی ڕۆح دەکەوێ، ڕۆحیش، کە جیادەبێتەوە، ماوەیەک دەکەوێ، سەری گێژ دەخوا، قەیرێکی زەمەنیی باشی دەوێ تا دەستی بەو شتە بگاتەوە، کە کاتی خۆی بەهۆی جەستەوە فێری بوو، ئەویش ڕاهاتنە.

***

## خەونەکان

تۆ لە منداڵیدا خەونێکت بینیوە،
بۆ ئێستاش هەر دەبێ، لە خەوندا یەک لۆجیک هەیە!

***

## بزانە ماوی؟

هەموومان کەسێک هەبووە جێمان هێشتووە؟! هەموومان کەسێک هەبووە جێی هێشتووین؟! کێ هەیە لە دەرەوەی ئەم دوو دێڕەیە، با بچێتە بەر ئاوێنە و دەست بدات لە ڕووخساری خۆی، بزانێت ماوە، بزانێت هەیە؟



Scanned with CamScanner

تاریکاییەك لە شوێنێکتدایە،
من شێتی ئەو شوێنەتم،
زەنی خراپ نەبەیت خەریکم باسی دڵت دەکەم!





Scanned with CamScanner

## خەتای کێیە؟

ئینسان بە سروشت زۆرزانە، خۆی ناکات بە هۆکاری هیچ نەگبەتییەک، کە دێتەرێی، هەمیشە قۆرتەکانی بەسەر ئەوانیتردا دەساوێ، **ئەمە بەرگرییەکەی ناوەکی و دەروونیانەیە، مێشک ئەم بەیت و بالۆرەیە رێک دەخات بۆئەوەی خاوەنەکەی بەرگە بگرێ و شێت نەبێت.** شتەکە لەخۆی دوور دەخاتەوە، جاری وا هەیە دەڵێت: ئیدی چارەنووسە.

سوارەی ئیلخانیزادە دەڵێت: "ئەم ئاسمان تاوانبارکردنە، گاهێ چەندە تەسکین ئەدا بە دڵی خەمبار!"

ئەم ئێوارەیە منیش دەمگوت: خەتای دایکم بوو، نا خەتای یەکەم کچ، کە دڵی شکاندم، نا خەتای ژنەکەم بوو، کورە ژنی داماو بڵێ چی، خەتای ئەوەیان بوو، کە عاشقی بووم، نـــا خەتای ئەوەیان بوو، کە کوشـــــتمی!

خوایا، کەی خاڵی کۆتایی بۆ ئەم چیرۆکی خەتا خەتایەمان دادەنێیت؟!

***

## دەنگی ماچ!

تۆ بۆ نەچی شەوێکی درەنگ سەر بخەیتە سەرشانی و بەهێواشی لێوت بە گەردنیەوە بنوسێنی و ئەو بۆ نەیەت و بەچرپە پێت بڵێ: "**فلانـی... دەزانی ماچ، دەنگەکەی لە تامەکەی خۆشترە؟!**"



Scanned with CamScanner

# لازم و مەلزوم

نازانم بۆ وەختە (جێهێشتن) ببێ بە مەرجی (خۆشویستن)! ئەمە بۆ گنۆستیکێک، کە خەریکە باوەڕ بە مرۆڤیش دەدۆڕێنێ، زۆر قورسە... زۆر تەنیا دەکەوێ... وانییە؟ هەر لێی گەڕێ... قاوەیەک دەخۆین، خەست وەک مەیلی من و کەم شەکر وەک دڵی ئەو، پێکەوە گوێ لە فەیرووز دەگرین: "یەکتریان خۆشویست... یەکتریان جێهێشت!"

***

# خودا لە کوێیە؟

خودا لەوە گەورەترە بێتە کتێبی عەبدەکانییەوە، تاقەتم نییە بچمە ئەو وردەکارییە فەراغییە، ئەو شەبەقە ئۆنتۆییەی لە مرۆڤدا وەک زامێکی وجودیی هەمیشەتازە، قەتماغە نابەستێ و بونیام هەر خەریکە بە لەفافی خورافە دەیبەستێ.

خۆدا لە کتێبدا نییە، لەناوتایە، لەدڵتایە.

***

# بیرکردن

ئینجا خۆ بەدەست خۆم نییە، هەر بیرت دەکەم.



Scanned with CamScanner

## کورتهێنان

هەر زمانێ فێردەبم کورت دەهێنێ،
ئاخر گەردوونێکی زەبەلاح بە ٢٨ پیتی چکۆلە،
چۆن گوزارشت دەکرێ؟!

٭٭٭

## نەبینینەوە

لەبیرکردنی تـــۆ وەک ئاوخواردنەوە وایە بۆ من،
بەڵام ئەگەر ئەم ئاوە بپەڕێتە قوڕگم، خنکاوم ئەمن!

٭٭٭

## مانا

بۆ من، کە لە هەموو شتێکدا بەدوای مانادا دەگەڕێم،
ناتوانم جیهان وەک ڕێکەوتێکی کوێر تەماشا بکەم!



Scanned with CamScanner

وەك داهۆڵێكی كۆن،
لە پەڵەیەك گەنمی فەرامۆشدام،
وەرە و ئەم تەنیاییەم درووێنە بكە!





Scanned with CamScanner

# ئەندازە

دایکم ژنێکی نەخوێندەوارە، بەڵام لە ئاستێکی باشدا لە کورەکەی دەگات، لەم شەوانەدا بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، وەک هەموو جارێ ڕێی قسەکان هاتەوە سەر تەنیایی، وتی: ئەی ڕۆڵە سەگەکەت؟ وتم: "دایکە، (ئازیز) بۆ من کەم نییە، بەڵام ئەگەر دەتەوێ ئەندازە ڕاستەقینەکەی بزانیت، **ئەوە وەک هەڵماتێکی بچکۆلە وایە لە کاسێکی شووشەی گەورەی بەتاڵدا!**

***

# بیرکردنەوە

لە بیرکردنەوەی زۆردا ژیان دەبێ بە چی؟

- **دەبێ بە ڕۆیشتن بەسەر نووکی دەرزیدا بەپێی پەتی.**

***

# خۆکوشتن

خۆکوشتن ناخۆش نییە، ناخۆش ئەوەیە، **سەرکەوتوو نەبی تێیدا..!**



Scanned with CamScanner

## گیرخواردن

بەدەست خەونەکانمەوە گیرم خـواردووە، ڕۆژێ هەموومـان تـێ دەگەیـن، ئەوە ژیان نییە تانوپۆی خەونەکان دەکێشێ، ئەوە خەونەکانن ژیان بۆ ئەو ناشوێنانە دەئاژوێن، کە خۆیان دەیانەوێ.

خوایا تۆ لە خەونی ناخۆش بمانپارێزە، ئامین!

***

## برغوو

سیستمی ئابوریی جیهان ماشێنکی زەبەلاحە،

مرۆڤی نوێ، کە دەڵێن بەختەوەرین لەم ماشێنەدا

ڕاست دەکەن، وەک کۆمەڵێ برغوو بەختەوەرن!

***

## گەڕانەوە!

نامەیەکی ناردووە، دەڵێ:

"بەس بمزانیایە ئەو (تـۆ)یە کێیە لە نووسینی تۆدا؟"

بۆم نووسی: قوربان، الضمیر یعود الی اهله..!



Scanned with CamScanner

# له گفتوگۆی خوێنەرێکدا!

- له سەرەوه پێم وتی من له یارییەکدام، که ناوی ژیانه و ناچارم به قانوونی یارییەکه بڕۆم. **هاوڕێیەتی لەگەڵ منـدا وەک کرێکاریی له کێڵگەیەکی میندا وایه، کرێکاری کێڵگەی مین له ژیانیدا یەک چانسی هەڵەکردنی هەیه، نایکات به دوو، چونکه هەر له هەڵەی یەکەمدا** عومری درێژی بۆ من و تۆ جێ دەهێڵێ.

- سەرنجڕاکێشه! ئێستا دەمەوێ بپرسم: کەس هەیه نەتوانی، یان نەتەوێ لێی خۆش ببیت؟

- من نازانم وەڵامدانەوەی ئەم پرسیاره شەخسییانه چی بۆ تۆ دەکات، بەڵام بەڵێ، کەس هەیه نامەوێ له ژیانێکی تریشدا بیبینمەوه، نامەوێ لەو دونیاش چاوم به چارەی بکەوێ!

- جا ئاوا بەخشندەیت؟


- **نـا، ئاوا مرۆڤم!**

***



Scanned with CamScanner

تۆ چەند لێوت لە لێوی ئەو دەچێ!
بیر دەکەمەوە،
هەمیشە ئەم ژیانە،
گەڕانە بەدوای کەسێکدا لە کەسێکی تردا.





Scanned with CamScanner

# یوسفی دەستی براکان

یەکێک لە مرۆڤە ون و چیرۆکنووسە جوانەکانی دونیا ئەدەبی ئێمە پیاوێکە بەناوی (یوسف عزالدین)، ڕەنگە یوسف خۆیشی حەزبکات ون و حەزبکات وەک کاراکتەری چیرۆکەکانی دەموچاوی شاراوە و نادیاربێت، بەڵام ئەم نووسەرە کۆمەڵێ تێکستی جوانی هەیە، کە لە یادی من ناچنەوە.

یوسف، وەک هەندێ نووسەری پەرواێزنشینی تر، هەم میدیا حەقی خواردووە، هەم کتێبفرۆشان و هەم ئەوانەی کتێب چاپ دەکەن، غەدری سووریان لێ کردووە. **لە دونیای کوردیدا خەریکە یوسف دەبێ بەژێر تۆزی بیرچوونەوەوە. ئینجا دونیای کوردی یان کەسێک دەکات بە ئاسماندا یان ئەگەر ویستی هەموو توانستی خۆی دەخاتە کار تا گومناوی بکات،** بەڵام دونیای کوردی کێیە؟ دونیای من و تۆشین! لێ دڵم خۆشە هێشتا چاوی تیژ، نیگای وردی هەندێ خوێنەر دەتوانێ ئەم جوانییانە وەک هەتیوی تاقانە، وەک گەوهەری یەکدانە بدۆزێتەوە، ئێوەش یوسف عیزەدین لەیاد مەکەن

***

# دڵنیابوون

هەرکەسێ یەک جار خیانەتی کرد، دووجاریش دەیکات،

**ئەرخەیان مەبە و پشتێنی لێ مەکەرەوە.**



Scanned with CamScanner

**کەمبوون!**

ئینسان هەمیشە هەست دەکات شتێکی لێ ونە،
شتێکی لێ کەمە،
ئەو شتەیش هیچ نییە جگە لە خۆی..!





Scanned with CamScanner

# سەگەکەم ناخەسێنم!

زانست شتێکە و ئەخلاق شتێکی ترە، جاری وا هەیە چارەی یەکتریشیان ناوێت. ئێستا زانستییە سپێرمی پیاوێکی بەهێز وەربگیرێت و لەگەڵ هێلکەی ژنێکی تەندروست بپیتێنرێت بە پاساوی نەوەی باشتر. بەڵام ئەم گریمانەیە نائەخلاقییە، چونکە لە داهاتوودا مافی زاوزێ لە لاوازەکان دەستێنێتەوە. بۆیە مەرج نییە ئەوەی زانستیی بوو ئەخلاقیش بێت! لەڕووی ئاکارییەوە من مافم نییە، چێژی جووتبوون، چێژی وەچەخستنەوە، چێژی شیرپێدان بە بەچکەکەی، لە پشیلەیەک یان سەگێک بستێنمەوە! من کێم ئەم حەقە بە خۆم ڕادەبینم! ئەم غرورە چییە ئینسان هەیەتی؟ ئەم وەهمە چییە مرۆڤ وا دەزانێ سەرداری کائیناتە؟! کە ئەم دێڕانە دەنووسم، دەزانم سەگ و پشیلەی کۆڵانان لە وڵاتی من (کوردستان) لە چ دۆزەخێکدا دەژین، بەڵام هێشتا ئەوە وام لێ ناکات دەستکاریی سروشت بکەم، بالانسی تەبیعەت بە مرۆڤ تێک دەچێ بەس بە مرۆڤ ڕێک نابێتەوە.

بەکورتی، تۆ خودا نیت و مافی تەحەکومکردن بە غەریزەی، جەستەی، دەمار و خوێنی هیچ ڕۆحلەبەرێکت نییە، تۆ خۆشت یەک ڕۆحلەبەری، نە زیاتر!

***



Scanned with CamScanner

## تاریکییەکی ڕووناک!

جارێکیان نامەیەکم بۆ مامۆستایەکی فیزیام ناردبوو، تێیدا نووسیبووم:
**ئایا دەتوانین تاریکی بکەین بە وزە؟ ئەگەر دەتوانین، ئەوە بەشی سەفەرێکی دوور بۆ گالاکسییەکی تر، تاریکی لە مندایە.**
ئێستایش هەر دەمەوێ هەمان پرسیار بکەمەوە، لێ هەست دەکەم
**ئێستا تاریکییەکەم تاریکییەکی ڕووناکە!**

***

## دیوی ناوەوە

لەناوەوە ژەنگی گرتووە..
سەیری چی دەکەی؟!
خـــۆم دەڵـــێـــم.

***



Scanned with CamScanner

## وەفا

بۆ کچەهاورێکەم دەنووسم:

«جگە لەوەی ئەندامی نێرینەم بخمە زەرفی نامەیەکەوە، **چیتر پێویست دەکا بۆت بنێرم؟ تا خۆشەویستیم سەری گومانت بخوات؟**»

***

## پیاو

**پیاوان چین؟**

قۆپچەیەک زیاتر بکەرەوە..

پێناسەی تری ناوێ!

---

**تێبینییەک لەبارەی ئەم دوو نووسینەی نێو ئەم لاپەڕەیەوە:**

چەندین ساڵ لەمەوپێش کە نەمدەتوانی هەموو قسەکانی خۆم بەناوی خۆمەوە بنووسم، نەمدەتوانی قسەکانم نەکەم و کە دەشم کردن، دەمکرد بەناوی کەس و نووسەری تری جیهانییەوە، بەوەدا چیرۆکنووسم و کاراکتەرسازیی لەهەر ئیشێکی تر بۆ من ئاسانترە، زۆرجار خۆم کەسایەتییەکم دروست دەکرد، بۆنموونە: ئەم دوو نووسینەی نێو ئەم لاپەڕەیەم دابووە پاڵ دوو شاعیرێکی بولگاریی بە ناوەکانی (لۆدیڤ شانسکا) و (ئانا تۆنسێی)، **لەکاتێکدا نە لە بولگاریا و نە لە ئەورووپا و نە لەسەر زەوی هیچ شاعیر و نووسەرێک بەو ناوەوە بوونی نییە و نەبووە!**

جا نۆربوون ئەو نووسینانە، هەر نازانم کەوتنە کوێوە!



# بوومەلێڵ

Scanned with CamScanner

## بوومەلێڵ:

مامۆستا سوارە ئیلخانیزادە کە -وێدەچێ خۆی داهێنەری وشەکە بێت- دەڵێ: بوومەلێڵ، بریتییە لە هەیکەلێکی تەمگرتووی نیوەدیار لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا.

Scanned with CamScanner

# له بارەی قورئانەوە

قورئان، تەورات و ئینجیل، لە ڕیزی پێشەوەی کتێبە دڵخوازەکانی منن. لەو ساڵانەی ڕابردوودا نوسخەیەکی لەبەرگیراوەی دەستنووسی (زەبوور)م لە مۆزەخانەی ئەسفەهان بینی، کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام - و ئۆرگیناڵەکەی کۆنترین نوسخەی زەبوورە لە کتێبخانەی ئایەتوڵا مورعەشی نەجەفی‌یە لە قوم؟ پاشتر کۆپیەکم لەم نووسخە لەبەرگیراوەیە دەستخست و خوێندمەوە.

بەو زەخرەفە بەلاغییەی، بەو ستایشە شیعرییانەی، بەوەی زمان لە خۆشویستنی خودایا تا ئاستی پچڕان بکشێ، هیجگار سەرسام بووم. **ئینسان مینا عارفێکی پیر، هەموو جارێ دەکارێ، وێنە و مانا و نەخشەی تازە بۆ ژیان، لەو کتێبە کۆن و کاغەزە زەردانەدا هەڵهێنجێت**، ئەمە ڕەنگە بەشێکی پەیوەندیی بەوەوە هەبێ، کە من لام وایە **مرۆڤی ڕۆژگاری زوو، کتێبی نەنووسیوە، بەڵکوو کتێبی کۆدرێژ کردووە**، ئەگەرنا نەماندەتوانی تائێستایش دانتێ و شەکسپیر بخوێنینەوە، نەماندەتوانی لەکاتێکدا لە چەرخی فیزیای کوانتەمداین، ئیبن سینا بخوێنینەوە!

بۆ کتێبە ئاسمانییەکان، کۆدەکان چەند بەرانبەری کتێبەکانی ترن، با لەبارەی گریمانەی یۆفۆ و بوونی بوونەوەی گەردوونی تر جگە لەمرۆڤ، نموونەیەک لە ئایەتێکی کۆدرێژی قورئان وەربگرین: (( وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً * قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ - سورەتی بەقەرە، ئایەتی٣٠))



Scanned with CamScanner

واتای ئایەتەکە: ئینجا کاتێک خودا بە فریشتەکانی گوت: من بە نیازم لە زەویدا جێنشینێک دانێم، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تێدا دادەنێی، گەندەڵی بکات و خوێنی تێدا بڕێژێت، لەکاتێکدا ئێمە حەمدوسەنای تۆ بەجێ دێنین؟

ڕاڤەکاران، لەبارەی ئەم ئایەتەوە زۆریان نووسیوە، هەرکەس بیەوێت دەتوانێ بچێت کتێبەکانی ئەوان بخوێنێتەوە، بەڵام من لێرەدا بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر لەبارەی ئەوەی قورئان کتێبێکی کۆدڕێژە، ئەم وردە سەرنجانەی خۆم لەسەر ئایەتەکە تۆمار دەکەم:

* وا دەردەکەوێ لەسەرەتاوە فریشتەکان بزانن لەپاشەڕۆژدا لەسەر زەوی چی ڕوو دەدات.

* نا ئەوان نازانن چی ڕوودەدات و نیازیان لەسەر داهاتوو نییە، تەنیا ڕابردوو دەزانن، **کەواتە پێش دروستکردنی مرۆڤ لە زەویدا (کەس!)، بوونەوەری تر هەبووە، کە زەوییان گەندەڵ کردووە و خوێنیان ڕشتووە و فریشتەکانیش شاهیدی ئەو کارەساتەن! ئەمەیش موعەمایەکە زانست بۆی ناسەلمێنرێ، بەڵام ڕەتیشی ناکەتەوە، کە بوونەوەری تری جگە لە مرۆڤ لە گەردوونی بینراو (دۆزراوەدا)دا هەبن.** ئەوجا مێژووی پەیدابوونیان پێش مرۆڤە یان دوای مرۆڤە، ئەوە ڕێگومکەی کاتی گەردوونییە و دەبێ بزانین، کە دەڵێین پێش یان دوا، لە چ کۆنتێکستێکدا و لەکوێدا ئەم پرسیارە دەکەین، چونکە کاتی ڕەها و گشتگیر و ستاندارد بوونی نییە، یان لە دەرەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە.



Scanned with CamScanner

-مشتومڕ لەبارەی کاتی ڕەها و کاتی ڕێژەیی و کات لە تیۆری میکانیکی کوانتەمدا یەکێ لە کێشمەکێشە دیارەکانی مێژووی فیزیا و فەلسەفەیە و ئێستا نامەوێ بچمە ئەو وردەکارییەوە-.

* وا دەردەکەوێ جۆرێک ڕاوێژ، ڕاگۆڕینەوە، سەرنج وەرگرتن لەنێوان خودا و فریشتەکاندا هەبێت و بڕیارەکان بەو ڕەهاییە نەبێ، کە ئێمەیان حاڵی کردووە، ئەگینا چ پێویست دەکات خودا بەو گەورەیی و دەسەڵاتەوە، دابنیشێت نیازی خۆی بۆ فریشتەکان باس بکات! درێژەی ئایەتەکە ئەم ڕایە پشتڕاست دەکاتەوە، لەکاتێکدا فریشتەکان وەک پرتەوبۆڵە، وەک گازندە دەڵێن: تۆ شتێکی تر دروست دەکەیت، کە خوێن بڕێژێت لەکاتێکدا "ئێمە حەمدوسەنای تۆ بەجێ دێنین!"

* مێژووی ئاینەکان لە ١٥ هەزار ساڵ تێناپەڕێ، لەکاتێکدا کۆنترین ئێسکەپەیکەری دۆزراوە لە مەغریب بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا! کەواتە **ئێستا لە ئەنترۆپۆلۆژیادا مێژووی ٢٨٥ هەزار ساڵی خوداپەرستی ونە!** ئەو ماوەیە وەستانێک هەیە، دیار نییە چییە، دوور نییە دروستکردنی ئادەم بکەوێتە ئەو ماوەیەوە، بەوەدا قورئان لەسەرزاری فریشتەکانەوە ڕەتی ناکاتەوە، پێشتر بوونەوەری تر هەبووە.

بەکورتی ویستم بڵێم: لە دونیای نوێ ڕوناکبیریی کوردیدا، چونکە ڕۆشنبیرەکانی یان غەربزەدە بوون -ئەویش مۆدیلگەرای کلێشەیی- یان لەژێر هەژموونی ماتریالیزمی مارکسییدا بوون، -ئەوە ئێرە جێگای ئەوە نییە باسی ئەو هەموو غەدرە بکەین، کە خودی مارکسییەکانی کوردستان لە فەیلەسوفێکی وەک مارکس کردوویانە- ئیدی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لە قورئان پێ عەیب بووە، سەرئەنجام قورئان وەک



Scanned with CamScanner

کتێبێکی فەرامۆشکراو، لە پارچەیەک پەڕۆی سەوزدا لەنێو تەپوتۆزی تاقێک یان میحرابێکدا جێهێڵراوە، ئەم کتێبە سەرڕێژە لە کۆد، بەرەو خوێندنەوەیەکی نوێی کوردیی، ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ ئەم کتێبە قووڵ و سەیر و قژقژە.

***

## وەکوو ئەوەی حافز بخوێنیتەوە

تازە هاتبوومە سوید، هەمووی یازدە مانگ بوو، خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی Röda rummet ستریندبێری بووم، نەدەهات بەدەستەوە، سەخت بوو، منیش کۆڵم لێی نەدەدا، مامۆستای ئەدەبییاتم، کە خۆی پۆڵەندییە و ئەدەبی فارسی لە زانکۆی وارشۆ خوێندووە، وتی: "توانا ئەوە وەک ئەوە وایە کەسێکی سویدی لە ستۆکهۆڵمەوە بچێ بۆ شیراز و فێری زمانەکەیان ببێ و پاش یازدە مانگ لە گەیشتنی بیەوێت حافز بخوێنێتەوە و تێشی بگات!" وتم مامۆستا ڕاست دەفەرمووی من زۆر بە **توانا نیم، بەڵام کوڕێکم حەز دەکەم نامومکینەکان مومکین بکەم!**



Scanned with CamScanner

لە ژیانی هەمووماندا جۆرە کەسانێك هەن، وەك تۆپی تەقیون، شتێکن هەن و نین، نامەوێ بە ئینسان بڵێم زیادە، بەڵام زیادەن! کەسانێکن نە بە کەس دەشێن نە بە ناکەس!





Scanned with CamScanner

# ئەوەی دووان بکات، سیانیش دەکات

حاجی غەریب هەبوو، حاجی غەریب خەڵکی ئەو عەربەتی خواروووە بوو، پیاوێکی تەڕ و بەویقار، سەرناس و دونیادیدە بوو، دەیانگوت لە ئەسڵا ئێرانییە، لە گەنجێتیدا شتێکی لە وڵاتی خۆی لەدەست دەقەومێ و ئیدی سەری خۆی هەڵدەگرێ و ناوی خۆی دەگۆڕێ و لەم مەملەکەتەی ئێمە دەگیرسێتەوە. حاجی هەمیشە قاتێ شاڵی خورمایی لەبەردەکرد، جووتێ کڵاشی هەورامیی خەت شینی دەخستە سەرپێی، مشکییەکی ڕەشی بە لاریی دەنایە سەر سەری، ڕیشی پاک دەتاشی، قیچکەسمێڵێکی هیتلەریی دەهێشتەوە، هەر حەزت دەکرد سەیری بکەیت.

حاجی سەری بچووایە نوێژی نەدەچوو، **تەنها عەیبێک لەودا هەبێ ئەوە بوو، لەبەرانبەر جوانیی ژندا قەڵەمی ئەژنۆی دەشکا**، ئاڵاندبوویە بێوەژنێکی داماو بە ناوی (باجی پیرۆز)، ئەم پیرەژنە سیابەخت و چارەڕەش بوو، لە شووی یەکەمی نەحەسابۆوە کابرای بەجێ هێشتبوو، شووی کردبوو بە دانەیەکی تر، کۆشێک منداڵی لە کابرای دووەم ببوو، کە کابرا دەگیرێ بە عەسکەر و لە شەڕی ئێران و عێراقدا بێسەروشوێن دەبێ، وەڵا ئەمیش وەک زۆربەی ژنە قەیمەکانی ئەو وڵاتەی ئێمە، نەفسبەرز و بەغیرەتانە بەتەنها و بێوەژنکۆشیی شانی دابووەبەر گەورەکردنی منداڵەکانی.

حاجی غەریب چووبووە کەلی شەیتان و حەزی چووبوو بە پیرۆزدا، زوو زوو دەچووە سەر ڕێی و دەیگوت: "مەرحەبا کەنیشکە، شووم پێ بکە،



Scanned with CamScanner

عەربەتم دابێتە بەر تۆپ ماڵێکت بۆ دەسێنم." ڕۆژێ قورئانمان برد بە پیرییەوە، وتمان کاک حاجی بۆ خاتری ئەم قورئانە، بۆ خاتری ئەو کەعبەیەی دەست پێوەگرتووە واز لەو ئافرەتە بەستەزمانە بهێنە، کاکە شوو ناکا و تەواو... حاجی تیزەجاڕانە، بەڵام سەرناسانە قسەیەکی کرد، کە من تائیستایش لەمێشکمدا دەزرنگێتەوە، وتی: "**بە کەلامی موحەمەو ئەوەی دوو شووی کرد سیانیش دەکات!**"

حاجی خۆی بە شەرعی خواو پێغەمبەر دوو ژنی هەبوو دەیویست بیکات بە سێ، بەڵام ئەم ژمارانەی خۆی نەدەبینی و وەک هەر نێرسالارێکی زەمانی خۆی، دەیویست دەستەچەورەکەی خۆی بە ژندا بسڕێ. ئەلهەقی دەبێ بڵێم: حاجی ئەم شەوی لە هەموو شەوێکی خۆشتر بێت، داوێنپیس و دەروونڕەش و بەدنیهاد نەبوو، هەر ئەوەبوو ژن شتێک بوو چووبووە سەرییەوە.

جا دەڵێن (ابو العباس احمد البونی) لە کتێبی (شمس المعارف الکبری)دا وتویەتی، لە (علم الارقام)دا هاتووە: دوو ژمارەیەکی خڕە، هەر کەسێ بچێتە دوو، دەشچێتە سێ! ئەمە سڕی ئەرقامە و هەر خوا خۆی دەزانێ بۆ وایە، بەڵام من وا دەزانم مرۆڤ، کە لە هاوسەرێتیی یەکەمدا شتێک ون دەکات، لە دووهەمدا بۆی دەگەڕێ، کاتێک دەزانێ لە شوێنێکی هەڵە دەگەڕێ، لە شوێنێک زۆر لە یەکەم خراپترە و ناشتوانێ بگەڕێتەوە، کاتێک دەزانێ هاوسەرێتیی دووەم دۆزەخە، چی بکات جگە لەوەی خەونی بەهەشت ببیات بۆ ژمارە سێ، بەڵام بەهەشت لە سێهەمدا نییە، بەهەشت لە شوێنێکدا نییە پێشتر دۆزەخی لێ بووبێت!



Scanned with CamScanner

بەشی گەورەی سەرنەکەوتنی زەواجی دووەم پەیوەندیی بە دڵشکانی گەورەوە هەیە، دڵشکان لە مرۆڤ، ئەم جۆرە کاراکتەرانە ئەگەرچی بۆ ئێمە و بۆ خۆشیان وا نیشان بدەن زۆر شادومانن، لێ لە ناوەوە برینێکیان تێدایە قەتماغەی نەبەستووە. من برینی ئەو مرۆڤە بریندارانە ماچ دەکەم و خۆشم دەوێن.

***

## کیمیاگەرێک لە غەریبی


ئەها خزمێکتان لە شەڕی ئێران و عێراقە و لە ئێران دیلە، کە باسی دەکەن، تۆ شێوەیت وەک خەیاڵ، ڕووخساریت بەحاڵ لە تەمێکی سپیدا دێتەوە بەرچاو... ئەم هەستە دەزانیت؟

من ئەمڕۆ، کە یەکێک لە کتێبەکانم، بەناوی (**مینای شین**) پێگەیشت، هەمان ئەم هەستەم هەبوو. کتێبەکە بۆ من غەریبێکی ئاشنا بوو، غەریب بوو وەک مەتریال، وەک کاغەز، ئاشنایش بوو، چونکە ئەم شتانە منداڵی نێو سەری خۆم بوون. **نووسەرەکان ئەو کیمیاگەرەن، کە نووسین لە دۆخی گازیی خەیاڵەوە دەگۆڕن بۆ دۆخی ڕەقیی کتێب!**



Scanned with CamScanner

هەر دەبێ بوومەلەرزە بێت تا لەو دێڕە تێ بگەیت،
کە پێم گوتی: **خۆشم دەوێیت بە پلەی ڕێختەر!**





Scanned with CamScanner

# دەنگ وەک ئەڵماسی شووشە
# لە بارەی گوینتەر گراسەوە

سێ هەفتەی پێشوو، هەلی خوێندنەوەی سێ ڕۆمانم پێکەوە هەبوو، یەکێک لەوان، ڕۆمانی (تەپڵی تەنەکە)ی گوینتەر گراس بوو، نووسەری ڕۆمانەکە لە مانگی پێنجی ئەمساڵ (٢٠١٥)دا کۆچی دوایی کرد و ١٦ ساڵ لەمەوپێشیش لەسەر کۆی کارەکانی و بەتایبەت ئەم ڕۆمانەی خەڵاتی نوبێڵی وەرگرت.

تەپڵی تەنەکە، ڕۆمانێکی ئاسان نییە، کارێکە بە قەبارە گەورە و زیاتر لە ٦٠٠ لاپەڕەیە، میناتۆر و وردەکارە، ئەم ڕۆمانە خۆی یەکێک لە سیانەیەک و لەناوخۆشیدا دابەش دەبێتەوە بەسەر سێ کتێبدا. **من لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا سەرنجم دا، لەم هەموو لاپەڕەیەدا هیچ شتێکی زیادەی تیانییە! هەر پاراگرافێکی لێ بسڕیتەوە شتێک لە کێشە ڕاستەقینەکەی لەدەست دەدات.** کۆی کارەکە گێڕانەوەی کاراکتەرێکی دەروونماندووە، لە نەخۆشخانەیەکی نوژداریی-دەروونییدا بە ناوی (ئۆسکار).

ئۆسکار، وڕێنە دەکات و وڕێنەکانی خۆی دەنووسێتەوە، لە ڕەگەکانی درەختی بنەماڵییەوە دەست پێ دەکات، کە (کولیایژەک)ی کورتەبنەی باپیرێتی. کاراکتەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە لە سەرەتای تەمەنی منداڵیی خۆیدا، ڕۆژێک بڕیار دەدات لەڕێگەی دروستکردنی ڕووداوێکەوە لە ژێرزەمینەکەی ماڵی خۆیان، گەشەی سروشتیی خۆی بووەستێنیت و لەوەشدا سەرکەوتوو دەبێت.



Scanned with CamScanner

بەم شێوەیە هەمووان وا دەزانن ئەمە منداڵێکی نابەکامە و فێری هیچ نابێ جگە لە تەپڵلێدان، لەکاتێکدا ئەو لە ناوەوە گەشەی سەروسروشتیی خۆی پەرەپێدەدات و زیاتر لەوە دەبینێ، کە لەبەرچاویدایە و هێجگار زۆر زیاتریش لەوە تێ دەگات، کە دەبێ مرۆڤێکی ئاسایی تێی بگات. بەم جۆرە لە وردە نهێنییەکانیماڵەکەی خۆیانەوە، تا خیانەتەکانی دایکی، تا جەنگی دووەمی جیهانی، هەموو شتێک بە وردودرشتییەوە -دەڵێم بەوردودرشتییەوە- بۆ خوێنەر دەنووسێتەوە. **ئۆسکار توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە، کە دەتوانێت لەڕێگەی دەنگییەوە شووشە بشکێنێت!** ئەوەیش لە فەخفوری و تحوفاتی ماڵەکەی خۆیانەوە تا پەنجەرە بەرزەکانی کڵێسا و شووشەمەنییەکی دەوروبەری لە زۆر ماجەرادا وەک فریشتەی نەجات بەفریادی دەکەوێ.

ئەم ڕۆمانە لەسەر شتی زۆر بچووک دەوەستێت، کە هەم خوێنەرەکەی سەرسام دەکات و هەم جەخت لەو مالیخۆلیا و پەشێوییە دەروونییە دەکاتەوە، کە نووسەرەکەی تێدا دەژی. بۆنموونە: بەراوردکردنی مۆنییەکەی بتهۆڤن بە هیتلەر، وێکچواندنی ڕووخساری ڕاسپۆتین بە گۆتە! جاری وا هەیە پەردە لەسەر ئەو شتانە هەڵدەداتەوە، کە بوون بەژێر لۆچی ماسکەکانمانەوە و نامانەوێ ئەوانیتر ئەو شتە تایبەتییانەی ئێمە بزانن، تەنانەت نامەنەوێ خۆشمان بیرمان بکەوێتەوە.

بفەرموون لەم دوو دێڕەدا، بزانن چۆن باسی بوغز لای ئینسان دەکات، وەک شتێ، کە جەوهەرەکەی دەگۆڕێ بەڵام ون نابێ:



Scanned with CamScanner

"من حەزم لە چارەی (گرێف) نەبوو، گریفیش حەزی لە چارەی من نەبوو، دواتریش کاتێ گرێف مەکینەی تەپڵەکەی بۆ دامەزراندنم، هەر حەزم لە چارەی گرێف نەبوو، تەنانەت ئەمڕۆیش کە گرێف نەماوە، هەر حەزم لە چارەی گرێف نییە."

ئەم ڕۆمانە لەلایەن مامۆستا (کەریم پەڕەنگ)ەوە ڕاستەوخۆ لە ئەڵمانییەوە کراوە بە کوردی. کوردیی ئەم ڕۆمانە بۆ من هێجگار نوێ و جێی لەسەر وەستان و سەرنج بوو، ئەگەرچی زمانی کوردی زمانێکی لوس و ماسی ئاسا نییە، بەڵام هەموو زمانێکیش لە ڕووکاری دەرەوەیدا چەندێک توانای لە خۆیدا هەڵگرتبێ، هێندەشی لەناوخۆیدا بەجێهێشتووە بۆ ئەو ئاخێوەر و نووسەرەی زمانەکە دەئاژوێ. بەبڕوای بچووکی من، کەریم پەڕەنگ لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە قورسەدا ئەوەی سەلماندووە، کە زمانی کوردی دەتوانێ بۆ هەندێ کەلێن بچێ، کە پێشتر لە وەرگێڕاندا نەچووە.

***

## دیمەنی کۆتایی

ئەها لە ئەسانسۆرەکە دادەبەزن، ئەو لە بەرانبەر کامێرای ئایفۆنەکەدا بە کلێنسێکی سپی هێڵە تێکچووەکانی تەختیتەکەی ڕاست دەکاتەوە و **تۆش هەموو دەمولێوت سووراوە.**

بیرت دێ؟!



Scanned with CamScanner

# باخی ماڵە دراوسێ..!

سـوید دیـمەن و سروشـتێکی هەیە، کە ئـێمە پێشـتر ئەو دیمەنانەمـان تەنهـا لەسـەر دیسـکتۆپی کۆمپیوتەرەکانمانـدا دیـوە... هەروەک چـۆن سـوهرب دەڵـێ: "دوورابییەکـان دەنگـێکن بـانگم دەکەن"، لای مـاڵی ئێمەشـەوە ڕێگـایەکی لێـیە هەر بە بونیـام دەڵـێ: "وەرە..!" خـوا هەڵنـاگرێ ئـێمەش نە لە وەرزشـی بەیانیـان و نە لە پاسکیلسـواری ئێوارانـدا دڵـی ناشـکێنین... ئەم ئێـوارەیە (٢٩ی ئۆکتـۆبەری ٢٠١٥) کە لەگەڵ ئازیز-سەگەبچکۆلەکەم- بەو ڕێگایەدا دەهـاتینەوە لە بـاخی مـاڵە دراوسـێ-کە کەس نـازانی بـۆ هەمیشـە بـاخی دراوسـێ لە بـاخی مـاڵی خۆتان جوانترە!- ڕێکەوتی نـۆبەنێکی تەنیـای گاکێویەکمـان کـرد، کە زۆر نزیـک ببـووەوە، ئەمـانە بە سـویدی پێیـان دەڵـێن: (ئێلـی-Älg) بە شێوەی گروپ بەسروشدا دەگەڕێن، لە ٩-١٢ ملیۆن ساڵ پێش ئێستاوە سـەریان هەڵـداوە، کێشـیان لە ٤٠٠- ٨٠٠ کیلـۆ دەبێـت و باڵایـان لە دەوروبەری مەتـرو حەفتـادایە، ئـاژەڵێکی سـەلار و بێـوەین، هەمیشـە مەودایەک لە نێـوان خۆیـان و مرۆڤـدا وەردەگـرن و زۆر نزیـک نـابنەوە، ناحەقیـان نییە، ئـاخر مـرۆڤ شـتێ نییە بـوێریی ئەوەت هەبـێ خـۆتی تەسلیم بکەیت..

پایزان دایکەکان گوێرەکەکانیان، کە ئیدی ئێسـتا بـوون بە نـۆبەن ئیـزن دەدەن و ئەوانـیش بـۆ مـاوەیەک سـەرگەردان و وێـڵ لێـرە و لەوێ دەسوڕێنەوە تا فێری ژیان دەبن... لە ژیانی هەمووماندا ئەم قۆنـاغە لە سـادەدڵی هەیە، کە کـۆ لەهـیچ نـاکەیتەوە و نزیـک بـوونەوەی هەمـوو



Scanned with CamScanner

کەسێک لەخۆت بە ئاسایی تەماشا دەکەیت، تـــا دەستت پێیدا دەچزێ... دەتوانین ئەو قۆناغە ناو بنێین (قۆناغی گاکێوی یەک ساڵە)... جا سەرتان نەیەشێنم، ئەو ئازیزەی من ئەڵێی منداڵە، کە کەسێکی تری بینی، دایکم واتەنی: "ئیتر وجو نازانێ"، دەیویست بچێ بۆ لای ئەم گاکێوییە و ڕاکەڕاکی لەگەڵ بکات... وتم دانیشە کاکە تۆ لەگەڵ ئەوەیا چۆن پێت دەکرێ، ئەو هەڵبکات بەو دەشتەدا تا دانیمارک ناوەستێتەوە... نەخەیر، سەگەکەیش شتێک نییە کۆڵ بدات...

بیری (قۆناغی گاکێوی یەک ساڵە)ی خۆمم دەکرد... ئەوەی هێشتا تــۆ کارێکت نەکردبوو؛ لە خۆم بترسم و لەخەڵکی تر سڵ بکەمەوە..!

***

## حەیفە

تۆ حەیفە ژیانت لە ناسینی خەڵکدا سەرف بکەیت، **فیلمەکە کورت بکەرەوە و هەوڵ بدە شتێ پارە بکەوێتە نێوانتانەوە، پارە ئەخلاقباشیی خەڵک ڕوون ناکاتەوە، تەنها نمرەی بێئەخلاقییەکەی دیاریی دەکات.**




Scanned with CamScanner

دەزانم دێیت!

ئێستا هیچم نییە،

ئەگەر هەم بوو شەو لە خەوەکەمدا پێت دەڵێم!





Scanned with CamScanner

# نوستالۆژیا

ساڵی ١٩٩٨ـە لە زانکۆ دێمە دەرەوە، دەڕوانم ئەوە بەفر دەبارێ، بە قەمسەڵەیەکی شەبەحی چەرمی عادییەوە دەگەمە بەر هۆڵی ڕاپەڕین، دەرگایەکی ژەنگاویی ئاسن، پۆلیسێکی ڕیوەڵە، قەتاری درێژی ڕیزی خەڵک بۆ سەیرکردنی نمایشی (ئاوایی بێکەسە)، ڕێزێ ژن، ڕیزێ پیاو، پاڵ دەنێن، دەبێ بە شەڕ، دوو کەتافەلەبەر چەقۆ لەیەکتر دەردەهێنن، من لە دڵی خۆمدا پێ دەکەنم و دەڵێم خۆ نمایشەکە لە دەرەوەیە!

لادایەک بە هۆڕنێکی درێژەوە بەلامدا فرتە دەکاتە خوارەوە، ژنێکی سووتاوی تێدایە، بۆکرووز لە جامی لێڵ و ڕێڕیی لاداکەوە دەگاتە لووتم. ئیستێک دەکەم، لەنێوان هۆڵی ڕاپەڕین و نەخۆشخانەی جامیعەدا، فەرمانگەیەکە، هەمیشە دەرگاکەی داخراوە. نیگام لە شیشە ڕەشەکانی تارمەکەیەوە خۆی دەکات بەودیودا و بۆ ساتێک، ساتێکی کورت، دەزانم جوانترین درەختی ئەم شارە لەم باڵەخانە فەرامۆشەدایە، هەر خێراش بیرم دەکەوێتەوە، که **جوانیی ئەوە نییە لە بەرچاواندایە و خۆی دەکات بەناو بونیامدا، نا جوانیی ئەوەیە لە پەراوێزدایە و نیگای ئێمە وەک کاندۆزەرەوەیەک دەبێ بیدۆزێتەوە.**

لەبەردەم نەخۆشخانەی جامیعەدا، دەبێ بەشین و ڕۆڕۆ، نازانم ئەم هەموو غەمگینییە چییە لەم شارەدا، پۆلیسێکی لاغر، بە کوڕێکی گەنج دەڵێ: غیرەتت بێ کاکە، هەموومان دەمرین... ڕیزێک عەرەبانەی بەرانبەر نەخۆشخانەی سەرقەبرانەکە، بە خۆیان و شەربەتی نادر و خاڵقی، خۆیان و پسکویتی چواری و شەشی، لە پاڵتۆی ڕەشدا بەدیار



Scanned with CamScanner

تەنەکەیەکـــی ڕۆنەوە، کە ڕەش داگەڕاوە و ســـێ چـــوار پـــارچە داری سـندوقە سـێوی تێـدا دەسـووتێ، هەڵتروشـکاون. ئەم جـارە چـاوم لێـڵ دەکەم و ئاوڕیـــان بـــۆ دەدەمەوە لە پـــۆلێ قەلەڕەش دەکەن دابێتیـــان بەسەر پەڵەیەک گەنمدا...

دەنگـی خشـانی تـایەی ئوتۆمبێلێـک لە شـەقامی بەردەم نەخۆشـخانەی منداڵاندا لەو خەیاڵەم دەپچڕێنێ و کابرای شـۆفێر جـوێن دەدات، شـکور لەودیو جامەکەیەوە دەنگی ناگاتە من. دەپەڕێـمەوە ئەوبەر، نیگـایەک لە کـۆڵانە تەسـکەکەی دیـواری نەخۆشـخانە دەکەم، لەوسـەرەوە قسـنە سەوزەکەی نێوان دادگا و نەخۆشخانە دەبینم، ئەوەتا ژنێکی عەبابەسەر دەرگـاکەی مـاچ دەکـات، مـن بە شـەقامی بەردەم مەحـکەمەدا دێـمە خوارەوە، **لەبەرخۆمەوە (انا و لیلا)ی کازم دەڵێمەوە، کە تازە دەرچوو و دوێنێ ئێوارە بە قەرز کڕیمان و ئەمشەو تا بەیانی نەخەوتم و دەجار شریتەکەم ئەمدیواو ئەودیو کرد..**

فەرعی سێیەمی دارەسووتاوەکە؛ خۆم دەکەم بەنـاودا، مەودایەک دەڕۆم، دەگەمە کولێرە حەجەرییەکە پێنج دانە دەکڕم و هەر بەڕێوە گازێک لە یەکێکیـان دەگـرم... قەیرێکـی تـر دەڕۆم و دەگەمە دوکـانی وەسـتا شـەفیق، بەسـەر مەکینـەی پینەچێتیـیەکەدا خـۆی کـووڕ کـردۆتەوە، مشتەرییەکی چەنەبازی لایە، کە من دەگەمێ خەریکە دەڵێ "وەستا ئەم وڵاتەخێری تیانەما، ئێـوە گەنجن بـۆ ناڕۆن..." وەسـتا دەڵـێ دەڕۆین، کـابرا دەڵـێ کـوڕەکەی منـیش دەڕوات بەس پـارەی نییە، وەسـتا پـێ دەکەنـێ و دەڵـێ "کەسـمان پارەمـان نیـیە." مـن سـەلامێک دەکەم و دادەنیشـم... زۆر نابـا سـەردار لەمێـزی دەستفرۆشـییەکەوە دەگـاتێ و



Scanned with CamScanner

خاڵە حەمەی خەیات بەدوایدا، لەناو بۆنی پێڵاودا؛ لەسەرما و شەختەی ئەوکوچە قوڕاوییەدا چوار چا لای ئاوات بانگ دەکەین، ئاوات، ئەو کوڕە ڕەشتاڵە خوێنشیرینەی دوایی لەبەر قەرزاری خۆی کوشت... ئێمە چوار پیاوین، تووڕە، ماندوو، کرێکار... لەنێو بۆنی پێڵاودا؛ نانەکەمان دەخۆین و دەڵێین بەخودا وانابێ، کاکە وا نابێ... هەر دەبێ بڕۆین..!

---

**تێبینی: کاراکتەرەکانی ناو ئەم یاداشتە ڕاستەقینەن و ئێستا خاڵەحەمە لە کوردستانە، وەستا شەفیق لە بەریتانیایە، سەردار لە فەرەنسایە و من لە سویدم!**

***

# سلێمانی و شاری مێینە

لە کتێبی (مینای شین)دا گوتم "سلێمانی، شارێکی (خوار)ـە، ئەم هەڵکەوتە جیۆگرافییەشی هەمیشە کاریگەرییەکی ڕۆحیی بەشێوەیەکی ئاسۆیی و (ڕێک)ی لەسەر هاوشارییەکانی هەبووە و هەیە... سلێمانی شارێکە حورمەتی کوڕوکچە باشەکانی ناگرێت... منداڵەکانی خۆی دەکاتە دەرەوە... بچۆ مێژوو بخوێنەرەوە... سەیری شارپێچۆڵکردنی مەولانا خالید بکە... سەیری سەرهەڵگرتنەکەی نالی و گۆڕونبونی لە غەریبیی."

ئێستا دەمەوێ بڵێن سلێمانی؛ شارێکە سروشتێکی دڵڕەقی هەیە، بەڵام ئەمە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە؛ کە سلێمانی شارێکی عەیارە، ئاسان دەتوانێت خۆی خۆشەویست بکات، **سلێمانی شارێکە ئەگەرچی بە نەخشە نێرە، بەڵام کە دەچیتە ناوەییەوە مێیە! خوێنشیرین و دڵپاک و دڵڕەقە پێکەوە..**

ئاهـ... چەند لە تـــۆ دەچێت؛ سلێمانی..!



Scanned with CamScanner

با خەڵك هەر بڵێن؛ عەشقی ئەو كوڕە میقرۆبە... خۆم بڵێم دەردە و تــۆ بڵێی نــا... مەرهەمە... نازانم..! سـەرەنجام خۆشەویستی من شتێكە دەبێ هەتبێ... وەگەرنا تــۆ بێ ئەو كێیت...؟
تــۆ بێ ئەو كوایت..؟!





Scanned with CamScanner

# ونبوون، له پێناوی دۆزینەوەدا..!

له ڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١دا، پیاوێک له (گۆخڵان) لەسەر سنوور، چادر بە چادر، کەپر بە کەپر، خێمە بە خێمە دەگەڕا و سۆراغی ١١ منداڵ و ژنێکی دەکرد و دەیگوت کە: "لێم ون بوون"! ماوەیەکی زۆری خایاند، کابرا هەروا سەرگەردان بوو؛ نە ئەوە بوو بیاندۆزێتەوە نە ئەوە بوو لە پرسیاریان بکەوێ.. ڕۆژێک لە یەکێک لەو خێمانەدا؛ پیاوێکی قۆشمەی لێ هەڵدەکەوێ –لەو مرۆڤانەی کە لە نەهامەتی و کارەساتیشدا لە قسەی خۆیان ناکەون– پێی دەڵێت: "مردووت مرێ.. بەس بڵێ ماڵومنداڵم لێم ون بووە، دوانزەسەر خێزان چۆن ون دەبێت!! کەرە، تۆ خۆت ون بوویت.."!

ئەم نوکتە تراژیدییە، ڕاستییەکی پەنهان دەڵێ... ئەو ڕاستییەی کە **کاراکتەرە ونبووکان، خۆیان بە ونبوو نازانن!** ئەم ئەندێشەیەشیان ئەوەندەی تر دۆزینەوەیان ئەستەم تر دەکات... بۆیە جارێکیان (ژاک دریدا)ی فەیلەسوفی فەرەنسی دەنووسێت: "هەندێک کەس لە ژیاندا خۆیان ون دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان بدۆزنەوە." ئەگەر ورد تەماشابکەیت؛ لەناو ئەم شارستەیەی (دریدا)دا قووڵاییەکی بێ بن لەبارەی ونبووەکانەوە هەیە..

**ئەگەرچی پەیوەندییەکی نهێنی و درک نەکراو لە نێوان شوێن و ونبووندا هەیە، بەڵام خۆ هەموو ونبوونەکان لە شوێندا نین!** من بەچاوی خۆم مرۆڤم دیوە لە یەک کاتدا حازر و غائیبیش بووە..



Scanned with CamScanner

ونبـوون دۆخێکـی هـەڵاوێردە؛ لای مـن شـتێکە زۆرتـر لە زەمەنـدایە تـا لەمەکانـدا بێـت... ئـەوەی ون دەبێـت لێرەیـە و لێـرەش نییـە، هەیـە و نیشە! لێرەیە ئەوەتا؛ هەمیشـە لـە خەیاڵمانـدا و لـە بـەر زەینماندایـە... هەست بە هەناسەی... بـە نیگاکـانی... بـە دەنگـی پێیەکـانی دەکـەین. لێرەش نیە؛ چونکە ناتوانین باوەشی پێدابکەین... نـاتوانین دەسـتی لـێ بدەین... ناتوانێت قسـەمان بـۆ بکـات... نـاتوانین بەڕاسـتی ببینـین... ناتوانین سەری بنێینـە سـەر شـانمان و بە چـاوی تەڕەوە بڵێـین: ئـەرێ ئازیز.. ئەوە تـــــــــۆ لە کوێی...؟!!

**دە ساڵ لەمەوپێش لە چیرۆکێکدا نووسیبووم: "هەمیشە هەندێ کەس لە واقیعدا وون دەبن، دەبێت لە خەیاڵدا بۆیان بگەڕێین"**.. ئەمڕۆ دوای ئەو هەمـوو سـاڵە، سـەرم لەوە دەسـوڕمێ کە دەڵـێن: (دونیـا بـووە بە گونـدێکی بچـووک!) ئـەم درۆ گەورەیـە چییە خودایـا..!! ئەگـەر دونیـا ئەوەندە بچوک بۆتەوە؛ بۆ ئینسان جاری وا هـەیە، نـاتوانێ و نـاتوانێ و ناتوانێ کەسێک بدۆزێتەوە کە وونی کردووە..؟ ئەم دەست تێکەڵاوکردن و خیانەتبازییە چییە لە نێوان خۆشاردنەوە و دۆزینەوەدا..؟

ئەرێ بەڕاست ئەوانەی ون دەبن؛ دەچن بۆ کوێ..؟

***



Scanned with CamScanner

# ئایا دکتۆرەکان مەحرەمن؟

ئەوە پرسیارێکی پیشەیی و ئەخلاقییە، کە خۆیان هەمیشە وەڵامی حازربەدەستی (بەڵێ)یان هەیە، بەڵام ئەم بەڵێیە بەڵێیەکی تەڵخە، بەڵێیەکی ڕووت و ڕوون نییە، بەڵێیەکی پڕ لە نەخێرە، بەڵێیەکە هەزار کێشەی هەیە... هەمیشە ئێمە دەتوانین لەبارەی ناوی ناوەمان، لەبارەی کەموکورتییە دەروونی و جەستەییەکانمان، لەبەرانبەر ئەو نەخۆشی و خوران و برینانەمانەوە کە هەمانن و ناتوانین لای هیچ کەسێکی تر باسی بکەین؛ ڕاوێژ بە دکتۆر بکەین و شەرم نەکەین. بەڵام هیچ کاتێ ڕووی نەداوە دکتۆرێک لەبارەی پریڤاتەکانی خۆیەوە بۆ ئێمە قسە بکات! **بۆیە ئەم پەیوەندییە مەحرەمێکی یەک سەرەیە، دکتۆرەکان لەم گرێبەستە نەنووسراوەدا، بەرانبەر نەخۆشەکانیان کەم لوتف و بێوەفان.**

ئەی ئەگەر دکتۆرێک نەخۆش بکەوێ، شتە تایبەتییەکانی خۆی بۆ کێ باس دەکات؟ بێگومان بۆ دکتۆرێکی تر، لێ ئەو کاتە دکتۆری یەکەم لە مەقامی دکتۆریی دێتە خوارەوە و دەبێتەوە بە نەخۆش، بەم جۆرە پزیشکیی پۆشایەکە بۆ شاردنەوەی خۆت و دەرخستنی ئەوانیتر.

لەنێوان ڕشتە جیاوازەکانی زانستی پزیشکییدا، دکتۆری ددان لەڕووی فیزکییەوە لەهەر دکتۆرێکی تر پتر لە نەخۆش نزیک دەبێتەوە، **نزیکییەکە لەوانەیە کە نانووسرێتەوە، دڕ و بونیامکوژانەیە**... دکتۆری ددان زۆر نزیکە، دەتوانین دەنگی هەناسەی بژنەفین، بۆنی موعەتەرە فێنکەکەی بەئاسانی لەژێر باڵەکانییەوە دەگاتە لوتمان... **بۆ من کە**



Scanned with CamScanner

جوانیی له هەموو شتێک گرنگتره، دەتوانم کاتێ ئەو سەری داژنەوییەوە بەسەرمدا، له چاوە سەوزەکانیدا لەنگەر بخەم، بە وردە ئەڵقەی ڕووناکی دەوری بیلبیلەیدا سەدجار نوقم ببم و هەناسە سوار بێمەوە دەرێ. کاتێ هەوای گەرمی هەناسەی له کونیله وردەکانی کەمامەکەیەوە خۆی دەرباز بکات؛ هەست بکەم بەسەر دەموچاوی بێڕەنگی مندا دەبێت به سروەیەکی فێنک، فێنکێکی دڵبەرانە.

من به پێڵووەکانی دکتۆرەوە پرژۆلەی کلی سەرکردووم دیوە، خوا فرسەتی داوم ئەو کاتەی ئەو وردە دەماری ددان و دڵیشم لەڕیشەوە هەڵدەکەنێ، من له ئازاردا سێجار شایەتومان بهێنم، ئاو بزێتە چاوم و لەودیو نیگای لێڵمەوە بیژمێرم،

یەک هەر خوایە،

دوو... سێ...

٢٢ تاڵ له برژانگی چاوی خوماری!

***

## چۆن؟

تۆیش چۆن تاقەتت هەیە ئەوەندە جوان بیت؟



Scanned with CamScanner

# کە تۆم هەبێت

خەریکە ڕادێم لەسەر ئەوەی هەموو کۆتایی شەوێک دوای کار، پێش داخستنی کۆمپیوتەرەکەم نامەیەکت بۆ بنووسم. نازانم ڕاهاتن باشە یان نا، بەڵام دەزانم شتێکی باشە لە ڕێگای نامەوە پەیوەندیت لەگەڵ کەسێک هەبێت. فێربووم نەترسم، بە دڵی ترسدا هاتم تا فێری ئەو ڕستەیە بووم! خوێنم دا تا ئەو ڕستەیە فێربووم کە ئێستا بۆ تۆ نووسیم... جارێکیان لە ئەزموونێکی ڕۆحییدا، کە سەخت تێپەڕی، گەیشتم بە ڕووناکییەکی جوان، کە لەوێدا جیهان وەک بریسکە دەدرەوشایەوە، دەنگێک هاتە سەرمەوە تائێستاش لەناو مندا زایەڵە دەکات، دەنگەکە وتی: "هیچی خراپ ڕوونادات و ئەوەی دەبێ، ئەوەیە کە دەبێ ببێت."

کەواتە ناترسم و چی دەبێ با ببێت... هەموو شەوێ نامەیەکت بۆ دەنووسم..

***

# سۆراغ

**ئەی مالکی قەلبی مەریزی من،**

**تۆ لە کوێی؟!**



Scanned with CamScanner

من کاروانچییم و بارەکەم تەمە!





Scanned with CamScanner

# تەلەفزیۆن

حەوت ساڵە حەوت سەعات سەیری تەلەفزیۆنم نەکردووە، دوو ساڵی سەرەتا لەماڵێکدا بووم ئەو ئامێرەی هەر تێدا نەبوو -لێرە کە خانوو بەکرێ دەگریت بە کەرەسەتەکانی ناوماڵەوەیە- جارجار حەز دەکەم بپرسم ئەوە زیانە گەورەیە چییە، کە من لە تەماشانەکردنی تەلەفزیۆن کردوومە و ئەوانیتر نەیان کردووە؟ ئەو گەوهەرە چییە لە سەیرنەکردنی ئەم سنوقەوە من لەکیسم چووە و خەڵکی تر پێی شادوشکور بووە؟

لەم ماوەیەدا راپۆرتێکم بینی لەبارەی خوێندکارانی پەیمانگایەکی تەکنیکی چینی، کە هەر بۆ خۆشی رۆبۆرتێکیان دروست کردووە دەتوانێ بێ هەڵە بێژەریی بکات، تەنانەت توانای دروستکردنی پرسیاریشی هەیە لەهەر بابەتێکی تایبەتمەندا، کە پرۆگرامەرەکان دەتوانن تێیدا دابرێژن. بێژەرە رۆبۆتییەکە لە چاکەت و پانتۆڵێکی مارکەدا ئەم ساڵ بێ هەڵە هەواڵەکانی پێشکەش کرد. بەجۆرێکی وا ورد دروست کرابوو، کە چاوی دەترووکاند، برۆی بەرز دەکردەوە، قۆڵ و شانی بەپێی پێویست لە هەر بێژەرێکی تری راستیی، جوانتر دەجووڵاند، **کەچی ئێمە بێژەرە جوانکیلەکانی خۆمانمان لێ دەبێت بە شاسواری خەونەکانمان و بە فریادرەس، هەندێ جار وەک نوێنەری خۆشمان هەڵیان دەبژێرین بۆ پارلەمان!**

مرۆڤ لەبەرانبەر سەتەلایتدا ون دەبێت، بونیام کاتێ خۆی دەدات بەدەست هەزاران کەناڵەوە، وەک ئەوە وایە خۆی دابێت بەدەست گێژووڵەکەیەوە کە لە بازنەیەکی بۆشدا هەر بیخولێنێتەوە و



Scanned with CamScanner

بیخـــولێنێتەوە و بیخـــولێنێتەوە و نەگـــات بە هـــیچ.... ئـــادەمیزاد **بوونەوەرێکە توانای هەڵبژاردنی هەیە و ئەمەش گرنگترین خەسڵەتێتی، بەڵام هەر ئەم بوونەوەرە لەبەردەم هەڵبژاردەی زۆردا ون دەبێ!** سەیر نیـــیە، کە هەمـــوو ئاینەکـــان دێـــن خۆیـــان وەک سیراتلموســـتەقیمەکە دەناسـێنن، چونکە ئەوەی ئاینی دارشـتووە دەزانـێ، هـیچ شـتێ وەک رێگای زۆر سەر لەم مەخلوقە ناشێوێنێت.

هانز جۆرج گادامێر، فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بـوو، تەمەنێکی درێـژ ژیـا و گەیشـتە ١٠٢ سـاڵ. رەنـگە بـۆت سـەیربێت ئەگەر بزانیـت لە ژیانیـدا سەیری تەلەفزیۆنی نەکرد!

تۆیش کەمێک تەماشاکردنی تەلەفزیۆن کەم بکەرەوە، دڵنیات دەکەمەوە هیچ لەدەست نادەیت!

***

# کوا نهێنییەکەت؟

با نهێنیت هەبێ... نهێنیی ژیانی تـۆ، وزەی ژیـانی تـۆیە... بـۆئەوەی ژیانـت گەرم بێـت، دەبـێ نهێنییەکـت هەبێـت، ١٥ سـاڵ لەمەوپـێش نووسیبووم: "هەر کاتێ خۆم کوشت بزانە هی ئەوەیە نهێنیم نەماوە!"



Scanned with CamScanner

# بەختیار عەلی،
# پیاوێک لە ئاستانەی سبەینێدا

سـەعات ٥:٢٢ دەقـیقەی بەیـانییە، ئێسـتا لە خوێنـدنەوەی دوالاپەڕەی دوابەرگـی ڕۆمـانی (کەشـتیی فریشـتەکان) تەواو بـووم. ئەم کتێـبە درێژترین ڕۆمانی مێژووی ئەدەبی کوردییە، سێ بەرگە و ٢٠٨٦ لاپەڕە و ٦١٠ هەزار وشـەیە! خوێنـدنەوەیەکی سەرناسـیانە، کۆمەڵناسـیانە، دەروونناسیانە، کلتوورناسیانەی مێژووی نوێی دونیا و مرۆڤـی ئێمەیە... **بەختیـار عەلـی، لەم کـارەدا منـارەیەک دروسـت دەکـات، منـارەیەک پێچەوانەی لۆژیکی ئەندازەیی منارە، لەجیاتی ئەوەی لە خوارەوە بـۆ سەرەوە بێت، لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە! تونێلێکە بە کەسایەتیی مرۆڤی کوردیدا شـۆڕدەبێتەوە.** ئەم کتێبەی پـرۆژەی ژیـانە. ئینسـان دەتـوانێ پرۆژەیەکی وا بنووسێت و بوەستێت.

ئەگەرچـی سـتیلی ئەم ڕۆماننووسـە نیوکلاسـیکە، کەچـی وەسـتای تەکنـیکە جیاوازەکانیشـە، بـۆ ئەو ئاسـانە دەمێـک بە شـەپۆلی هـۆش، دەمێ بە واقیعییەتی جـادوویی و دەمـێ بە ڕیالیزم بنووسێت، بەڵام بە شـیعریەتێکی ئاسـتبەرزی وەهـا، کە لە هەموویانـدا زمـان تـاجی شاهەنشـایی بخـاتە سـەری. ئەم نووسـەرە بەشـێوەیەکی کرۆنۆلـۆژیی- جارجـار ڕێـزپەڕی زەمەنیـ- خەریکـی نووسـینەوەی مێـژووی نـوێی ئەم نەتەوەیەیە. ڕۆمـانی (مەرگـی تاقـانەی دووەم) وەک یەکەم ڕۆمـانی پۆلیسـیی کـوردی دێـتە هەژمـار، لەکاتێکـدا ئەوە یەکەم ڕۆمـانی ئەم نووسەرەیە!



Scanned with CamScanner

فرەتەوەریی، خەیاڵی تونـاوتوون، فرەکـاراکتەریی، قـووڵاییەکی قژقـژ، لەسـەرەتاییترین ئەدگارەکـانی ڕۆمـانی ئەم نووسـەرەن. ئەم سـاڵ، کە (شاری مۆسیقارە سـپییەکان)ی وەرگێـردراوە بـۆ ئەڵمـانی، بەتەنها ئەم نووسەرە ناچێتە ئەدەبی ئەڵمانییەوە، بەڵکوو ئەدەبـی کـوردی دەچێـت. خـوێنەری ئەڵمـانی چانسـی هەیە، کە کتێبـی باشـترین نووسـەری هاوچەرخی ئێمەی بە زمانەکەی خۆی دەست دەکەوێت.

بە ئەزمـوونی شەخسـیی مـن وەک خوێنەرێـک، **(شـاری مۆسـیقارە سپییەکان) قووڵترین و نایابترین ڕۆمانی بەختیار عەلی‌یە. لەم ڕۆمانەدا فەنتازیا تا ئاستی چرای دەکشێ و ناچرێ، پڕتێمە و پلۆت قورسە. بە قەبارە گەورە و بە ناوەڕۆک چڕ و بە ناواخن پڕە، توانای زمانبازیی، خەیاڵئاوەریی، قودرەتشکاندنی ئەم نووسەرە بەسەر زماندا لەم کتێبەدا بەئاسانی دەردەکەوێ.** کتێبـێکە تـژییە لە ڕسـتەی جـوان، لە دیـالۆگی قەشـەنگ، لە گرێچنـی ورد، لە وانەی ئەخلاقیـی، هەر ئەمەیـش ئەم ڕۆمـانەی نووسـەر لەهەر ڕۆمـانێکی تـری فەلسـەفییتر دەکـات. کتێبەکە خوانێکە بۆ کۆبوونەوەی چەمکەکانی عەدالەت و حەقیقەت و جـوانی. تـا سەر ئەم ڕۆمـانە، ئەدەبـی کـوردی خـاڵییە لە ڕۆمانێـک، کە هەمـوو ئەم کۆنسێپتانەی پێکەوە لە کتێبێکدا بۆ کۆبکرێتەوە.

***



Scanned with CamScanner

# تـــــۆ لە شوێنێکی تریشی!

ئەمڕۆ (سندی) هاوڕێم بە باسکردنی شتێکی ئاسایی، شتێکی گرنگ تری بیرخستمەوە. ئەو وتی، کە دوێنێ لە کن قەڵا لە پیرە هەولێرێ کەسێکی دیوە زۆر بە من چووە، چاویلکەلەچاو و پانتۆڵ لەبەربووە، "هەر ڕێک من بووە!" لەکاتێکدا من لە باکوری زەوی دەژیم و هەزاران کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورم، بۆم نووسی: ئەوەی ئەو دیویێتی ڕووداوێکی ئاساییە و ڕەنگە من بوویێتم، چوون لە منداڵیدا، پێیان وتووم: **ئینسان هەمیشە هاوشێوەیەکی خۆی هەیە لەهەمان کات و لە جێگایەکی تر، کە کتومت خۆیەتی، وەک ئەو بیردەکاتەوە و وەک ئەویش ڕەفتار دەکات،** کە برێ گەورەتر بووم، برێ زیاتر پەیم بە ڕاستی ئەمە برد، بەتایبەت کە لە کتێبە عیرفانییەکانەوە فێربووم، ئێمە (زەمان)نشینی هەمیشەیین و تەنها لە (مەکان)دا گیرمان نەخواردووە.

ماوەیەک خەریک بووم، نامەی زۆرم بۆ ئەو (من)ـەی تر نووسی، لەبارەی هەموو شتێکەوە بۆم نووسی، پرسیارم لێ دەکرد، کە تۆش وایت؟! نامەکان هێشتا لە هەورەبانە ساردەکەی ماڵی باوکمدا لە سلێمانی ماون و ئەوەندە زۆرن، کە ڕەنگە ئەگەر چاپیان بکەیت، بەشی کتێبێک بکەن، بەڵام ئەم (من)ـەیان هەرگیزاو هەرگیز بیرم لە شتی وا نەکردەوە و نایکەمەوە. ئاخر هەر لە منداڵیشدا ئەوەیان فێرکردم، کە تۆ هیچ کاتێک بەو (خۆت)ـەی تر ناگەیت. ئەوجا ئێستا جوان نییە نامەیەک نیشانی خەڵک بدەیت، کە بۆ کەسێک نووسراوە و هێشتا خۆی نەیدیوە.



Scanned with CamScanner

## تۆ چەشەی!

کە خۆت حەز دەکەی چەشەبیت،
من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟



**چەشە: ئەو خۆراکەیە دەکرێ بە قولابی ماسییەوە، ئەو گۆشتەیە بەبێ تەڵە بۆ گیانەوەر دادەنرێت تا بیخوات، شەوی دواتر لە تەڵەدا ئەم گۆشتەی بۆ دادەنێن.**



Scanned with CamScanner

## له بەهەشت

وتی ئەگەر بمری و بۆت هەبێ یەک کتێب لەگەڵ خۆتدا ببەیت بۆ ئەو دونیا چ کتێبێک دەبەی؟ وتم کاکە کتێب بۆ کوێ بەرم؟ من لەم دونیا تەنها لەگەڵ کتێبدا بووم، دەتەوێ ئەو دنیاشم هەر لەگەڵ کتێب بێت؟ کتێب هی شوێنێکە، کە چاکە و خراپەی تێدابێت، وا نازانم لە بەهەشت چاکە و خراپە هەبێ... حەزدەکەم ئەگەر ئەو دونیا هەبوو، بە ناو تەمێکی سپیی فێنکدا پاسکیلسواریی بکەم... حەزدەکەم ئەگەر بهێڵن (ئازین) سەگە چکۆلەکەشم لەگەڵ خۆم بەرم.

***

## هەڵگرتن

خودایا، هەڵتگرتووم بۆ چی؟
خودایا، هەڵتگرتووم بۆ کەی؟

***

Scanned with CamScanner

# ئەیخەمە سەرچاوم

بیرم چوو پێتان بڵێم ئەوە ماڵم بارکرد، بەس قەینا ئێوە سەعاتەکەتان عەرەبییە، تا تێدەگەن و لێتان مەعلوم دەبێ و حاڵیی دەبن، من باردەکەم بۆ شوێنێکی تریش، چونکە هەر بۆ دوو مانگ لەم خانووەدا دەبم —دایکم وتی جا ڕۆڵە خەڵک بۆ مانگ و دوومانگ ماڵ بار دەکات؟- دڵم نەهات بیری بخەمەوە ئەگینا ئەمگوت: "دایکە من لەم دڵە چکۆلەیەی خۆشمدا پەناهەندەم"... **ساحەب خانوویەکم هەیە زۆر پیاوێکی ڕەشی و خانەیانە، بەس یەک موشکیلەی هەیە، برێ وازواز و تۆزێ بەگومان و قیچێکیش وەهمی هەیە.**

بۆ نمونە هەموو جارێ بیرم دەخاتەوە؛ کە دەبێ ئاوی ئامێری حاجەتشۆرەکە و جلشۆڕەکە بگرمەوە، منیش نایگرمەوە... چونکە ئۆتۆماتیکییەن ئەو ئامێرانە خۆیان کۆنترۆڵی ئاو دەکەن و چەندیان پێویستە ئەوەندەیان بۆ دەچێت.... یان بۆ جاری هەزارەهەم بیرم دەخاتەوە؛ کە دەبێ وایەری گسکە کارەباییەکە هەمووی دەربکێشمە دەرەوە ئەگینا گەرم دەبێ و دەسووتێ. منیش قەتاوقەت نایکەم، لام وایە ئەو وەهمێکی قۆڕە و لە درزێکەوە چۆتە سەرییەوە. چونکە ئەو کۆمپانیایەی عەقڵی بەوە شکاوە ئامێرێک بۆ تەمەڵی مرۆڤ دروست بکات کە گەندوگووەکانی ژێری پاک بکاتەوە؛ عەقڵی بەوەیش دەشکێ وەها دروستی بکات، بە هۆی ئەوەی وایەرەکەیمان هەمووی دەرنەکێشاوە، نەسووتێت..



Scanned with CamScanner

خاوەنماڵەکەم بەجدیەت و پێداگرییەوە بیرم دەخاتەوە کە شەوان گڵۆپەکان بکوژێنمەوە، کەچی لەڕاستیدا هەموو شەوێ تا سوبحی ساڵحان گڵۆپەکان دەسووتێن –چونکە من شەوان کار دەکەم. هەر جارێ ئەم ساحەب خانووە ئازیزەم هاتێبێت دەستەیەک پێشنیار، کۆڵێ فەرمان و حەمکەیەک دەستووری داوە، ئەم پشووی هەفتەیە لیستێکی لە داواکاریی خاتوو هێلینی خێزانیشی لە گیرفانیدا دەرهێنا و و گوتی کە دەبێ ئیدی لەمەبەدوا بەم دەستوورانە بڕۆم بەڕێوە، منیش دڵنیام کردەوە کە بێگومان وەک هەموو فەرمایشتە کۆنەکانی خۆی دەیخەمە سەرچاوم..

من و خاوەنماڵەکەم یەک کێشەمان نییە، چونکە ئەو بە کەماڵی ئیسراحەت دەیەوێ سەرداریی خۆی بسەلمێنێ و فەرمان دەردەکات، منیش پێشێلی دەکەم... **بەم جۆرە من و خاوەنماڵەکەم بووین بە پێشمەرجی وجودی یەک و بەردەوام یەکێکمان بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەوی دیمانەوە، خۆی دەسەلمێنێت.**

***

# پیتی خ

گۆکردنی پیتی (خ) لە دەمی تۆدا چ تامێکی هەیە! سا لەئێستاوە من **بە (خەیاڵی) (خیانەتی) (خوێنی) (خۆت) (خۆشم دەوێی)!**



Scanned with CamScanner

زموی!

حەزدەکەم ئەم هەسارە تاریکە لەپڕ بکوژێتەوە..
**منەتم پێی نییە بە ڕوناکیی ناوخۆم دەتوانم بژیم!**





Scanned with CamScanner

# له ماڵێكی ئەندەلوسیدا، زایەڵەی زەنگە ڕۆماییەكان

جاربەجار بەخۆت دەڵێیت: "ئیتر كتێب بە كوردی ناخوێنمەوە"، كەچی هەموو جارێ ئەم پەیمانە دەشكێنی، كە نامەوێ كوردی بخوێنمەوە، هی ئەوە نییە خوانەخواست كتێب بە كوردی شایان بە خوێندنەوە نییە... نا، بەڵكوو پەیوەندی بە كاروباری خۆم و خوێندن و فۆكسكردن لەسەر باش و باشتركردنی زمانە بیانییەكانەوە هەیە.

چونكە ڕێساكە ئاوهایە: **تۆ هەر جارێك كتێبێكی كوردی بخوێنیتەوە، كتێبێكی سویدیت لەدەست دەچێت!**

ئەم هەفتەیەی ڕابردوو لەنێو جەنجاڵییەكانی خۆمدا، بەختی خوێندنەوەی دوو كتێبی باشم هەبوو، كتێبی یەكەمیان (ماڵە ئەندەلوسییەكە)ی نووسەری جەزایری واسینی ئەلئەعرەج بوو، كە ڕۆمانێكی ٥٦٠ لاپەڕەیی مێژووییە و تێمەی كارەكە، مەسەلەی ئایدێنتی و گرنگیی شوناسە، نووسەر تێیدا ماڵێك لە غەرناتە دەكاتە سیمبولی ئەم شوناسگۆڕكێیە بەدرێژای سەدەكانی ناوەڕاست... هەندێ شوێنی ئەم ڕۆمانە سەرنجڕاكێش بوو، بۆنموونە ئەو بەشەی سێرڤانتس دەگەڕێتەوە، یان دەستكاریكردنی مێژوو بە هونەری شێواندن، یان ئەوەی كۆی بونیادی ڕۆمانەكە لەسەر شێوەی ئۆركێسترایەك، بە نەخشەیەكی موزیكیی دروست كراوە و هەر پارێكی بە سۆلۆی ئامێرێك دەست پێ دەكات.



Scanned with CamScanner

که ئەلخاندرۆ ئەراگۆنی سەرۆکی دادگای پشکنین بەچێژەوە سەرنجی ئازاردانی کاراکتەرەکە دەدات، منیش وەک خوێنەری کتێبەکە لەوێ بووم و ماجەراکەم دەبینی... واسینی ئەعرەج پارچە شکاوەکانی مێژوو دەنووسێنیت پێکەوە و شەڕی خۆکوژیی نێوان مەزهەبە جیاوازەکانی ئاینێک لەلایەک و ناکۆکیی خوێناویی ئاینەکان لەگەڵ یەکتردا لەلایەکی تر دەنووسێتەوە. بەئاشکرا دیارە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە ئاسان نەبووە، کتێبەکەیش زیاتر لەوەی هی هەموو کەسێک بێت، ڕۆمانی خوێنەری دەستەبژێرە.

کتێبی دووەم ڕۆمانی (زەنگەکانی ڕۆما)ی ڕۆماننووسی کورد جان دۆست بوو، ئەمە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی ٢٣٠ لاپەڕەییە، لەڕاستیدا بەرگی دووەمی ڕۆمانی (عەشیقی وەرگێڕ)ی هەمان نووسەرە... تژییە لە وێنەی جوان، بڕوانە ئەم وەسپە لەبارەی پیتەکانەوە: "گەورەم شێخ عەشیق، قاف لە پیتە نیگەرانەکانە، لە قورئانیشدا سورەتێک هاتووە بەناوی قافەوە کە هەر بەم پیتە دەست پێدەکات، ڕاڤەکاران دەڵێن مانای کێوێکی بەرزە و دەوری دونیای داوە. لە ڕووی وێنەوە لە گوربەیەکی خرپن دەکات کە هەڵتووتاببێت و کلکی هەڵبڕی بێت و بەدوو چاوی تیژەوە -کە خاڵەکانی سەرین- لە مشکێک بڕوانێت."

**لە هەردوو کارەکەدا مرۆڤ دیلی مێژووە، پرساری ئەوەی ئایا مرۆڤ خۆی نەخشەی چارەنووس و ژیانی خۆی دەکێشێ، یان چارەنووس شتێکە کێشراوە؟** پرسیارێکە ئەم کتێبە لە خوێنەرەکەی دەکات. فەلەسەفیترین پاژی ناوی (ژنەقەشە جەنەوایییەکە)یە، کە تێدا مرۆڤ



Scanned with CamScanner

دەخاتە گومانەوە لەبارەی خودا و ئاین و چەمکی چاکە و خراپە، **من لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا بەخۆم دەگوت، ئەگەر خودامان جارێک دۆزییەوە، چ گرەنتییەک هەیە لێمان ون نەبێ؟!**

جان دۆست وەک گەڕیدەیەک بە شارانەوە ژیانی خۆی لەگەڵ کاراکتەرێکی سێ سەدە لەمەوپێش تێکەڵ دەکات، کە کاراکتەرەکەی دەگەڕێتەوە نیشتیمان، ئیدی هەموو شتێک بەو نامۆیە، لە دۆخێکدایە نە تاراوگە قبوڵی دەکات و نە نیشتیمانیش وەریدەگرێتەوە: "کە گەڕامەوە تەنانەت کڵێساکەیش بە من نامۆ بوو، هەرگیز هەستم نەدەکرد بە شارێکدا تێدەپەڕم کە پێشتر ناسیومە، هەستم نەدەکرد بە شارێکدا ڕەت دەبم تامی خواردنەکەیم کردبێ و لە ئاویم خواردبێتەوە و شنەباکەیم هەڵمژی بێت، یان خۆم دابێتە بەر سێبەری درەختەکانی و لەمزگەفتەکانیدا نوێژم کردبێ و سەردانی گڵکۆی پیاوچاکانیم کردبێت. نەمدەزانی بە شارێکدا تێدەپەڕم، کە باوکمی تێدا نێژراوە، بەڵام هەستم دەکرد شارەکە بەگلەییە لێم". **لە دۆخی ئاوهادا مرۆڤ نیشتیمانی لێ دەگۆڕێ بە شتێکی تر، نیشتیمانی لێ بزر دەبێت چوون عەشیق خودای لێ ون بوو.**


هەر دوو ئەم کتێبە لەلایەن وەرگێڕی بەڕێز کاک (سەباح ئیسماعیل)ـەوە بە کوردییەکی بێگەرد و شیرین و پاراو وەرگێڕدراون.

***



Scanned with CamScanner

له هەر شتێکدا سەرەڕۆ و عەبەس بم، لە خۆشەویستیتدا ورد و هێورم، هەربۆیە کونیلە وردەکانی جەستەت، سەرتاپا، موو بە مووتم خۆش دەوێت. گۆی مەمکی چەپت ماچ دەکەم، **کە ئێستا ئەم دێرە دەخوێنیتەوە برووسکەی پیا دێ!**





Scanned with CamScanner

# شووكردن به نەخۆشخانەی جامیعەكە!

ژنان سەیرن! مرۆڤگەلێكن ناتوانی تەكلیفی خۆتیان بە ئاسانی لەگەڵ ڕوون بكەیتەوە، لەو جێیەی قەت چاوەڕێی ڕووداوێكیان لێ ناكەی، ئەوان ڕێك ڕووداوەكەت بۆ دروست دەكەن و دەشبن بە پاڵەوانی سەرەكیی فیلمەكە. هەر بۆئەوەی بە سەیروسەمەرەیی خۆیان تۆ وەك پیاوێك ناكاوگیر و شۆك بكەن. بە جۆرێ من وا تێ دەگەم لە **مێژووی ئەم هەسارەی زەوییەدا پیاوان پتر لەوەی بە ڕووداوی سروشتیی گەورە سەرسام بووبن، بە ڕەفتاری عەجیب و غەریبی ژن سەرسام بوون. بەكورتی، ڕەنگە پیاوسالاریی خۆی كاردانەوەی غەریبڕەفتاریی ژنان بێت!**

كچێكی بەڕێز و خوێندەواری هاوڕێم هەبوو، مامۆستای زانكۆ بوو، زۆر ئازاد و ئازا بوو، ماوەیەكی زۆر بوو ئاگام لێی نەبوو، هیچیم نەدەدی، ڕۆژێكان لەگەڵ هاوڕێیەكی تر-كە برادەری هەردووكمانە- قسەم دەكرد، وتم ئەرێ فلانی كەوتە كوێوە هەر نەما! دوو ڕۆژی پێ چوو، نامەیەكی لەوەوە پێگەیاندم: "كە من باشم و شووم كردووە، مێردەكەم هەرچی پیاوی هاوڕێم هەیە هەمووی لە فەیسبووك پێ بلۆك كردووم، ئەوە ڕاستییەكەیە."

من زۆر دڵتەنگ بووم، بۆ خۆی نا، بۆ بۆرە مەرحەبایەك نا، كە لەنێوانماندا هەبووە و ئێستا نەماوە... منیش وەك هەر مرۆڤێكی تر ئەرزش بۆ ژیانی هاوسەریی دادەنێم، بەڵام خۆ هاوسەریی لەژێر ڕۆشنایی تیۆركەی هیگڵدا "بردنەوەی تواليتێك نییە بۆ ماڵەوە!"



Scanned with CamScanner

هەموو پەیوەندییەک و لەسەروو هەموویانەوە **هاوسەریی، واتە تەنها و تەنها (متمانە و ڕێز)، تۆ کە متمانەت بە هاوسەرەکەت نەما، کە بە زۆر پاسۆردی فەیسبووکەکەی و ئیمەیلەکەی و مۆبایلەکەیت لێ سەند، هەر لەویا فیشەکێک دەنێیت بەسەرییەوە.** ئاخر ناپلیۆن دەڵێ: "یەک سوپا لە پیاوانی من پاسەوانیی ژنێک بکەن بۆئەوەی دۆستەکەی نەبینێ، هەر دەیبنێت." **لە ژیانی هاوسەرییدا، کە چەوساندنەوەی زۆر و بەرگەنەگیراو هەبوو، ئازادیی بەگوژم، بە ڕێگای هەڵە، بەیەک جار دێتە دەرەوە و دەتەقێ!** ئەوەی من لە هاوڕێکەمدا بۆی دڵتەنگ بووم، ئەو ئازادییە سەرەتاییە بوو، کە لێی زەوت کرابوو، ئەو کەرامەتە شکاوەی بوو، کە هەموو ڕۆژێ پێش جەستەی ئیغتیساب دەکرا! نیوەگاڵتە و نیوەڕاستی بۆم نووسی: "بۆ دادە تۆ شووت بە پیاوێکی ساغ کردووە، یان بە خەستەخانەی جامیعەکە؟"

ئەوەی بۆ من پرسیارە، بۆ بەشی هەرە زۆری ژنان دەتوانن هەموو مەبدەئی خۆیان، ڕابردووی خۆیان، خەباتی خۆیان، هەندێجار خێزانی خۆیان بخەنە ژێر پێی قۆنەرەی پیاوێک، بەس شوو بکەن؟ نموونەی چەند شاعیرەی بەناوبانگ و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی ژنانتان بۆ بژمێرم، کە لەکۆتاییدا سەر بە هەوێ شوویان کرد؟!

ئینجا تۆ هەر بڵێ وانییە.

***



Scanned with CamScanner

# کچ هەڵدەبژێری یان کوڕ؟
# پرسیارە ئەخلاقییەکەی ناو پەکەکە

٢١ ساڵ لەمەوپێش دوای تەواوبوونی پەروەردەی هزریی و لە کۆتا ڕۆژەکانی پەروەردەی سەربازیدا لە قەندیل، هەڤاڵێکی ژن هات. دەموچاو ئێسقانییەکی سپی پێست بوو، هێندە پێستی تەنک بوو من، کە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبووم دەمارە شینەکانی دەستیم دەبینی. خانمەکە سەیر بوو، ڕووخۆش و نهێنی ئامێز بوو پێکەوە! لێوئەستورێکی دەم گەورە، لووت قولاپییەکی کورت، برۆی تیغئاسا، چاوی هەڵۆیانەی تیژ، لەوە دەچوو لە قەفقازەوە هاتبێت، چرچی ژێر پێڵووی بەئاسانی دەیگوت ئەم ژنە دونیای زۆر دیوە، قژی لە دواوە بە گیرەیەکی ڕەش بەستبوو. هەمیشە پێدەکەنی -لەوانەیە بە عەقڵی ئێمە پێ کەنیبێت- سەعاتێکی ئەلکترۆنی نایلۆنیی ڕەشی لەدەستدا بوو، دەفتەرێکی شینی بەدەستەوە بوو، بۆ ماوەی دوو سەعات وانەی کۆتایی دادایین.

لە کۆتایی وانەکەدا هەروا بۆ خۆشیی پرسیارێکی لە بەشداربووان کرد، **پرسیارەکە لە ڕوو ئاسان دەردەکەوت، بەڵام دوای ٢٠ ساڵ لە سوید زانیم، فەلسەفیترین و ئەخلاقیترین پرسیاری نێو پەروەردەکەی پەکەکە بوو!** ئێمە وامانزانی شتێکە وەک سەرگەرمکردن، وەک وەرگرتنی پشوویەک دوای ئەو هەموو ماندووبوونە ڕۆحیی و تاقیکردنەوە جەستەیی و فیکرییە، بەڵام نا، شتەکە لەوە سەختتر بوو.



Scanned with CamScanner

هەر کەس وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارەی نەداباوە، لە هەموو پەروەردەی شەش مانگی پێشوو دەرنەدەچوو، دەبا سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە!

پرسیارەکە ئەوە بوو: **ئەگەر تۆ لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا بوویت و بینیت دوو هەڤاڵت بریندار بوون، یەکیان خورت (پیاو)، یەکیان بەیان (ژن)، لەکاتێکدا دەتوانی تەنها یەکێکیان ڕزگار بکەیت، کامیان ڕزگار دەکەیت، ژنە بریندارەکە، یان پیاوە بریندارەکە؟**

فەرموو تۆ وەک خوێنەری ئەم کتێبە وەڵام بدەرەوە.

***

## ئاهـ.. خوای مەزن...

بۆ من هەست دەکەم لە یەکێک لە ژیانەکانی پێشوومدا مێینە بوو‌بێتم؟!

-دەبێ نووسینەکانم کەم بکەمەوە. **دەزانم خەڵک مێژی تێگەیشتنی ئەم ڕستانەی نییە**- دەبێ نووسینەکانم کەم بکەمەوە، دەبێ نووسـ‌ـیـ..



Scanned with CamScanner

# دڵ و پەرستش

**خۆزگا مرۆڤ مافی هەبا لایەنی کەم یەکێک لە خوشک و براکانی خۆی، خـۆی هەڵبژاردایە**، ئەگەر وابا، ئەوە من بێ دوودڵی، بێوەستان، دەستبەجێ ئەم کچە بچکۆلە هندییەم دەکرد بە خوشکی خۆم.

خۆرێکی گەرم بوو، لە کەنار دوورگەیەکی ستۆکهۆڵم پیاسەمان دەکرد - ستۆکهۆڵم تەنها پارێزگایەکە، کە ۳۰ هەزار دوورگەی تێدایە!- قسە هاتە سەر خودا، ئەو کە بە ئاین هیندۆسە پرسی:

- بۆ موسڵمانەکان پارچەیەک بەرد دەپەرستن، کە لە سعودییەیە؟

من پێم گوت:

- ئەوە پێی دەڵێن (بەردەڕەشەکە) و موسڵمانەکانیش بەرد ناپەرستن.

**هەر بەڕاست، دەزانی لەم ساڵانەدا لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی زانکۆی کۆپنهاگندا بەرچاوم کەوت، کە بەپێی توێژینەوەیەکی زانستیی دەرکەوتووە ئەو بەردە هی زەوی نییە و لە دەرەوەی زەوییەوە هاتووە!**

- واتا پێت وایە، خودا ئەو بەردەی بۆ موسڵمانەکان ناردووە؟

- نازانم کێ ناردوویەتی، بەڵام موسڵمانەکان ئەو بەردە ناپەرستن، ئەوە تەنها سیمبولێکە، لە ئاینی ئیسلامدا و ئەوێ ماڵی خودایە. دیارە زۆر پێش ئیسلامیش لە ئاینە تاکخودابیەکان و لە ئیبراهیمەوە، ئەم جێگایە پیرۆزیی تایبەتی خۆی هەبووە... بۆ؟ نازانم!

- ئەها... واتە موسڵمانەکان بەردەکە ناپەرستن و ئەوە تەنها سیمبولێکی پیرۆزە؟

- بەڵێ ڕێک وایە.



Scanned with CamScanner

- ئەی بۆ ئەوان وا دەزانن ئێمە مانگا دەپەرستین؟! لەکاتێکدا مانگا تەنها سیمبولێکە وەک بەردەکەی ئەوان! وابزانم سیمبولێکی زیندوو لە سیمبولێکی مردوو و بێگیان زیاتر شایانی پەرستنە.

**- دەزانی چی، لەڕاستیدا هیچ سیمبولێک شایانی پەرستن نییە و من وا بیردەکەمەوە، کە پەیوەندیی لەگەڵ خودا پێویستی بە کەس یان شتێک نییە لەنێوانی تۆ و ئەودا بێت.**

- چۆن؟! بۆ تۆ، کە نزا {نوێژ} دەکەی ڕوو دەکەیتە کوێ؟

- من ڕوودەکەمە دڵم هاوڕێی ئازیز... بڕیار بوو بچین بەستەنیی بخۆین، زۆر گەرمە بە قوربان.

- (پێکەنین)، باش... بەمەرجێک میوانی من بیت.

***

## لە خزمەت مەحوی- دا

**لە دڵا بوونمت گـــەر عارە لەلا، وا بکە فەرز:**
**مـاهی کەنعانی و ئـەم موددە موقیمی چـاهی**

**واتای بەیتەکە: ئەگەر پێت عەیبە یاری من بیت، قەیچێکا وای دانێ تۆ حەزرەتی یوسفیت و ئەم ماوەیە کەوتویتەتە بیرێکەوە! مەحوی، چیرۆکی خستنە بیرەوەی یوسف لەسەر دەستی براکانی، لە دەشتی کەنعان بەخێرایی و لە وشەئاراییەکی هێجگار بەرزدا دێنێتە ئەم دوو نیوەدێڕە کورتەوە و یار بە یوسف دەچوێنێت و دڵی خۆی بە بیرێکی تاریک.**



Scanned with CamScanner

# لێدان لە بنی هەمانەکە!
# تایبەت بە چاپی نوێی ئەم کتێبە

ئەو هاوڕێیانەیکاری هونەریی ئەم کتێبەیان کرد، پێشنیاریان کرد کۆمەڵێ نیگار و پۆتریتی هونەریی من چاپ بکرێت و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی (مرواریی تاقانە) لە بازاڕدا بفرۆشرێت، گوایا خوێنەرانێکی زۆر هەن حەز دەکەن وێنەی منیان وەک نووسەرێکی دڵخوازی خۆیان هەبێت!

بەیەک دێڕی کورت بابەتەکەم بۆ ئەبەد داخست و بۆم نووسین؛ من لێرە عەرز دەسڕمەوە و ئاودەست پاک دەکەمەوە، خەڵک بۆ لە کوردستان وێنەی من بکڕێت!! بۆ من کێم ڕەسمی خۆم بە خوێنەران بفرۆشم؟! من چیم؟!!

***

## نەناردن

شتێکم بۆ نووسیت، خۆم دڵم دەلەرزی، وردەدەماری دەستم لە فەخری جوانیدا لەژێر پەنجەکانمەوە بە ترپەی هێواش لێیان دەدا... دەمزانی بیبینی ماوەیەک هەناسە لە سینگتدا دەوەستێ، ئۆکسژین لەسەرتدا کەم دەکات... بەڵام نەمنارد!

بەرلەوەی بینێرم سڕیمەوە، وتم ئاوا باشتر دەکات..!



Scanned with CamScanner

## ٢٣ چرکە!

هەر ژنێك توانی ٢٣ چرکە دەستی لە دەستتدا بهێڵێتەوە،
لێی مەترسە!





Scanned with CamScanner

# خۆی یان شیعرەکانی؟

دەمێکە کار و کەسێتی دوو شتی جیاوازن لە یەکدی و لە دونیای نوێدا کەس پێکەوە نایانخوێنێتەوە. هەندێ مرۆڤ هەیە، کارەکانی جوانە و خۆی مرۆڤێکی ناشرینە. هەندێک هەیە بەپێچەوانەوە، هەندێک هەم خۆیان و هەم کاریشیان ناشرینە. من لەم ژیانە کەموکورتەی خۆمدا، بڕێکی زۆر زۆر کەم مرۆڤم دیوە هەم خۆیان و هەم بەرهەمەکانیشیان جوان بن. دونیای هونەر، دونیای ئەدەب و گەورە داهێنەران؛ پڕە لە دز و حیز و شێت و شزوز... بەڵام هەر ئەمانە بۆ مرۆڤایەتی هەنگاوی گەورەیان ناوە!

بۆ من، لە دونیای کوردیدا هەندێ کەس هەن بەشێوەیەکی هێجگار سەیر جێگای سەرنجن، بەشێوەیەک تا ئاستی شەرم شەرمیان لێ دەکەم، (محەمەد کوردۆ) یەکێکە لەوانە، ئەگەرچی نە ئێستا و نە بۆ داهاتوو ئیشم پێی نییە -و بۆئەوەی خوێنەران وا تێ نەگەن، کە خوانەخواستە ئیشم تێی کەوتووە و ستایشی دەکەم- خۆشە بزانن، کە دوو ساڵیش دەبێت نە دیومە و نە قسەم لەگەڵ کردووە و تەنانەت لە فەیسبووکەکەشم سڕیومەتەوە! ئەوەی لە محەمەد کوردۆدا بۆ من جێی سەرنجە نە لێکۆڵینەوە و -ئەگەرچی چێژم لە لیرکەکانی وەرگرتووە- نەیش شیعرەکانێتی... ئەوەی بۆ من سەیرە لەم پیاوەدا، کەسێتییە هێمنەکەیەتی. ئەم پیاوە لەو نووسەرە زۆر دەگمەنانەیە، کە گەنجان دەخوێنێتەوە و هانیان دەدات، گۆڤارەکەی خۆیان (هەنار) لێوانلێوە لە نووسینی ئەو گەنجە گومناوانەی کەس نایانناسێت. هەشت- نۆ ساڵێک



Scanned with CamScanner

لەمەوبەر، هەر لەسەر قسەی ئەو منیان -وەک گەنجێکی گومناو- لە کۆمپانیای وشە وەرگرت، کەچی دوایی، کە ڕۆژنامە دامەزرا، ئەویان کردبوو بە هەڵەچن و ڕێنووسکار و منیان کردبوو بە بەرپرسی لاپەڕە! هەرکاتێ وتارێ، بابەتێ، ماکێتێکم دەبرد ئەم پیاوە تەماشای بکات، خۆم کوڵێ خەجاڵەت دەبووم! هێمنی و شەخسییەتی ئەم پیاوە بەدرێژایی مێژووی یەکترناسینمان بۆ من جێی سەرنج بووە. **بەدرێژایی یەکترناسینمان من لە دوورەوە خۆشم ویستووە و حەزم نەکردووە بەم ڕێزە شاراوەیە بزانێت. ڕێزێک، کە پیاو دەتوانێ لەو مرۆڤانە بیگرێت، کە قورساییەکی سەیر لە ڕۆیشتن و لە قسەکردن و لە هەڵسوکەوتیاندا هەیە.**

ژمارەی ئەو مرۆڤانەی خۆیانم لە کار و بەرهەمەکانیان خۆشتر دەوێ کەم نین، دەزانم ڕەنگە ئەوان پێیان خۆش بێت، بە بەرهەمەکانیاندا هەڵبدەین و کارەکانیانمان لە خۆیان خۆشتربووێت، بەڵام چی لە (مرۆڤبوون) گەورەترە تا ببێتە ناسنامە و خەڵک بەو هۆیەوە خۆشمانی بووێت؟!

ئەمە شتێکی خۆشی بیرهێنامەوە، چەند ساڵێک لەمەوپێش کیژێکی جوان هەر لەم ئەسکندەناڤیایە، شتێکی بۆ ناردبووم و ناچاریشی کردبووم ڕای خۆمی لەسەر بڵێم، بەڵام هەر ئەوەندەی دەمم سووتا و وتم، ئیدی زویر بوو، ئێستا و ئەوساش نەمبینییەوە. من ڕاستییەکم لەسەر (شیعر!)ـەکەی گوتبوو، ڕاستییەکی تاڵ وەک شەکر، بەڵام شەکری سووتاو، بۆم نووسیبوو:خانم گیان... تۆ خۆت زۆر زۆر لە شیعرەکانت جوانتریت!



Scanned with CamScanner

# مەقامی بەرزی بێوەژن

من لە ژیانمدا تەنها یەک جار بەرێزەوە بۆ جۆرێک لە مرۆڤ سەرم دانەواندووە، ئەویش ژنی سکپڕ بووە. ئەوە ئەمڕۆ دەیکەم بە دوو، دیسان بۆ ژن، بۆ ئەو خانمە شەریفە و پاکیزە بەرێزانەی دوای جیابوونەوە و یان بەتایبەتی دوای مردنی هاوسەرەکەیان، ژیانی خۆیان وەستاندووە و خۆیان تەرخان کردووە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان. لەکاتێکدا حەقی شەرعیی و قانوونیی و ئینسانیی خۆیان بووە، بچن هاوسەرێتی بکەنەوە و ژیانی تازەی تر ئەزموون بکەن، کەچی نەیانکردووە! **–کە ئەمانە دەڵێم مەبەستم نییە هەڵت بنێم و بمەوێ تا قیامەت ئاواها بیت و ناشبێ تا کۆتایی ئاوها بمێنیتەوە، تەنها دەمەوێ ستایشی ئەم مانەوەیەی تائێستات بکەم.** ئەنجامی ڕاپرسییەکی ئێرانیم خوێندەوە، کە لەگەڵ ١٠٠٠ بێوەژنی تەمەن ١٨-٥٥ ساڵ ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە، لە ٥٥% یان لەلایەن خەڵکەوە تانە و پلاریان لێ دراوە، لە ٦٦% یان گەڕیان پێکراوە و لە ٧٨%ی هەموو بێوەژنەکان هەستیان بەئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەکردووە و نایکەن.

**جا ئەوەی هەموو ژیانت بە چاوی نێچیرەوە سەیر بکرێیت، ئەوەی بێچووە کەروێشکێکی ترساو بیت کەوتبیتە بەر نیگای سامناکی گەلەگورگێ، شتێکە نایەتە زمانەوە.** لەو کوردەوارییەی خۆماندا کاتێ باسی دۆخێکی سەخت بکرێت، وەک ئاماژە بۆئەوەی زمانی دەرەقەتی وەسف نایەت دەڵێن: (جا ئەمە بەدەم خۆشە!) لەڕاستیدا باسکردن لە خانمێکی هاوسەرمردوو، کە تەواوی ژیانی تەرخانی منداڵەکانی کردووە،



Scanned with CamScanner

لە کۆمەڵگایەکدا، کە زۆرینەی پیاوەکانی زاریان داچڕیوەو دەیانەوێ بیخۆن، تەنانەت بەدەمیش خۆش نییە!
من هیچ ژیانێک لە ژیانی تاقانەی ئەم مرۆڤانە بە بەرزتر نازانم، لە ئاستی ئەم خانمە گەورانەدا دەستم دەگرم بە سینگمەوە و سەرم بەڕێزەوە نەوی دەکەم.

***

## ماچ و سەفەر و مردن

دە وەرە دەنگی ماچ بنووسەرەوە، دە با وێنەکێشی ئەم کتێبە بتوانێ وێنەی دەنگی ماچ بکێشێت، با خوێنەری ئەم کتێبە بتوانێ دەنگی ماچ بخوێنێتەوە. هەندێ شتی ئەم ژیانە هی ئەوەیە تەنها خۆت ئەزموونی بکەیت، وەک ماچ و سەفەر و مردن!

***

## سووتان

لە سنگیدا دەسووتام،
کە گوتی: شتێک بڵێم عاجز نابی؟
وتم: نـــا...
وتی: ئەوەی بە تۆوەیە دەست نییە، غـەزەبـــــە!



Scanned with CamScanner

# بۆچی نوکتە سێکسییەکان خۆشن؟

نوکتە میکانزمی بەرگرییە لەنێو سیستمی دەروونیی ئینساندا. نوکتەی سێکسی ڕێکاری لێدان و تێپەڕینە لە خەتی سوور، ئەو خەتەی کە هەر مرۆڤ خۆی کێشاویێتی و خۆیشی بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێ تا بە گرەنتی بیپەڕێنێتەوە ئەودیو خەتەکە! ئەوجا لە کۆمەڵگایەکی توندئاژۆی ئەخلاقییدا -کە سێکس بە دڵی ئەم ئەخلاقە دەزانێت-، کە خۆی تەلەزیی کردووە، کە بەسەر خۆیدا داخراوە، ئیدی ژیان تێیدا توونێلێکی قەپاتە. **ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە پایەی بەهێزیان هەیە، دیواری ئەستوور، دەرگای پۆڵا، سانسۆر و فلتەریان لەسەر قسەی ئاسایی ڕۆژانەیش هەیە. لە دۆخی ئاوهادا ئیدی ئیشی جۆکی میلیی، نوکتەی سێکسی، تەنزی لە پشتێن بەرەوخوار، دەبێت بە لێدان لە بیروباوەڕی باو**، نوکتەی سێکسیی ئەمە دەکات.

ئەوەی ئەم نوکتانە دروست دەکەن هەر دەنگی خۆیان نییە، دەنگی دووەمی ناوەوەی ئێمەیشە، ئێمە وەک کۆمەڵە خەڵکێکی تەنگەنەفەس و ئەعەساب گەرم، وەک کۆمەڵگایەکی تینوو بە سێکس و چەپێندراو، وەک میلەتێکی خنکاو، ئەو قسانەی لە نوکتە سێکسییەکاندا دروست دەکرێن، من لەبەر هەندێ ئیعتیبارات ناتوانم بیانکەم، تۆیش لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی تایبەتیی خۆت ناتوانی بیانکەیت، دکتۆرێک، دەروونزانێک، سیاسییەک، میدیاکارێک، پارێزەر و ئەندازیارێک ناتوانێ بیانکات، چونکە پیشەکەی بووە بە درک لە قورگیدا، ناونیشانەکەی بووە بە کۆت و پێوەندی دەست و پێی، بەڵام ئەوەی نوکتەکان دروست



Scanned with CamScanner

دەکات دەتوانێ بیانڵێ، چونکە ئەم کەسە دەرەئایدێنتییە، شوناسی ونە، ئەوەیشی نوکتەیەک گرنگ دەکات، ئەوەیە کە ڕووخساری خاوەن نوکتەکە نادیارە، دەموچاوێکی نەناسراوە، ئێمە نازانین ئەم مرۆڤە کێیە؟ ئەو نەناسراوییە، کە وەک ئەلتەرناتیڤی خستنەبر، دەیخەینە بری دیوە شاراوەکەی خۆمان، دیوێک کە بزێوانە دەیەوێ سەر دەربهێنێ و ئێمە بە چیغی مۆراڵی گشتیی دەوریمان کێشاوە.

***

# دەمەوێ ئیشەکەم بگۆڕم

وتی مەڵی ئەمە کچ و ناسکۆڵە و جوانە، ئیتر ئیشی پێ ناکرێ، ئەم ساڵ کە ماڵەکەمان نۆژەن کردەوە، خۆم لەگەڵ بۆیاخچییەکاندا دیوارەکانم بۆیاخ دەکرد، جەبلەم لەگەڵ کرێکارەکان دەگرتەوە، کاشییم دەدایە دەست وەستاکە، **من کە بیرم لەوە دەکردوە، دەبێ چۆن ئەو داماوانەی بە جوانییەکەی خۆی مەست کردبێت، مەستی ئیلاهی**... وتم:

- ئازیز... من وەستا نیم، تۆ شاگردم بیت،

پالاسی چین و ماچین بە یەک ڕۆژ کاشی دەکەم!



Scanned with CamScanner

# خودای ڕابیعە و خودای من

ڕابیعـــەی عەدەوییـــە (٧١٧-٧٩٧ز) ژنە ئەولیـــا و عـــارفی گەورەی بەناوبانگی ئیسلامییە، لە سۆفیگەریدا بە ڕابەری ڕێبازی عەشقی ئیلاهی دادەنرێت. هەر ئەم ژنە عاریفە لە موناجاتەکانیدا دەڵێ: "خودایا، ئەگەر لە خۆشیی بەهەشتت دەتپەرستم، بەهەشتم لێ حەرام بکە، ئەگەر لە ترسی دۆزەخت دەتپەرستم، بمخەرە دۆزەخەوە، بەڵام خودایا ئەگەر لەبەر جوانییەکت دەتپەرستم، جوانیی خۆتم لێ مەشارەوە."

لێ من زۆر بە عەشقی (ڕابیعەی عەدەوییە) بۆ خودا سەرسام نیم، **چوون خوداوەند بە (زات) و بە (سیفات) و بە (ئیسم)یش نێرینەیە، خودا مێینەبایە من لە ڕابیعە زیاتر عاشقی دەبووم.**

خوداوەند لە تەورات و زەبوردا لە زمانی عیبریدا بە ڕاناوی نێر هاتووە، وەرگێڕانە لاتینەکانی بە He و His هاتووە، کە ڕاناوی نێرە، خودا لە ئینجیلدا (باوک) و (کوڕ) و (روح القدس)ـە، کە هەرسێکیان نێرن، لە قورئاندا ٤٢٨ جار ڕاناوی (هُوَ) بۆ خودا هاتووە، کە ڕاناوی نێرە تەنها یەکجاریش ڕاناوی (هی) هاتووە، واتا ضمير مونث بە هیچ شێوەیەک بۆ خودا بەکار نەهاتووە. **لە ٩٩ ناوەکەی خودادا کە ٨٥یان ڕاستەوخۆ لە قورئاندا هاتوون، هەر هەموویان نێرن.**


***



Scanned with CamScanner

**"چی بکەم قیبلەم گۆڕاوە!"**

ئێمە هەمووموان لەماڵەوە ڕووەو قیبلە نوێژ دەکەین...
یادت دەخەمەوە لە مێژوودا دووجار قیبلە گۆڕاوە،
جارێك فەخری عالەم لە (مسجد الاقصی)وە بۆ کەعبە و
جارێك من لە کەعبەوە بۆ ماڵی ئـێـــوە گۆڕیمان...
ئێستا ڕەحمەتی خواتان لێ بێ (الصلاە خیـــر من النوم)...



# لەسەری هەموو ژنێکدا پیاوێک هەیە

ژنان زووتر جێگیر دەبن و پیاوان بە زەحمەت یان هەر نابن. لە ئەزموونی چکۆلەی خۆمەوە وا دەزانم ژنان لە پیاوان بەوەفاتر بن، چونکە قووڵتر خۆشەویستی دەکەن، بەڵام خۆ خۆشەویستی قووڵ، خەڵک ناکات بە فریشتە! هەرچۆنێک بێت ژنان لە ژیاندا ستەیبڵن و پیاوان بزۆکترن. ئەمەیش بۆ هیچ لایەکیان نە فەزڵە، نە نەنگی، بەڵکو سروشتی خۆمانە، سروشتێک دەتوانین، بە دەستکاریکردنی پایەکانی -کە ئاین و پەروەردە و کلتورە- بیگۆڕین.

جارێکیان، کچێکی قسەخۆش و بەڕێز لە سەر دێڕی ناوچیرۆکێکم، کە گوتبووم: (هەموو ئەوانەی خۆشمان دەوێن، ئەوانە نین، کە لە تەنیشتمانەوە نووستوون!) نووسیبووی: "کاک توانا گیان، ئەگەر هەموو ئەوانەی خۆشمان دەوێن لە تەنیشتمانەوە بخەون، مەگەر لە مەلعەبەکە جێگا دابخەین..." هاهاها

**بەڵام نا، من ئێستایش لەسەر ئەو باوەڕەم، کە لە سەری هەموو ژنێکی ڕاستەقینەدا تەنها یەک پیاو هەیە، کەچی نازانم بۆ ناتوانم کەفیلیی پیاوان لەم بابەتەدا بکەم!**

***



Scanned with CamScanner

# بۆ خۆم بکوژم؟

ئەم ئێوارەیە دۆستۆیڤسکیم دەخوێندەوە و پێدەکەنیم، وەکو خۆی ئەم پەرەگرافەتان بۆ دەکەم بە کوردی دەزانم ئێوەش دەڵێن وایە: ڕۆژێکیان گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە هەموو شتێک لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایەدا وەکیەک وایە، خۆی لەمێژبوو ئەمەم دەزانی، بەڵام ڕۆژێک هەر بەتەواوی درکم بەم مەسەلەیە کرد، شتەکە ئاوها بوو، لەپڕێکدا هەستم بەوە کرد، **کە بە لای منەوە، وەکیەک وایە ئەگەر دونیا هەبێ یان نەبێ.**

وام لێهات هیچ پەیوەندییەکم بە هیچ شتێکی دەوروبەرمەوە نەما، وەک ئەوەی هیچم لە دەور نەبێت. لەسەرەتادا وام هەست دەکرد، کە لەپێشدا زۆر شت هەبووبن، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت، کە لەپێشیشدا هیچ شتێک نەبووە، نازانم لەبەرچی ئەم هەستەم بۆ دروست بوو، ئیدی وردەوردە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هیچ شتێک لەمەودوایش نابێت. لەو ڕۆژەوە نە بۆ کەس پێدەکەنیم و نە لە کەس تووڕە دەبووم، وەک ئەوەی هیچ کەسێک لە دەوری من بوونی نەبێت. **دوو مانگ بوو دەمانچەیەکم کڕیبوو خۆمی پێ بکوژم، بەڵام گوتم، کە هەموو شتێک وەکیەک وابێت، بۆ خۆم بکوژم!**

***



Scanned with CamScanner

# دەنگە تیوارەکەی شێرکۆ تاڵیب

شێرکۆ تالیب، دەنگی پیاوانە و گڕو قرغن نییە، شێرکۆ دەنگێکی تیوارە، ورتەورتی کوڕێکی تەنیای شارییە. دەنگی شێرکۆ لەو دەنگانەیە لە کەس ناچێ لە خۆی نەبێ. ئەگەرچی سەرەتا لەژێر کاریگەریی کاروان عوسماندایە، بەڵام وردەوردە ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە. **گۆرانیی شێرکۆ تاڵیب لەو هونەرەیە، کە لە دوو کەس زیاتر ناتوانی پێکەوە گوێی لێ بگریت، شێرکۆ هی گەعدە و گەڕەلاوژێ و قەرەباڵغی و تەنانەت هی کۆنسێرت و پرۆگرامیش نییە. دەنگی ئەم کوڕە تەنها هی ئەوەیە لە ئۆفیسەکەت، لە ژوورەکەت، لە شوێنێکی ئارامدا بە کزیی گوێی لێ بگری.** ئەگەر تۆ کچی، شێرکۆ هی ئەوەیە لە ناندێنەکەتاندا بەدەم دەنگی ئەوەوە خواردن دروست بکەی. ئەها لەژێر لێوەوە لەبەرخۆتەوە لەگەڵیدا دەیڵێتەوە.

شێرکۆ لە هەڵبژاردنی شیعردا وردە، شێرکۆ هەم بۆ دڵشکان دەست دەدات، هەم بۆ دڵخۆشیی، بەڵام لە هەردووکیاندا لەوە ناتەکێتەوە ڕۆمانتیکێکی نەرم بێت. شێرکۆ ورتەورتێکە لەگەڵ خۆتدا، لەگەڵ ناوەوەی خۆتدا، کە دەڵێم ناوەوە، ناڵێم وەک شەجەرییان دەیدات لە کرۆکت، نا شێرکۆ لە پەردەیەک، چینێک، توێیەکدا زایەڵە دەکات، کە ئەو توێیە دەبێ گۆرانیبێژی خۆی پێی بگات... شێرکۆ دەیگاتێ.



Scanned with CamScanner

# سەیرم مەکە، ڕووتم!

**هەموو جارێ سواربوونی ئەسانسۆری باڵەخانەکامان وەک ئەشکەنجە سەیر دەکەم، چونکە کامێرایەکی تێدایە، بەردەوام بێ چاوترووکاندن تەماشام دەکات، وەک ئەوەی من جەستەیەکی ڕووت بم، جاڕز دەبم... وا دەزانم هەموو چوونەوەیەک بۆ ماڵەوە دەبێ بەم ئەشکەنجەیەدا تێپەڕم. لە جلشۆرخانەکەمان، لە گەنجینەکەمان، لە ڕاڕاوەی نێو باڵەخانەکەدا کامێرا هەیە. تۆ ئەمڕۆ لە سیستمێکی تەلەزیی وەهادا دەژی، کە کامێرات بۆ دەخاتە تەوالێتەکەتەوە، کە گوێ هەر لە تەلەفۆنەکانت نا، لە سرتەی شەوانیشت بەگوێی هاوسەرەکەتدا دەگرێت. ئەمڕۆ ڕۆژێکە تێی کەوتووین بونیام دەترسێ بە ختوورەکانی دڵیشی بزانن!**

بیرت بێت وەک جیهانی نێو ڕۆمانەکانی (جۆرج ئۆروێل)، وەک دونیای نێو کتێبەکانی (کۆنستانتین گورگیۆ) ژیانی تۆ پارێزرا نییە، **سیستمێکی زەبەلاح هەیە، کۆنترۆڵی ژیانی تۆ دەکات و تۆ بە خۆت نازانیت، خۆ بە گاڵتە (شاملو) پەنجا ساڵ لەمەوپێش نەیگوتبوو:**

"دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن،
نەبا ڕۆژێک کوتبێتت؛ (خۆشم دەوێیت)"!



Scanned with CamScanner

## وانەی ئیبلیس!!

لە باشترین حاڵەتدا بونیام دەتوانێ لە ساڵێک بۆ سێ ساڵ یەک ماسک بەکاربهێنێت، ئیدی ئەم ماسکە کۆن دەبێ، کون دەبێ، شڕ دەبێ، زۆرتر بمێنێتەوە دەدڕێ و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو شتەی خۆت ڕقت لێیەتی و دەیشاریتەوە، دەردەکەوێت.

بەم جۆرە تۆ دەبێ فریای خۆت بکەوی ئەگەر دەتەوێ پارێزگاریی لە مانەوەی خۆت بکەیت، ئەگەر دەتەوێ نەفەوتێیت و وەک پەڕۆیەکی پیس فڕێت نەدەن، لایەنی کەم هەر دوو ساڵ جارێک هەوڵ بدە، هاوڕێکانی فەرمانگەکەت، شوێنی کارەکەت، ئەوەندەی دەکرێ، ژینگەی دەوروبەرت بگۆڕیت.

**ئێستا مەیە و بە من بڵێی "من ماسکم نییە" من لەناو هەمووتاندام و دەتانناسم، ماسکەکانتان لای خۆم داوە بەکرد!**

***

## بۆ کوڕان


ئەگەر بۆت کرا لە ژیاندا تۆ خەڵک هەڵبژێرە، مەهێڵە هەڵتبژێرن. لە هەڵبژاردندا تۆ ئەوە دیاری دەکەیت کە خۆت دەتەوێ، لە هەڵبژێردراودا یەکێکی تر ئەوە دیاری دەکات، کە خۆی دەیەوێ.

مەعشوق مەبە، عاشق بە!



Scanned with CamScanner

خۆزگەم بە بـــــا،
کە هێندە بە ئازادیی بەنێو تەنورەکەتدا،
دێ و دەڕوا و هیچیش ناڵێیت!





Scanned with CamScanner

# پەرییەک لە دانیمارک

ئەم ڕۆژانە بیــری (ئـالان پەری) دەکەم، بیــری ســاز و ســەنتوری ژوورەکەی، بیـری کتێبەکـانی لە ڕەفەیەکـی چکـۆلەدا، بیـری پیاسە بە شەقامەکانی کۆپنهاگن و بیری سێوی سوور لەسەر ماشێنی سوور لە مەیـدانی ســوور، بیـری ئەو پیتزایـانەی هەویـرەکەی میهـر بـوو، بیری دڵەڕوکـێ و بێکەسییەکانی خـۆم لەو ســاڵەدا، کە ئـالان بەتەنهـا جێی خاڵیی دۆستانی ساختەی بە نیانییەکەی خۆی بۆ پڕکردبـوومەوە. **بیری کچی شقارتەفرۆش و پەیکەرە بەهەیبەتەکەی ئەندەرسن، بیری تەلاری ماسی، بیری زەینی شێواوم، کە بە کچی قەدباریکی دانیمارکیدا خۆی هەڵدەواسـی و لەگەڵمـدا نەدەهـاتەوە،** بیـری (ڕێبـوار سیوەیلی)، کە جێپێکـانی بە جـادە و پارکەکـانەوە جێمـابوون، بیـری هێمنیـی مـاڵێ لە ئاسـمان و بیرەخـواردنەوە لە گاپەرداخـدا، بیـری شەوانەپیاســەی نـاو بەستەڵەک...

بیری ئالان دەکەم، کە باوەڕی پێ هێنام
هێشتا مرۆڤی مەزنی مینا پەری لەسەر زەوی ماوە!

***

# هەورامی بووم!

به دەنگی عوسمان هەورامیدا بیرم دێتەوە،
**لە یەکێک لە ژیانەکانی پێشوومدا لە هەورامان بووم!**



Scanned with CamScanner

# خۆشیشە و ناخۆشیشە!

**یەک دونیا شت لەم ژیانەدا هەیە خۆش و ناخۆشە پێکەوە، خۆشە هاوسەرێکت هەبێ، هەم خۆشی بوێیت، هەم لە کەناریدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەیت، هەم بەهانەیەک بێت بۆ ژیانت، بەڵام ناخۆشیشە ئیتر تا قیامەت ئینسانێک لەبەر لووتدا بێت، بچی بۆ توالێت، ئەبێ بزانێ بۆ چووی! دەبێ بزانێ چەند هاوڕێت هەیە و لەکوێوە ئەمانە دەناسیت، نامەیەکت بۆ بێت، دەبێ بزانێ لەکێوە هاتووە، پاسۆردی موبایل و فەیسبووک و پاسۆردی نازانم کوێشتی لابێت...**

ئینجا سەگیش هەروایە، خودا عەلیمە من ئەو سەگەم لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێت، چونکە خۆشە سەگێکی وەها بچووکت هەبێ، یاریی لەگەڵ بکەیت، هاریهاریی بکات، ماڵەکەی تێک بدات، جاروبار شتیش بشکێنێت، چاویلکەکەت لێ بشارێتەوە، شەوان بەدزییەوە خۆی بکات بەژێر بەتانییەکەتدا و لای قاچتەوە بخەوێ، بەڵام ناخۆشیشە نەهێڵێ چوار کەلیمە بخوێنیتەوە، لاپتۆپەکەتی لێ ببێت بە هەوێ، نەهێڵێ دوو وشە بنووسیت.

ئاهـ... خۆزگا زانیبام،

بۆچی شتەکانی نێو ئەم دونیایە خۆشیش و ناخۆشیشن پێکەوە؟

***



Scanned with CamScanner

# دەچم بۆ پورتوگال

**بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆ کارکردن دامنابوو لە ماوەی دوو ساڵ و هەشت مانگی ڕابردوو، بەردەوام لە شەو و ڕۆژێکدا ١١ سەعات و نیو بۆ ١٢ سەعات کارم کردووە.** کارەکەم بەشێوەیەک چڕوپڕبوو هەندێ جار بیرم چۆتەوە نان بخۆم، هەندێک شەو سەعات شەشی بەیانی نووستووم. بەخۆشحاڵییەوە ئەم بەیانییە، دوای دواهەمین کتێبی ئەم پرۆژەیە، پلانی سێ ساڵەم کۆتایی هات.

بەڵام من سۆپەرمانم، یەک دونیا شت هەیە نازانم و زانیاریم دەربارەیان لە خوار ئاستی پێویستەوەیە. ئەوە دامناوە ئەم هاوینە گەر ڕۆتیناتی پەناهەندەیی ڕێگە بدات، سەفەرێکی پورتوگال بکەم، دەمێکە لە بیرمدایە ئەو وڵاتە سیحراوییە ببینم، بەڵام لە خۆشیی کاک (کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ) ناچم، چونکە من بینەرێکی باشی یاریی تۆپی پێ نیم، هەر زستانی پار بوو بە دزییەوە بە کارزانی هاوڕێم وت: "ئەوە ئەو ڕۆناڵدۆیەی خەڵک باسی دەکات، هی بەرشەلۆنەیە یان هی ڕیاڵ مەدرید؟"

ئەگەریش سەفەرەکە بۆ ئەمساڵ بە قیسمەت نەبوو، ئاساییە، خۆ پورتوگال ڕاناکات، ٤ ملیۆن ساڵە پورتوگال وا لەویا. لێ کە بونیام دەبینێ قەلەڕەشێکی جوان بەو بچووکییەوە ٤٠ ساڵ دەژی، برا کیسەڵێکی کاهێل بەو هەموو خاوییەیەوە ٢١٠ ساڵ دەژی، بە خۆی دەڵێ باشە فریای چی دەکەوم؟ **هەندێ ئیش هەیە مەگەر بکەوێتە ژیانێکی تر، بەخودا لەوە ناچێت بونیام لەم ژیانەدا، فریای هەموو ئەو شتانە بکەوێت، کە لەسەریدایەتی!**



Scanned with CamScanner

ئەگەر من ئارمسترۆنگ بام...

٣٨٤.٤٠٣ (سێسەد و هەشتاوچوار هەزار و چوارسەد و سێ) کیلۆمەترم نەدەبڕی بۆئەوەی پارچە پەڕۆیەك وەکوو ئالا لەسەر مانگ بچەقێنم... **ئەگەر من ئارمسترۆنگ بام، بە گەورمیی ناوی خۆشەویستەکەم لەسەر مانگ دەنووسی و دەهاتمەوە.**

چیم لێ دەکەن با بیکەن.





Scanned with CamScanner

## بۆ دەمەوێ بچمە بەهەشت؟!

وَمِنْ كُلِّ شَيءٍ خَلَقْنَا زَوْجَينِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ.

بەهەشت و دۆزەخ، تەنها دۆخی جیهانن، کە شوێن و کاتن پێکەوە، شوێنن پەیامبەر لە میعراجدا دەگەڕێت پێیدا –ئەم شوێنە دەکەوێتە کوێوە و چییە و چۆنە، هیچ زانیارییەکمان نییە لەسەری- کاتن لە ئێستادا نین و لە داهاتوودان. ئەم شوێنکاتە، بەپێی ئایەتەکەی سەرەوە؛ مادام (شَیْء-شت)ن و خەلق کراون، دەبێ یەکێکیان نێر و ئەوی دیکەیان مێ بێت. لە زمانی عەرەبیدا، کە زمانی ئۆرگینالّی قورئانیشە (الجحیم) نێر و (الجنة) مێیە. **هەر دەبوو واشبا، شوێنکاتێکی تووندوتیژ لە نێر دێ و نیانیی و فێنکی لە مێ.**

هەر دەمگوت:

خوایا، ئەوە بۆ من ئەوەندە حەزدەکەم بچمە بەهەشتەوە!

***

## هەڵەتێگەیشتن

ئەستێرە چکۆلە...

هاتم بنووسم من، کەچی ئەو عالەمە هەر بە تـــۆ دەیانخوێندەوە!



Scanned with CamScanner

# بەیانییەک بە بۆنی تۆ!

لای مـن سـەعات ٣:٤٥ دەقـیقەی بەیـانییە، لە خەو هەسـتاوم تـا ئەو کتێبەی لەبەردەستمدایە تەواوی بکەم، لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمان دەکەم، دەڵێـی ئەم بەیـانییە خـودا بە دەسـتوپلی موبـارەکی خـۆی تـابلۆیەکی خۆڵەمێشـیی کـاڵ، کـاڵێکی دووکەڵاویـی بە پەڵەی وردی نـارنجییەوە، بە ڕەنگـی ئـاویی، بەو حەوایەوە لە بانسـەری مـاڵی ئـێمە کێشاوە.

کۆمپیوتەرەکەم دەکەمەوە، بەڕێکەوت شاشـەکە لەسـەر فەیسـبووکە، لە دەستەڕاسـت لە سـتۆریدا نـاوی ئەو دەمبـات، بەپەلە کلیکێـک دەکەم و تەماشـا دەکەم وا لە فڕۆکەخـانەیە! زەردەیەک دەمگرێ لەبەرخـۆمەوە و دەڵـێم: **مـاڵتە، وام دەزانـی هەر کە بەسـەر زەویـدا لەنـجە دەکـات، دەوروبەری خۆی دەنەخشێنێ، شەقام دەڕازێنێتەوە، بریسکە بەعەردا دەڕژێنێ، کەچی کاتێک بە ئاسمانیشدا تێدەپەڕێ دەیکات بە تابلۆ!**

***

# شۆڕش و تووڕەیی

من هەموو مرۆڤێکی تووڕەم خۆش دەوێـت، بەڵام تـووڕەیی دەبـێ بزانـێ چۆن خـۆی مانیفێسـت دەکـات، چـۆن چـۆنی دەبـێ بە گوتـار، ئەگەرنـا دەبێ بەسەریەشە، بە کـابوس، **هەر "شۆڕشێک!" لە فەیسبووک دەست پێ بکات لە فەیسبووکیش کۆتایی دێت.**



Scanned with CamScanner

# خودای مەلا خراپەکان

دەمەوێ بڵێم: خوای بەڵێ و نەخێری وتاربێژانی یوتوب، ئەو خودایە نییە، کە ئێمە لە ڕێگەی ئەزموونی ڕۆحیی و عیرفانیی، لەڕێگا کەشف و شهود، لەڕێگای وردبوونەوە لە سروشت، لە گەردوون، لە کەماڵییەکەی دەیناسین و لە زەینی خۆماندا وەک خودا وێنامان کردووە.

خودای بەڵێ و نەخێری ڤیدۆی ناشرینی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خودای سەری مەلاکەیە، کۆی فشارە دەروونییەکانی خۆیانە لەژێر ئەو هەلومەرجە ڕۆژانەیەدا، کە تێیدا ژیان دەکەن. ئەوجا شەوان لەڕێگای نەستیان و بەخەوندا دێتەوە و ئەو شتە پەسەند دەکات، کە لە ژیانی ئاگایی و هەستدا بەهەر هۆکارێک بێت ناتوانێ بەیانی بکات. بەم شێوەیە ڕۆژێ لە خەو بێدار دەبینەوە و دەبینین مەلایەک خەوی بە خوداوە بینیوە و مەلایەک بە پەیامبەر و مەلایەک بە فریشتەوە،

خۆ بڕیاریش نییە خۆمان بدەینە دەست خەونەکان،

خەونی کەسیش نا، خەونی مەلاکان!


*****

***



Scanned with CamScanner

هیچ مەڵێ، جوابیش مەدەرەوە...
بەس بیرت دێت بە زمانم سووراوم بۆ دەکردی؟!





Scanned with CamScanner

# من دارام

من بەدوای ئەڤینی تۆدا لە منداڵێک دەچم، کە بـــا کۆلارە سپییەکەی بردووە، ئەم هەر ڕادەکات بە شـوێنیدا و کۆلارە هەر بـــا دەیبـات، ئەم لە زەویدا بە شوێنیدا ڕادەکا و کۆلارە لە ئاسماندا دوور دەکەوێتەوە. وا کۆلارە لە چڵی دارکاژێ گیربووە، با تۆ بـۆ ساتێک، ساتێکی کـورت لە ئێســـتای خـــۆت بێیـــتە دەرەوە و ببیـــت بە (مـــام زۆراب)ی نـــاو کتێبـــی (ئەلفـوبێی نـوێ)، ببیـت بەو دادە میهرەبـانەی دۆکەی ڕژاوە و فریادڕەس ئاسا ئەم کـۆلارەیە بـۆ منالێـک ڕزگـار بکەیـت. منالێـک، کە منم!

***

# کە یادەوەرییت دەدرەوشێتەوە

١٦ ساڵ لەمەوپێش نووسیبووم: "گـوێگرتن لە نەریمـانی بابـان بەتەنیا تامێکی هەیە و بەیەکەوە تامێکی تـرا!" **ئێسـتایش هەر لەگەڵ ئەوەدام، شادیی شتێکە لەگەڵ کەسێکی تردا دابەشی بکەیت. هەموو ڕۆمـان و فیلمی دونیا تامی نییە، ئەگەر کەسێک نەبێ بۆی بگێڕیتەوە، بۆی باس بکەیت... هەر ژیان مانای کوا؟ ئەگەر کەسێک نەبێ قسەی بۆ بکەی! پێکەوە لەگەڵ یەکدا پێ بکەنن، یادەوەرییەکان زیندوو بکەنەوە.**

مرۆڤ، کە گوێ لە هەندێ گۆرانیی کۆن دەگریت، چۆن مشتێ ئەڵماسـی هـــاڕاو بـــکەی بە ڕێگـــایەکی خۆڵـــدا، ئاوهـــا گەردۆڵەی یـــادەوەریی لە دەمارەکانی مێشکتدا دەدروشێتەوە.

ئێستا ئەم کتێبە دابخە و هەستە بچۆ گوێ لە گۆرانییەکی ئاوها بگرە.



Scanned with CamScanner



# سپیدۀ ۵

Scanned with CamScanner

# من قسەی دڵمت بۆ دەکەم چاوەکەم

مامۆستای وانەی کۆتاییمان نەهاتبووەوە و لە جێی ئەو ڤیکارییەک {مامۆستایەکی جێگرەوە} وانەکەی پێ دەگوتین. بەوەدا وانەکە بڕی وشک بوو. مامۆستاکە لە ١٠ دەقیقەی کۆتاییدا ویستی شتێک بکات بڕێ خەیاڵی خوێندکارەکان بجووڵێنێت، وتی: "وای دابنێ دەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە و دەبینیت پۆستێکت بۆ هاتووە و تیایدا پیرۆزبایی (یەک ملیۆن دۆلار)ت لێ دەکات، کە بەڕێکەوت بۆ تۆ دەرچووە! تۆ چ هەستێکت دەبێت و چی لەو پارەیە دەکەیت؟"

دوای ئەو قسەیەی مامۆستا سەرنجم دا، خوێندکارەکان دەموچاویان- کە پێشتر دابووبەیەکدا- وەک گوڵ گەشایەوە. ئەو کچە جوانانە ڕوومەتەکانیشیان پێدەکەنی، چاویان ئاوی تێزابوو بریقەی دەهات. هەر کەسە وەڵامی خۆی هەبوو، لەو وەڵامانەی بۆ پرسیارێکی قۆڕی ئاوا لە مێشکی هەموماندان، لە نموونەی: سەفەری پێ دەکەم، ڤێلای پێ دەکڕم، کۆمپانیای پێ دادەنێم، ئوتۆمبێلی ئاخرمۆدێل و... هتد.

کە نۆرە گەیشتە سەر من، وتم: ڕاستیتان دەوێ، من هیچ خۆشحاڵ نیم نە بە هەواڵەکە و نە بەگریمانەی وایش، کە ڕووخساری حەپەساو و پڕ سەرسوڕمانی ئەوان هاواریان کرد: بــــــۆ؟! گوتم: **مامۆستا، تۆ من بەچی دەزانی؟ من ژیانم نەزمێکی خۆی هەیە، کە خۆشم دەوێ و نامەوێ تێک بچێت-چونکە خوێنم داوە تا ئەم نەزمەم هێناوەتە ناوییەوە-** من لە ژوورێکدا کرێچیم بە کۆشکی ئەلیزابێسی ناگۆڕمەوە، خانمێک لەم دڵە بچکۆلەیەمدا هەیە، کە زۆر زۆر زۆرم خۆش دەوێت-

زۆرێکـی تـریش- تووتکەسـەگێکی دانیمـارکیم هەیە، بـۆ مـن هەمـوو دونیـایە... مامۆسـتای ئـازیز، تـۆ دەزانـی خواسـت کە گەورە بـوو، سەریەشەشـی گەورەیە. کێشـەی هاورێکـانم و مرۆڤەکـانی وڵاتـی تـۆ و وڵاتی من و دونیای نـوێش ئەوەیە، نـاتوانن ڕیتمـی چکۆلانە و نـاوەکیی ژیـانی خۆیـان بپـارێزن، شـتی زۆریـان دەوێ و بەوەی کە هەیـانە ڕازی نـین، لەکاتێکدا مـن چێـژ لە شـتە چکۆلەکـانی خـۆم دەبەم و خواسـتی گەورەم نییە.

من پڕاوپڕ لەئێستادا دەژیم، هەموو بەیانییەک، کە دێـم بـۆ دەوام هێنـدە بە دارودرەختـی بـاخچەی ماڵەکـانی سـەرڕێگاوە سـەرقاڵ دەبـم -کە لەم سەرەتای بەهارە قەشەنگ و دڵڕفێنەی ستۆکهۆڵمدا هەمـوو ڕۆژێـک نـوێ و سـەوز و سەرشـار لە ڕەنگـن- ئێـدی هەمـوو بەیـانییەک دەتـوانم بیناسمەوە، کام درەختە گەڵای تازەی کردووە و کام چڕۆیەیـان بـووە بە گـوڵ... ئـازیز، مـن زیخـی سـەر پیـادەڕەوییەکەش دەناسـمەوە و لەژێـر پێمـدا هەسـتی پـێ دەکەم. گیـانی مـن، مـن ئەمەنـدە هەڵـدەڕوانم بە ئاسمانی ساف و شینی ئەم وڵاتەدا، وەک چۆن منداڵێک لەگەڵ دایکیدا دەچێت بۆ بازاڕ و سەرسامی و هەڵڕوانینی بە شتەکاندا هەمیشە دوای دەخات و دایکی بەدوای خۆیـدا ڕایدەکێشـێت، ئـاوا سـکولانەکەی تـۆ ڕامدەکێشێت، من تـا چاوم لە جـوانی تێـر نەبێـت نـاڕۆم، بۆیە هەمـوو بەیانییەک، هەموو بەیانییەک پاسەکە جێم دەهێڵێـت و هەمـوو ڕۆژێ دوا خوێندکارم دەگەمە پۆل.

مامۆستا قسەکەی پێ بڕیم و گـوتی: "بـۆ لە گریمانەکەمانـدا ئەو ملیـۆنە دۆلارە وەرناگریـت و هاوکـاریی خەڵکێکـی پـێ بکەیـت کە پێوسـتێتی؟"

وتم: ئوستازم، هیچ ئازایەتییەک لەوەدا نییە شتێک ببەخشیت، کە لە دەستکەوتنیدا ماندوو نەبوویت. ئەگەر قەرارە ملیۆنێک بۆ کەسێک دەربچێت، بێزەحمەت با ئەو کەسە من نەبم، من قسەی دڵمت بۆ دەکەم؛ سوپاس. ژیانی چکۆلەی خۆمم خۆش دەوێت و بۆ ژمارەیەکی کەم یا زۆر دۆلار تێکی نادەم.

کە تەواو بووم، ئەگەرچی خوێندکاری تر مابوون قسە بکەن، بەڵام دوای بێدەنگییەکی قەیرێ درێژ، مامۆستا دەستەکانی دابەیەکدا و وتی: "دوای قسەی ئەم کوڕە، حەزناکەم گوێم لە ڕای تر بێت... وانەکەمان تەواو بوو، ڕۆژێکی خۆش بۆ هەمووتان"!

***

## تەڵقین

گوێم لە دەنگی مەلاکەیە کە دەڵێ: ئەی هابیلی کوڕی حەوا، ئێستا تۆ مردوویت و من زیندوو، ئێستا دوو فریشتە دێنە لات، بە زمانێکی فەسیح، بە کەلامێکی مەلیح... من هەروەک جاران وام، یان ئەوەیە ئەو کاتە مردبووم، یان ئەوەیە ئێستا زیندووم... پارادۆکسەکان بۆ خۆتان مردنیش هەر ژیانە، ژیانێک نە چاوەڕوانیی تێدایە نە دووبارەبوونەوە!



Scanned with CamScanner

# تۆم هەڵواسیوە

خۆشەویستیی هەڵواسراو جوانترین ئەڤینە، ئەستانەیەکی کراوە، دەرگایەکی بازە، شتێکە وەک هەڵواسینی پۆشاکێ بە عەلاگەیەکی جلدا، جارجارە بەرچاوت دەکەوێت، بەڵام ناتەوێ ئێستا بیپۆشیت. دەروازەیەکی نیوەوالآیە، ناتەوێ ئێستا هەمووی بتاقێنیتەوە، شتێکە لە شوینێکدا وەستاوە، وەستاوێک، کە دەشێ هەر ساتێک لە ساتەکان جووڵەی تێ بکەوێ و بەلەز ببزوێ.

خۆشەویستیی من بۆ تۆ، ئەڤینی هەڵواسراوە، بە عەلاگەی جلدا نا، بەخۆتدا هەڵواسراوە!

***

# هەناسە

خەڵک بە ئۆکسژین، من بە **(جوانی)** دەژیم!

Scanned with CamScanner

## بێدەنگی و خودا

خودا لە سکووتێکی ڕەهادایە،
تەنها بێدەنگیی قبووڵ دەکات و وەڵامی بێدەنگییش دەداتەوە!





Scanned with CamScanner

# له سابلاخەوە بورجێ دیارە..!

هەزار ساڵە گوێم لە گۆرانی حەسەن زیرەک نەبووە، بەڵام ساڵ خۆی چییە؟ ساڵ بریتی نییە لەو دوازدە مانگەی لە ڕۆژژمێردا دیاریی کراوە، ئەوە درۆیە، ساڵ دووریی ناوەکیی خۆتە لەگەڵ کەسێک، شتێک، شوێنێک. مرۆڤ هەیە دوێنێ لێمان ڕۆیوە دەڵێی هەزار ساڵە نەماندیوە. ئینجا خەڵک هەمیشە دەڵێن گۆرانی پەیوەندیی بەڕۆحەوە هەیە، ئەمە ڕاستە، بەس باشە ڕۆح خۆی چییە؟ ڕۆح بەرلەوەی هەر شتێک بێت، هارمۆنیایە لەگەڵ شوێندا... ڕۆح چەندێک تارمایی زەمەننشینە، ئەوەندەیش گیانلەبەری ناو شوێنە، ئەوەتا بەهەشتیش پتر لەوەی لە کاتدا بێت لە شوێندایە.

ویستم باسی گۆرانی حەسەن بکەم، حەسەن زیرەک لە مۆڵێکی گرانێتی هێجگار ڕووناکی بە کریستاڵ ڕازاوەی مۆدێرنی نێو بازاڕێکی ستۆکهۆڵمدا، بە هێدفۆنێکی ستریۆ گوێی لێ ناگیرێ، مۆڵێک کچەکانی موو کایی، ناسک، هێندە کاڵن، کە دڵ زوعف پێ دەکەن. لە کەشێکی وادا؛ گوێگرتن لە حەسەن هەم دوو هەوات دەخات، هەم نەخۆش، نا ئێستا پێت دەڵێم، حەسەن لە کوێ خۆشە.

حەسەن زیرەک لە جێبێکی زەیتونیی کۆنی مۆدیل حەفتاونۆدا خۆشە، لەو (دەرەی مەڕ)ـە، کە بە جادەیەکی خۆڵدا دێتە خوارەوە، ئەها تۆ لەپێشەوە دانیشتوویت و قۆڵت لە جامەکەوە دەرهێناوە. شۆفێرەکە، پیاوێکی هەورامیی ڕەشتاڵەی قسەخۆش و غەمگینە پێکەوە... لەوانەیە، کە ژیان جنێوێتی، بەڵام خۆی نەداوە بەدەستەوە.



Scanned with CamScanner

دەستەسڕێکی ئاوریشمی کردۆتە ملی، زوو زوو عارەقەی ڕووخساری پێ دەسڕێ و دەڵێ: "مامۆستا، خۆزگەم بە خۆت نەجاتت بوو لەم وڵاتە، ئێمە لێرە ژیانمان تێدا چوو، هەر خۆمان نا، منداڵەکانیشمان." تۆ سەرێکی بۆ دەلەقێنی و زۆرتر لەگەڵ گۆرانییەکەدایت تا قسەکانی ئەو. تەماشای بەردەمت دەکەیت، پارچەیەکی پۆپەشمینی مارۆنی بەسەر داشبڵەکەیدا داوە، ڕیشوەکانی بەبەردەمتدا هاتوونەتە خوارەوە، سەر بەرز دەکەیتەوە، لە شەمسییەکەی ئاستی سەری خۆتدا، ڕەسمێکی ئیمامی عەلی بە دووچاوی سیحرییەوە لەودیو نایلۆنێکی زەردی ئەستوورەوە لێت دەڕوانێ و شێرەکەی بەردەمی خەیاڵی ڕۆیشتووە. دەڵێی حەسەن ئەویشی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ زەمانی گەنجێتی و ڕاوەمامزێ! بە گۆشەی چەپدا کەمێک سەردەسوڕێنی، بە شەمسیی شۆفێرەوە، وێنەیەکی ڕەشوسپی پیاوێکی جامانە بەسەرە، منداڵێکی لەسەر چەمەلەقی جێبێک داناوە و پێکەوە ڕووەو کامێراکە پێدەکەنن. **تۆ دڵنیا دەبیتەوە، ئەم جێبە هەمان جێبە و ئەم شۆفێرە منداڵی ناو وێنەکەیە و باوکیشی ئێستا لە دونیایەکی تر پێ دەکەنێ!**

حەسەن لە شریتێکی قیسارەی قاوەییدا، لە تەسجیلە کۆنەکەی جێبەکەدا، بە یەک حەمکە هەوا و خشەخشەوە دەچریکێنی و پیرەجێب لەگەڵ هەر تاسەیەکدا، تۆ تۆزێ بەرز دەکاتەوە و هەموو هەڵتەکێ سەرت لە ساپیتە نزمەکەی توند دەکات. هێندە نابات دوو تارمایی لە جامی لێڵی پێشەوە دەردەکەون، وردە وردە لێڵی ڕوون دەبێتەوە و تارماییەکان دەبن بە دوو وەرزێری لە باخەوەهاتووی ئێواران.



Scanned with CamScanner

کوڕێکی لادێی خاکەنازێکی ناوە بەشانییەوە و جامانەیەک وا لەملیدا. کچێکی شەرواڵ لەپێ کڵاوێکی حەسیری کردۆتە سەری و لەچکەکەی وا لەملیدا، بە نیگای تۆزێ شەرمن، بەڵام سەربەرزانە لە شانی براکەیەوە دەڕوات. جێبەکەی ئێوە بە گۆرانیی حەسەنەوە دەگاتە ئاستیان، کە تۆ دەستێ بە ئامازەی سڵاو بەرز دەکەیتەوە و فریای ناکەوی وەڵام وەربگریت، لە ئاوێنە ڕێڕێی دەستی خۆتەوە دەبینی، لە قیتاری تەپوتۆزی جێبەکەدا، ئەوان لە دەرەوە دوور دوور دەکەونەوە و حەسەن لە ناوەوە دەچریکێنێ:

**"لەنێو سابڵاغدا بورجێک دیارە، بەقەد ئەو بورجە خەم لەدڵم بارە."**

***

## چاکییەکانی خراپە

هەندێ جار وا بیر دەکەمەوە کە خراپە هەر نییە، لە جێیەکی تردا نووسم: "خراپەیش هەر چاکەیە، لەژێر ناوێکی تردا." ئێستا ئەوەی ئازاری تۆ دەدات، چاکەیەک لەگەڵ تۆ دەکات، چاکەی ئەوەی تۆ دەباتەوە ناو خۆت، شوێنێکت ئازاری پێ دەگات، کە تۆ لە جەنجاڵیی ژیانی ڕۆژانەتدا ئەو شوێنە نابینیت.



Scanned with CamScanner

کەس خەمی نەبێت...

ئەو خۆرەش بکوژێتەوە، منەتم پێی نییە، ڕووناکییەك لە **دڵی مندا هەیە؛** بەشی هەمووان دەکات،

بە کاکێشانە دوورەکانیشەوە!





Scanned with CamScanner

# له کاڵەک خۆشتر هەر کاڵەک خۆیەتی

جا چاوی مامه، تۆ ئەو گەڵا گوێ پانەیت لە بێستاندا نەدیوە، خۆی زەردێکی زبر و گەڵا سەوزێکی تێر. کاڵەک هەر خۆی خۆش نییە، ناوەکەشی کە موعێن لە (کاڵێ)وە هاتووە ئاودار و ناسک و فێنک و خۆشە. کاڵەک میوەی بەهەشتە، هەر خۆی بەهەشت شوێنێکە بە کەڵکی ئەهلی لوولاق و پشتەمەغەزە نایەت. **تۆ کە گۆشتخۆرێکی چاوبرسی بیت، لە بەهەشتیش بیت، داواکارییەک دەدەیت بە خودای تەعالا بتخاتە جەهەنەمەوە. بەهەشت هەمووی ڕەز و باخە، ئەوەی تێیدایە میوەیە، ئەگەر لەئێستاوە ناتوانی خۆت لەسەر میوە ڕابهێنی دەست لەو دونیات بشۆ.**

کاڵەک، ئاودارترین و بەتامترین و شیرینترین میوەی هاوینە. ئەم دیاریی خودایە، میزڵدان پاک دەکاتەوە و بەردی نێو بۆریی میز دەتوێنێتەوەو یارمەتی ڕێکخستنەوەی لێدانی دڵ دەدات و ڕێژەی ئاو لە جەستەشدا ڕێک دەخات. لەبەر هەبوونی مادده شەکرییەکان لە کاڵەکدا چارەسەرێکی باشە بۆ کەمخوێنی، لەگەڵ ئەمانەشدا جەستەی مرۆڤ لە شێرپەنجە دەپارێزێت بەتایبەتی شێرپەنجەی پێست.

کاڵەک، تەمەن و مێژووی هەیە، ڕیشی سپییە و لە تەمەنی باوکتدایە، لەوە سەنگینترە بیکەیت بە نێرگەلەی فرێش ڕۆڵە! لە زەمانی دەقیانووسەوە ڕۆمەکان و میسرییەکان چاندوویانە، لە سەدەی حەڤدەهەمەوە گەیشتۆتە ئەورووپا و ئێستا، کە عالەمەکە زانیویەتی ئەوەندە خۆشە لە زۆربەی وڵاتاندا دەچێنرێت.



Scanned with CamScanner

ئەم ئێوارەیە کاڵەکێکی زەردی چکۆلەم پاک دەکرد، بە ناشکوریی نەبێ هەر ناوی کاڵەکە، بە قوربانی ئەو خوایە بم، بەمە دەڵێن کاڵەک و بەو (کاڵەکە ڕووشە)یەی خۆیشمان لەو دەشتی زەڵێیە، لەو پشدەر و زانەڵێیە، لەو بێستانسوورەیش دەڵێن کاڵەک!

کاڵەکەکەی دەستی من هی ئەو کافربابانەیە لە ئیسرائیلەوە هاتبوو. تەماشام کرد، ترێکەمان هی هیندستانە و تەماتەکە ئەڵمانییە، شووتییەکە میسریی و هەرمێکە بولگاریی و مەنگۆ هی ئەفریقا و مۆز هی ئیکوادۆرە... بەڕاستی مرۆڤی تازە جیهانییە! بەڵام نا، جیهانیبوون ناتوانێ بۆنی فێنکی کاڵەکی عەسران لە بیری من بەرێتەوە. ئەم میوە تەڕو ئاودارە لەو زەوییە وشک و بەیارەوە چۆن سەر دەردێنێ خودایا! هەر کەسێ دەستی بگات بە کاڵەک مافی ئەوەی نییە بڵێ ژیان ناخۆشە.

کاڵەک، لە خێزانی شووتییە و ژنوژنخوازییان پێکەوە هەیە، هەروەک ئەویش ڕاستەوخۆ لەسەر عەرد دەڕوێت، قەدەکەی زۆر لاوازە و ڕەگەکەشی زۆر کەم دەچێتە ناو خاکەوە... بە دوو شێوە دەڕوێنرێت: لەو دەشتی شارەزوورە بە دێراو و لە کوێستانانیش بە بێ ئاو دەچێنرێت.

یەک کاڵەک یەک چنگ پۆتاسیۆمی تێدایە، پڕپڕە لە ڤیتامین (A) و (C)... یەک و دووی لێ مەکە، لە شەستییەکە هی ئەوەیە لووتە ئیستۆپێکی بۆ بکەیت، لوتف بفەرمووی دابەزی و سێ چوارێکی پڕ بە باوەش بکڕی... ئەگەر ئێوارانی هاوین، بێ کاڵەک بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە،



Scanned with CamScanner

هەقی ئەوەی هەیە نانت نەدەنێ و لەسەر ئەو هەڵوێستەشیان دووچاری هیچ کێشەیەکی یاسایی نابن و من پرسیاری محامیم کردووە.

***

## ئەوەی لە تۆدا بۆ من گرنگە..!

خەونم پێوە بینیت، بۆشت بگێڕمەوە هودەی نییە... ڕۆحزلییت ناهێڵێ لە هەموو شتێک تێبگەیت، ئیمامی عەلی گوتبوی: ژنان وەک منداڵ وان، ئەگەر ڕابکەیت بەدوایاندا ڕادەکەن، ئەگەر وازیان لێ بهێنی خۆیان وردە وردە دێنە بەردەستت... ئیمام لەو دێڕەدا شتێکی بیرچووە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوانیش هەروان..!

سەرگەردانی گەورە ئەوەیە تۆ بەدوای کەسێکدا ڕابکەیت و کەسەکە بەدوای کەسێکی تردا، لەم ڕاکەڕاکەدا؛ ژیان دەبێ بەماراسۆنێک لەگەڵ سێبەرەکەی خۆتدا، گوتم سێبەر.. چ پەسەند و دڵخوازانەیە ئەم وشەیە، هەر بەڕاست تۆ سێبەری، سێبەری من نا، سێبەری خۆت نا، سێبەری شتێکی تری لەسەر زەوی.

شتێک دەڵێم و دەزانم لەمەیش تێناگەی؛ ئەوەی لە تۆدا بۆ من گرنگە بوونتە...

بوونێک کە خۆت هێندەی من ڕێزی لێ ناگریت!



Scanned with CamScanner

وەك پاژی دووەمی گۆرانییەکی ماجیدە ڕومیی، وەك خۆت، وەك دووریت، بیرت دەکەم و وا خەریکم بۆت بنووسم: ئاخر "ئەگەر لای هەموو دونیا تۆ یەك کەس بیت، لای یەك کەس تۆ هەموو دونیایت!"





Scanned with CamScanner

# خودا لە کوێیە؟

کە چـوومە ژوورەوە خوێنـدکارەکان دانیشـتبوون و مامۆسـتا لە گەرمەی قسەدا بوو، لەسەر کورسییەکی بەتاڵ لە سووچێکدا دانیشـتم و وەسـتام تا مامۆستا هەناسەیەک وەردەگرێ، کە وەریگرت، ڕوو لە من وتی:

– سڵاو، من مامۆستای نوێم لێرە و ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژمە...

خەریک بوو ناوی خۆی دەگوت، کە منیش وەڵامم دایەوە:

– منیش نوێم و ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی منیشە!

نیگـــای خوێنـــدکارە کـــوڕ و کچەکـــان وەک شـــەپۆلی باوبـــارانی چاوەڕواننەکراو، چەشـنی بـارێزەیەکی لەپـڕ دایکـرد بەسـەرمدا... دوای ئەوەی هەردووکمـان بڕێـک خۆمـان پێشـکەش کـردو –وەک ڕۆتینێکـی یەکـدی ناسـین لێـرە– لەبـارەی خۆمـانەوە بەشـێوەیەکی گشـتی چەنـد دەقیقەیەکـی کەم قسـەمان کـرد... مامۆسـتا بە پرسـیارێک لە بەنـدە، لـێکچەرەکەی گـۆڕی بە باسـێک، کە ئـێمە بەیـانی لە مـاڵ هـاتبووینە دەرەوە، کەسـمان پێشـبینی ئەم بـابەتە گەرم و دڵنشـینەمان لەم ڕۆژە سارد و باراناوییەی ستۆکهۆڵمدا نەکردبوو، وتی:

– خۆشـحاڵم نووسـەرێک دەناسـم، بـۆ تـۆش خۆشـە بزانیـت، کە مـن دکتۆراکەم لە ئەدەبدایە –ئەوە دوایی مشـتومڕی زیاترمـان دەبێـت– بەڵام لە قسـەکانتدا هەسـتم بە شـتێک کـرد، تـۆ وتـت: بـابەتی نووسـینەکانت زۆرتر لە دەوری مەسـەلە ئێگزیسـتێنتیالیسـت (بوونگەرایی)یەکان و خـودا دەسووڕێتەوە، کەچی هەر دوایی ئەوە، وتت: ئارەزووت لە گەشـتکردن و دونیابینینە... وایە؟ یان من هەڵە تێگەیشتووم؟



Scanned with CamScanner

- بەڵێ ڕاستە.

- ئەها... بەڵام هەست ناکەیت پارادۆکسێک لەمەدا هەبێت؟ چونکە ئەوەندەی من بزانم، ئەوانەی خودایان لەلا پرسیارە و بەدوایدا دەگەڕێن، زۆرتر گۆشەنشینن و لەناو خۆیاندان، کەمتر سەریان دەپەرژێتە سەر دونیای دەرەوە... وانییە؟!

پێم گوت کە بە عەرزی ئیحترام، قسەکەی ئەو ڕاستە، بەڵام ڕاستی لیڤڵی هەیە، ڕەنگە ڕایەکەی مامۆستا لە چاوی مندا لیڤڵەکەی نزم بێت، چونکە گۆشەنشینیی و چوونەوەناوخۆ تەنها ڕێ نییە و لە ڕێگا خۆلاویی و کۆنەکانی دۆزینەوەی خودایشە. بەدرێژایی مێژوو، خەڵکانێک هەبوون، بە دانیشتن قایل نەبوون و هەستاون زێدی خۆیان جێ هێشتووە و کەوتوونەتە سۆراغی خوداوە، نموونەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیم بۆ گێڕایەوە، کە سێ سەدە لەمەوپێش دەچێت بۆ ماڵی خودا (کەعبە)، لەوێ پیاوێک پێی دەڵێ: (فەتحی صدور)ی تۆ لێرە نییە و هەستە برۆ بۆ هیندستان! مەولانا لەناو ماڵی خودادا خودای بۆ نادۆزرێتەوە، لەسەر پێشنیازی ئەو پیاوە بە شامدا دەگەڕێتەوە سلێمانی و لەوێوە بە ئێران و ئەفغانستاندا بە گەشتێکی درێژیی یەک ساڵەیی دەگاتە هیندستان. ئەم خالیدە، کە دەگەڕێتەوە دەبێت بە مەولانا و تەریقەتی خەڵک دادەدات. **وتم مامۆستای ئازیز، مرۆڤ کە دەڕوات بۆ ئەوە ناڕوات خودا لە شوێنێکی تر بێت، بۆ ئەوە دەڕوات تا لە شوێنێکی تر یەکێ پێی بڵێ: بەدوای چیدا دەگەڕێی؟ ئەوە خودایە نزیک نزیک لەخۆتەوە، لەناو خۆتدا..!**



Scanned with CamScanner

# ئاگات لێیە خاڵە؟!

ئەم دێڕە بۆ من، یەکێ لە شیرینترین ڕستەکانی ئەم ساڵانەی دواییە لە زاری ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا. لەم ڕستە کورتەدا حیرمانێکی درێژ ڕاکشاوە، بە قەولی گۆران: "جوملەکە خۆی پڕ تەئەسوفە!" باوەڕم وایە ئەم ڕستە سێ وشەییە، بۆ هەموو کات و ناکاتێک دەبێ، هیچ شوێنێ بۆ بەکاربردنی ئەم ڕستە خۆشە، ناشوێن نییە. لە بینینی شۆخێکی دڵبەرەوە، کە من و تۆکوژانە، خۆی گۆڕیوە و بە ئۆرزدیدا دێتە خوارێ، کیژێک -ئەگەرچی لەدڵەوە تەنیایە- کەچی بۆ ئەوانیتر وا نیشان دەدات، ناز بەسەر ئەو عەردەدا دەکات، کە بەسەریدا دەڕوات و بەسەر ئەو ئاسمانەشدا، کە بەژێریدا دەڕوات. ئەها پاش قەیرێ تۆ ئاوڕ دەدەیتەوە و بە کوڕەکەی هاوڕێت -کە هێشتا گێژی جوانیی کچەکەیە- دەڵێیت: "ئاگات لێیە خاڵە؟!"

ئەمە لەو ڕستە دەگمەنانەیە بمری و بسووتێی وەرناگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. مۆتیڤەکەشی ئەوەیە لەم تیوپە ڕستەیە خۆی لە هەموو زمانێکدا وەک گوڵی تەنیای لاڕێکان هەیە. (خاڵە)ی ناو ئەم دێڕە خاڵەیەکی پیاو نییە، ڕستەکە خۆی ژێندەرشکێنە، شتێ نییە بۆ پیاو و بۆ ژن، شتێکە بۆ هەمووان... ئەها ئیستۆپی لەناکاوی شۆفیرێکی هیندیی گەنمڕەنگ، لە پاسێکی سووری ستۆکهۆڵمدا، بۆ ئاسکێکی تەنیا، کە لەمبەری شەقامەکەوە -وەک کچەکەی ئۆرزدی بێباکانە- بۆ ئەوبەری شەقامەکە دەپەڕێتەوە، داتدەچڵەکێنێ و تۆیش نیوەئاوڕێک دەدەیتەوە و بەهێواشی



Scanned with CamScanner

بەنەفەرەکەی تەنیشــتتەوە -کە پیرێژنێکـی نـورانیی سـویدییە- دەڵێــی:
"ئاگات لێیە خاڵە؟!"

ڕاستە ئەم ڕستەیە لە یەکەم نیگادا وا دەردەکەوێ جۆرێک حەیفگەرایی، سۆزێکی نۆستالژی، بەراوردێکی خێرای ئێستا بە پێش ئێستا بێ، بەڵام لەوەش ناتەکێتەوە جیهانگەرییە شمولییەکەی خۆی ون بکات. بەهەرحاڵ، من ئەم ڕستە کورت و شیرینەم خۆش دەوێ و ئێستا:

**ئاگات لێیە خاڵە؟**

***

## بۆ (کووندەپەپووی کوێر)م وەرگێڕا؟

من شتانێکی زۆرم نییە شانازییان پێوە بکەم، بەڵام لەنێو خۆمدا تا ئاستی فەخر، دڵم لە خۆشبەختییەکدا کەف دەکات و لێی دەڕژێ، کە دوای یەک دونیا تەوژمی ڕۆحیی و دەروونیی توند، توانیم نائومێدترین قۆناغی ژیانی خۆم بە وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانەی سادق هیدایەت، بەناوی (کووندەپەپووی کوێر) تەی بکەم.

ئاوها کتێب هەندێ جار دەرمانە و زۆرجاران برین!



Scanned with CamScanner

تەنیاییم؛
وەك لورەی گورگێکی بریندار
دەڕژێتە شەوەوە...





Scanned with CamScanner

# نامەیەک بۆ دۆستێک،
# لەبارەی خراپەوە!

ڕەنگە بۆ تۆ زەحمەت بێ تێ بگەیت؛ بەڵام خراپەی ڕووت و داماڵڕاو لە خۆی و دەوروبەری نییە... خراپە لەکاتێکدا خراپەیە، کە دژەکەی ئامادەبێت، ئەگەرنا خراپەش هەر چاکەیە، بەڵام لە فۆرمێکی تردا. ویستم بڵێم پێچەوانەی موگناتیس، کە تەنها جەمسەرە دژەکەی خۆیان بۆ ڕادەکێشرێت، خراپە ناتوانێ دژەجەمسەری خۆی، کە چاکەیە ڕابکێشێت، ئەوەی خراپە کێشی دەکات خۆیەتی. ئێستا کاتێک تۆ سکاڵا لە خراپەی ئەوانیتر دەکەی، کاتێک دڵتەنگیت لەوەی کەسێک خراپەی بەرانبەر کردوویت، دەبێ ئەوە بزانی، کە دیوە خراپەکەی تۆیە، ئەم کەسەی ڕاکێشاوەتە ژیانتەوە، ئەم دۆخەی بۆ خوڵقاندوویت. هێزی کێشکردنی خراپە بۆ خراپە لە هێزی کێشی موگناتیزیی بەهێزترە، بەڵام هەروەک ئەویش ناپەدید و بە چاوی سەر نەبینراوە.

من باوەڕم بە هۆشێکی گەردوونیی هەیە، کە ئەم فەلەکە کۆنە دەگێڕێت. سەرنجڕاکێشترین ئایەت لە قورئاندا بۆ من ئەمەیە: (أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا) وا دەزانن هەروا بە هەوانتە دروستمان کردوون؟ چەند ساڵێک لەمەوپێش نووسیبووم: یارییەک لەم گەردوونەدا دەگوزەرێ، ئێمە لە یارییەکەداین، بەڵام یاریچییەکە نین. ئایەتەکە بۆچوونە بچووکەکەی من پشتڕاست دەکاتەوە.

٨٠٠ ساڵ لەمەوپێش مەولانا جەلالەدینی ڕومی فەرمووبووی: "ئەوەی تۆ بۆی دەگەڕێی ئەویش بۆ تۆ دەگەڕێ!" لێ بە ئەزموونی ژیانی



Scanned with CamScanner

چکۆلانەی خۆم، پەیم بەوە بردووە، خراپە تەنها شتێکە بێ ئەوەی بتەوێ و بۆی بگەڕێیت دێت و هەیە و لێرەیە، چونکە وا تێ دەگەم خودی خراپە خەلق نەبێت و ئەزەلیی بێت. هەربۆیە دوای چوار ملیار ساڵ ژیانی سەر زەوی، هێشتا ناتوانرێت دەست بەسەر هێزی خراپەدا بگیرێت، نە لە مرۆڤ نە لە ئاژەڵ و نە لەسروشتدا. لەبەرئەوەی خراپە تەنها شتی ئەم گەردوونەیە، کە هەموو تەکنیکێکی کۆنترۆڵکردنی خۆی لەبەرە.

***

# چۆلەکە وەک نامەیەک لە شوێنێکی ترەوە

چۆلەکەیەک خۆی دا بە پەنجەرەکەدا، شەپــــــ.... دایچڵەکاندم... ئەم چۆلەکەیە بۆ ئەمڕۆ نامەیەک بوو... نامەیەک لە جیهانێکی نادیارەوە، وتم نادیار، بەڵام ئەم جیهانە لێرەیە و بەتەکمانەوەیە. لەبەرخۆتەوە لێوت دەگەزیی و بیر دەکەیتەوە، ڕۆژانە چەند نامەی نادیار لە خاوەنی ئەم گەردوونەوە بۆ مرۆڤ دێ و مرۆڤ نایبینێت!

نازانم لەسەرەوە پێتدا بێمە خوارەوە،
یان لە خوارەوە پێتدا سەرکەوم!
خۆ پیاوێکی ڕووت نیم،
من لاولاوی ئاسمانم!





Scanned with CamScanner

# قبوڵکردنی خیانەت

وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ

**ئەگەر کەسێ جارێک خیانەتی لێ کردی، بیبەخشە.**

**ئەگەر کردی بە دووجار، سەیری دۆخەکەی بکە ئەوجا بڕیار بدە.**

**ئەگەر کردی بە سێ جار، بیکوژە... لایەنی کەم لەدڵی خۆتدا بیکوژە.**

***

---

تێبینی:

١- خیانەت، گەورە و بچووکی نییە و ئەوەی یەک جار بیکات، دووجاریش دەیکات.

٢- ئەوەندە لەسەر ئەم یاسایە سوورم، ئامادەم ئەگەر ڕۆژێ خائین دەرچووم، یەکەم کەس بەسەر خۆمدا جێبەجێ بکرێت!



Scanned with CamScanner

# شۆڕشێک بە خۆشەویستی!

بۆ گۆڕانی دۆخی ئێستا، هیچ شتێک لە شۆڕش و ڕاپەڕین باشتر نییە، بەڵام ڕاپەڕین پەلاماردانی بینایەک و شووشەشکاندنی نەخۆشخانە و قوتابخانەیەک نییە، ڕاپەڕین ئەگەرچی لە نیگای یەکەمدا وا دەربکەوێت کارێکی عەفەویی و خۆڕسک و تەقینەوەی ناخی پەنگخواردووی خەڵکە، بەڵام بێ پلانی تۆکمە، بێ عەقڵی پێشڕەویکردن، بێ بەرنامە و ستراتیژی درێژخایەن، بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئیقلیمی و دەرەکی، بێ ئەوەی بەرچاوت ڕوون بێت، دوای ئەمانە کێ دێن؟ ئەوە دەبێتە ماڵوێرانییەکی گەورە.

بەڵام شۆڕشێکی تر هەیە لەسەر ئاستی تاکایەتی، لەنێوان خۆماندا، کە ئێستا قەیرانە، بۆ ناتوانین وەک مرۆڤ، وەک کوردێک، وەک هاوشارییەک بڕێ هاوکاریی یەکتر بکەین؟ چی تێدایە سەندیکای پزیشکان بە یەک دەنگ بڵێن، لەم ئێوارەیەوە نرخی هەموو نۆرینگە تایبەتەکانمان کرد بە نیوە. تۆ دەزانی مرۆڤ، کە منداڵەکەی نەخۆش بوو، ئەگەر قەرزی بۆ کردبێت، ئەگەر سواڵی بۆ کردبێت هەر دەیگەیەنێتە دکتۆر، بەڵام بۆ ئەخلاقی پیشەیی دکتۆرەکە، وا نەکات باوکی ئەم منداڵە لە خەجاڵەتیی قەرزکردن بۆ پارەی دکتۆر ڕزگاری ببێت؟ با چێشتخانە پارەی خواردنەکەی بکات بە نیوە، سەرتاشەکان هەروا، پاسەکان هەروا... با ئەمە بە خواستی خۆمان بێت نەک بڕیارێکی مەرکەزیی.



Scanned with CamScanner

مـن دەمەوێ مـرۆڤ بـخەمەوە یـادی ئاسـوودەییەکی ڕۆحیـی، کە هـیچ ئاسـوودەییەک شـان نـادات لە شـانی، ئەویـش ئاسـوودەیی یارمەتیـدانی یەکتـرە. چـی دەبێـت حەقدەسـتەکانمان، نرخـی شـت و مەکەکانمـان، داهاتەکانمـان وەک بـرا لەگەڵ یەک بکەیـن بە دوو بەشـەوە؟ تـۆ لە خۆتەوە دەست پێ بکە و ئەوە بـکە، ئەوجـا دەزانـی خەڵـک چەنـد پـێ دەزانن، چەند خۆشیان دەوێیت، چەند هەستت پێ دەکەن... تـۆیەک کە ئێسـتا لەنێـوان بۆڵەبـۆڵ و بێمگێزیـی (مەزاجـی) و بـێ پـارەیی ئەم ڕۆژانەدا، نەک ئەوانیتر، خۆیشت هەست بە بوونی خۆت ناکەیت.

خۆشکی خۆشەویست، برای ئازیزم... هەستە و بەیارمەتیـدانی ئەوانیتـر؛ یارمەتیی خۆت بە.

***

## ئاگا لەخۆبوون

جاری وا هەیە شتێک دەکەیت حەزت لێـی نییە، بـزانە و ئاگـاداربە ئەوە یەکەم قڵیشە دەیکەیتە ڕۆحی خـۆتەوە. نـاڵێم هەمیشـە ئەو شـتە بـکە، کە حەزت لێیەتی، دەڵێم شتێک مەکە، کە دڵت نایەوێ.



Scanned with CamScanner

پیاسەیەك پێكەوە!

خەونـــی مـــن زۆر دەستتەرەســـە و ســـەختیش نیـــیە، بەڵام تـــۆزێ مەحـاڵە... مەحـاڵە، مـن كڵاوێكـی خورییم دەست بـكەوێ و بـیكەمە ســەرم و تـــــۆ لەتەنیشــت خـۆمەوە ببیـنم، بەم جـادە ساردانەدا پیاسە دەكەین.

حەزدەكەم بزانی،

**كڵاو و شت بیانووە من دەمەوێ لەگەڵ تۆ بم!**



Scanned with CamScanner

# کێ پاشایە؟

پاشا بۆدیگارد و پاسەوانی نییە، پاشا بە کاروانی ئۆتۆمبێلی گرانبەها هاتوچۆ ناکات. پاشا ئەوەیە سەگێک و دووسەر بزنی هەبێت، نیوەڕوان نانی جۆ و تەماتە و خەیاری بێستانە بچکۆلانەکەی خۆی بخوات.

ئەم ڕۆژانە شوانی سێ سەر بزنی مەرەزم[1]، دایکەکەیان قسرە[2] و یەکیان گیسک[3] و یەکیان چوێشتیرە[4]. هەرسێکیان هێمن و جوان و ژیرن، هەریەکەیان ناوێکی هەیە، کە بانگیان دەکەیت، بەدەم ناوەکەی خۆیانەوە دێن بۆ لای بونیام. ڕۆژانە کات و ژیانم لەگەڵ ئەمان بەسەر دەبەم، من پاشای ماڵی خۆمانم، تەخت و تاجەکەم لەگەڵ پاشای ڕۆم ناگۆڕمەوە.

---

[1]- بزنەمەرەز: جۆرێک بزنە کە ڕەنگی مووەکەی سپی ئاماڵ کایی و ڕووە و زەردێکی کاڵ کاڵە. مووەکەی لە پیشەسازی کوتاڵ و —بۆ نمونە دروستکردنی قاتی شاڵدا— بەکاردێت.

[2]- بزنەقسر: لەو کوردەوارییەدا بە بزنێک دەوترێت؛ کە ساڵێک بێت نەزابێت و کارژۆڵەی لەبەر نەبێ و شیرەکەی بڕابێت.

[3]- گیسک: بزەڵە، کار، بەچکەی بزن کە لە شیر بڕابێتەوە.

[4]- چوێشتیر: کارێک تەمەنی دوو ساڵ بێت.



Scanned with CamScanner

# ئینسان حەزی لە چییە؟

مـن هـیچ کاتێـک مـرۆڤم لە تۆزێـک گۆشـت و ئێسـک و خوێنـدا کـورت نەکـردۆتەوە و لام وابـووە ڕاز و پەنهانییەکی خـودایی گەورە لە ئەسڵی ژیـان خۆیـدا هەیە، بـۆیە بەردەوام جیهـانی تەسـەوف و مەعنەویـیەت و زوهـد و گۆشـەگیریی و بیگەردیـی ڕۆح بـۆ مـن جێـی سـەرنج و پرسـیار بووە. لەم بابەتەدا خوێندوومەتەوە و بە هەوڵـی بچـووکی خـۆم بەدوایـدا چووم و گەڕاوم. ئەوانەی چیرۆکی (ژوولیـا و دەستنووسـەکەی مەولانـا)ی منیان خوێنـدبێتەوە، باشـتر لەم قسـەیە تـێ دەگەن. بەهەرحـاڵ، چەنـد سـاڵێک لەمەوپـێش لە سـەفەرێکی کوردسـتاندا، لە مەجلیسـێکی ڕەحمەتیـی مامۆسـتا (شـێخ مـحەمەد بەرزنجـی) لەو دانیشـتنەدا دۆستانەدا لە خزمەت دەستەیەک مرۆڤی مەزن و بێگەرددا دانیشتبووم، ڕووداوێکی ژیانی خۆی گێڕایەوە:

کە لە زەمانی گەنجیمدا دڵم چووبوو بە ئافرەتێکدا دەمویست بیخـوازم، بـۆ ڕووخسـەت وەرگـرتن چـوومە خـزمەت شـێخ (شـێخ عوسـمانی سیڕاجەدین). شێخ پێمی وت: "محەمەد ئەو ئافرەتە بۆ تۆ نابێ." شێخ محەمەد بەرزنجی وتی: منیش، دڵ ئارامی لێ هەڵگرتبووم، زۆرم لەخۆم کرد و چەند جارێکی تر چوومەوە خزمەتی شێخ، وتم: قوربـان بە خـودا زۆر چووە بەدڵمدا، مەیلم لەسەرێتی و ئەگەر تۆ ئیجـازە بفەرمـووی زۆرم حەز لێیەتـی و دەمەوێ بەشـەرعی خـودا ببێـت بە خێـزانم. دوای ئەم جەختکردنەوە زۆرەی من، شێخی سیڕاجەدین فەرمووی: "**دەی محەمەد، ئینسان هەمیشە حەزی لە شتێکە، کە بۆی نابێت.**"



Scanned with CamScanner

مامۆستا شێخ محەمەد، وتی: وەڵا زۆری نەبرد، ئافرەتەکە تووشی نەخۆشییەکی خەراپ بوو، وەفاتی کرد... ئینجا من ئەو کاتە لە حیکمەتی قسەکەی حەزرەتی شێخ گەیشتم!

***

## ڕۆیشتن بەسەر ئاودا..!

ئێوارەیەکی نارنجیی خۆشە، باڵندەکان بە ئاسمانەوە قاوقیژیانە. ئەگەرچی بەفر لە عەرددایە، کەچی هەتاوێکی ناسک، وەک دوا سەردانی ئەم کۆتایی ساڵە، دەڵێی هاتووە بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ماڵئاوایی. لە خزمەت مامۆستا هاوبیردا پیاسە دەکەین، باسی گەرموگوڕ، لە ئیشی خودا ورد دەبینەوە، سەیری دونیا دەکەین... لەبەردەم (مۆزەخانەی نەرویژیی)دا ئیستێک دەکەین و باسی جێدەستی مرۆڤ دەکەین، باسی شکۆی گەلی سویدیی و ڕەنگدانەوەیان لە بیناسازیدا، باسی عیرفان، باسی خۆییبوون و باسی قووڵایی ڕۆح، پێکەوە دەچینە دەریاوە، من دەڵێم: ئوستاز، سەختە بۆم باوەڕ بکەم، ئێستاش مرۆڤ هەیە دەتوانێت بەپێی پەتی بەسەر ئاودا بڕوات. ئەو دەفەرموێ:

- توانا گیان، ئەگەر ئێستا کەس نابینیت بەسەر ئاودا بڕوات، مانای وانییە کەس نییە بتوانێ بەسەر ئاودا بڕوات، چونکە کەسێک بتوانێت بەسەر ئاودا بڕوات، ئیتر بۆی گرنگ نییە، خەڵکی بزانێت کە ئەم دەتوانێ بەسەر ئاودا بڕوات!

Scanned with CamScanner

تۆم هەبێت باشم،

تۆم نەبێت باشم،

تۆم هەبێت و نەبێت باشم...

خۆیشت دەزانی، لە دووەم و سێهەمیاندا **درۆ دەکەم!**





Scanned with CamScanner

# ساڵێکیان باڵندە بووم!

وەک ئەوەی لە تەمێکی شینی کاڵەوە خۆیان پێچابێت، دیمەنەکان ئاوها دێنەوە بەرچاوم: لە یەکێ لە ژیانەکانی پێشوومدا، من باڵندە بووم. ساڵێکیان بەفرێکی زۆر بارییبوو، پاش بەفرەکە ئاسمان ساماڵ بوو، هەوایەک هات، بەجۆرێ سارد بوو وەک نەشتەر دەیبڕیت، دونیا بوو بە شەختە، **ئێمە پۆلێ باڵندە بووین خواردنمان چووبووە قاتیی، لە شارێکدا بووین، خەڵکەکەی خۆیان خزاندبووە ماڵەکانیان و وەک هەمیشە ئەوەی بیریان نەبوو باڵندەکان بوو.**

ئەو ساڵە بەسەر درختە ڕووتەکان و بە گوێسەبانەکانەوە، هەموومان لە سەرمادا ڕەقبووینەوە و لەبرسان مردین... ئێستا ئەمرۆژانە، کە سارد و سەرمایە و خۆراکی باڵندە زۆر زەحمەت دەست دەکەوێ، من دەکەومەوە بیری ئەو ڕۆژە، ئێوەش لوتف بکەن و بیری ئەوانتان هەبێت، لایەنی کەم، خواردن و بەرماوەی خۆتانیان بۆ بڕێژن.

من ڕۆژێک باڵندە بووم!

***

# لە ئێران

جاران من لە کەرەج و تاران کرێکار بووم، ئێستا کتێبمی تێدا چاپ دەبێ. **خۆشە خۆت بوەستیت و کتێبت بە شاران و وڵاتانەوە گەڕیدە بێت!**



Scanned with CamScanner

# مریەم

ئەھا پێچت پێدا دێ، ناوسکت پەپوولە دەکات بۆ کەسێ، خەریکە سوێت دەبێتەوە بۆی، وا دەزانی ئەو ھی تۆ بێت، ئیتر پەشمەک لە ئاسمانەوە دەبارێ، ئەھا ھەموو دونیات لێ دەبێ بە کەسێک... بەسەرتان ھاتووە؟ سوپاس بۆ ئەو خوایە بەس نییە ئەو قۆناغەمان زوو بڕی، ئەگینا دەبووین بە فیلم... ئەوە ئەو کچە داماوە (مریەم حەیدەرزادە) ئێستا لەو دۆخەدایە، شیعرێکی نووسیوە وا لە خوارەوە بۆتان دەکەم بە کوردی و خودای گەورەیش شیفای ئەوانە بدات، کە ئێستا ئالوودە و دووچارن بەم دەردەوە:

من تۆم دەوێ

عەتری زەردی یاسەمینم ناوێ، دە لە دەی پۆلی مەکتەبم ناوێ... من لەبەر خاتری چاوی تۆ دەژیم، عاشقی بێزارم ناوێ... من تۆم دەوێت، ئەوانم ناوێ، ھەناسەم تۆیت، ھەوام ناوێ... من بەژنزرافم ناوێ، چاوی گەورە و دڵگیرم ناوێ... بەلەمسوارییم حەز لێیە، بەڵام جگە لە تۆ، دەریام لە کەس ناوێ... قژی زۆر شێواو و بونیامی زۆر شێتم ناوێ... دەزانی بەرچاوت گرتووم؟ بێجگە لە تۆ ھیچم لە خودا ناوێ... چاوی ڕەشی ڕۆژھەڵاتیی و ڕووخساری مانگ ئاسام ناوێ... ئاخر کاتێک تۆ لە خەیاڵمدایت، ھەقمە بڵێم، گوناھم ناوێ... قسەی باقوبریق و ئەو دوو چاوە جوانەشم ناوێ... تەنانەت ئەوەی باش ڕاو دەکات و خاوەنی چەکوچۆڵیشە من نامەوێ... شیعری تەڕ و تازەم ناوێ، ئەوەش کە ئەھلی سازە نامەوێ... من حەز دەکەم: تۆم



Scanned with CamScanner

هەبێت و بۆ ئەمەش مۆڵەتم ناوێ... سەفەرم بە دەوری جیهاندا ناوێ، ڕەنگی ڕەنگینی پەلکەزێڕینەم ناوێ... چرکە و سەعات و تەمەنی من؛ تــــۆیت، تــــۆ کە نیت، من کاتم ناوێ... فاڵی جۆراوجۆرم ناوێ، نامەی ڕێگا دوورەکانم ناوێ... بۆچی بچم ئەستێرە بچنم؟ مانگی من تــــۆیت، ڕووناکیم ناوێ... خاکەلێوە و جۆزەردان و پووشپەڕم ناوێ... من مرۆڤی سەرکز و چاوشۆڕم ناوێ... کە خۆم دیلی چاوی تــــۆبم، هەقمە بڵێم، دیلم ناوێ... قسەی زۆر ئاشقانەم ناوێ، دڵی ڕیسوا و دیوانەم ناوێ... یان تــــۆ یان کەس نا بەخودا، خوداش خۆی دەزانێ کەسی ترم ناوێ... خەرمانان و گوڵان و ڕەزبەرم ناوێ، بێ تــــۆ من ئەم چارەنووسەم ناوێ... یەکێک پرسی: ئەی ئەگەر بە قیسمەتت نەبوو؟ من تەنانەت ئەم خەیاڵە تاڵەشم ناوێ... بەبێ تــــۆ هیچم لە دونیا ناوێ، تــــۆ فریشتەی؛ من بونیامم ناوێ... تــــۆ دەزانیت چەند زۆریت بۆ من؟ ئاخر عادەتمە کەمم ناوێ! من تــــۆم دەوێت و ئەوانم ناوێ! هەناسەم تــــۆیت و هەوام ناوێ! تــــۆ تەماشا بکە، شیعرم بۆ کێ نووسیوە؟!

تــــۆیەک، کە وتت: من تــــۆم ناوێ!

***



Scanned with CamScanner

# ئیحتیرامی خۆت بگرە

لەوانەیە جیهان جارجارە لەناو مرۆڤەوە بێتە دەرەوە، ئینسانی نێو ئەم جیهانە تا دەمرێ پێویستی بە نەوازشە، پێویستی بەوەیە کەسێک هەبێت لێی بپرسێ، جارجار بڵێ چۆنی، ئەگەر هەموو چواردەورەکەشی خۆشیان نەوێ لایەنی کەم کەسێکیان تێدابێت خۆشی بوێت... خوشکی بەڕێز، برای ئازیز، خێزانەکەت باشترین دیاریی ئەم جیهانەیە بۆ تۆ، ئاگات لە یەک بەیەکی ئەندامانی خێزانەکەت بێ... ئاگاشت لە خۆت بێت، دەستت بە ژیان و دەروونی خۆتەوە بێت و هاوسەنگییە ڕۆحییەکەت بپارێزە، چونکە دوایی، کە تێک چوو بەئاسانی چاک نابێتەوە.

تۆ سەیری بەرنامەی ناخۆشی ئەم تیڤیانە بکەیت، فەیسبووکت پڕبێت لە شتی ناقۆڵا، چەلەحانێی لایڤی کوردی ببینیت. نێرگەلەی زۆر بکێشی یان شەوی قەڕابەیەک بخۆیتەوە، لە مەجلیس بێتامدا، لە کۆڕی زەموزەمکاریدا دانیشیت. گوێ لە شەڕەبەند و شەڕەجوێنی گەعدە بگری، دوایی بچی سەیری ڤیدیۆی ناشرین و فیلمی ترسناک بکەی، ئینجا بەتەمای خەوەکانت ئارام و خۆت بێ سەریەشە و دەروون ساغڵەم بیت؟!

خوشک و برایانی خۆشەویست، تۆزێک دەستتان بە ڕۆحی خۆتانەوە بێت، ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێ دونیای دەرەوە بێ ئەندازە ناشرینە، ڕۆحی بێگەردی خۆتان بەو هەموو ناشیرینییەی دەورووبەرتان هێندەی تر هەڵمەکۆڵن، هێندەی تر کلۆر مەکەن.

خۆ پارەی تێ ناچێت تۆزێ ئاگات لە دەروونی خۆت و خەڵک بێت، کەس بەهۆ و بێهۆ بریندار نەکەیت، کە یەکێک مات بوو لێی بپرسی، ئەگەر سەری کەست ناپەرژێ، ئەگەر فریای هیچ ناکەوی، بزانە ڕێگاکەت هەڵەیە، ئینسان کە خۆپەرست بوو، بوغزن دەبێ، کە بوغزن بوو دونیا لە خۆی دەکاتە دەرەوە، کە دونیا لە خۆی کردییە دەرەوە - دوور لە ڕووی ئێوە- دەبێ بە شتێکی زیادە، کە تەنها ئۆکسجین خەسار دەکات.

تۆ مرۆڤی و مەقامەکەت بەرزە مەهێڵە ببیت بە شتێکی زیادە.

***

## شەڕ بە ڕێگای خۆت!

بەسەر گیا ئەسریناوییەکاندا وەڕێ کەوتووم
خەوێکم لەنێو ئەم گیایانەدا لێ ون بووە!

لە سەدەی حەشد و وەحشدا، لە چەقەچەقی تیڤی و خەڵکدا، لە خوێنی سووری شەهیدێکی بێپارەدا، من هەر سوهراب دەکەم بە کوردی، هەر کەس بە فەلسەفەی خۆی شەڕی ئەم ژیانە دەکات.



Scanned with CamScanner

# سەفەر بۆ بەهەشت،
# بە ڕێگای خواری خۆتدا

هەرچەندە ئەو ستیلە چکۆلەیەی نووسینی من ناچێتەوە سەر هیچیان، بەڵام لە ژیانی تەقلیدیی خۆمدا هەر جارێک نائومێدییەکەم هێرشێکی توونـدی هێنابێـت، دوای (گـۆران)ی مەزن مـن گەڕاومەتەوە سـەر خوێنـدنەوەی (بـودلێر) و (سـوهراب). چەنـد ساڵێک لەمەوپـێش بـۆ شـەڕکردن لەگەڵ غەمگینییەکـی قـورس، چـوومەوە دارسـتان، بەجـۆرێ هەمـوو سـپێدەیەک سـەعات ٤ی بەیـانی-کە لێـرە ئیتـر ئەو کـاتە تاریکوڕوونە- لەگەڵ سەگە نازیزەکەمدا دەچووینە دارستان و تـا سـەعات ٨ و کاتی دەوامی خوێندنگە، لەنـاو سـەدان دارسنەوبەر و کـالیپتۆس و سەروودا، لەسـەر گیـای تەڕی شـەو دادەنیشتم و لە پـرۆژەی ٨ کتێبـدا قەسـیدە درێـژ و بەناوبـانگەکەی سـوهراب: (صـدای پـای آب)م کـرد بە کوردی.

ئەگەرچی بەر لە من چەند بەڕێزێکی تر ئەو شیعرەیان وەرگێـڕاوە، بەڵام بە خـاتری بەرزی و هێجگـار جـوانیی شـیعرەکە هێشـتا بـواری تێـدایە، دەیـان کەسـی تـر ئەم شـیعرە بـکەنەوە بە کـوردی. شـیعرەکە لە دڵـی سروشـتەوە هەڵـدەقوڵێ، لەژێـر ئەقاقیاکانـدا، لەتەنیشـت جـۆگەیەکی چکـۆلەوە پیـاوێکی سەروڕیشـن، دانیشـێ و چـای تیـژلەمە بە کڵـۆیەک شـەکری مـوحیبەتەوە بخـواتەوە و بیـر لەوسـەری جۆگـاکە بکـاتەوە، کە ڕەنگە کۆترێ لەو خوارە ئـاو بخـواتەوە، لە ئـاوایی دوورتـر، دەروێشـێک دەستنوێژی لـێ هەڵگـرێ، دایکێـک پیاڵەکـانی تێـدا بشـوات، دوو منـداڵ



Scanned with CamScanner

شـەڕە ئـاوی تێـدا بـکەن و خۆیـان بخووسـێنن، کوکـوختییەکی خـڕپن لەسەر پڕۆپۆی چنارێک هەڵکورمابێت و سـەیری ئەو وێنەیە بکات... لە ئاواییەکەدا سادە سادە، هەتـاوی کەم تینـی بەیـانی، بەهەزار حـاڵ بە پەیژەیەکی داردا سەرکەوێ بۆ بانیژەکە...

کە کارەکە دوای مانگێک تەواو بوو، من شـتێ لە دڵتەنگیـیە توونـدەکەم سووک ببوو، هیوادارم ڕۆژێک ئێوەش ئەو (هەشـت کتێب)ـە بە کـوردی ببینن و ئەو گەشتە بـۆ سروشـتی سـیحراویی و پـاک بە ڕۆحـی خۆتانـدا بکەن.

***

# پیتزای تەنیایی

لە بەلەکۆنەکەوە چەرچەفە سپییەکان دەتەکێنیت، پشیلەیەکی ڕەش بـاز دەدات، لەگەڵ ژنـی ئاپارتمـانەکەی دراوسـێت خەریکـی دەمەتەقـێ دەکەی، لەپڕ چاو دەبڕیتە چاوم، پێکەوە سـەیری دوورایـی دەکەیـن، کە من لە دوکانێک پیزایەکی تـەنـیـایـی، بـێ خـوێن، بـێ گۆشـت، بە پەنیـرەوە دەهێـنمەوە و گـازت دەکەم، وەرە ئەم تـەنـیـاییـە گەرمە دابەش کەین بۆ دووبەشی نایەکسان، وەک هەمیشە گەورەکەیان بـۆ مـن و بچووکەکەیان بۆ تـۆ.



Scanned with CamScanner

# بەختەوەر تۆیت؟

٢٨ی ئۆگەستە، لە پەنجەرەکەوە سەیری دارستانە دەکەم، تا چاو بڕ بکات درەخت، تا چاو بڕ بکات سەوزایی... بیردەکەمەوە هەندێ جار دونیا چۆن دەتوانێت ئەمەندە ئارام بێت! بەتەواوی لەسەر هۆشم، کە ئەم شتانە دەنووسم و پێویستە وەک هاوڕێیەک، کە هێشتا نەمبینیویت پێت بڵێم: ئاگاییەکی گەردوونیی ژیانی من و تۆ بەڕێوە دەبات، باشترە بڵێم ژیانی من و تۆ دەپارێزێ. ئەها خەیام گوتبووی: ئەو خۆی داو و خۆی دانەکەشە... **پێویست ناکات نیگەران بیت، هیچی زۆر خراپ ڕوونادات، ئەوەی کە دەبێ، ئەوەیە کە دەبێ ببێت.** تۆ لەسەرتە ئاگات لە ئەندامانی خێزانەکەت بێت، لەگەڵیان بیت، خەڵکت خۆش بوێ، لە خۆت بێیتە دەرەوە و تۆزێ زیاتر بکرێیتەوە بەسەر دونیادا. ئەگەر بەدوای ئارامی دەگەڕێیت، ئەو لەنێو خۆتدایە، وەک گەنجینەیەک بیدۆزەوە، کە ئێستا بە دووکەڵی ڕۆژگار دەرگاکەیت ڕەش کردووە.

ماوەی هەشت ساڵە خەریکی وەرگێڕانی کۆبەرهەمی نووسەرێکم، هەفتەی ڕابردوو کارەکانی دوو گەورەترین کتێبیان کۆتایی هات و ئەگەرچی گرێبەستی چاپیانم کردبوو-لە نزیکەوە هەندێ هاوڕێ ئاگاداری ئەم پرۆژەیەن و کارەکەیان دیوە- بەڵام **ئەمڕۆ هەردوو کتێبەکەم بە قەبارەی ٩٠٠ لاپەڕە، بۆ هەتاهەتایە سڕییەوە و بڕیارم دا من بەشێکم نەبم لە بڵاوکردنەوەی تاریکی...** ئەگەر ناتوانی یارمەتیی خەڵک بدەیت، ئەگەر ژیانی خەڵکت بۆ باشتر ناکرێت، خراپی مەکە.



Scanned with CamScanner

لێگەڕێ چێژ لە سادەیی ژیانی خۆیان ببینن، کە تۆ کتێبێک، هەوڵێک، کارێک، دەنگێک دەنێریت گەردوون دەنگەکەت دەداتەوە. نامەوێ دەنگدانەوەی تاریکی، کارمای ڕەنج، ئینەرژی ناو زوڵمەت وەربگرم.

ئەگەر تۆ ئێستا ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە و دایکت دەبینی، تۆ پاشایت، بچۆ باوەشی پێدا بکە، لەلایەوە دابنیشە، ڕیشە سپییەکەی باوکت، دەستە چرچ و ماندووەکانی ماچ بکە، دیارییەک بۆ خوشکەکەت بکڕە، هەمیشە چاوت لە منداڵەکان بێت و وەک دیاریی خودا وەریان بگرە، **بیانبەخشە ئەوانەی وا دەزانی ناتوانی بیانبەخشیت، تۆ دەتوانی، تۆ لە دوو دەست و دوو قاچ و سەرێکتدا دیل نیت، تۆ مەزنیت... تۆ بەشێکی لەم گەردوونە، خۆ بەخۆڕایی لێرە نیت.**

***

## خیام بە ڤێرژنێکی نوێ!

کە خیام وتی: "ئێمە هەموومان لە داوی خوداداین"، هەڵەی فەرموو، **تەڵە گەورەکە هی ئەو نییە، ئەو خۆی تەڵە گەورەکەیە!**



Scanned with CamScanner

چۆن دەتوانیت هەموو شەوێ،
جێگاکەت جێ بهێڵیت و بێیتە خەونی منەوە!
دەڵێی خۆتانماڵتان نییە؟
بە تکا جارێکی تر نەیەیت...
ئاخر نەیەیت!





Scanned with CamScanner

# کەباب و زمانی کوردی

بێ ئێوە ناخۆش، چووم کەبابێکم لای حاجی سلێمان خوارد، پتر لەوەی کەبابخۆر بم، تامەزرۆی ماریفەتەکەیم. بۆ من کە لەگەڵ کورد نـاژیم و پەیوەنـدیم لەگەڵ مرۆڤـی کوردیـدا لێـرە نیـیە، قسـەکردن بە کـوردی لەگەڵ حـاجی سـلێمان لە کەبـابەکەی خۆشـترە. هەر بەڕاسـتی نووسـین بە کـوردی شـتێکە و قسـەکردن بە کـوردی شـتێکی تـر. سویدییەکان زۆر ناڵێن و کە زۆریش دەڵێن هیچ ناڵێن، کوردی وانییە، بۆ نووسین عاسیی و بۆ ئاخافتن خۆشدەمە. گەرموگوڕییەک لە زمانی کوردیدا هەیە، من لە هـیچ زمـانێکی تـردا نەمبینیـووە. بێگومـان ئەو کەسانە باشـتر لە گرنگیـی زمـانی دایـک دەگەن، کە خۆشەویسـتییان بە زمانێکی تر ئەزموون کردووە!

هیچ زمانێک وەک کوردی دەم پڕ ناکات،

تەنانەت جارێکیان وتم ئازاریش بە کوردی خۆشترە!

***

# شایەتومان

شاهێدی دەدەم، کە خودا هەیە و حەقە؛

هەموو جارێ، کە تـــــــــــۆ دەبینم..!



Scanned with CamScanner

بــا

بەسەر گیاکەدا دەخشێ،

**من بەسەر تــۆیا** و

فرۆکەیەك بەسەر هەرسێکماندا!





Scanned with CamScanner

# مامۆستا هاوبیر

جارێکیان کوڕێکی مەولەوی دەچێتەوە بەر قاپی خودا و بۆ پرسەکەی شێخ نەجمەدینی سیراجەدین لەگەڵ دەستەیەک لە یارانی خانەقای بیارە دەچن بۆ ئاواییەکەی مەولەوی، کە دەڕۆنەوە وەک ماریفەتی گەرموگوڕی کوردانە، حەزرەتی مەولەوی تا بەرئاوایی لەگەڵ میوانەکاندا دەڕوات. لە کاتی ماڵئاوایی و دوعاخوازییدا ڕوو دەکاتە شێخ و دەڵێت: "خۆزگە من هەموو ساڵێک کوڕێکم لێ بمردایە، بۆئەوەی تۆ ئاوا تەشریفت بهێنایە بۆ لامان."

ئەوجا دۆستایەتیی بەندە و مامۆستا هاوبیر، شتێکە لەم بابەتە، چەند مانگێک جارێک یەکێکمان دەچین بۆ لای ئەوەی ترمان. ئەمڕۆ لە ستۆکهۆڵم من لە خزماتیاندا بووم، چووینە دارستانی تەڕ و سەوز و باراناویی وەها، کە لەوسەرەوە خەیاڵ وڕکی دەگرت و نەدەهاتەوە لەگەڵمان.

***

# لێتێکچوون

کوا چاوە؟


ئەوە دوو کەوچکەچا هەنگووینە،

بە ڕووخسارتەوە!



Scanned with CamScanner

ئەو دەمەی،
بەدەم خۆمانەوە گۆرانیمان دەگوت،
ئەو دەمەی گۆرانییەکەم لە دەمتدا دەخوارد!
بیرتە ئەو دەمە..؟





Scanned with CamScanner

# قسه به بەهای گەوهەر

له ژێرزەمینه هێمنەکەدا، گڵۆپەکان وەک ئومێدی من کز کز دەسووتان. پۆلێ کچ و کوڕی ئارام، به بێدەنگییه هەمیشەییەکەیانەوه چایان دەخواردەوه، له سووچێکدا له خزمەت مامۆستا هاوبیردا وەستابووم، پرسیم: **بۆ ئینسان ئەو کەنزه نابینێت، که لەناو خۆیدایەتی، بۆ بە ئەنقەست له خۆی هەڵدێ؟ ئێمه بۆ ئەوەنده دوورین له خۆمان؟ بونیام کەی دەیەوێ ئەم سەفەره دەست پێ بکات و بگەڕێتەوه بۆ ناو خۆی، ئادەمیزاد له چی دوودڵه؟!**

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و فەرمووی:

- ئینسانی تازه هێنده له خۆی دوور کەوتۆتەوه، ئەگەر پێشنیازی گەڕانەوەی بۆ بکەیت، ئاوڕ دەداتەوه و دەبینێ خۆی له دوور بەجێ ماوه، که پێی دەڵێی: "بگەڕێرەوه بۆ خۆت" له دووریی ئەو هەموو ڕێگایه ئەژنۆی دەشکێت. بۆیه سەیرێکت دەکا و ڕێگاکەی خۆی دەگرێتەوەبەر.

- بۆ کوێ دەچێت، که ئەوەنده پەلەیەتی؟

- بۆ وێڵی، توانا... بۆ وێڵی.

***



Scanned with CamScanner

## ماج بەدەم ڕێگاوە...

کاکاو دەدەین بە تووتییەکە، ئەو دەنووکە قەوسەکەی گیر دەکات لە فنجانەکە، تۆ دەتریقێیتەوە و من بەهێواشی پێدەکەنم. پرتەقاڵ و سێوێك هەڵدەگرین و پێکەوە شەوانەپیاسەیەك دەچین. من سێوەکە لە گیرفانمدا دەگوشم و تۆ لەبەرچاوی من پرتەقاڵەکە ماچ دەکەیت، خەریکە ڕووناکی دەکەوێتە ناو تاریکی، کە دەڵێم: "ئەم کۆڵانە چەند ماچ؟" دزەنیگایەکی خێرا دەکەیت، یانی نا..! دەزانم دڵت دەیەوێ و من بە گوێی ئەو دەکەم... لەوسەری کۆڵانەکە دەڵێم "ئەوە ١٦" تۆ دەڵێی "نا.. لامەزەب حەڤدە بوو!"



Scanned with CamScanner

## ئارەزووی مەحاڵ

ئەها ئارەزوویەکت هەیە سوور سوور دەزانی پێی ناگەیت، کەچی هەر هەتە. ئێ من ئەو ئارەزووەتم خۆش دەوێ، ئەوە وزەی ژیانی تۆیە، تۆ کە ماویت و ئێستا ئەم دێڕە دەخوێنیتەوە، لە سایەی ئەو مەحاڵەوە ماوی، مەحاڵێک کە نابێ بە واقیعی کەسی بگۆڕیتەوە... ئەمە شتێکە سەودا ناکرێ، ئەگەر زۆرینەی شتەکانی ئەم جیهانە تەنها نرخیان هەبێت، ئەوە مەحاڵەکەی تۆ نرخ (سعر) و بەها (قیمەت)ی پێکەوە هەیە.

ئەو شتانەی خۆتت خۆش بوێت، کە نیتن!

***

## کاندید

هەتا قیامەت،

تـــــــۆ کاندیدی ئەم دڵەی منی!



Scanned with CamScanner

**دووركەوتنەوە!**

لوتفی کردبوو دوای هەزار ساڵ، شەوێك نووسیبووی:

"بیری تۆ دەکەم."

وەڵامم دایەوە: منیش بیری خۆم دەکەم، خۆم لەلای تـــــــۆ..!





Scanned with CamScanner

# ورتەورت

چاوی مامە، تۆ لێرە نیت تا هەموو ئەو وەرەقانە هەڵگریتەوە، کە ژیان بۆت فڕێ دەدات، تۆ لێرەیت تا هەڵیان نەگریتەوە! هونەرەکە ئەوەیە تێ نەکەویت. بە گاڵتە پیاوە گەورەکان بە دونیایان نەوتووە: **دون! خواست، کە زۆر بوو سەریەشەشی زۆرە، سەرت کز بکە و بەوە بژی، کە هەتە، هەموو ئەوانەی لە زینداننن ئەوانەن شتی گەورەتریان لە ژیانی خۆیان ویستووە، ناڵێم خەو مەبینە، دەڵێم ژیان و خەوەکانت تێکەڵ مەکە.** جارێکی تریش پێم وتی: من و تۆ لە یارییەکداین، یاریچییەکە نین، چاوی مامە یاریچییەکە لە شوێنیکی ترە.

---

**دون**، واتە: نزم، نەوی، سووک، بێبەها، خوار، خوێڕی، چالاخ.

***

# تێپەڕاندن

ژیان تەنها بە یەک دێڕ ئیستفزاز دەبێ، پێی بڵێ:
**خوێڕی هیچوپووچ، ئەم قۆناغەشت هەر تێدەپەڕێنم،**
تێناپەڕێی چی دەکەی؟!



Scanned with CamScanner

کە تۆ کلویەك بەفری وێڵی و
دەباریتە سەر گڕی ئەم دڵە تەنیایەی من،
مەگەر هەر هاوار بکەم:
**یٰا نَارُ كُونِی بَرْدًا وَسَلَامًا..!**





Scanned with CamScanner

# بۆ کنگر مەچۆ

لەناو هەمووماندا گەنجینەیەکی شاراوە هەیە، ئەگەر وا دەزانی تا ئێستا کەس گەنجینەکەی تۆی نەدۆزیوەتەوە، گوناهی تۆ نییە، گوناهی چواردەورەکەتە. ئەها مەولانا بە شەمس دەفەرموێ: (**بازآ که در آن محبس قدر تو نداند کس/ با سنگ دلان منشین چون گوهر این کانی**) بگەڕێوە، کە لەو کۆڕە کەس قەدری تۆ نازانێ، لەگەڵ دڵبەردان دامەنیشە کە تۆ گەوهەری ئەم کانەیت.

تۆ بڵێی چی، کە ئەوەی لە دەورتە لە کەناردا دەخوولێتەوە و قووڵایی نابینێ، لە گەنجینە ناگەڕێ و بۆ کنگر هاتووە! کەسێ بۆ کنگر بچێ لە کوێ گەوهەر دەدۆزێتەوە! **ئەگەر قەدرت نازانن هی ئەوە نییە بێ قەدری، هی ئەوەیە دەوروبەرەکەت قەدرناس نین،** بەڵام تۆ خۆت قەدرناس بە، فێربە، کە لە خەڵک نزیک دەبیتەوە کەنزە شاراوەکەی ژێر دڵی ببینە، بۆ کنگر مەچۆ!

***



Scanned with CamScanner

**هەموو ڕۆژێ وەرە!**

ئەگەر هەموو ڕۆژێ نایەی، هەفتەی جارێك وەرە،
ئەگەر هەفتەی جارێك نایەی، مانگی جارێك، ساڵی جارێك،
حەز دەکەی بۆ هەموو ژیان جارێك...
بەس مەڵێ نایەم..!





Scanned with CamScanner

# بەفری گڕاویی

ئێرە شوێنی نامەکانی من و ئەو نییە، نامەکانی خۆم لە کتێبێکی تردا بڵاودەکەمەوە، لێ جارجار ئەم نامانە دەتوانن کۆمەکت بکەن، تا لەم زەمهەریری باکووری زەوییە، بۆ خۆت نەبی بە قالبێ سەهۆڵ، قالبێ سەهۆڵی خوار:

"من دەتوانم هەست بە سووڕی خوێنی تۆ بکەم، کە لە تۆدا دەڕوا و دەجووڵێت و هورووژم دێنێت. دەبێ بزانی ئەمە نامەی خراپی ژنێکە، کە تۆی خۆش دەوێت... **من دەتوانم جگە لە سنگی خۆم لە سنگی هەموو ژنێکی تریشەوە، کە ڕۆژێک دڵە بچکۆلەکەی بۆت جووڵابێت، خۆشم بوێیت.**"

***

# زایەڵە

ئێستایش ڕستەکەت لەسەرمدا دەزرنگێتەوە، کە وتت:

**"تۆ هەزار پیاوی لە پیاوێکدا!"**



Scanned with CamScanner

**جیاوازیی ئێستا و جارانم!**

جاران تۆ زائید بوو،

ئێستا تـــۆ ناقیسه،

خوێنی من..!





Scanned with CamScanner

# ژیانی خاوێن

هاوڕێیەکم هەیە زۆر تایبەتە لەلام (زۆر)ێکی تریش، کە ناسیم ٢٥ ساڵ بوو، کە بووین بە هاوڕێ ٣٣ ساڵ بوو، لە ٣٧ و ٣٨ و ٣٩ ساڵی تەمەنیدا زۆرترین شەڕمان کرد، لە ٤٠دا زویربووین و هەر قسەشمان نەبوو پێکەوە. دوێنێ بە ماچێکی هاوڕێیانە پیرۆزبایی ٤١ ساڵەی تەمەنیم لێ کرد.

تا ئێرە ئاساییە، سەیر ئەوەیە بزانی، **ئێمە ئەم دوو کەسە لە ژیانماندا تەوقەیەکمان نەکردووە، چایەکمان پێکەوە نەخواردۆتەوە و پیاسەیەکمان نەکردووە! لەوە زیاتریش، ئێمە لە ژیانماندا تائێستا یەکترمان نەبینیووە!**

دەتوانین هاوڕێ بین، بێ ئەوەی شتی زۆرمان لە یەکتر بوێت.

***

# خۆش

ناوی من خۆشە...

**ناوی من لە دەمی تـــــۆدا خۆشە..!**

Scanned with CamScanner

## کوشتن بە گۆرانی!

داد لەو کەسـەی هەمیشـە بە گۆرانییەکـدا بیرمـان دەکەوێـتەوە، داد... دەزانـم دوای خوێنـدنەوەی ئەم دێـڕە، ئێسـتا تـۆیش کەسـێکت هەیە کـە هەمیشـە بە گۆرانییەکدا بیـرت دەکەوێتەوە!





Scanned with CamScanner

## چی بە کەڵکمان دێت؟

مرۆڤـایەتی پێویسـتی زۆری بە پێشـڕەوانی هـزری ناتونـدوتیژی هەیە، **دونیا پتر لەوەی پێویستی بە ئەنیشتاین بێت، پێویسـتی بە بـودا و کریشـنا و جـۆن لـۆک و گانـدییە.** بـۆ منێکـی بچکـۆلە لەم دونیـا قەرەبـاڵغەدا -کە لە کـاتە ئاسـاییەکاندا و لە ناوخۆمـدا لە مـرۆڤ نائومێـدم- نامەوێـت بەگشـتی پشـت بەربـدەم، ئەوەی کە دەنووسـم ئەوەیە، کە بە ڕێگای خۆم خەبات دەکەم. من هێشـتا بـاوەڕم بە مـرۆڤ هەیە. چەند ساڵێک لەمەوپێش کتێبێکی هێجگار جوانی (تـاگور)م کـرد بەکوردی، لە شوێنێکی ئەو کتێبەدا دەڵێ: "**هەرکاتێک منداڵێک لەدایک دەبێت، نیشانەی ئەوەیە هێشتا خودا لە مرۆڤ نائومێد نەبووە.**"

***

## کە کچە ڕووسییەکەی هاوڕێم قسە دەکات

ئـای لە پیتـی (R) لە زاری ئـاخێوەرانی زمـانی ڕووسـی و زمانەکـانی دەستەخوشکیدا، ئـای لە (R) چ لەرەیەکی هەیە، چ تـامێ! **حەزدەکەی بیخۆیت لە دەمیاندا.**



Scanned with CamScanner

جیاوازیی!

تـــۆ سەیری من دەکەیت و پێ دەکەنی، **بە تەنورمیەکی کاڵی کورتی ئەرخەوانییەوە، بەسەر کاشییەکەدا دێیت و دەچی...**

مـــن تەنیـــام، لەنێـــو خۆمـــدا هەڵکوڕمـــاوم و بیـــر لە خەتـــی کاشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــییەکان دەکەمەوە،

**کە چاویان بڕیوەتە خەتی تـــۆ!**





Scanned with CamScanner

# ئازادیی ڕەها چییە؟

مرۆڤ حەزدەکات پەتەکانی ڕایەڵـی خـۆی بپچڕێنێـت، بـێ ئەوەی بزانـێ ئەگەر ئەو پەتانە بپچڕێن ئەم دەکەوێ! لە نمایشی ژیانـدا ئەو ڕاسـتییە، ڕۆژانە دووپات دەبێتەوە، کە تۆ لە یارییەکەدایت بەڵام یارچییەکە نیت!
**مرۆڤ هەر کاتێ هەموو ڕایەڵەکانی خۆی بە خوداوە پچڕان دەکەوێ و خراپیش دەکەوێ.** مـرۆڤ دێـتە بـوون، سـەیری خـۆی دەکـات، سـەیری دونیا، پرسیار لە خۆی دەکات. ئینجا ڕۆژێ دەیەوێ ئـازاد بێـت ئـازادیی ڕەها. ئازادیی ڕەها داوێکە ئیگۆی خۆی بۆی ناوەتەوە، بەڵام ئازادبوونی ڕەها دەیگەیەنێت بە کوێ!
**نامەوێ ئەم نووسینە تەواو بکەم!**

***

# بە ئاسمانەوە نییە!

بوختانە،
که دەڵێن ئەوەی بە ئاسمانەوەیە مانگە،
**مانگ ئەوەتا لە پۆلەکەی ئێمە،**
بەم ڕۆژی ڕووناکە لەسەر کورسییەک بەرانبەرم دانیشتووە.



Scanned with CamScanner

ناوترێیت!

بە دیـار گـۆرانییەکی میـادە حەنـاوییەوە، وەك خۆشەویسـتیی پاکی زەمـانی سـاندیبێل خۆشـم دەوێیـت. تۆ شتێکی ناوترێیـت، ئـازارێکی لە بەشـی چەپـی سـینگمدا... لەم تـونێلە قەپـاتەدا تروسـکەی، بە ئاسـمانی تـاری مـنەوە ئەسـتێرە گەشـەیت. هـی منیش نەبی قەینا، گرنگ ئەوەیە هەبی و ئێستاکە هەیت!





Scanned with CamScanner

# هەڵە و جوانی

کچێکی گاڵتەدۆستی هاوڕێم بۆی نووسیبووم: "وەڵا کوڕان خۆڕاگرن، ئەو هەموو کچە جوانە دەبینن و دەشتوانن خۆیان بگرن و نەکەونە هەڵەوە!" پێم گوت: وڵاتەکەی من و تۆ جوانی کەم نییە، بەڵام جوانی ڕاستەقینە وا لە دەرەوە، بەتایبەت کە ئێستا هاوینە و هەموو ستۆکهۆڵم ئێواران، تۆپێ قوماشی پێوە نییە. **تۆ لێرە هەندێ دەزوولە دەماری شین و باریک بە هەندێ جێگای سپی و شاراوە و ناسکەوە دەبینیت، کە ژن و پیاوەکانی ئێمە لەسەر جێگای شەوانی هاوسەرێتیشیان نایبینن،** بەڵام تۆ وەک کوڕێک چی دەکەیت؟! کە ئەم هەمووا جوانییە دێتە ناوتەوە، تۆ لە چاوتدا دەیپارێزیت و وەکوو هەوێن دەیکەیت بە نووسین. نووسەرە گەورەکانی دونیا پێش ئەوەی عاشقی هەر شتێک بن عاشقی جوانین، دواجار پاش جوانی دەستیان داوەتە نووسین؛ کەوتنە ناو نووسینیش کەوتنە ناو هەڵەیە..!

***

# بەهانە

لەو دڵە چکۆلانەیەی مندا، **تـــــۆ بەهانەیەکی گەورەیت!**



Scanned with CamScanner

پەرداخێك ئاو دەتوانێ گوێی لە دەنگ بێت، دەتوانێ دەنگ لە خۆیدا هەڵگرێت، **بەختەوەریی لە قەرەباڵغیدا نایەت، دەبێ خۆت و خێزانە بچکۆلەکەت لە خەڵك بپارێزی.**

تۆ تەنها دەنگیت و ئەوان پەرداخێکی شووشەن!





Scanned with CamScanner

# گۆنا و شەراب

پیت شەپۆلی هەیە، کە چەند پیتێکی گونجاو پێکەوە و لەتەنیشت یەکەوە وشەیەک دروست دەکەن، هارمۆنییەتێک دروست دەکەن. ئەم هارمۆنییەتە پشوو دەدات بە مێشکی تۆ. ئینجا ئەگەر ئەم وشانە ببن بە هەزاران، ئەوە هەر بەڕاستی کتێبەکە بۆ تۆ دەبێ بە پەرداخێ شەراب! من لە خوێندنەوەی تاقە کتێبەکەی ژنە نووسەری کورد (گۆنا عەلی) بە ناونیشانی (تەنیاییەکانی یاسەمین) ئەم ئەزموونەم کرد. یاسەمین کۆمەڵێ کورتە چیرۆکە، زۆر سادەن، لێ زمانی ئەم ژنە زۆر شیرینە، مۆسیقایە، **کە کتێبەکەم پێ گەیشت خۆم ماندوو بووم، سەیرم کرد ئەگەر جارجارە شەوی دوو سێ لاپەڕەی لێ بخوێنمەوە دەتوانم باشتر بنووم! وای لێهات ئەو کتێبەی کە لە ماوەی یەک سەعاتدا دەخوێنرێتەوە، من بە دوو ساڵ تەواوم کرد!** زۆر گوێم لێ نەبوو چی ڕوودەدات... من لە نووسینی ئەم ژنەدا تەنها شوێن زمانی دەکەوتم، کە وەک ڕووبارێک شەرابی ڕەوان لە شەوێکدا، کە تریفەی مانگ بەسەریەوە بدرەوشێتەوە، هێمنییەکی سەیری دەدا بە مێشکی بونیام.

ئەگەر ویستت کتێبێکی کوردی بخوێنیتەوە پشوو بە مێشکت بدات، ئەوە (تەنیاییەکانی یاسەمین) باشترین بژاردەی منە بۆ تۆ.

***

Scanned with CamScanner

ئەها لە وردیلە چرچی تەنکی لێوتدا،
جێدەمام و نەدەهاتمەوە...
بیرتە؟!





Scanned with CamScanner

# کێ پاشــــــــایه؟!

لەگەڵ دایکم بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، پاش قەیرێ چاکی و خۆشی و هەواڵپرسین، وتم: دایکە تۆ ئەڵێی کێ پاشایە؟ دایکم کە بە پرسیارە لەناکاوەکانی من ڕاهاتووە، وتی: "وەڵا بڵێم چی ڕۆڵە، پاشا ئەوەیە خودا حەجی بەنسیب کردبێ."

دیارە خەونی گەورەی دایکم ئەوەیە حەج بکات. دوای وەڵامەکەی خۆی، دایکم وتی: "ئەی تۆ ئەڵێی کێ پاشایە؟" **من گوتم: پاشا ئەو کەسەیە دوو ئینجانە گوڵ لە ژوورەکەیدا بێت.** دایکم لەم کاتەیا پێکەنی و وتی: ئەی دایکت بمرێ ڕۆڵە، ئەو پاشایەی تۆ چەند قانیعە، دە وەڵا ئەوە ئێمە دوو ئینجانەمان لەم ژوورەدا هەیە، ئەی تۆ چەندت هەیە؟
وتم: "سیان!"

***

# من بووم

من بووم بیرم دەکردی، پێش ئەوەی لەدایک ببیت!



Scanned with CamScanner

لە ڕۆژێکی بەفرانباردا،
بەتەنیا دەمرم...
گۆڕهەڵکەنێکی ئەرمەنی،
بە خەتی دیوانی،
لەسەر کێلەکەم دەنووسێت:
**کل نفس ذائقة**

.

.

.

**الحب!**






Scanned with CamScanner

# ترسناک، بەڵام قەشەنگ!

دوێنێ بەیانی سەعات چوار، بەدەم خەوزڕانەوە چووم (بایەزیدی بوستامی)م خوێندەوە. عارفی گەورە بایەزیدی بوستامی، چوار جاران حەجی کردووە، لە دوا حەجیاندا لەسەر ڕێ، لە شاری بەسرە لادەدات و وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی دەچێتە خزمەت خواناسێکی گەورە، بەڵام گومناو.

خواناسەکە دەپرسێ: بایەزید دەچیتە کوێ؟ بایەزید دەڵێ: قوربان، بەنیازی سەفەری ماڵی خودا (کەعبە)م. **خواناسەکە دەستێکی ڕادەکێشیت بە ئاراستەی مەککەدا و دەستێکی دەخاتە سەر دڵی، ئەوجا دەڵێ: بەو خودایەی خاوەنی ئەو ماڵە و ئەم ماڵەشە، لەوەتەی ئەو ماڵەیان بۆ دروست کردووە نەچۆتە ناوی و لەوەتەی ئەم ماڵەی دروست کردووە، لێی نەهاتۆتەدەر.**

دەگێڕنەوە دوای ئەم قسەیە بایەزید هەڵدەستێ حەوت جار بەدەوری پیاوەکەدا دەخولێتەوە [تەواف دەکات] و ناچێ بۆ حەجەکەی و دەگەڕێتەوە بۆ بوستام.

لەوە قەشەنگتر، کەوتم بەسەر دێڕێکی هێجگار نایابیدا، کە دەفەرموێ: "من ٣٠ ساڵ نوێژم کرد و ٣٠ ساڵ ڕۆژووم گرت، نەگەیشتم بە هیچ... دوایی زانیم **ئەوەی حیجابی بەینی من و خودایە، عیبادەت خۆیەتی!"**

***



Scanned with CamScanner

جەستەی تۆ ئەمریکایەکی ترە،
کیشوەری هەشتەمە دەبێ بدۆزرێتەوە،
**نیگەران مەبە کە (کۆلۆمبس)ی تۆ، منم!**



---

کریستۆفەر کۆڵۆمبس، داگیرکار و دەریاوان و گەڕیدەیەکی ئیتاڵی بوو، ساڵی ١٤٩٨ ئەمریکای دۆزییەوە.



Scanned with CamScanner

## کێم خۆش دەوێت؟!

ئەبێ بڵێم، کە من وەرگێڕ نیم، بەڵام کاتێک شتێکی جوان دەخوێنمەوە زۆر حەز دەکەم ئەوانەشی خۆشم دەوێن، بەشداریی ئەو چێژە خۆشە بن، کە من بینیومە. بەرهەمی ئەم حەزە چەندان کتێبە. تەواوی ئەمڕۆ نەچووم بۆ خوێندنگە و خەریکی دوا هەڵەچنی یەکێک لەو کتێبانە بووم. هەمیشە لە خۆم دەپرسم لەو هەموو سەرقاڵیی ژیان و خوێندنەدا ناهێنێت، ئەمانە بۆ کێ دەکەیت؟ کەچی **هەر خێرا هاوارێک لە ڕۆحمەوە دێت و دەڵێ بۆ ئەو خوێنەرە پاکەی نایناسیت، بۆ ئەو خۆشەویستانەی نایانناسم و دەمەوێ چێژی خوێندنەوەی کتێبێکیان لەگەڵ بەش بکەم. من هەموو ئەوانەم خۆش دەوێت کە نایاناسم!** بۆنموونە تۆ، کە ئێستا ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە.

***

## من پەمەیی نیم

من شاعیر و شتی وا نیم، وەسف و مەسف و شتی وا نازانم، پەپوولەی پەمەیی و ئەم شتە حیزانە لە زاری منەوە نافڕێ، من تەنها قسەی دڵمت بۆ دەکەم.

**دڵێک لەجیاتی بڵێ تەپ تەپ، دەڵێ تۆ تۆ!**



Scanned with CamScanner

**بۆشایی...**

بۆشـــاییەك لە مندایە ئەمریكای خوارووی تێدا جێ دەبێتەوە،

**بۆشاییەك، كە تـــۆ دەتوانی بە یەك وشە پڕی بكەیتەوە...**

بەڵام چش... لێی گەڕێ!





Scanned with CamScanner

## نامەیەک بۆ تۆ!

بەنیازم نامەیەکی درێژت بۆ بنووسم، لە نامەکەدا دێڕێکی کورت هەیە، دەزانم لێدانی دڵت خاو دەکاتەوە، ئارام دەبی، وەک ئەوەی لە خەوێکی کورتی عەسران بێداربیتەوە؛ شانە گرژەکانت ڕیلاکس، سەری قورست سووک دەکات، لەو دێڕەدا وشەیەک هەیە جادوویی، هەر کە بینیت ژیانێکی تر لەدایک دەبیتەوە...
دەڵێم بۆ یەکسەر ئەو وشەیەت پێ نەڵێم؟!

***

## ژن و گوڵەخانە

من وەک شاعیرانی سەدەکانی پێشوو لە کورتیی تەعبیر و بەلاغەی لاڵدا، ناڵێم ژنان خۆیان گوڵن، بەڵام بەگشتی ژنان سەلیقەیەکی باشتریان لە گوڵسازیدا هەیە، ئێستا هەر ماڵێک بەرپەنجەرەکەی گوڵێکی خزمەتکراوی تێدا نەبوو، بێ ئەوەی زەحمەتێکی زۆر خەرج بدا، پیاو دەتوانێت بزانێت ئەو ماڵە ژنی تێدا نییە!

***



Scanned with CamScanner

# خانم و سەگەکەی

ئەمڕۆ دەبوو ڕاپۆرتی خۆم لەسەر چیرۆکی (خانم و سەگەکەی- Damen med hunden)ی چیخۆف بۆ مامۆستاکەم بنووسم، ئەم چیرۆکە ڕۆشنایی دەخاتە ناو ئەو گومگمۆکە و پێچەڵپێچییەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە. ئەوەی ڕووداوێک وات لێ بکات دوای ٤٠ ساڵ سەرتاپای ڕوانینت بەرانبەر ڕەگەزێکی مرۆڤ بگۆڕێ، ئینجا چەند خۆشە ئەو ڕووداوە، ئەو بەڵای ناگەهانە، عەشق بێت!

هەموو دوێنی شەو من و چیخۆف لەگەڵ دیمتری گرۆڤ و ئانا و سەگە بچکۆلەکەی لە یاڵتا بووین، لە قەراخ دەریا پیاسەمان دەکرد.

بیر بکەرەوە کەی ڕووداوێکی ئاوهایش لەپڕ دێ و ژیانی تۆ دەگۆڕێ!

***

# کاکە نامەوێ دەرچم!

جا تاتۆی سەر ڕانی چەپی، لەسەرو ئەژنۆیەوە، لە خوار تەنورەی هێجگار کورتییەوە، لەودیو گۆرەویی ڕەشی تەنکییەوە، دوو دێڕ شیعری ئینگلیزییە... ئەوەتا ئێمە هەموو کوڕانی پۆلەکە دەمانەوێ بیخوێنینەوە و وەک دوعای گولەنەبڕ ئەزبەری بکەین:

ئاخر تۆ هەموو ڕۆژێ ئاوا بێیت بۆ دەوام،

من تا قیامەت لەم پۆلەدا دەبم!



Scanned with CamScanner

## دۆستەکان هی فرۆشتن نین

لە منداڵیدا کاریلەیەکم هەبوو زۆر جوان و قشت بوو، زستان وەرمگرت بۆ بەهاری داهاتوو بوو بە گیسکێکی خەپان... داخخخخ، بردم فرۆشتم، بیرمە دام بە ۳۵۰ دینار، کابرا دەستبەجێ ئەو ئێوارەیە سەری دەبڕی. بیرمە سێ جار، ئا سێ جار گیسکەکە لەدەست کابرا هەڵهات و بەو شەقامانەدا بەشوێن مندا ڕای کرد، من گرتم و بردمەوە بۆ لای قەسابەکە!

دوای ساڵانێکی زۆر ئەم گیسکە بوو بەنموونەی باڵا بۆ ژیانی من، کە ئەوانەی خۆشیان دەوێم، نە بیانفرۆشم نە لەدەستیان بدەم.

هەندێ جار تەنانەت بزنێکیش دەتوانێ فێری وانەیەکی ژیانت بکات.

***

## هێزی نووسین!

ئەوە دوێنێ بەفر باریوە، ئەمڕۆ ڕەشەبایە، دونیا زوقمە، هاتوویتە دەرەوە، قاچت دەخزێ، ڕێ وەک شووشە سافولووسە، تۆ دەکەوی بەمدیوا و بەودیوا، گوێچکەکانت تەزیون، دەستەکانت ڕچیوون، لووتت سوور بۆتەوە، بە زەحمەت هەناسەت بۆ ئەدرێ، دەترسیت بکەویت، دەترسیت...

مەترسە، سەرما لە گۆڕێ نییە، ئەوە تۆ ئێستا خەریکی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە... ئەها تەماشا بکە، چۆن لەنێوان ئەم دێڕانەدا لەسەر ئەم کاغەزە زیندانم کردوویت!



Scanned with CamScanner

**قوبادانە!**

دەرگاکانی بەهەشت،

هەشتن،

دەرگاکانی ژن:

نۆ..!



---

ئەم ستیلە لە نووسین ئەگەر لای براتیگان ڕۆیشتن بێت لەسەر ڕێڕەوێك لە ئیرۆتیکەوە بۆ پۆرنۆ، لەنێو نووسەرە کوردەکاندا تەنها لای قوبادی جەلیزادە دیومە، کە ڕۆیشتنە بە ئاراستەی پێچەوانە و لە ڕووتگەراییەوە بۆ ئیرۆتیك. دیارە ئەمە شێوازی نووسینی من نییە و نایشبێت، ئەوەی سەرەوەیش تەنها دەست تاقیکردنەوەیەکی بچووکە.

# دوژمنە نازیزەکانم!

لە (مینـــای شـــین)دا نووســـیبووم: "کەس نازانێـــت جـــێ خەنـــجەری دۆستەکان بۆ ئەوەندە ئێشی هەیە؟ چەقـۆی دەستی کەسە نزیکەکانی خۆمان بۆ ئەوەندە ژەهراوییە؟!" ئێستا من بە تیغـێکەوە، کە تـا مشتوو لەدڵمـدا نـوقم بـووە دەڕۆم و خـوێنم لـێ دەتکـێ. ئەوەتـا لەتـر دەدەم، دەستێکم بە دڵـی شـکاوم و دەسـتێکم بە دیـوارەکەوە دەگـرم و سسـت سســـت هەنگـاوی شـــەکەتم دەمگەیـــەنێـــتە ئێـــرە، بـــۆئەوەی لەم ڕۆژە موبارەکەدا، داوی لێبوردن لە هەمووان بـکەم، **گەردنـی هەمـووان ئـازاد بێت، لە پێشی پێشەوەیان ئەوەیان، کە زۆری ئازاری داوم. من بودا و گاندی و سوهراب دەخوێنمەوە و دوژمنەکانیشم خۆش دەوێت.**

***

# لە ستایشی حەمامدا

واڵتەر بنیامین-ی فەیلەسوفی ئەڵمانی دەڵێ: هەر کەسێک نـانی بەیـانی نەخوات هێشتا لە دوێنێدایە و نە هاتۆتە ئەمڕۆوە.

بە ڕووخسەت وەرگـرتن لە بنیـامین؛ **مـن لام وایە هەر کەسێک هەمـوو بەیانییەک خۆی نەشوات، هێشتا هەر لە دوێنێدایە!**



Scanned with CamScanner

لێره له پردم كەم نییە،
دونیا بۆ من بۆتە پردێكی درێژ...
له تـــۆم كەمە لەگەڵتدا بپەڕێمەوە!





Scanned with CamScanner

# قومار

له ژیانمدا دڵم بۆ دوو شت لێی نەداوە، یەکەمیان ناڵێم، بەڵام دووهەمیان قومارە، کەچی هەمیشە تێڕامان لە ئەسڵی قومار و کاراکتەری قومارچی بۆ من بابەتی بیرکردنەوە بووە. قومارچی، لە هەر شتێکدا هەڵە بێت لەوەدا ڕاستە، کە چۆتە گەمەیەکەوە لۆژیک تێیدا کار ناکات. دروست وەک ژیان خۆی! جاری وا هەیە زۆر بۆ شتێک ماندوو دەبیت، بە دەستی ناهێنیت، کەچی دەبینی کەسێکی تر خۆیشی ماندوو ناکات و هەمان ئەو شتە بەدەست دێنێت، کە تۆ بۆی عەودالی، ئەمە قومار نەبێت دەتوانێ چی تر بێت؟! بۆیە بێ دوودڵی، بێ چاک یان خراپ، قومارچییەکان ئەو مرۆڤانەن لە هەر کەسێکیتر باشتر ژیان دەناسن!

***

# بۆ کەی هەڵتگرتووم؟


خودایا.. هەڵتگرتووم بۆ چی..؟

خودایا.. هەڵتگرتووم بۆ کەی..؟



Scanned with CamScanner

ڕەنگە کتێب بتوانێت دونیا بشێوێنێت،
**بەڵام ئەوەی دونیا ڕزگار دەکات ئەو نییە!**





Scanned with CamScanner

# ڕۆح چییە؟

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا
(سورەتی الإسراء، ئایەتی ٨٥)

مـن وا دەزانـم؛ ئەگەر ڕۆح لە ئەمـری خـودادا بێـت، جەسـتە لە ئەمـری ئینسان خۆیـدایە. ئـادەمیزاد ڕۆبـۆت نیـیە خـودا هەڵیسـوڕێنێ، ژیـان شتێکە لەنێوان ئیرادەی ئەو و ئیـرادەی ئـێمەدا. جارێکیـان وتـم: هەر ئێمە خوامان نییە، خودایش ئێمەی هەیە!

***

# زەوی خڕ نییە!

مەلاکەی سعودییە،

ڕاستی فەرموو، کە گوتی:

(زەوی تەختە)،

**خڕ بووایە ئێستا من تـــــۆم بینیبووەوە!**



Scanned with CamScanner

**دۆزینەوە**

دۆزینەوەی کەسێك وەك خۆت خۆشی بوێت،

**لە دۆزینەوەی هەسارەیەکی تر بۆ ژیان، سەختترە!**





Scanned with CamScanner

## له ستایشی پاسکیلدا

من ئوتۆمبێل و شتم نییه، به پاسکیل هاتوچۆ دەکەم. **ئەوجا باران بباریَ، بەفر بباریَ، نەوەلا تەور بباریَ، من پایەدەری خۆم لیَ دەدەم و بە سواریی شینەپاسکیل دەڕۆم بۆ کار.** تۆ تا لەم وڵاتە ئارامانەدا چێژی لێخوڕینی پاسکیل نەکەیت، تیَ ناگەیت، کە فەیلەسوفێکی وەک (سلۆدەردایک) بۆ دەڵیَ: "ژیان بیَ پاسکیل ژیانێکی هەڵەیە!"

***

## ڕاکردن بە بۆشاییدا

سەرگەردانیی گەورە ئەوەیە، تۆ بەدوای کەسێکدا ڕابکەیت و ئەو بەدوای کەسێکی تردا، لەم ڕاکەڕاکەدا ژیان دەبێت بە ماراسۆنێک، لەگەڵ سێبەرەکەی خۆتدا.
هیوادارم ژیانی تۆ تا ئێستا نە چووبێتە ئەو ماراسۆنەوە!



Scanned with CamScanner

به چی دەمشاریتەوە؟
کە وەك فسفۆڕی سەوز سەوز،
وەك چاوی پشیلە لە شەوی تاردا،
ماچەکانم بە گەردنتەوە دەدرەوشێنەوە...!





Scanned with CamScanner

# با تۆیش بزانی!

تا چوونی بۆ چاپخانەیش دوودڵ بووم، ناوی ئەم کتێبە بگۆڕم و بیکەم بە (مۆری کاڵ)! دەتوانی بۆ یەک چرکە چاوت داخەیت و ڕەنگی مۆری کاڵ بهێنیتەوە بەر زەینی خۆت، تا بزانی لەسەر حەقم...

دەتوانی -بێ زەحمەت- ئەوەم بۆ بکەیت؟





Scanned with CamScanner

توانا ئەمین لە گفتوگۆیەکی پەیام حازم-دا:

# فەرامۆشکردنی جەستە،
# هیچی لە فەرامۆشکردنی ڕۆح کەمتر نییە!



پەیام حازم، کچە ڕۆژنامەنووسێکی کوردە، بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەدا هەیە.

Scanned with CamScanner

**پەیام حازم: دەمەوێت بەمە لە گەڵتدا دەست پێ بکەم؛ لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا دەڵێیت: "پێویستە مرۆڤ مەعریفەی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنیایدا فێرببێت." سەرچاوەی ئەم مەعریفە لەکوێوەیە؟ پێت وانییە مرۆڤ بە سروشتی خۆی فێربووە و تەنها پێویستی بە ڕێکخستنەوە، یان وەبیرهاتنەوەی زانینەکانی هەیە؟**

توانا ئەمین: تەنیایی دۆخێکی ئەنتۆلۆژییە. پتر لەوەی تەنگەژەیەکی دەروونیی بێت، تەنگەژەیەکی ڕۆحییە. زیاتر لەوەی ڕیشەکانی لە نێو کۆمەڵگادا بێت، لە ناو کاراکتەرەکە خۆیدایە. باشترە لەوەی لە دەرەوە بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین؛ لە ناوەوە پرسیاری بکەین. لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، یەکەمین دۆخ کە دوای سەرسامیی، ئادەم ئەزموونیی دەکات، دۆخی تەنیاییە... وا دەزانم تەنیایی؛ ئەزەلیی و دروست نەکراوبێت، بڕوانە خودایش تەنیاییە! شتێکیش کە ئەزەلیی بوو-واتە سەرەتای نەبوو- چاوەڕیی ئەوەی لێناکرێ کۆتایی هەبێت. تەنیایی تۆ وەڵامی تۆیە بۆ گەردوون، جارێکیان نووسیبووم "ئەوانەی خۆشیان دەتەقێننەوە تەنیان! تۆ دەیکەی بە کاری هونەریی، بە ئەدەب، بە کتێب، ئەو دەیکات بە خۆتەقاندنەوە." تەنیایی واتە نەهاتنەوەی بوونێک لەگەڵ شوێنکاتێکدا، واتە ناتەبایی تۆ و دونیا.

ڕەنگە ئادەم بە هەستی تەنیایی بیەوێت بە زمانی حاڵ بڵێ؛ ئەم بوونە هی من نییە کە بۆی هاتووم! ئەها ئیتالیۆ کالڤینۆی چیرۆکنووس دەڵێ



Scanned with CamScanner

"ئینسـان له شـوێنێکی هەڵەدا بەدوای خۆیـدا دەگەڕێـت!" مەعـریفەی مـامەڵەکردنی تەنیـایی ئەوە نیـیە بچیـت بـۆ لای دکتـۆری دەروونیـی- ئەگەرچی لە هەندێ دۆخدا بۆ هەنـدێ کەس ئەوە پێویستـە-، ئەوە نیـیە ژن بهێنیت، یـان شـوو بکەیـت بەو هیـوایەی ڕزگـارت ببێـت لە تەنیـایی. ئەوەیـش نیـیە بچیـتە سـەر ئیشـێکی سـەخت و بەردەوام کـار بکەیـت. ئەمانە هێورکەرەوەی کاتیین، ڕەنگە بۆ مـاوەیەک هەسـتەکە سڕ بـکەن، بەڵام دوایی ئێشـەکە دێـتەوە و لە پێشـووتریش زیـاتر ئـازارت دەدات... نـازانم پێـت بڵـێم چارەسـەرەکەی چیـیە، تەنیـایی چارەسـەریی نیـیە، شتێکە وەک مۆری سزایەک بە ملی بەنی ئادەمەوە.
باشترین شت لەبری ئەوەی لێی ڕابکەیـت، خـۆتی لـێ بـدزیتەوە؛ ئەوەیە ببیت بە دۆستی، ئاسایی وەریبگریـت و ژیـانی خـۆت درێـژە پـێ بـدەی. ئەو بەشەی خۆتت خۆشـبوێت و وەک پـارچەیەکی نـامۆ بەخـۆتەوە لێـی نەڕوانی، ئەوە بە گشتی. لەسەر ئاستی شەخسیی؛ بۆ من تەنیـایی دوای زەحمەتـی هێجگـار زۆر؛ جۆرێـک بـوو لە ڕوونـاکبوونەوە. مـن هەمیشـە مرۆڤێکـی تەنیـابووم، بەڵام هەمیشـەیش دەمشـاردەوە، یەکەم نیشـانەی ناسینەوەی تەنیایی؛ بێدەنگیی و کەمدووییە، وەک ئەوەی مرۆڤ مـان لە قسەکرد -لە بەهێزتری هۆکاری پەیوندی نێوان ئینسانەکان- بگرێـت. تـۆ دەزانـی لە کلتـوری ئـێمەدا خەڵکـی گۆشـەگیر و بێـدەنگ و شـەرمن، لەلایەن کەسانێکی ترەوە لەبری ئەوەی جێگای ڕێزبن، جێگای سـەرنج و ناونـاتۆرەن، تەنـانەت هەنـدێ جـار لەلایەن ئەنـدامانی خێـزانەکەی خۆشـیانەوە دووچـاری ئەم دەسـتدرێژییە ڕۆحیـیە دەبـن، لەبەر ئەوەی ئەوانی تر نازانن تەنیایی چییە؟



Scanned with CamScanner

ناحەقیشیان نییە چونکە ئەگەرچی هەستەکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام چۆنێتی و چەندێتی و لیڤڵەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، ئەوانەی زۆر تەنیان، ژمارەیەکی زۆری خەڵک نین... لە کۆتاییدا لە مرۆڤی تەنیا دوو شت چاوەڕێ دەکرێ: داهێنانی گەورە، یان خاپوورکردنی گەورە... مێژوو بخوێنەرەوە هەموو جەلاد و پیاوکوژەکانی دونیا تەنیابوون، هەروەک چۆن هەموو داهێنەرە مەزنەکانیش تەنیابوون!

**پەیام حازم: هەست دەکەم پرسیارەکەم بە ئاراستەیەکدا ڕۆشتبێت کە دۆخی تەنیای ڕەت بکەمەوە، عاشق بەتەنیایم و پێویستیشم پێیەتی، نامەوێت شتیک بڵێم پێچەوانەی بیری خۆم بێت، بەڵام هەندێ جار دەبێت پرسیاریک بکەم تەنها لەدونیابینی خۆمەوە نەبێت، دەمەوێت وەڵامێک بێت بۆخوێنەرێک کە ڕەنگە بۆی گرنگ بێت، ئەو مەعریفەی لە دۆخی تەنیای بەدەستی دەهێنین زۆر زیاترە لە دۆخەکانی تر، کەچی بەدوای دەربازبووندا دەگەڕێین لێی، سەیرە!! ئەمە ڕانەگرتنی باڵانس نییە لە نیوان تەنیایی و قەرەباڵغییدا؟ تەنیایی و بێدەنگی جوانییەکی ئەبەدیین، ئەها ئۆشۆ دەڵێت: "هیچ مۆسیقایەک هێندەی بێدەنگی ئاوازی تێدا نییە."**

وەڵام: من ئۆشۆ ناخوێنمەوە، وەکو ئەویش سەیری ژیان ناکەم کە تەنها چێژ و سێکس و سەمابێت. بەڵێ لەگەڵ ئەو بەشەی پرسیارەکەتدام کە لە تەنیاییەوە دەتوانین مەعریفە هەڵهێنجین، بەڵام ئەمانە مەعریفەی ڕۆحیین، مەعریفەی ئەزموونیی نین، شتێک وەک



Scanned with CamScanner

کەشفو شهود... ئینسانی نویێ قەرەباڵغە، لە سترێسی بەردەوامدا دەژی، کەچی هەمیشە بۆشاییەک لە نێویدا هەیە، ڕاهاتووە بەکۆگەل بژی و بیربکاتەوە. لە ڕاستیدا بەگومانم لەم ڕستەیەدا وشەی (بیرکردنەوە!) گونجاو بێت، چونکە بیر ناکاتەوە، تەنها ژاوەژاوێک لە مێشکیدا دروست دەکات، لەوەی چۆن دەوڵەمەندتر ببێت، چۆن دەستی بگات بەو شتانەی لە خەیاڵیدان، چۆن پەل بهاویێ بۆ دونیا... ئەمەش بیرکردنەوە نییە، ئەوەندەی فێرژنە سەرەتایی و غەریزەییەکەی حەیوانە. تا ئێرا زەحمەتە ناوی ئینسان لەسەر بەشی هەرە زۆری دووپێی نویێ دابنێین... هەر مرۆڤێک کاتێکی وەرنەگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بێت، لای من لە تێستی مرۆڤبوون دەرنەچووە. ئینسانی تازە لە تەنیایی دەترسیێ، سەری دەسوورمیێ ئەگەر پێی بڵێی تۆزێک بە بێدەنگی دابنیشە و بچۆرە ناوخۆت؛ بزانە تۆ هەر دوو دەست و دوو قاچ و سەرێکیت و ئوکسجین سەرف دەکەیت؟ یان شتێکی زیاتر لەمەیت...؟ خەڵک لەم جۆرە پرسیارانە و لە چوونەوە ناوخۆیان دەترسن.

**پەیام حازم: لە ژوولیاو مەولانادا دەڵێی "مرۆڤ عەجەلەیەتی...." من لێت دەپرسم حەق نییە عەجەلەمان بێت؟**

توانا ئەمین: ئەو دێڕە لە کەشی چیرۆکەکەدا تەبا و جوانە، هەر دەبیێ لەو کەشەیشدا بخوێنرێتەوە. بەڵام دەبیێ ئەوەش بزانین کە بەشێکی حەق لای ئەوانەیش هەیە کە پەلەیانە؛ کاتی خودا بیێ نەهایەتە، کاتی ئێمە زۆر زۆر کورتە، شتیێ نییە بە کاتی خودا پێوانە بکرێی -ئەگەرچی



Scanned with CamScanner

خودا دەرەکاتە- حەقناسی ئەوەیە؛ پەلەپەلی ئێمە لەگەڵ ئەبەدییەتی خودا بەراورد نەکرێ، لەم بابەتەدا هەندێجار مرۆڤ لەسەر حەقە.

**پەیام حازم: پێکەوەبوونی ژن و پیاو و بەستنی پەیوەندییە سۆزدارییەکان و تەنانەت هاوسەرگیرییش؛ ترس نییە لە تەنیایی؟ گەر بەڵێ، کەواتە پێیت وانییە پێکەوەبوون دەبێتە پرۆسەیەکی بەرژەوەندی خوازانە؟**

توانا ئەمین: بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە باشترە بزانین (بەرژەوەندی) چییە؟ بەرژەوەندی چالاکییەکە کە لە سودی کەسێ یان لایەنێک بکەوێتەوە لە کاتێکی دیاریکراودا. بەم پێناسە خێرا و سەرپێیە؛ بەڵی پەیوەندی ئینسان لەگەڵ یەکدی بەرژەوەندیخوازانەیە. لێ لە ژیانی ژن و مێردایەتی یان پەیوەندی سۆزدارییدا بەرژەوەندییەکە دوو سەرەیە، واتا چەمکی بەرژەوەندیی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.. ئەوەی هەیە لە سودی دوو کەسەکەیە و ئەم سودەش تا ئەو شوێنە بردەکات کە باوەڕیان پێیەتی..

**پەیام حازم: هەست ناکەی ئەمە شەرعییەت دانە بە تەنیایی؟ دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر خۆگونجاندن لەگەڵ تەنیایی دروستە، ڕەنگە زۆربەمان ئەمە بڵێین. بەڵام پراکتیکەکەی ئەگەرچی مەحاڵ نییە کەچی ئاسانیش نییە. پرسیارەکەم ئەوە نییە چۆن بیکەین بە کردار، چونکە ئەوە کاری خودی تاکە، بەڵام خۆ دەکریت وەسیلەی بە کرداربوونی هەبێت و گشتییش بێت و بخرێتە بەر باس، مەگەر نا؟**



Scanned with CamScanner

توانا ئەمین: تەنیایی لەسەر ئینسان نەوەستاوە شەرعیەتی بداتێ، ئەو هەیە و لێرەیە. گونجان لەگەڵ تەنیایی کەوتۆتە سەر ئەوەی کێ لە کوێدا تەنیاییە؟ چارەسەرێکی سیحریم پێ شک نایە، ئەوەی کە هەیە جۆرێکە لە سازشکردن لەگەڵ ئەم دۆخە ڕۆحییە... بێگومان من مەلا و قەشە و حاخام نیم، بە خەڵک بڵێم چی بکات و چی نەکات باشە! دەبێ بڵێم کە ناتوانم و ڕێ بەخۆم نادەم چۆنیەتی گونجان لەگەڵ تەنیایی -کە لە ڕاستیدا چۆنیەتی جۆری ژیانە- بۆ خەڵک دیاری بکەم، ئەمە شتێکە دەبێ خۆت بیکەیت... بەڵام خۆت کێیت؟

خۆت واتە هۆشیاری ناو تۆ، هۆشیاری تۆ، واتە کۆی ئەو ئەزموون و شکست و سەرکەوتنانەی تۆ لە ژیانی خۆتدا کەڵەکەت کردووە... لێ بە حورمەتی پرسیارەکەت کە ئاراستەی من کراوە و چاوەڕێی جوابی، وەڵامێکی بچووکت بۆ دەنووسم؛ نیگەرانیی ناو تەنیایی، کە درێژەی کێشا کوشندەیە. کە دەردەکە کاریی بوو؛ بەتەنها مۆسیقا و خوێندنەوەی کتێب و سەیری فیلم، چاری ناکات. من بۆ خۆم ڕۆژێ لەڕۆژان لەم دۆخە دژوارەدا ژیاوم.

دۆستی خۆشەویست، هەوڵبدە ژیانت بگۆڕە... ئەگەر ناتوانی؛ شوێنی ژیانت بگۆڕە -لەڕاستیدا لای من مرۆڤ پتر لەوەی لە کاتدا بژی، لە شوێندا نیشتەجێیە، شوێن هەر پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژیی مرۆڤ نییە، پێشمەرجی بەختەوەریشیێتی-!

ئەگەر ناتوانی ژیانت و شوێنەکەیشت بگۆڕی؛ نیگات بۆ ژیان و بۆ شوێنەکەت بگۆڕە، چونکە زۆرجار ئەوەی دەگوزەرێ ئەسڵی شتەکان نین، نیگای ئێمەن بۆ شتەکان...



Scanned with CamScanner

ئەگەر نیگاتت پێ ناگۆڕێ، چالاکییە جەستەییەکانت بگۆڕە؛ چونکە مرۆڤ پتر لەوەی ڕۆحێکی بەتاڵ، تارماییەکی سوکباڵ بێت، جەستەشە... جەستە بەقەد ڕۆح گرنگە، فەرامۆشکردنی جەستە هیچی لە فەرامۆشکردنی ڕۆح کەمتر نییە... جەستەی من و تۆ یەکەیەکی ئۆرگانیی ئاڵۆزە، کۆمەڵێ هۆرمۆن و ڕژێنە پێکەوە. لەبیرت بێت؛ کرژبوونی ئەندامەکانی جەستەت دەتوانێ گرژبوونی لۆچی دەروونیشت بێت، کە وەرزش دەتوانێ یارمەتیت بدات و دەستکاری ئەمانەت بۆ بکات.

ئەگەر ناتوانی وەرزش بکەی؛ بچۆ یۆگا بکە. لە یۆگادا دەچیتەوە ناو خۆت؛ خۆت و گەردوون و خەڵکیش لەیەک بۆتەدا هەست پێ دەکەیت. یۆگا دەرمانی دێرین و هاوچەرخی دژەخەمگینییە، جگە لەوەی ڕێگای خۆناسیشە... ئەگەر هەر هیچی ئەمانەت بۆ نەکرا، بچۆ ببە بە ئیمانداریێکی باش، بە موسڵمان، بە مەسیحی، بە جولەکە، بە بودیی... بە هەر ئاینێک کە دڵت دەیەوێ ببە. لە دینداریدا ئەو هەستەت لەلا دروست دەبێ کە ئێمە و ئەم گەردوونەیش لەخۆڕا و بێئامانج دروست نەبووین. هەر ئەوەندەی ئامانجیش هاتە گۆڕێ؛ ئیدی خەمگینیی ڕادەکات، بێتاقەتی هەڵدێ و نیگەرانی دەڕەوێتەوە... هەرچییەکیان هەڵدەبژێری هەڵیبژێرە، گرنگ ئەوەیە ژیان بە شتێکی کەم و ناچیز مەگرە... چونکە ئێمە تەنها ئەومان هەیە!

❊❊❊



Scanned with CamScanner

# كۆتایی

**خوێنەری خۆشەویست...**

ئەم کتێبە لێرەدا کۆتایی نایەت، وەک چۆن تاریکیی لە ژیاندا کۆتایی نایەت. ببوورە ئەگەر پێت بڵێم ناچاربووم فێڵت لێ بکەم و تەنها بەشێکی ئەوەت نیشان بدەم، کە دەمویست بیڵێم. ئێرە سنوورێکە، کە ئیدی ناتوانی زیاتر لەگەڵم بیت، بۆ سەلامەتی عەقڵیی و ئارامیی ژیانی خۆت دەبێ لێرەدا بووەستیت. ئەوەی لە دڵمدایە ئەگەر بیڵێم، ئەگەر بینووسم، یەکەم: کتێبەکە ژمارە سپاردنی چاپی پێ نادرێ. دووەم: تۆیش ناتوانی قبووڵی بکەیت. سێیەم: کە لە هەموویان گرنگترە، نامەوێ هەموو ئەوەی لە دڵمدایە لەئێستادا بیڵێم!

بیرت دەخەمەوە هەریەکەمان چەند گەورەیش بین هێشتا سنوورێکمان هەیە، **من سنوورم نییە**، لێ بۆ ئارامیی خۆت تا ئێرە لەم کتێبەدا بەسە. نووسەری گەورەی سویدی (ستریێنباری) لە یەکێک لە دەفتەری یاداشتەکانیدا، کە پاش مردنی دۆزرایەوە، نووسیبووی: **ئەو چەند کەسە کەمەی لە دەورم ماون، ئەگەر بزانن چی لەسەرمدا دەگوزەرێت؛ ئەوانیش دەڕۆن!**



Scanned with CamScanner

## بەرهەمەکانی تری نووسەر و وەرگێڕ:



**توانا ئەمین**

* **مەنفا و خوێندنەوە**
  **-گفتوگۆی ئەدەبی- (ئامادەکردن) ٢٠٠٨**

* **پیاسەیەک پێکەوە... پیاسەیەک بەتەنیا**
  **-ڕەخنەی ئەدەبیی- (نووسین) ٢٠٠٨**

* **کچی ناو تابلۆکە**
  **-چیرۆک- (نووسین) ٢٠٠٩**

* **پەیکەری فەرهاد، عەباس مەعرووفی**
  **-ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠٠٩**

* **خودا لەسەری مرۆڤدا**
  **-گفتوگۆی فیکری- (ئامادەکردن) ٢٠١٢**

* **سەگێک لە ئاوێنەدا**
  **-چیرۆک- (نووسین) ٢٠١٢**

* **فڕین لە قەفەسێکی کراوەدا**
  **-ڕەخنەی ئەدەبیی- (نووسین) ٢٠١٢**

* **کەوتن، ئەلبێر کامۆ**
  **-ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠١٣**

* **ماچێک بەتامی خۆڵەمێش**
  **-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٤(نووسین)**

Scanned with CamScanner

* کوندەپەپووی کوێر، سادق هیدایەت
-ڕۆمان- (وەرگێڕان) ٢٠١٥

* ماڵی یار، سوهراب سپێهری
-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٥

* مینای شین
-لێکۆڵینەوە- (نووسین) ٢٠١٦

* تریفەی مانگ، گیٚ.دو.مۆپاسان
-چیرۆک- (وەرگێڕان) ٢٠١٦

* ژوولیا و دەستنووسەکەی مەولانا
-چیرۆک- (نووسین) ٢٠١٦

* گەردانەی تەم، سوهراب سپێهری
-شیعر- (وەرگێڕان) ٢٠١٦

* پەیامبەر، جوبران خەلیل جوبران
-ئەدەبی فەلسەفی- (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* تۆ لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی دڵمدایت
-گوڵچنی بەرهەم- تاگوور (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* ئەڤینم خۆش دەوێ، بەڵام لە ژن دەترسم؛
-گوڵچنی بەرهەم- حسێن پەناهی (وەرگێڕان) ٢٠١٧

* شیر و هەنگوین.. ڕوپی کۆر -شیعر- ٢٠١٨
(وەرگێڕان) بە هاوکاری لەگەڵ سیامەند ج.ئەحمەد

* مرواریی تاقانە
-تێکست و یادداشت- (نووسین) ٢٠١٩

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەگەرچی من باوەڕدار نیم، کەچی ناتوانم ژیان وەک ڕێکەوتێکی کوێر سەیر بکەم. ئەو پرسیارەی لەهەر پرسیارێکی تر زیاتر لە ژیانمدا لێم کراوە هەر ئەوە بووە؛ کە باوەڕت بەخوا هەیە؟! پرسیارێک کە هەر وەڵامێکی بدەیتەوە کورت دەهێنێ. ڕەنگە بەو پێناسەیەی خەڵک بۆ کەسانی دینیی هەیەتی بێدین بم، بەڵام بێ ئیمان نیم! دین چییە و ئیمان چییە؟ وەختی خۆی فەیلەسوفێکی جیهانی ئیسلامی؛ عاریف و نووسەری پاکستانی (ئیقبالی لاهوری) کە فەلسەفەی خۆرئاوای بەباشی خویندبۆوە، لەبارەی نیتچەوە دەڵێ:

"ئەم جۆرە نووسەرانە کافر سەری مومین قەلبن!"

جا ئێستا دڵ گرنگە یان سەر؟

با ئەوەیان بمێنێ بۆ کاتێکی تر..



**Twana Amin**

# Solitary Pearl

Diary and Literary Texts

نرخ: تەنها هەشت هەزار

Scanned with CamScanner